
ڕۆمان



# خانمباز

کەمال سەعدی

ڕۆمان

# خانمباز

کەمال سەعدی

رۆمان

# خانمباز

**کەمال سەعدی**

**هەرێمی کوردستان/ هەولێر**

**٢٠١٩ی زاینی**

١٤,٥ ×٢١,٥ سم
سەعدی، کەمال سەعدی
رۆمانی خانمباز / کەمال سەعدی/ پێداچوونەوەو ڕێنووس: شێرزاد فەقێ / چ١، سلێمانی، (چاپخانەی منارە )، ٢٠١٩.
٢٥٦ لاپەڕە.

**ناوی کتێب:** خانمباز
**بابەت:** ڕۆمان
**دانەر:** کەمال سەعدی مستەفا
**دیزاینی ناوەڕۆك و بەرگ:** سەرباز سیامەند
**پیتچنین:** دانەر
**پێداچوونەوەی ڕێنووس:** شێرزاد فەقێ
**چاپخانە:** منارە
**چاپ:** چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٩
**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ٣٢٩ ) ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە**

مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

# ( شەوکەت ئەفەندی )

شەوکەت ئەفەندی پیاوێکی بـاڵا بـەرزی چوارشـانەی بـەخۆوە بـوو، هەرچەندە بە تەمەن بوو، بەڵام پێیەوە دیار نـەبوو. کەسـێکی دڵتـەڕ و بـە زەوق بـوو، وا هەڵس‌وکـەوتی دەکـرد، دەتـوت کـوڕە گەنجەکـەی پێشـانە، چـاکەت و پـانتۆڵێکی سـپی لەبـەر دەکـرد، دەتـوت بـەفرە، هێنـدە سـپی بـوو، کـە ڕۆژ لێـی دەدا، لـە دوورەوە دەتریسـکایەوە. هەندێك جاریش کـراس و چـاکەتێکی سـووری لەگـەڵ پـانتۆڵێکی سـپی لەبەر دەکـردو چـەپکێك گوڵەباغیشـی بـە دەسـتیەوە دەگـرت و لەبـەر دووکانەکەی لە سەر کورسییێك دادەنیشت.

شەوکەت ئەفەندی پێشـتر لـە شـاری ڕوانـدز مامۆسـتای سـەرەتایی بوو، دوایی بە هۆی بیروڕایە سیاسییە چەپڕەوییەکانی و دژایـەتیکردنی ڕژێمی پاشایەتی، چەند جارێك دەگیرێت و دەخرێتە بەندیخانەوە.

ئەو کەسێکی سەرەڕۆ بوو، بـە هـۆی ئـەو هەڵوێسـتانەیەوە، ببـووە مایــەی ســەر ئێشــە بــۆ خانەوادەکــەی، بــە تایبــەتی باوکــە پــیرە پەککەوتووەکـــەی. جارێـــك فـــەرمانی گرتنـــی بـــۆ دەردەچـــێت، مەفرەزەیەکی پۆلیس دەچنەماڵیان، دەیانەوێ بیگـرن. کـە چـاوی بـە پۆلیسەکان دەکەوێت، دەمانچە تۆپڵییەکەی بـاوکی دەبـات و دەچـێتە سەربان، لـە نهۆمی سـەرەوە خـۆی هەڵدەداتـە خـوارەوە و ڕادەکـات.

یەکێك لە پۆلیسەکان بە دوای دەکەوێت، دەیەوێ بیگرێت. ئەویش فیشەکێك بە قاچی پۆلیسەکەوە دەنێت و بریندارى دەکات. پۆلیسەکە لە تاو برینی قاچیو لە ترسی دەمانچەکەی دەستی، وازی لێ دەهێنێت و خۆی و پۆلیسەکانی تر دەگەڕێنەوە بنکەکەی خۆیان.

شەوکەت ئەفەندیش لە ترسی گرتن و دادگاییکردن، یاخی دەبێت و دەچێتە ئەشکەوتی مێگر لە دەڤەری ڕواندز.

شەوکەت ئەفەندی چیرۆکێکی درێژی هەیە، ئەگەر باسی بکەین، وەکو چیرۆکی هەزارو یەك شەوە و کەلیلە و دیمنەی لێدێت، نابڕێتەوە.

من دەمێك بوو بە دوای کەسێکی وادا دەگەڕام، بیکەمە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەم. وێڕای ئەوەی کە پێشتر ئەوم دەناسی، زیاتر خۆم لێی نزیك کردەوە و ڕۆژانە دەچوومە دووکانەکەی، چایەکم لەلای دەخواردەوە و گوێبیستی سەرگوزشتە خۆشەکانی دەبووم.

نهۆمی خوارەوەی باڵاخانەیەکی کردبووە گەلەری و دەیان پارچە کەلوپەلی کۆنی سەرنجڕاکێشی تیا دانابوو. لە لایەکی گەلەرییەکەش، سیسەمێك و نیو تاقم قەنەفە و تەلەفزیۆنێك و بەفرگرێکی دانابوو. هەرچەند جاری سەردانم دەکرد، دیمەنی ئەو سیسەمە زۆر سەرنجی ڕادەکێشام، یەکەم جارم شتی وا ببینم، لە ناو دووکانێك شوێنی خەوتن و حەوانەوەی لێ بێت، پێم وت: تۆ خانووێکی گەورەت لە نزیك ئێرە هەیە، بۆچی ئەم سیسەمەت لێرە داناوە و ناچیتە ماڵەوە پشوو بدەیت؟

وتـی: مـن کەسـێکی بـە تەمـەنم، لـە کـاروان دابـڕاوم، هاوسـەر و منداڵەکانم لـە دەرەوەی وڵات دەژیـن، منـیش بـە تـەنیا لێـرە ژیـان بـە سەردەبەم. ئەو کۆڵانەی ماڵی ئێمەی لێیە، منداڵی بچووکی زۆرن، تاکو نیوەی شەو لە بەر دەرگا یاری دەکەن. لە بەر دەنگی ئـەوان هەراسـان دەبم و ناتوانم پشوو بدەم. ئەم سیسەمەم لەگەڵ هەندێك پێداویسـتیی ناو ماڵ لێرە داناوە، ئێرە بۆ من هەموو شتێکە، بـە ڕۆژ دیوەخانەیـە و بە شەویش شوێنی حەوانەوەمە.

کە ئەمەی وت، پرسیارێك بە خەیاڵـدا هـات، وتم: مەبەسـتت چـییە لە دیوەخانە؟

وتی: لەجیاتی لە ماڵەوە پێشوازی لە میوانـەکانم بکـەم، هـەر لێـرە دادەنیشین و پێکێـك مەشرووب و قاوەیـەکی تـاڵیش دەخۆینـەوە، بـە دەم خواردنەوەشەوە یاری شەترەنج دەکەین.

شەوکەت ئەفەندی، جیهانێکی سەیری هـەبوو، لـە سـەر شـەقامێکی گشـتیدا باڵاخانەکـەی بـە کـرێ گرتبـوو، پـڕی کردبـوو لـە بابـەتی سـەرنجڕاکێش و کەلوپـەلی کـۆن، بـەڵام هـیچ شتێکیشـی لەوانـە نەدەفرۆشت.

زۆر جـار کڕیـار دەهاتنـە لای و مامەڵـەیان لەگـەڵ دەکـرد، بـە مەبەستی کڕینی هەندێك شتومەك. بـەڵام ئـەو داوای نرخێکـی خـەیاڵی دەکرد، زۆر زیـاتر بـوو لـە نرخـی ڕاسـتەقینەیان، بۆیـە کڕیارەکـان بـە دەستی بەتاڵ دەچوونە دەرەوە و ئەویش وەکو ڕۆژان ئاسایی بە دیـار شتومەکەکانی دادەنیشت.

ڕۆژێـك لـەلای دانیشـتبووم، دوو ژن هاتنـە لای، دوای ئـەوەی بـەناو گەلەرییەکـە خولانــەوە، بــە وردی ســەیری شــتومەکەکانیان دەکـرد، سەماوەرێکی کـۆن سـەرنجی ڕاکێشـان، هاتنـە لای شـەوکەت ئەفەنـدی پرسیاری نرخەکەیان لێی کرد. شەوکەت ئەفەندی وتی: ئەو سەماوەرە هی سەردەمی پاشای کۆرەیە و نرخەکەی زۆرە، لە توانای ئێوە نییە.

ژنەکان لە جلوبەرگیان دیاربوو، کە دەوڵەمەنـدو خـوا پێـداو بـوون. زۆر متمانەیان بە خۆیان بوو، یەکێك لـە ژنـەکان وتـی: تـۆ لـە خۆتـەوە چۆن دەزانیت ئێمە نرخەکەیمان پێدەدرێت یان نا؟

شەوکەت ئەفەندی زۆر سەرسام بوو بـە قسـەکانی، بـە پێکەنینـەوە وتــی: ئێــوە لــە منتــان بــردەوە، چــونکە لــە بنەڕەتــەوە مــن ئــەم شتومەکانەم بۆ فرۆشتن لێـرە دانـەناوە، تـا نرخێکـی دیاریکراویـان لـە سـەر دابنـێم. بـەڵکو بـۆ زەوق و ئـارەزووی خـۆم لێـرە دامنـاون، هـەر پارچەیەك لەو پارچانە بە سەد دۆلاری ئەمریکی نافرۆشم. بـەڵام مـادام ئێوە چاوتان لێیەتی، وەکو دیارییێك پێتاندەدەم.

لە درێژەی قسەکانیدا وتـی: دەزانم ئێـوە خانـەدان و خـاتوونن، لـە جلوبەرگەکانتان دیارە، وەکو پـێم وتـن، مـن پێویسـتم بـە پـارە نییـە، تاکو بە پارە پێتـان بفرۆشـم. بۆیـە جـارێکی تـر دووپـاتی دەکەمـەوە، ئەگەر حەزتان لێیەتی، دەتوانن بە خۆڕایی بیبەن.

دوو ژنەکە قسەی تریان نەکرد، لووس‌و باریك بە بێ دەنگـی چـوونە دەرەوە.

کە ئەم دیمەنەم بینی، سەرم سوڕما، لە دڵی خۆمدا وتم (شەوکەت ئەفەندی خەڵەفاوە، دەنا بۆچی قسەی وا دەکات، ئەگەر بۆ فرۆشتن نەبێت، ئەی بۆچی ئەم هەموو شتە جوان و نایابانەی لە گەلەرییەکەی نمایش کردووە).

بە هەرحاڵ، دانم بە خۆم داگرت و لێم نەپرسی بۆچی کڕیارەکان بە دەستی بەتاڵ ڕەوانە دەکەیتەوە.

دەرگای بەفرگرەکەی کردەوە دوو بتڵ بیرەی دەرهێنا، بتڵێکی لە بەر دەمی من دانا، ئەوەی تریشی بۆ خۆی داناو وتی: باش بوو کە هاتی، مەشرووب خواردنەوە بە تەنیا هیچ لە زەتی نییە، با بە یەکەوە بیرە بخۆینەوە و مێشکی خۆمان ساف بکەین.

منیش وتم: هەرچەند من مەشرووب خۆر نیم، بەڵام جاروبار لە بۆنە و دانیشتنە تایبەتییەکاندا، بتڵێك تا دوو بتڵ بیرە بۆ خۆشی دەخۆمەوە.

لە بەردەم دووکانەکەی شەوکەت ئەفەندی سوپەر مارکێتێکی لێ بوو، چوومە ئەوێ، هەندێك فستق و خیار و تەماتەم کڕی و هاتمەوە.

شەوکەت ئەفەندی کە چاوی بەمە کەوت، وتی: ناکات بۆ دروستکردنی زەڵاتە ئەم خیار و تەماتەیەت کڕیبێت؟

منیش وتم: ڕێك وایە، من ئەوەندەی لەزەت لە زەڵاتەکە دەکەم، هەندە لە بیرەکەی ناکەم.

وتی: لە ئەورووپا خەڵك لەجیاتی ئاو بیرە دەخۆنەوە، تەنانەت لەوێ وا باوە، دەڵێن بیرە خواردنەوەی ژنانە نەك پیاو.

منیش وتم: ئاخر ئەوان هەر لە گەنجییەوە فێری خواردنەوە دەبن، ئەوان وەکو ئێمە نین، لە بەر قسەو قسەلۆکی خەڵکی زۆر شتمان لە خۆمان حەرام کردووە، بە تایبەتی خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان.

هێشتان ئێمە خواردنەوەکەمان تەواو نەکردبوو، ژنێکی عەرەب، سڵاوی لێ کردین و بۆ لای پێشانگایەکە هەڵکشاو سەیری کەلوپەلەکانی دەکرد، ناوە ناوەش ئاوڕێکی لە شەوکەت ئەفەندیدەدایەوە و لە نرخەکانی دەپرسی.

شەوکەت ئەفەندیش نرخێکی خەیاڵی پێدەوت، وەك ئەوە وابێت، کە نەیەوێ ئەو شتانە بفرۆشێت.

ژنە عەرەبەکەش هیچ خۆی تێك نەدەداو بەردەوام بوو لە سەیرکردنی کەلوپەلەکان.

دوای تۆزێك، شەوکەت ئەفەندی ڕووی تێ کردم و پێی وتم: ئەم ژنە عەرەبە، پێدەچێ خەفەتێکی گەورەی هەبێت، بۆیە کاتەکەی بە تەماشاکردنی ئەم شتانە بەسەر دەبات. ئەم کچە بچکۆلەیەشی لەگەڵ خۆی هێناوە، تاکو خەڵکی قسەو قسەلۆکی بۆ هەڵنەبەستن.

منیش وتم: تۆ بە شێوەیەکی وا قسە دەکەیت، وەك ئەوە وایە کە زۆر دڵنیابیت لە قسەکانت.

وتی: هەر لە منداڵییەوە، بەهرەیەکی وام هەیە، لە دوورەوە سەیری ژن بکەم دەیناسم.

منـیش بـە پێکەنینـەوە پـێم وت: بۆچـی تـەنها ژن، ئـەی پیـاو ناناسیت؟!

وتی: پیاو لای من زۆر گرینگ نییە، بەڵام ژن هەموو شتێکە.

بـە هـەرحاڵ، بـە دەم قسـەکردنەوە، بیرەمـان دەخـواردەوە، ژنـە عەرەبەکەش دوای ئەوەی لە تەماشـاکردنی شـتەکان بێـزار بـوو، هاتـە لامان و بە زمانی عەرەبی ماڵئاوایی لێ کردین و چووە دەرەوە.

منـیش دوای ئـەوەی خواردنەوەکـەم تـەواو کـرد، ماڵئـاواییم لـە شەوکەت ئەفەندی کرد و گەڕامەوە ماڵەوە. بە درێژایی ڕێگا، بیرم هـەر لای قسەکانی شەوکەت ئەفەندی و ژنە عەرەبەکە بوو، لـە دڵـی خۆمـدا دەمـوت (دەبـێ خـەمی ئـەو ژنـە عەرەبـە چـی بێـت، بۆچـی شـەوکەت ئەفەندی هێندە سەرنجی کڕیارە ژنەکان دەدات، کەچی هیچیشیان پـێ نافرۆشێت).

ئەمە و دەیان بیری سەیرو سەمەرەم بە خەیاڵدا دەهـات، زۆرم بـیر کردەوە، نەمزانی شەوکەت ئەفەندی ئەم نهۆمە گەورەیەی لەم باڵاخانە بۆچی گرتووەو ئەم گەلەرییـەی بۆچـی کردۆتـەوە. لـە دڵـی خۆمـدا وتم (ئەگـەر مەبەسـتی بایەخـدان بێـت بـە کەلـەپوور و شـتە فۆلکلـۆری و سەرنجڕاکێشەکانن ئەو دەیتوانی وەکو خەسرۆ جاف و سـەید قـادر و قادر قاچاغ، بەشێکی ماڵەکەی خـۆی بـۆ نمایشـکردنی ئـەو کەلوپەلانـە تەرخان بکات، بێ ئەوەی کرێی دووکان و باج و میرانـەی شـارەوانیش بدات).

چەند ساڵێك لەمەوبەر، ڕێم کەوتە شاری دهۆك و چوومە ماڵی قـادر قاچـاغ، لـە بـەر دەرگـای حەوشـەوە تادەگاتـە دیوەخانەکـەی، دەیـان پارچـــەی ســـەرنجڕاکێش و کـــۆنی ســـەردەمی چـــاخی بـــەردینی و ئیمارەتەکانی سۆران و بابان و خـانی لـەپ زێڕینـی ڕیـز کردبـوو. هـەر بەوەندەش نەوەستابوو، لە بەرامبەر ماڵی خۆی خانووێکی گەورەی بـە تـــەواوەتی تـــەرخان کردبـــوو بـــۆ نمایشـــکردنی ئـــەو شـــتە کـــۆن‌و سەرنجڕاکێشانە. یەکێك لەو شـتانەی کـە زۆر سـەرنجی ڕاکێشـام، ئـەو زیندەوەرانە بوون، کـە ببوونـە بـەرد، تەمـەنیان خـۆی لـە چـەند سـەد ســـاڵێك دەدا، هـــەروەها هەنـــدێك کووپـــە و گۆســـکەی ســـەردەمی ئاشوورییەکان.

ســـەبارەت بـــە عەنتیکەخانەکـــەی ســـەید قـــادریش، چـــەند جارێـــك سەردانیم کردووە، من‌و ئەو خەڵکی گەڕەکی سـێتاقان بـووین، هـەر لـە منداڵییەوە یەکتری دەناسین.

ئەو شتانەی کە سـەید قـادر لـە عەنتیکەخانەکـەی لـە سـەر ڕێگـای کەسنەزان نمایشی کردبوون، زۆربەیان لە بنەڕەتـدا، دیارییـە بـە نـرخ‌و سەرنجڕاکێشەکانی سەرۆکی عێراقی کۆچکردوو سەدام حوسـێن بـوون. دوای ڕووخانی ڕژێمی بـەعس بـە دەسـتی کـەوتبوون. بریتـی بـوون لـە گەنجینەیەکی بە نرخی مێژوویی، لە دیتنیان تێر نەدەبووین.

بە هەرحاڵ، ئەو ماوەیە زۆربـەی ڕۆژەکـانی حەفتـە، بـێ ئیش‌وکـار بووم، دەشمزانی کە شەوکەت ئەفەندیش لە من بـەولاوە کـەس ناچـێتە

لای، بۆیــە بــە باشــم زانــی خــۆمی لێ نزیــك بکەمــەوە و بچــمە نــاو وردەکارییەکانی ژیانی، بیکەمە هەوێنی نووسینەوەی ڕۆمانێك.

جارێ نازانم، ژیانی شـەوکەت ئەفەنـدی بـەرەو چ ئاقـارێکم دەبـات، ئەو ڕۆمانەشم چۆن دەست پێدەکاتو لە کوێش کۆتایی دێت.

ڕۆژانە دەچوومە سەردانی شـەوکەت ئەفەنـدی و بـە یەکـەوە باسـی زۆر بابەتمان دەکرد. ئەو تێکەڵی سیاسەت ببوو، بیرو هزری چـەپڕەوی لینینیی مارکسی زاڵ بوون بەسەر بیرکردنەوەیدا. هەر بۆیە لە تەمـەنی گەنجێتیدا یەکێك بووە لـە بەرهەڵسـتکارانی ڕژێمـی پاشـایەتی و چـەند جارێکیش لە سـەر ئـەم هەڵوێسـتانەی گـیراوە. دوایـیش کاتێـك بزاڤـی چەکداری کوردان لە دژی عەبدولکەریم قاسم دەست پێدەکات، دەچێتە پاڵ بزاڤەکە لە شاخ.

من زیاتر مەبەستم بـوو، بگەمـە شـتە شـاراوەکانی ژیـانی سیاسـیی ئەو، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بـە جووڵانـەوەی چـەکداری دژی عەبدولکەریم قاسم، هـەروەها ئینشـیقاقەکەی ئیـبراهیم ئەحمـەد و مـام جـەلال لەگـەڵ مـەلا مسـتەفای بـارزانی. مەبەسـتم جیابوونـەوەی بـاڵی مەکتەبی سیاسی بوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

ڕۆژانــە کــە ســەردانی شــەوکەت ئەفەنــدیم دەکــرد، بــە دەم بــیرە خواردنــەوە، دەیــان پرســیارم ئاراســتەی ئــەو دەکــرد و ئــەویش بــە دووردرێژی وەڵامی دەدامەوە.

ڕووداوەکــان هێنــدە زۆر بــوون، بــۆ ئــەوەی لــە بــیرم نەچــنەوە، کامێرایەکم لە بەردەم خۆم و ئەو دادەناو قسەکانیم تۆمار دەکـرد. کـە

دەگەڕامەوە ماڵەوە، جارێکی تر ئەو فایلە دەنگییانەم دەخستنە سەر سیدییەك و لە ناو کتێبخانەکەم لە شوێنێکی تایبەت هەڵمدەگرتن.

ڕۆژێك من و ئەو لە گەلەریەکەی دانیشتبووین، خەریکی تۆمارکردنی قسەکانی بووم، جارێکی تر ئەو ژنە عەرەبەی کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەگەڵ منداڵێکی ساوا هاتە لای، سەری بە گەلەرییەکەیدا گرت و بەرەو ناو پێشانگاکە هەڵکشا.

شەوکەت ئەفەندی ڕووی تێ کردم و وتی: چیم پێ وتی، نەموت ئەم ژنە خەفەتێکی گەورەی لە هەناودایە، بۆیە دێتە ئێرە. ئەو نە بۆ کڕینی ئەو شتانە هاتووە و نە بۆ تەماشاکردنیان، بەڵکو بە دوای هاوڕێیەك دەگەڕێت تاکو خەمی لە بیر بباتەوە.

منیش وتم: چۆن دەزانی؟

وتی: بە دەموچاوی و جووڵەیەوە دیارە.

شەوکەت ئەفەندی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دەزانی هەندێك لەو ژنانەی دێنە بازاڕ، بۆ بازاڕکردن نایەن، بەڵکو بە دوای نێیرێك دەگەڕێن، شتێکیان لێی دەستکەوێت. هەندێکی تریش، پارەش دەدەن، بۆ ئەوەی لەگەڵیان ڕابوێرن.

کە ئەمەی وت، سەرم سوڕما، چاوەڕێی قسەیەکی وەهام لە شەوکەت ئەفەندی نەدەکرد. پێم وت: ئەوە بۆچوونی خۆتە، یان شتێك دەزانی کە ئێمە نایزانین؟

وتی: لە ساڵانی حەفتاکان، برا گەورەکەم، دووکانێکی بازرگانییە گەورەی لە شۆڕیجەی بەغداد هەبوو، ئەوکات من گەنج بووم، هێشتان ژنم نەهێنابوو، دەمبینی ئەو ئەوەندەی خەریکی خانمبازییە، هێندە خەریکی کاری بازرگانی نییە. دەفتەرێکی لە گیرفان بوو، ناوی زۆربەی لەشفرۆش و گەوادەکانی شاری بەغدای بە ناونیشانەوە تیا تۆمار کردبوو. بۆ خۆی وەکو هاڕوونە ڕەشید دەژیا، هەر ڕۆژێ لەگەڵ یەکێك لەو لەشفرۆشانە بوو.

منیش وتم: کەواتە دووکانی بازرگانی بۆچی بوو، مادام هەر خەریکی خانمبازی بوو؟

وتی: ئەو لە بنەڕەتدا، بەڵێندەر بوو، کاری بەڵێندەری دەکرد، لەگەڵ زۆربەی کاربەدەستان و لێپرسراوانی دامودەزگای ئەمنی و سیخوڕییەکانی شاری بەغداد ڕێککەوتبوو، پارەیەکی باشی لەم ڕێگایەوە دەستدەکەوت. ئەم دووکانەشی بە ناوی کاری بازرگانی لە شۆڕیجە بۆ زەوقی خۆی کردبۆوە، لەوێوە ئاشنایەتی لەگەڵ لەشفرۆشەکان پەیدا دەکرد.

کە ئەمەی وت، بە پێکەنینەوە پێم وت: ناکات تۆش لاسایی برایەکەت بکەیتەوە، بۆیە ئەم گەلەریەت کردۆتەوە و هیچ شتێکیش نافرۆشیت؟

وتی: ڕێك ئەوهایە، من لە وڵاتی سویسرا دەژیم و ئێستاکە بە هۆی نەخۆشییەوە خانەنشین کراوم و مانگانە سی و پێنج هەزار فرەنگم بۆ بڕاوەتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش دوای ئەوەی خزمەتی شاخ و

شارم تێکەڵ کردەوە، خانەنشین کراوم و مانگانە دوو ملیۆن و نیوم بۆ بڕاوەتەوە. کورو کچەکانیشم هەموویان مووچەخۆرن، پێویستییان بە من نییە، دایکیشیان لە نەخۆشخانەیەك لە سویسرا کار دەکاتو پێویستی بە من نییە، بۆیە ئەو پارەیەی کە مانگانە لێرەو لەوێ وەریدەگرم، بۆ زەوقی خۆم خەرجی دەکەم.

منیش وتم: من دەزانم لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان کوردستانت بەجێ هێشت و چوویتە هەندەران، بەڵام من تێ ناگەم ئەو مووچەیەی لە هەرێمی کوردستان بۆت بڕاوەتەوە بەرامبەر چییەو بە چ سیفەتێك وەریدەگریت؟

وتی: ئەی بۆم باس نەکردیت، لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی ماوەیەك لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی کارم دەکرد و بەرهەڵستی حوکمی پاشایەتیم دەکرد، دوایش دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، کە عەبدولکەریم قاسم حوکمڕانیی وڵاتی کەوتە دەست، تەقەم لە پۆلیسێك کرد و برینندارم کرد، بەو هۆیە فەرمانی گیرانم بۆ دەرچوو، منیش هەڵاتم و خۆم نەدایە دەستەوە، لە ترسی گرتن و ڕاوەدوونان، لە حکومەت یاخی بووم و چوومە ئەشکەوتی مێرگ لە ناوچەی ڕواندز. دوایش کە ئاغاکانی پشدەر بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفا بزاڤی چەکدارییان لە دژی عەبدولکەریم قاسم دەست پێکرد، پەیوەندیم پێوە کردن و تاکو ئینشیقاقەکەی باڵی مەکتەبی سیاسیو جیابوونەوەیان لە مەلا مستەفا لە شاخ مامەوە، دوایی چوومە دەرەوەی وڵات، لە

ئەڵمانیای ڕۆژئاوا مافی پەنابەرێتیم وەرگرت، بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ مامەوە تا ئەو کاتەی سەدام حوسێن هاتە سەر حوکم و لێبووردنی گشتی دەرکرد، منیش گەڕامەوە. دوایی، لە دوای ڕاپەڕین جارێکی تر ڕووم لە هەندەران کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان چوومە سویسرا و لەوێ مافی پەنابەرێتیم وەرگرت.

منیش پێم وت: من ئەوە دەزانم، نامەوێ باسی ژیانی پەنابەرێتی خۆتم بۆ بکەیت، باسی نهێنییەکانی پشت دەرگای گەلەریەکەت و پەیوەندییە سۆزدارییەکانتم بۆ بکە.

وتی: تۆ بۆچی ئەم بابەتەت هێندە بەلاوە گرینگە، ئەی تۆ نەتوت دەمەوێ ژیانی سیاسیت تۆمار بکەم؟

منیش وتم: لە ڕاستیدا، من هیچ شتێك لە خانمبازی و ژیانی لەشفرۆشان نازانم، ئەگەر بەلاتەوە ئاسایی بێت، حەز دەکەم پرۆژەکەمان پاش‌و پێش بخەین.

وتی: مەبەستت چییە؟

وتم: جارێ با واز لە گێڕانەوەو تۆمارکردنی سەربوردە سیاسییەکان بێنین، هەندێك باسی ژیانی خانمبازی خۆتم بۆ بکەیت؟

وتی: منیش ئەوەم پێ خۆشە، چونکە لە سیاسەتکردن لە دەربەدەری وماڵوێرانی بەولاوە هیچم پێ نەبڕا، ئەگەر ئەقڵی ئەمڕۆکەم هەبوایە، بۆ یەك سەعاتیش کاری سیاسیم نەدەکرد.

عەرەب وتەیەکیان هەیە دەڵێ: (السیاسە خساسە، تسع وتسعون للاعدام واحد للرئاسە). خوا بەزەیی پێم هاتەوە بە سەلامەتی لێی

دەرچووم، هەندێك لە هاوڕێکانم کوژران و هەندێکی تریش گیران و لە سێدارە دران، ئێستاش کەسانێکی مشەخۆر بەروبوومی ئەوان دەخۆن و لە کوولەکەی تەڕیش ناویان ناهێنن.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، ژنە عەرەبەکە ڕووی لە شەوکەت ئەفەندی کرد پێی وت: ماندوو بووم، ئەوەندەی لە سەر قاچەکانم بووەستم، دەتوانم تۆزێك لە سەر قەرەوێڵەکەت ڕابکشێم؟

ئەویش وتی: ئێرە وەك ماڵی خۆتە، چۆن ئاسوودە دەبیت، وابکە.

ئەمەی وت و پێی وتم: چیم پێ ووتی، نەموت تەماشای چاوی ژن بکەم دەزانم چی دەوێ.

وتم: مەبەستت چییە؟

وتی: ئەم ژنە عەرەبە دەیەوێ لەگەڵی ڕابوێرم، بۆیە لە سەر قەرەوێڵەکە لێی ڕاکشا.

وتم: چۆن شتی وا دەبێ، دیارە ئەو هیچ حیسابێکی بۆ من نەکردووە، لە بەر چاوی من چۆن شتی وا دەکەن؟

وتی: ئەو ئاقڵە و باشی لێ دەزانێ، کە ئەم داوایەی لێ کردم، ئەو دەزانێت کە دەبێ تۆ ئیزن بدەم تاکو خۆم و خۆی بە تەنها بمێنینەوە.

وتم: ئێستا تێگەیشتم، کەواتە دەبێ من بڕۆم تا تۆ کاری خۆت دەکەیت.

وتی: بە داوای لێبووردنەوە، ئەمە وایە، تۆ ئێستا بەجێمان بێڵە، بەیانی کە گەڕایتەوە، بەڵێنت پێدەدەم چیرۆکی ئەم ژنەت بە تەواوەتی بۆ بگێڕمەوە.

منیش ڕیکۆردەکەم هەڵگرت و ماڵئاواییم لە شەوکەت ئەفەندی کرد و گەڕامەوە ماڵەوە. بە دەم ڕێگاوە بیرم لای ئەو ژنە عەرەبە بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت (تۆ بڵێی شەوکەت ئەفەندی ڕاست بکات و ئەم ژنە عەرەبە بە دوای کەسێك بگەڕێت بۆ ئەوەی سێکسی لەگەڵ بکات).

کە گەڕامە ماڵەوە، نەمزانی چۆن پارووی نان لە قوڕگم چووە خوارەوە، بیرم هەر لەلای شەوکەت ئەفەندی بوو. لە بیری خۆمدا وتم (گەنجانی ئێمە لە بێ ئیشوکاری ڕێگای هات و نەهاتی هەندەران دەگرنە بەر و ساڵانە سەدان کەسیان لێ دەکەوێتە ناو ئاوی دەریای ئیجەو دەبنە خۆراکی ماسییەکان، کەچی کەسێکی وەکو شەوکەت ئەفەندی، هەر لەبەر ئەوەی تەقەی لە پۆلیس کردووە و دوو ساڵ لەو شاخانە لە حکومەت یاخی بووە، مووچەیەکی زڵی خانەنشینی بۆ دەبڕێتەوە و نازانێت بە چی بدات و چۆنی خەرج بکات، بە پارە و سامانی ئەم میللەتە لاف لێ دەدات و خانمبازی دەکات).

بەهەرحاڵ، بەردەوام بووم لە سەردانی شەوکەت ئەفەندی، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ نووسینەوەی ڕۆمانێك، پێشتر بە نیازبووم ڕۆمانێك لە سەر ژیانی سیاسیی ئەو بنووسمەوە، بەڵام دوایی بیرۆکەکەم گۆڕی، کە زانیم ئەو کەسێکی خانمبازە، بڕیارم دا گشت بەسەرهاتە خانمبازییەکانی تۆمار بکەم و لە نزیکەوە چاودێری بکەم و

بیکەمــە پاڵــەوانی ڕۆمــانێکم لــە بــواری خانمبــازی دوور لــە ژیانــە سیاسییەکەی.

ڕۆژێك چـوومە گەلەرییەکـەی، بینـیم فسـتانێکی سـوور و کراسـێکی سپی بووکێنی لە پشت جامخانەکەی هەڵواسیوە و لە سـەری نووسـیوە (بۆ فرۆشتن نییە، تەنها بۆ نمایشکردنە). کە چاوم پێی کەوت، لە دڵـی خۆمـدا وتم (دیـارە شـەوکەت ئەفەنـدی جلوبـەرگی کارگـەکانیش لای خۆی نمایش دەکات و ڕیکلامیـان بـۆ دەکـات. بۆیـە ئـەم جلوبەرگانـە بووکێنییەی نمـایش کـردووەو لـە سـەری نووسـیوە بـۆ فرۆشـتن نییـە. بەڵام کە لێی نزیك بوومەوە و دیقەتم دا، ناونیشانی هیچ کارگەیـەکم بـە سەریەوە نەبینی. ڕووم لە شـەوکەت ئەفەنـدی کـرد و پـێم وت: ئەگـەر ئەم جلوبەرگانە بۆ فرۆشتن نییە، ئەی بۆچی لێرە نمایشت کردوون؟

بە پێکەنینەوە وتـی: چـیرۆکی ئـەم جلوبەرگانـە درێـژە، کـە کـاتی هات بۆت باس دەکەم.

منیش وتم: بۆچی ئێستا بۆم باس ناکەیت؟

وتـی: جارێ کاتی نـەهاتووە، ئـارام بگـرە، بـەڵێنت پێـدەدەم کـاتی خۆی بۆت باس دەکەم.

وتم: بــا ئەمــە واز لێ بێــنین، بێینــەوە ســەر چــیرۆکی تــۆ و ژنــە عەرەبەکە.

وتـی: کام ژنە عەرەب؟

وتم: ئەو ژنەی چەند جارێك بەخۆی و کچێکی بچکۆلانە دەهاتنە ئێرە، دواجار لە سەر قەرەوێڵەکەت بە ناوی پشوودان لێی ڕاکشا.

کە ئەمەم وت، لە قاقای پێکەنینی دا وتی: پێدەچێت تۆش وەکو من کەسێکی ڕۆمانسی بیت و حەز لە ژن بکەیت.

وتم: جا کێ هەیە حەزی لە ژن نەبێت، ئەی ئەوە نەبوو قابیلی کوڕەکەی حەزرەتی نووح پێغەمبەر لە سەر ژن براکەی خۆی کوشت.

وتی: سێکس غەریزەیەکی بەهێزە لە مرۆڤدا، ئەگەر ماوەیەك کەبتیشی بکەیت، ڕۆژێك دێت لە هەڵسوکەوتدا ڕەنگ دەداتەوە.

منیش وتم: کەواتە بۆم باس بکە دوای ئەوەی ئێوەم بەجێهێشت، چیت لەگەڵ ژنە عەرەبەکە کرد؟

وتی: هەر زوو زانیم، ئەو ژنە لە سێکسکردن بێبەش بووە، بۆیە هەڵسوکەوتی وا دەکات. دوای ئەوەی کە تۆ ڕۆیشتیت، لە دیوی ناوەوە جامخانەکەم داخست و پەردەکەشم دادایەوە و چوومە لای، لەگەڵی دانیشتم.

منیش وتم: کە چوویتە لای هیچی نەوت؟

وتی: سڵاوی لێ وەرگرتمەوە و پێی وتم (تۆ لە کەسێکی تێگەیشتوو و دونیا دیدە دەچیت، خاوەن ئەزموونیت، کەسێکی هەرزەکار نیت، بۆیە حەزم لێیە لەگەڵ تۆ ببمە هاوڕێ).

وتم: تۆ چیت وت؟

وتی: دەستم بۆی درێژکرد، توند دەستەکانیم گوشی، ویستم ماچی بکەم، بە چاو ئیشارەتی بۆ ئەو کچە بچکۆلانەیە کرد کە لەگەڵی بوو، وەك ئاماژەیەك کە لەبەر ئەو ناتوانیێ ماچم بداتیێ.

منیش وتم: کەواتە لە دەست گوشین بەولاوە هیچی ترت نەکرد؟

وتی: تۆ چی دەڵێی، چۆن لەبەر منداڵێك لەم دەرفەتە باز دەدەم. دەستی منداڵەکەم گرت و لەگەڵ خۆم بردم بۆ سوپەر مارکێتەکەی دراوسێمان، یەك کیس شیرینەمەنی و بسکویتم بۆی کڕی و هێنامەوە گەلەری و لە گۆشەیەك دامنا، پێم وت (تاکو ئەم شیرینەمەنی و بسکویتانە تەواو نەکەیت، لە شوێنی خۆت هەڵنەستی).

منیش وتم: بە قسەی کردیت؟

وتی: ئەمە ئیشی خۆمە، منداڵ زۆر نەوسنە، بە مشتێك شیرینی دەگیرێت.

ئەمەی وت و چیرۆکی خۆی و ژنە عەرەبەکەی بۆ گێڕامەوە وتی: یەك پێك ڤۆدگام بۆ خۆم هێناو بتڵێکیش بیرەم بۆ ئەو هێنا، ویستی نەیخواتەوە، پێم وت (ئەگەر بتەوێ هاوڕێی من بیت، دەبێ مەشرووبم لەگەڵ بخۆیتەوە، تاکو خۆشی لێ وەربگریت و دڵی خۆتم بۆ بکەیتەوە). کە ئەمەم وت، دەستی بۆ بتڵی بیرەکە درێژکرد و فڕێکی لێدا، وتی (یەکەم جارە خواردنەوەی سەرخۆشکەر بخۆمەوە)، منیش وتم (خەڵکی لە ئەوروپا لەجیاتی ئاو بیرە دەخۆنەوە، ڕێژەی کحولی تیا کەمە، مرۆڤ مەست ناکات تەنها خۆشی پێدەبەخشێت).

منــیش وتم: شــەوکەت ئەفەنــدی تــۆ بڵێــی پێشــتریش بــیرەی نەخواردبێتەوە؟

شــەوکەت ئەفەنــدیش وتــی: پــێ نەدەچــوو پێشــتر مەشــرووبی خواردبێتەوە، چونکە لەگەڵ یەکەم فرێدا، لـە تـاوی تاڵییەکـەی هـەردوو چاوەکانی خۆی نووقاند.

منیش وتم: ئەی دوایی؟

وتی: هەر خۆی یەکەم فرێـدانی زەحمەتـە، دوای ئـەوە بـە لایـەوە بووە شتێکی ئاسایی و بە دەم خواردنەوەوە دڵـی خۆمـان بـۆ یـەکتری کردەوە. هەروەکو پێشبینیم دەکرد، ئەم ژنـە لـە سێکسـکردن بێبـەش بـوو، بۆیـە بـە دوای هاوڕێیـەکی پیـاو دەگـەڕا، کـە قـەرەبووی سۆزی هاوسەرەکەی بۆ بکاتەوە.

منیش وتم: بۆچی هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردبوو؟

وتی: نەخێر.

وتم: ئەی بە دەستی داعش کوژرابوو؟

وتی: دەزانی تۆ زۆر بێ ئارامی، ڕێگەم پێ نادەیت قسـەکانم تـەواو بکـەم، قسـەکانم پـێ دەبڕیت. ئەگـەر ئەوەنـدە پرسـیارەم لێ بکـەیت، هیچت بۆ ناگێڕمەوە، ڕقم لەو کەسە دەبێتەوە قسەم پێ ببڕێت.

کــە ئەمــەی وت، داوای لێبــووردنم لێــی کــرد و پــێم وت: بــەڵێنت پێدەدەم، تا لە قسەکانت نەبیتەوە، هیچی تر پرسیارت لێ ناکەم.

ئـیتر ئـەوەبوو، شـەوکەت ئەفەنـدی بـەردەوام بـوو لـە گێڕانـەوەی چــیرۆکی خــۆی و ژنــە عەرەبەکــە، وتــی: دوای ئــەوەی بیرەکــەی

خواردەوە، سەیری چاوەکانیم کرد، پڕ بوون لە سۆز و خۆشەویستی، منیش وردە وردە بە دەم قسە کردنەوە، دەستم بۆ سینگ و مەمکەکانی درێژ کرد و توند گوشیم. کە گۆی مەمکەکانیم دەگوشی، لە خۆشییان تەزوو بە لەشیدا دەهات. دوایش زیاتر لێی چوومە پێشەوە و دەمم خستە ناو دەمی و لێوەکانیم مژی. کە هەستم کرد زۆری پێ خۆشە، فستانەکەیم هەڵدایەوە و دەستم بە ڕانە نەرم و نۆڵەکانیدا هێناو دوایش دەستم خستە ناو کۆئەندامی مێیینەی و دەرم نەهێنا تا ئاوی لێ هات.

شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، وتی: دەتوت لە ژیانیدا سێکسی نەکردووە، زۆری پێ خۆش بوو، هەر چەند جاری دەستم بە میتکەی دەکەوت، لە خۆشییان هەڵدەبەزیەوە. دەتوت کچێکی چواردە ساڵییە، ئاوێکی زۆری لێهات.

لەگەڵ گێڕانەوەدا، شەوکەت ئەفەندی خەیاڵی بۆ شوێنێکی زۆر دوور ڕۆیشت و هیچی تری نەوت.

منیش بە دەستەکانم شانیم تەکاند و پێم وت: شەوکەت ئەفەندی قسەکانت تەواو نەکردن خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

کە ئەمەم پێی وت، دەتوت لە خەوێکی قورسدایە، ڕاچڵەکی وتی: قسەکانم تەواو کرد، ئیتر هەر ئەوەندە بوو، دوای ئەوە دەستی منداڵەکەی گرت و ڕۆیشتەماڵەوە.

منیش وتم: بەڵام بۆت نەگێڕامەوە، هاوسەرەکەی چی بەسەرهاتووە و ئەمیش بۆچی لە سێکسکردن بێبەش کراوە؟

وتی: ڕاست دەکەیت، لە خۆشی سینگ و مەمك و مژینی لێوەکانی، خۆم لە بیر کرد. هاوسەرەکەی ژنێکی تری بەسەر هێناوە و ئەم ژنەی پشتگوێ خستووە. لەوەتی ژنی هێناوەتەوە، بەلای ئەم ژنەیدا نەچووە. ئەویش هێشتان بە بەریەوە ماوە و بە تەمەن نییە، بۆیە حەزو ئارەزوویێکی زۆری سێکسی، لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە. ئیتر ئەوە بوو، پاش ئەوەی بە یەکەوە مەشرووبمان خواردەوە، دڵی خۆی بۆ کردمەوە و باسی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ کردم و پێی وتم (کە پیاوەکەی لەوەتی ژنێکی لەو بچووکتری هێناوە، سەرجێیی لەگەڵ نەکردووە). لە قسەکانی تێگەیشتم کە حەزی لە دەستبازییە، بۆیە دەمم خستە ناو دەمی و مەمکەکانیشیم گوشی، دواییش دەستم خستە ناو ئەندامی مێیینەی و دەرم نەهێنا تا ئاوم لێی هێنا.

منیش وتم: ئەی بۆچی سەرجێییت لەگەڵی نەکرد، خۆشتر نەبوو؟

وتی: تەمەنی من لە ژێر هەشتا ساڵییەوەیە، دەمێکە جنسم مردووە و سەرجێییم پێ ناکرێت، بەڵام حەزیشم لە دانیشتنی ژنانە و چێژێکی زۆریش لە دەستبازی و ماچکردن وەردەگرم.

منیش وتم: دوای ئەوەی دەستبازیت لەگەڵ کرد، هیچ پارەت پێی نەدا؟

وتـــی: ئـــەم جـــۆرە ژنانـــە، پێیـــان ناخۆشـــە وەکـــو لەشفرۆشـــێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەیت، بۆیە پارەپێدان، بەلای ئـەو کەسـانەوە، ئابڕووچوونە.

منـیش وتم: مەبەسـتت ئەوەیـە بـێ بەرامبـەر خـۆی بـە دەسـتەوە دەدات؟

وتی: واش نا، پێش ئـەوەی بـڕوات، سەرپشـکم کـرد لـە هـەڵگرتنی شـتێك لـە گەلەرییەکـە وەکـو دیـاری. ئـەویش ڕۆیشـتە لای جانتـا دەستییەکان و جانتایەکی هەڵگرت.

کە وای وت، بە پێکەنینەوە پێم وت: ئەوە بۆیە نرخـت لەسـەر ئـەم شـتانە دانـەناوە و ناشـتەوێ بیانفرۆشـیت، دیـارە بـۆ دیـاری خانمـان نمایشت کردوون.

کە ئەمەم وت، لە قاقای پێکەنینی دا وتی: تۆش کەسێکی زیرەکی، خەریکە وردە وردە ئاشکرام دەکەیت و قسەم لێ دەردێنیت.

وتم: ببوورە مەبەستم ئەوە نەبوو، تۆ ئازادیت چی دەکەیت و چـۆن دەژیـت، بـەڵام بۆیـە وام وت، چـونکە سـاڵانێکە مـن و تـۆ یـەکتری دەناسین، کەچی تاکو ئێستا چاوم بە دیارییێکی تۆ نەکەوتووە.

کە ئەمەم پێی وت، دەستی برد بـۆ بۆینباخەکـەی و لـە ملـی خـۆی کردەوە و دایە دەستم و وتی: ئەم بۆینباخە جوانەش بە دیاری بـۆ تـۆ بێت.

منیش وتم: بۆ خۆت هەڵی بگرە باشترە، لەجیاتی ئەوەی لەم گەلەرییە گەورەیە شتێکم بە دیاری بدەیتێ، دەتەوێ بەو کۆنە بۆینباخەی ملت چاو شۆڕم کەیت؟!

وتی: تۆ خراپ لێم تێگەیشتوی، ئەم بۆینباخە مارکەیە، تۆ زۆر خۆشەویستی لەلای من، بۆیە پێم دایت.

ئیتر ئەوە بوو، هەر بۆ ئەوەی لێم عادز نەبێتن لێم وەرگرت.

پەیوەندیم لەگەڵ شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو، ڕۆژانە دەچوومە سەردانی و هەر لە ڕێگاش هەندێك خیار و تەماتە و چەرەزاتم دەکڕی و لە لای ئەو دەمکردە زەڵاتە. ئەویش وەکو ڕۆژان ئاسایی بتڵێك بیرەی بۆ من دەهێنا و پەرداخێك ڤۆدگاشی بۆ خۆی دەهێنا.

ئیتر بەم شێوەیە، بە دەم خواردنەوەوە، لە بارەی خانمبازییەکانیەوە پرسیارم لێی دەکرد، ئەویش وەڵامی دەدامەوە.

هەرچەند جاری دەچوومە لای، نیوەی مێشکم لای فستانە سوور و جلە سپییەکەی بووکێنییەکە بوو، کە لە پێشەوەی جامخانەکەی هەڵیواسیبوون. بەڵام نەمدەوێرا پرسیاری لێ بکەم، کە بۆچی ئەم دوو پارچە جلە ژنانەیەی لە ناو ئەم هەموو شتومەکە فۆلکلۆری و ئەنتیکەخانەیە داناوە، نەوەك لێم عادز بێت و هیچی تر قسەم بۆ نەکات.

بە هەرحاڵ، لێم پرسی شەوکەت ئەفەندی دەتوانی سەرەتای خانمبازیی خۆتم پێ بڵێی؟

وتـی: ئەمـە چـیرۆکێکی درێـژە، تـازە لـە گونـدێکی دووری لیـوای هـەولێر بـە مامۆسـتایەتی دامـەزرابووم، حـەزم لـە کچـێکی جـوان و نەشمیلانەی ئـەو گونـدە کردبـوو، چاوەکانم خستبووە سـەری، بـەڵام توانای دارایيم کەم بوو، بۆیە بـیرم لـە هێنـانی نـەکردبۆوە. ڕۆژ هـات و ڕۆیشت، بە زۆری ئەو کچەیان بە مێرد دایە پیرەمێردێك، کە لە تەمەنی باوکی دەبوو. ئەو کەسەی کە ئەو کچەی هێنـا، خێزانـدار و دەوڵەمەنـد بوو، کوێخای گوندەکە بوو. هەر لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە ئاهەنگی بۆ گێـڕا. زۆر لـە دڵـم نـاخۆش بـوو، بـەڵام دەسـەڵاتی ئـەوم نـەبوو، ئـەو کەسێکی ئاسـایی نـەبوو، کوێخـای گونـد بـوو، پیـاو کوژیشـی هـەبوون دەترسـام کچـە هـەڵگرم و بڕۆمـە شـوێنێك، نـەوەك بـە دوامـدا بێـت و بمکوژێت.

منیش وتم: کەواتە چیرۆکی یەکەم خۆشەویستیت لێرە کۆتایی هات؟

وتـی: نـەخێر، کـە شـەو داهـات، شـایی‌و هەڵپـەڕکێ و زەماوەنـدی بووکیش کۆتایی هات. هەر کەس گەڕایەوە ماڵی خـۆی، منـیش بـە بـێ ئومێدی گەڕامەوە ماڵی خۆم، لە سەر پشت لێی ڕاکشام، بیرم هـەر لای ئەو کچە بوو. درەنگی شەو تەقەی دەرگا هـات، دەنگی کەسێك هاتـە گوێم، لە ژێر لێوەکانی بە ئەسپایی دەیوت (مامۆستا دەرگاکە بکـەوە، ئەوە منم). منیش سەیرم پێ هات بەم شەوە درەنگە دەبـێ کـێ بێـت، هیچ بیری ئـەو کچـەم نـەدەکرد. کاتێـك دەرگاکـەم کـردەوە، چـاوم بـە کچەکە کەوت، بە جلوبەرگی بووکێنییەوە هاتبووە لام. کە بەو شێوەیە

ئـەوم بینــی، حەپەسـام، لـە لایـەك زۆرم پـێ خـۆش بـوو، لـە لایـەکی تریشەوە زۆر ترسام نـەوەك کوێخـا بـە دوایـدا بێـت و هـەردووکمان بـە یەکەوە ببینێت و بمانکوژێت.

شەوکەت ئەفەندی، لە درێژەی قسەکانیدا وتی: پێم وت (تۆ بـووکی نوێیت، ناترسیت پیاوەکەت بـە دواتـدا بێـت و لەگـەڵ مـن بتبینێـت؟). وتــی (مامۆسـتا مەترسـە، ئـەو پیرەمێـردە خـەوی لێ کـەوتووە، پرخـە پرخــی ڕۆژە ڕێیــەك دەڕۆیشــت، دەتــوت حــەوت شــەو و حــەوت ڕۆژ نەخەوتووە، لە حەوت باری خـەودابوو، بۆیـە هـاتم). پـێم وت ( بۆچـی جلی بووکێنیت لەبەر نەکردۆتەوە، دیارە سەرجێییتان لەگـەڵ یـەکتری نەکردووە؟). وتی (سەرجێیی چی، بۆچـی ئـەو پیـاوەتی تیـا مـاوە تـا سەرجێییم لەگەڵ بکات؟) وتم (کە پیاوەتی نەماوە، بۆچی تۆی هێنا؟) وتی (هەندێك قسەی خۆشی بۆ کردم، ویستی دەستبازیم لەگەڵ بکـات، داوای لێ کردم کە خـۆم ڕووت بکەمـەوە و لـە گـەڵی بخـەوم، بـەڵام مـن خۆم نەدایە دەسـتی و بـە قسـان سـەرقاڵم کـرد، تـا خـەوی لێ کـەوت، ئینجا خۆم دزییەوە و هاتمە لای تۆ).

شەوکەت ئەفەندی لە درێژەی قسەکانیدا وتــی: زۆر ترسـام، ویسـتم ڕێگری لێ بکەم و نـەهێڵم بێتـە ژوورەوە، بـەڵام ئـەو دەسـتەکانی منـی لابرد و خۆی هەڵکوتایە ژوورەوە. منیش ناچار بووم، لەگـەڵی دابنیشـم و ئامۆژگــاری بکـــەم. پـــێم وت (ڕاســـتە تـــۆم خۆشویســـتووە و بـــە جوانییەکەشـت سەرسـام بـووم، بـەڵام ئێسـتا تـۆ مێـردت کـردووە و هاوسەری کەسێکی تری، بۆیە بە شتێکی باشی نـازانم هەڵسـوکەوتی وا

بکەیت و چیتر بێیتە لام). کە ئەمەم پێی وت، لێ نەگەڕا قسەکانم تەواو بکەم، باوەشی پیا کردم و دەمی خستە ناو دەممەوە و ماچی کردم. منیش لە خۆشی باوەشی گەرمی و تامی لێوەکانی، مەست و حەیران بووم. دەتوت گۆزەیەك شەرابم خواردۆتەوە، وەکو سەرخۆشم لێ هات، هیچ ئاگام لە خۆم نەما. ئیتر ئەوەبوو، ترسو لەرز چییە، لە بیرم چوو کە ئەو هاوسەری کوێخایە و ئەوەی من دەیکەم یاریکردنە بە ئاگر. پێم وت (جلەکانت دابکەنە و خۆت ڕووت بکەوە، با جوانیی لەشت ببینم) کە ئەمەم پێی وت، چووە ژووری نووستن و جلی بووکێنی لە بەر کردەوە و بانگی کردم. کە چووم، بە ڕووتی بینیم، لە جوانیدا دەتوت فریشتەیە، باوەشم پێیدا کرد، دەمم خستە ناو دەمی، لێوەکانیم مژی، هەندێکیش مەمکە فنجانییەکانیم گوشی، دوایی بە هۆش خۆم هاتمەوە، لە ترسی کوێخا، لە خۆمم دوور خستەوە و پێم وت (جلەکانت لەبەر بکە تاکو هەڵەیەکی گەورەترمان نەکردووە، بگەڕێوە لای هاوسەرەکەت)، کە ئەمەم پێی وت، دەستی بە گریان کرد و پێی وتم (من تۆم خۆش دەوێت و دەمەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ تۆ بکەم، ناتوانم لەگەڵ ئەو پیرەمێردە ژیان بەسەر ببەم) منیش پێم وت (منیش تۆم خۆش دەوێت، بەڵام کار لە کار ترازاوە، ئێستا تۆ موڵکی کەسێکی تری، هۆشت بێنەوە سەرت و ئەم خۆشەویستییە لە دڵت دەربهێنە و هیچی تریش بۆ لای من مەیە، با کوێخا زیان بە خۆت و بە منیش

نەگەیەنێت، ئەو کەسێکی بێ ویژدانە، بزانێ شتێك لە نێوان منو تۆ هەیە، بێ سڵەمینەوە هەردووکمان دەکوژێت و ئابڕوومان دەبات).

شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکی یەکەم خۆشەویستییەکەی وتی: کچەکە بە ناچاری جلەکانی لەبەر کرد و بە چاوی پڕ فرمێسك، بە تووڕەیی چووە دەرەوە. منیش لە ناو دەرگا ڕاوەستام، سەیریم کرد، تا گەیشتەوە بەر دەرگای ماڵی خۆیان. ئینجا منیش چوومە ژوورەوە و لە سەر قەرەوێڵەکەم لێی ڕاکشام، تاکو بەیانی لە خەیاڵی سینگ و مەمکەکانی ئەودا بووم، لە خەفەتان خەو نەچووە چاوەکانم.

منیش وتم: کەواتە یەکەمین پەیوەندیت لەگەڵ ژن، پەیوەندییێکی تراژیدی بووە؟

وتی: بەڵێ وایە، هەر بۆیە بڕیارم دا، تاکو لە ژیاندا ماوم جارێکی تر خۆشەویستی نەکەم، بۆیە ئەگەر ئەم پەیوەندییەمان بەو شێوەیە کۆتایی نەهاتبایە، منیش کەسێکی خانمبازم لێ دەرنەدەچوو.

وتم: چۆن؟

وتی: وەکو پێشتر بۆم باس کردی، پێش ئەوەی ئەو ئافرەتە بێتە ناو ژیانم، لە شاری ڕواندز تەقەم لە پۆلیس کرد و بە هۆیەوە لە حکومەت یاخی بووم، ڕووم لە شاخ کرد و ماوەیەك لە ئەشکەوتی مێگر مامەوە. دوایی باوکم توانی ئەو پۆلیسەی کە تەقەم لێی کردبوو، بە پارە ڕازی بکات و دەعوایەکەی لە دژی من پێ بکێشێتەوە. منیش گەڕامەوە سەر کارەکەم و لەو گوندە ئاشقی ئەو کچە بووم.

شەوکەت ئەفەندی هەندێك ڕاوەستا، دوایی وتی: بەڵام من هەر بەوەندە نەوەستام، بەردەوام بووم لە هەڵوێستی سیاسیم وەك کادیرێکی سیاسی، خەڵکی گوندم هوشیار دەکردەوە و لە دژی حکومەت هانم دەدان، ئەمەش وای لە موتەسەڕیفی لیوای هەولێر کرد، لە بەر هەڵوێستە سیاسییەکانمان، من و چواردە مامۆستای تری بۆ باشووری عێراق گواستەوە.

***

# ( پەیوەندییە سۆزدارییەکانی شەوکەت ئەفەندی لە قەزای شەترە )

شەوکەت ئەفەندی لە درێژەی قسەکانیدا، وتی: کاتێک بە هۆی هەڵوێستی سیاسیمانەوە، ئێمەیان گواستەوە بۆ ناسریە، ژمارەمان پانزە کەس بوو. هەندێك کوردی تریش پێش ئێمە بۆ ئەو شارە دوور خرابوونەوە، زۆربەمان گەنج و بێ ژن بووین. بە هۆی دەستپێکردنی بزاڤی چەکداری لە کوردستان لە دژی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، هەندێك هاوڵاتی ناسریەش کە ئەفسەر و سەرباز بوون، حکومەت بۆ شەڕکردن لە دژی بزاڤەکە بۆ شارەکانی کوردستانی گواستبوونەوە. ئێمەش لە ڕاستیدا بۆ تۆڵەکردنەوە، حەزمان دەکرد پەیوەندیی سۆزداریمان لەگەڵ ژنەکانی ئەوان هەبێت. وە لەوێش خەڵك هەبوو بە پارەیەکی کەم ژنی لەشفرۆشیان بۆ دەهێنایەماڵەوە. بەڵام من هەر بەوەندە نەوەستام، لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی دەوایە ڕێککەوتم، بۆ بڕینی قاسەی ناحیەکە و بردنی گشت پارەوپوولەکە بۆ کوردستان.

منیش وتم: چۆن بوێریی ئەوەت کرد داوایەکی وەها ترسناك لە بەڕێوەبەری ناحیە بکەیت ؟

وتـی: مـن ئـەو کاتـە بەرپرسـی حیزبیـی ئـەو بـووم لـە ڕێکخسـتنی نهێنیی حیزبدا.

کە ئەمەی وت، پێم وت: شەوکەت ئەفەنـدی، دوور لـە سیاسـەت بـا هەر لەوێ بمێنینەوە، وەکو وتت ژنـی لەشفرۆشـیان بۆتـان دەهێنـا، چ یادگارییێکی خۆشتان لەگەڵ ژنی ئەوێ هەیە، بۆم باس بکە؟

وتــی: لــە ڕاســتیدا مــن بــە گــەنجیش لەگــەڵ ژنــانی بــە پــارە نەبوومەتــەوە، ئــەو برادەرانــەی لەگــەڵ مــن بــوون، بــە پــارە ژنــی لەشفرۆشیان دەهێنا، بەڵام من لێیـان نزیـك نەدەبوومـەوە، چـونکە لـە تەندروسـتی خـۆم دەترسـام. ژنـی تـر هـەبوون، دوو کـچ لـە شـەترە هەبوون، لێیان نزیك بوومەوە و پەیوەنـدیی سـۆزداریم لەگـەڵ بەسـتن. ئەوانیش لە ماڵی خۆیان دەعوەتیان دەکردم و کاغەزیان بـۆ دەنـاردم. بەڵام بە هۆی ڕاکردنم لە شەترە و گەڕانـەوەم بـۆ کوردسـتان، ئـەو دوو کچە بەختیان نەبوو، یەکێکیان بهێنم.

منیش وتم: وەکـو بیسـتوومە شـاری ناسـریە شـەقامێکی لێیـە پێـی دەڵێن (شـەقامی حـەبوبی) دەکـرێ هەنـدێك باسـی یادگارییـەکانتم بـۆ بکەیت لەو شەقامە؟

وتی: ئەوکاتەی کە ئێمە دوور خرابووینەوە بـۆ ناسـریە، ئـەو شـارە تەنها یەك شەقامی سەرەکی لێ بوو، کـەوتبووە سـەر ڕووبـاری فـورات، گەنجانی ئەو شارە بۆ ڕابواردن ڕوویـان تێـی دەکـرد. شـەقامەکە ڕیـزە دووکـانێکی لێ بـوو، شـتومەکیان دەفرۆشـت، هەنـدێك عەرەبانچـیش

پرتەقاڵیان لە سەر عەرەبانەکانیان دانابوو، دەیانفرۆشت. هەندێك لەو عەرەبانچییانە، لە پاڵ فرۆشتنی پرتەقاڵ، گەوادیشیان دەکرد، درهەمێکمان دەدانێ، ژنیان بۆ دەهێناین.

منیش وتم: بەڕێوەبەری ناحیەی شەترە کە کەسێکی کورد بوو، لە ڕووی حیزبیشەوە لە ژێر دەستی تۆدا بوو، هیچ وا ڕێککەوتووە ژنی سۆزانی بۆ بێنن، تۆش بەشداری لەگەڵ بکەیت؟

وتی: بەڕێوەبەری ناحیە، باش کاتبێکی هەبوو، خەڵکی شەترە بوو، زۆرجار ژنی سۆزانی بۆ دەهێنا، ئەویش داوای لێ دەکردم شەو لای بمێنمەوە و لەگەڵی بەشدار بم.

منیش وتم: کەواتە تۆ بەختێکی باشت هەبووە کە بەرپرسی حیزبیی ئەو بەڕێوەبەری ناحیەیە بوویت، بە هۆیەوە لەگەڵ ژنە لەشفرۆشەکانی ئەو ناحیەیە کاتێکی خۆشت بەسەر بردووە.

وتی: ئەگەر بەرپرسی ئەویش نەبوومایە، هەر خۆی شەترە ژنی لەشفرۆشی زۆر لێ بوو، ئێمەش مامۆستا و مووچەخۆری حکومەت بووین، هەر کاتێك ئارەزوومان بکردبا، بە پارەیەکی کەم ژنیان بۆ دەهێناین. بەڵام وەکو وتم، من لەبەر تەندروستی خۆم، حەزم نەدەکرد لەگەڵ هەموو ژنێکی لەشفرۆش بخەوم، بەڵام ئەو ژنانەی کە بۆ بەڕێوەبەری ناحیەیان دەهێنان ژنی ماڵان بوون، ئەوان لەگەڵ هەموو کەسێك نەدەخەوتن، بۆیە منیش لەگەڵیان دەخەوتم.

زۆرجاریش دەچووینە لای کاولییەکان، ئەوان قەرەج بوون، لە دەرەوەی شاری ناسریە، خێوەتیان هەڵدەدا و ئاهەنگیان دەگێڕا،

منــیش لەگــەڵ کــوردە دوورخراوەکــان دەچــووینە لایــان و کــاتێکی خۆشمان لەگەڵ بەسەر دەبردن.

منیش وتم: مەبەستت چییە لە کات بەسەربردن؟

وتی: لە ڕاستیدا، ئەو کوردانەی لەگەڵم بوون، کێیـان لەوانـە بـە دڵ بوایە، دەستیان دەگرت و دەیانبردە ناو خێمەیەکی تـرەوە و سێکسـی لەگەڵ دەکرد، بەڵام من تـەنها دەسـبازیم لەگـەڵ دەکـردن و لـە ترسـی تەندروستی خۆم سێکسم لەگەڵ نەدەکردن. بەڵام برادەرێکی کورد، لـە بەڕێوەبەرێتی مالیەی شەترە لەگەڵ کوڕی کاوێس ئاغا ئیشـی دەکـرد، جارێـك هاتـە لام وتـی (چـەند ژنێـك لای مـن هـەن، وەرە بـا بەیەکـەوە لەگەڵیان ڕابوێرین؟). منیش وتم (نایەم)، بەڵام ئەو پێداگیری کرد وتـی (تۆ گەنجیت بۆ نایەیت)، منیش بەقسەم کرد، چووم هەنـدێك لەگـەڵیان دانیشـتم، بـەڵام سێکسـم لەگـەڵ نـەکردن، لـە دڵـی خۆمـدا وتم (مـن کادیرێکی سیاسیم، چاودێریم لەسـەرە، لەوانەیـە ئـەم دانیشـتنەیان بـە مەبەست بۆم ڕێکخستبێت و ئەم ژنانەیان بۆ ئابڕووبردنی من هێنابێـت) بۆیە سێکسم لەگەڵیان نەکرد و بەجێم هێشتن.

منیش وتم: ئـەو ژنانـەی کـە هێنـابووی، کـاولی بـوون، یـان ژنـی تـر بوون؟

وتــی: ژنــی ناوچــەیەکی باشــووری عێــراق بــوون، لەشــی خۆیــان کوتابوو، بـە پـارە گۆرانییـان دەوت و سـەمایان دەکـرد. ئـەو بـرادەرە

کوردەشمـان بڕێـك پـارەی هـەبوو، منیشـی دەعـوەت کردبـوو وەك میوانێکی کورد.

منیش وتم: ژنەکان جوان و جاحێڵ بوون؟

وتی: بـەڵێ ژنـی جاحێڵیـان تیـا بـوو، بـە زۆری بـە شـوو درابـوون، دواییش تەڵاق درابوون، لەو جۆرە ژنانە بوون.

منـیش وتم: کەواتــە ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـە خانمبازییەکانتــەوە هەبێت لە ناو عێراق، تەنها ئەو چەند وێستگەیە بوو، بۆم باس بکە، کە چوویتە ئەڵمانیا، لەوێ چیت کرد و پەیوەندییەکانت لەگەڵ ژنـان چـۆن دەستی پێکرد؟

وتی: کاتێك من لە عێراق دەرچووم، سەد و سی و دوو دیناری ئـەو کاتم لە گیرفان بوو، نرخی هەر دینارێکی عێراقی سێ دۆلار بـوو. پـاش حەڤدە ڕۆژ گەیشتمە وێستگەی شەمەندەفەری (لایبـزك) لـە ئـەڵمانیای دیموکرات. کە جانتاکەم لە شەمەندەفەر هێنایـە خـوارەوە، دەمویسـت تەلـەفۆن بـۆ یـەکێك لـە برادەرەکـانم بکـەم و ئاگـاداری بکەمـەوە کـە گەیشتوومەتە جێ. هەر لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە، بینیم کچێك لـە دەوروپشـتی مـن دەسـووڕێتەوە، بـە ئـەڵمانی قسـەی دەکـرد، منـیش پێکەنیم، زیاتر لێم نزیك کەوتەوە، حـەزی دەکـرد بزانێـت کـە لـە کـوێ هاتوومە، منیش کەمێك ئینگلیزیم دەزانی، لەگەڵی دانیشـتم و قسـەمان دەکـرد. هێشـتان کچـەکە نەڕۆیشـتبوو، ئـەو بـرادەرەی تەلـەفۆنم بـۆی کرد، گەیشتە لام، کە بینی لەگەڵ کچێکی ئـەڵمانی دانیشـتوومەو قسـە دەکەین، پێکەنی وتی: (تۆ تازە گەیشتوویتە ئـەڵمانیا، کەچـی دەبینـم

ژنێکت بە دەست کەوتووە، ئێمە چەند مانگێکە لێرەین، هیچمان بە دەست نەکەوتووە). منیش وتم (ئەو بۆ خۆی لە دەورم دەسووڕایەوە، منیش بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵ کرد و بووینە هاوڕێ). ئیتر ئەوەبوو کچەکەمان بەجێ هێشت و چووینە هۆتێل. بەڵام پاش ئەوەی زەماڵەی خوێندنم وەرگرت، جلوبەرگی جوانم لەبەر دەکرد، بایەخم بە خۆم دەدا، بڕێك پارەشم هەبوو، ئۆتۆمبێلێکی فۆکس فارگۆنیشم کڕی، کچیش لەوێ زۆر بوون، لەگەڵم سواری ئۆتۆمبێل دەبوون و بە یەکەوە ڕاماندەبوارد. ئەوێ وەکو لای خۆمان نەبوو، موشکیلەی پەیداکردنی کچانمان نەبوو.

منیش وتم: کەواتە بۆم باس بکە، یەکەم کچ کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ بەستی لەوێ چۆن بوو؟

وتی: پێنج مانگ بە سەر دانیشتنم لە ئەڵمانیا تێپەڕیبوو، لەگەڵ برادەرێکی خوێندکارم لە کۆلێژی پزیشکی دەمخوێند، ئێوارەیەکی ڕۆژی شەممە چووینە یانەیەکی شەوانە، سەمای تیا دەکرا، ئێمەش خۆمان ڕازاندبۆوە، لە بەرامبەرمان مێزێك هەبوو، کچێکی نازدار لە بەرامبەرمان بوو، لەگەڵ پیاوێك بەیەکەوە دانیشتبوون. لەوێ نەریت وایە ئەگەر بتەوێ لەگەڵ ژنێك سەما بکەیت، پەرداخی خۆت بەرز دەکەیتەوە، ئەگەر ئەویش پەرداخەکەی بەرز کردەوە، مانای ئەوەیە، دەیەوێ سەمات لەگەڵ بکات. بۆیە چووینە سەر شانۆ و بە یەکەوە سەمامان کرد.

منیش وتم: تۆ سەمات دەزانی؟

وتـــی: لـــەو ماوەیـــەی کـــە لـــە ئـــەڵمانیا بـــووم، بەشـــداری خـــولێکی سەماکردنم کردبوو، بۆیە سەمایەکی باشم دەکرد.

لەو خولە فێری بیسـت و دوو جـۆر سـەمای ئـەوروپی ببـووم، بۆیـە هەر زوو فێری سەما و بادانی ئەوان بووم، لە کوردستانیش لـە زۆربـەی شاییەکان سەرچۆپیم دەگرت. ئەو ژنەی کە سەمام لەگەڵ دەکـرد، زۆر ڕێکوپێك و بە ڕەوشت بوو، بەڵام لێم تێ نەدەگەیشت، چونکە هێشـتان بـە تـەواوەتی فێـری زمـانی ئـەڵمانی نـەبووبووم، بۆیـە کاتێـك قسـەم دەکـرد، بـە ئەڵمانیەکـەی مـن پێدەکـەنی. نەمویسـت بیبـەم بـۆ سـەر کورسییێك، نەوەك مونافسی ئـەڵمانیم بـۆ پـەیدا بێـت، داوام لێـی کـرد، بچینە باڕ بۆ خواردنەوە. چووینە باڕ و لە ڕیزی پشتەوەی باڕەکـە، لـە پشت مێزێك دانیشتین. دواییش زاوا و خوشکەکەیم هێنـا لای خۆمـان و بەیەکەوە دانیشتین.

منیش وتم: ئەم زازاو خوشکەی لە کوێ پەیدا بوون؟

وتی: ئەوانیش هەر لەگەڵ ئەو لە یانەی سەماکردنەکە بوون.

خوشـــکەکەی ئاهـــەنگی ڕۆژی لـــەدایکبوونی هـــەبوو، بـــەو بۆنەیـــە هاتبوونـە یانەکـە، بـانگم کردنـە بـاڕ و پـارەم لێ خـەرج کـردن و چـەند پێکێك وێسکیمان بە یەکەوە خواردەوە. ئیتر بـەم شـێوەیە، ئـەو کچـە بووە هاوڕێم، لە پاشان هەر ئەویشم هێناو کـچ و کوڕێکیشـم لێـی بـوو. ئێسـتا کچـەکەم تەمـەنی پـەنجا سـاڵانە و کوڕەکەشـم چـل و شـەش ساڵانە.

منیش وتم: پێش ئەوەی بە فەرمی ببێتە هاوسەرت، هیچ لەگەڵی خەوتی؟

وتی: پێش ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کچە بکەم، پەیوەندیی سۆزداریم لەگەڵ کچێکی تریش هەبوو، لەو ماوەیەدا لەگەڵ هەردووکیان خەوتبووم، دوای حەوت ساڵ لە پەیوەندی، کاتێك کە بە فەرمی هێنام، ئەو کچ و کوڕەم لێی هەبوو، لە ئاهەنگی گواستنەوە، هەردوو منداڵەکانم دیارییان بە ئێمە دا.

منیش وتم: دەتوانی بۆم باس بکەیت، بۆچی کە بە منداڵی یەکەم سکی لێت هەبوو هاوسەرگیریت لەگەڵ نەکرد، بۆچی دوات خست تا منداڵەکانت گەورە بوون؟

وتی: بەپێی نەریتی ئەوروپا، کە ئێستاش هەر وایە، کە تۆ کچێك دەناسی، دەچیتە لای دایك و باوکی و پێیان دەڵێیت ( من پەیوەندیم لەگەڵ کچەکەی ئێوە هەیە) ئەوانیش دوای ئەوەی دڵنیا دەبن کە کچەکەیان ڕازییە بەو پەیوەندییە، ئەوانیش ڕازی دەبن و دەڵێن (کچەکەمان ئەمانەتە لای تۆ).

منیش وتم: کەواتە بۆم باس بکە تۆ چیت کرد و چۆن داوای دەستی ئەو کچەت لە خانەوادەکەیان کرد؟

وتی: بێ لەو کچەی کە من خۆشم دەویست، کوڕ و کچێکی تریشیان هەبوو، کوڕەکەیان لە جەنگی جیهانیی دووەم ون بووبوو، کچەکەی تریشیان هاوسەرگیری کردبوو، بۆیە حەزیان نەدەکرد، ئەو کچەیان زوو

هاوسەرگیری بکات. منیش وتم: ئەی چۆن دواتـر ڕازی بـوون کچـەکەی خۆیانت بدەنێ؟

وتی: کچەکە دەیویست من بە باوك و دایکی بناسێنێت، باوکی پێـی وتبوو (ئەو کوڕە بۆ خوێنـدن هاتۆتـە ئـەڵمانیا، خوێنـدن تـەواو بکـات، دەگەڕێتــەوە وڵاتــی خــۆی، ئــەوکات لەگــەڵ خــۆی دەتبــات، منــیش لێناگـەڕێم تـۆ ئێمـە بـەجێ بهێڵێـت و لێـرە بڕۆیـت). بـاوکی کچـەکە کەسێکی شیوعی ئومەمی بوو، بە لایەوە گرینگ نەبوو کە من چ ئاینێك و چ نەتەوەیەکم هەیە، بۆیە لەم ڕووەوە لاری نەبوو، بە کچەکەی خۆی وتبوو (ئەگەر پیاوەکە لێرە بمێنێ قەیناکات، بەڵام مـادام دەگەڕێتـەوە وڵاتی خۆی، ئێمە پێمان ناخۆشە).

شــەوکەت ئەفەنـدی لـە درێـژەی قســەکانیدا وتــی: ڕۆژێـك کچـەکە کاغەزێکی بۆ ناردم، بە ناوی باوکی لە ماڵی خۆیان دەعوەتی کردم، لە کاغەزەکــەدا نووســی بــووی ( بــە بۆنــەی لــەدایکبوونی کچــەکەم، ئاهەنگێکی خێزانی دەکەین، پێمان خۆشە تۆش وەکو هاوڕێیـەکی ئـەو لەو ئاهەنگە ئامادەبیت). جـارێکی تـریش لـە ئاهـەنگێکی هاوشـێوەدا، چوومە ماڵیان، دایکەکەی پێشوازی لێ کـردم، بـەڵام باوکەکـەی نەهاتـە لام و بەخێرهاتنی نەکردم. بۆیە کە ئەو نامەیەم بە دەست گەیشت، کە ناوی باوکی کچەکەی لـە سـەر بـوو، دیـاریم بـرد و چـوومە ماڵیـان. کـە چووشم، باوکەکەی بە هاتنی من دڵی خۆش نـەبوو، موفاجەئـە بـوو بـۆ ئەو. کە منـیش ئـەم دیمەنـەم بینـی، لێـی تـووڕە بـووم، پـێم وت (مـن نەهاتووم کچەکەت لێ بخوازم، هـاتووم کچـەکەت تەسـلیم بکـەم) بـەڵام

دایکی کچەکە ڕێگای لێ گرتم و دڵی دامەوە و وتی (ئێستا تۆ دوو منداڵت لە کچەکەی ئێمە هەیە، پێم خۆشە لە ماڵی ئێمە بمێنیتەوە و ببیت بە کوڕی ئێمە). منیش وتم (تۆ نابینیت هاوسەرەکەت لێم لالووتو تووڕەیە، چۆن ڕازی دەبێت من لە ماڵی ئێوە بمێنمەوە!) وتی (تۆ هەقت بە سەر ئەو نەبێت، من ڕازی دەکەم، ئەو هەر وایە، کەسێکی تووڕەو توندە، چونکە پێشتر لە سوپا ئەفسەر بووە، تەنها فێری فەرمانکردنە). ئیتر لەو ڕۆژەوە، ئەو ماڵە بووە ماڵی من، هەر کاتێك بمویستبا، دەچووم، لەوێ دەخەوتم و لە دەرەوەش یەکتریمان دەبینی و هیچ گرفتم نەبوو.

منیش وتم: پێش ئێستا وتت (لە هەمان کاتدا لەگەڵ کچێکی تریش پەیوەندیی سۆزداریم هەبوو) باسی ئەوەشمان بۆ بکە، لەگەڵ ئەو چیت کردەوە؟

وتی: ئەویش کچێکی خوێندکار بوو، ماوەیەك بوو یەکتریمان دەناسی، سکی لە من پڕ بوو، هاوینی بە سەر داهات، چووە ماڵی باوکی، باوکی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك بوو، لە حیزبی شیوعی ئەڵمانیش بەرپرسێکی گەورە بوو،. ئەوکات دەوڵەت هەمووی شیوعی بوو، کچەکە خەبەری بۆ ناردم، وتی (سکم لێت پڕ بووە، ئێستاش لە ماڵی باوکمم، تۆ چۆن بیر لەو بابەتە دەکەیتەوە؟) منیش وتم (دێمە لات). کە چوومە گوندەکەیان، زۆر دوور بوو، دوو سێ شەمەندەفەرم گۆڕی تا گەیشتمە ئەوێ، باوکی لەگەڵ کچەکەی پێشوازییان لێ کردم،

پاش نانخواردن، باوکەکەی بە تەنها لەگەڵم دانیشت، وتی (کچەکەم سکی لە تۆ پڕ بووە، تۆ چۆن بیری لێ دەکەیتەوە؟)، منیش وتم (من ژنم هەیە، کچەکەی تۆش ئەوە دەزانێت، کە من ژنم هەیەو دوو منداڵیشم لێی هەیە. سەبارەت بەو پەیوەندییەش، کە لە نێوانمان دروست بووە، ئەم منداڵەی کە لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییەی نێوانمان دروست بووە، فڕێی دەدەین).

وتی ( بەمە ڕازی نابم، ئەگەر منداڵەکە فڕێ بدەن، دوایی جارێکی تر کچەکەی من منداڵی نابێتەوە، بۆیە لێگەڕێ با کچەکەمان منداڵەکەی ببێت، ئێمە منداڵەکە گەورە دەکەین، بەڵام ئێمە ئەو منداڵە بەپێی داب و نەریتی خۆمان گەورە دەکەین). بەڵام کچەکە بە بڕیاری باوکی ڕازی نەبوو، پێداگری کرد لە سەر فڕێدانی منداڵەکە. ئیتر ئەوەبوو، لەگەڵ خۆم بردمە وڵاتی (براغ) بردمە لای کچەکەی دکتۆر مستەفا خۆشناو، ئەوکات لە براغ پزیشك بوو. داوای یارمەتیم لێی کرد، کە پزیشکێکم پێ بناسێنێت، تاکو ئەو منداڵە لەبار بچوێنین. پێم وت (ئەو ژنەی لەگەڵمدایە، ژنی خۆمە، سکی پڕ بووە، نامانەوێ منداڵمان ببێت، لە ئەڵمانیاش بۆمان لەبەر ناچوێنن بۆیە هاتووین بۆ ئێرە، کەسێکمان پیشان بدەیت، تاکو بۆمان فڕێ بدات).

شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی وتی: کچەکەی مستەفا خۆشناو، نەخۆشخانەیەکی لە دەرەوەی براغ پیشاندام، بڕێك زێڕم لەگەڵ خۆم بردبوو، کە چوومە نەخۆشخانەکە، زێڕەکەم لە بەردەمی ئەو پزیشکە دانا کە چووبووینە لای، پێم وت

(حەزدەکەم ئەم منداڵە لەبەر هاوسەرەکەم ببەیت؟) وتـی (مـن نـاتوانم ئەوە بکەم، چونکە منـداڵ لەبەرچـواندن قەدەغـە کـراوە، ئەگـەر ئەمـە بکەم لـە وەزیفەکـەم دەرمدەکـەن). لـە بـەر ئـەوە ژنەکـەم گەیانـدەوە ئەڵمانیا بۆ لای باوکی، پێم وت (ئیشەکە نەکرا) دوای ماوەیـەك منـداڵی بوو، کوڕێکی بوو، ناومـان لێنـا (کـوردۆ ئینگـۆ) ئێسـتا تەمـەنی چـل و هەشت ساڵە.

شەوکەت ئەفەندی کە ئـەم چـیرۆکەی بـۆ گێڕامـەوە، بزەیـەك هاتـە سەر لێوەکانیو لە بەردەم خۆیەوە بە نەرمی پێدەکەنی.

منـیش وتم: دەڵێـی شـتێکی تـرت بـیر کەوتۆتـەوە، وا لەبـەر خـۆت پێدەکەنیت؟

وتی: ئەمەش چیرۆکێکی ترە.

وتم: دەتوانی بۆم بگێڕیتەوە؟

وتـی: ڕووداوێکـی سـەیر بـوو، ئەگـەر بـۆتی بـاس بکـەم، مێشـکت ڕادەوەستیٚ!

وتم: بە مەراقت خستم، حەزم لێیە بۆم بگێڕیتەوە، چی ڕوویداوە؟

وتی: هەر لە براغ هاوڕێیەکم هەبوو، چوومە لای داوای یارمەتیم لێی کرد، کەسێکم پیشـان بـدات، تـاکو منداڵەکـە لەبـەر بچـوێنین. ئـەویش ناونیشـانی خانمـە پەرسـتیارێکی پێـدام، وتـی (جارێـك بـۆ منـداڵ لەبەرچـواندن، چـوومەتە لای ئـەو خانمـە پەرسـتیارە و بـۆی لەبەرچواندین).

شــەوکەت ئەفەنــدی کەوتــە وەســفی پەرســتیارەکە وتــی: خانمــە پەرستیارەکە ژنێکی جـوان و ڕێکوپێـك بـوو، خـۆی جـوان ڕازانـدبۆوە، شوقەیەکی هەبوو، کوڕێکی بچووکیشی هەبوو، پێش ئەوەی مـن بڕۆمـە لای، بۆ لای دایکی ناردبوو، بە دایکی خۆی وتبوو ( برادەرێك دێتـە لای من دەمەوێ بە تەنها لەگەڵی بم). ئیتر بەو شەوە بە یەکـەوە دانیشـتین و خواردمانــەوە، پــێش ئــەوەی چــیرۆکەکەی بــۆ بگێڕمــەوە، سێکسـم لەگەڵ کرد، دواییش پێم وت (بۆ کارێکی وا هاتوومەتە لات). کە ئەمـەم پێی وت، وتــی (چـۆن شـتی وا دەبێـت، لەگـەڵ هـەر کچێك بخـەویت و سکی پڕ بکەیت، دواییش لەبەری بچوێنی). بـەم شـێوەیە، ڕازی نـەبوو منداڵەکەمان بۆ لەبەر بچوێنیٚ.

منیش وتم: هەقی بووە ئیشەکەت بۆ نـەکات، تـۆ بـۆ لەبەرچـواندنی منــداڵێك چــوویتە لای ئــەو، کەچــی لەگــەڵ ئــەویش خــەوتیت و ســکی ئەویشت پڕ کردووە.

بە پێکەنینەوە وتی: ئەویش پێی وتم، ئەگەر چەند کەسێکی وەکـو تۆ لێرەبن، لە ماوەیەکی کەم، سکی هەموو ژنەکانی براغ پڕ دەکەن.

پێم وت: تۆ بـۆت بـاس نـەکردم، ئـەو گونـدەی کـە مـاڵی کچـەکەی لێبوو، ناوی چی بوو، هەروەها کەوتبووە چ کانتۆنێکی ئەڵمانیا؟

وتــی: ئــەو گونــدە نــاوی (شــوین بــرون) واتــە بــیری جــوان، لــە نــاو دارستانی (تورینگ) بوو، سەر بە شاری لایبزك بوو، بە شـەمەندەفەر و بە پاس بۆی چووم. گوندێکی گەشـتیاریی خـۆش بـوو، کـەوتبووە نـاو

دۆڵێکەوە و چواردەورەی دارستان بوو، خەڵکی بۆ گەشت ڕوویـان تێـی دەکرد.

منیش وتم: بۆت باس نەکردم، ئەو کچەت چـۆن ناسـی و چـۆن ئـەم پەیوەندییەت لەگەڵ پەیدا کرد؟

وتی: لە شاری لایبزك، لە دەوری گۆماوێك، لـە نزیـك هـۆڵی ئـۆپرای لایبزك، لە سەر کورسییێك بەرامبەر خـۆر دانیشـتبوو، منـیش چـووم لـە تەنیشتی دانیشتم، گۆڤارێکم بە دەسـتەوە بـوو، پیشـانم دا، سـەرنجیم ڕاکێشا بۆ بابەتێك کە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکرابۆوە، پێم وت: ئـەم وتـارە باسی چی دەکات؟

شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو لە قسەکانی، وتی: کە گۆڤارەکـەم دایە دەستی، نووسینەکەی بـۆ وەرگێڕامـە سـەر زمـانی ئینگلیـزی. لـە ڕاستیدا، من مەبەستم بوو بیناسم، بۆیە ئەم گۆڤارەم کردە بیانوو.

منیش وتم: جا توانیـت بـە مـەرامی خـۆت بگـەیت و لەگـەڵ ئـەویش بخەویت؟

وتی: ئەو لە شاری لایبـزك شـوقەی خـۆی هـەبوو، منـیش هـەمبوو، هەردووکمان هاتوچۆی یەکتریمان دەکرد، ئەو دەهاتە لای من و منـیش دەچوومە لای ئەو، ژوورێکی لە ژنێك بە کرێ وەرگرتبوو، ئەو ژنەی کـە لەگەڵ ئەویش بوو، حەزی لە ڕابواردن بوو، بەڵام خۆم لێی نەدا.

منیش وتم: ئەو کچە لە لایبزك چی دەکرد؟

وتــی: لــە کۆلێــژێك، لــە زمــانی ئینگلیــزی و فەڕەنســی دەیخوێنــد. منـــیش وتم: دوای ئــــەوەی نـــەتانتوانی منداڵەکـــە لەبـــەر بچـــوێنن پەیوەندیتان بەردەوام بوو، یان پچڕا؟

وتی: دوای ئـەوەی منداڵەکـەی بـوو، ڕۆژێـك چـوومە سـەردانیان لـە گوند، هەندێك دیاریشم بۆ بردن. کە چوومە لایان، منداڵەکـە خـەوتبوو، لە خەو هەڵیانسـەند و بۆیـان هێنـام. تەمـەنی نزیکـەی سـاڵێك دەبـوو، تازە بە سەر پێ کەوتبوو، کە چاوی بە مـن کـەوت، بـۆ باوەشـم هـات، منیش لە ئامێزی خۆم گرت و ماچم کرد.

وتم: ناوی چیان لێی نابوو؟

وتــی: وەکـو پـێم وتــی، پـاش ئـەوەی بـاوکی لـە دوای نـاردم، کـە کچەکەیان بێنم، کە منیش نەمهێنا، ئەوکات وتی (مادام تـۆ کچـەکەمان ناهێنیت، کە ئەو منداڵە لە دایك بوو، هەر خۆمـان نـاوێکی لێ دەنـێین). منیش پێم وت (حەزدەکەم ناوی لێ بنێن کوردۆ) باوکی کچـەکەش وتــی (مادام تۆ نایهێنیت، بۆت نییە ناویشی لێ بنێیت، ئێمە ناوێکی ئـەڵمانی لێ دەنێین). منیش وتم (دەتانەوێ نـاوی چـی لێ بنـێن؟) وتــی (ئینگـۆ) منیش وتم (جا بۆ ناوێکی ئاوێتەی لێ نەنێین؟ کوردۆ ئینگۆ). ئیتر ئەوە بوو، ڕازی بوون، پاش ئـەوەی کـە لـە دایـك بـوو، ناویـان لێنـا (کـوردۆ ئینگۆ).

وتم: شەوکەت ئەفەندی، جارێك باسی گەشتێکی خۆتت بۆ کردم بـۆ سەر دەریای بەڵتیق، دەتوانی ئەویشم بۆ بگێڕیتەوە، بزانم لـەوێ چـیت کردووە و لەگەڵ کێ خەوتوویت؟

وتی: ماوەیەکی کەم بوو، چووبوومە ئەڵمانیا، ساڵی یەکەمم بوو، پێیان وتین پرۆژەی ڕاکێشانی بۆڕی ئاومان هەیە لە دەریاوە بۆ شارێك. وتیان بۆ ئەم مەبەستە خەندەق لێدەدەینن هەندێك کوڕی گەنجی وەکو ئێوەمان پێویستە، تراکتۆر لێبخوڕن، ئیشی کرێکاریمان بۆ بکەن لە پشووی هاوین. پێیان وتین (لەویٚ ژوورێکتان دەدەینیٚ بۆ خەوتن، هەر سیٚ ژەمیش نانتان دەدەینیٚ، پارەشتان دەدەینیٚ). ئێمەش چەند کوردێکی عێراقی و ئێرانی، وتمان دەچین. ناوی خۆمان تۆمار کرد، لە پشووی هاوین تکیتی شەمەندەفەریان بۆ بڕین، چووینە شارەکە. ئەو شارە ناوی (ڕۆستۆك) بوو، لە سەر دەریای بەڵتیق، بەرامبەر وڵاتی سوید.

شەوکەت ئەفەندی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لەویٚ ژوورێکیان داینیٚ، بۆ بەیانی جلی کرێکارییان داینیٚ، بە ئۆتۆمبێل ئێمەیان بردە سەر دەریا. پرسییان (ئێوە چی دەزانن؟)، بەپێی شارەزایی، هەر یەکێکیان لە ئێمە لە سەر کارێك دانا. منو ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵم بوون، وتمان ئێمە تراکتۆر لێدەخوڕین. من و ئەو هاوڕێیەم کە ئێستا لە ژیان ماوە و لە هەولێر دەژی، ناوی ناهێنم نەوەك بزانێتەوە و پێی ناخۆش بێت، چووین تاکو ئێوارە ئیشمان کرد. چەند ڕۆژێك لەویٚ بووین، ڕۆژێك پشووی هەفتانە بوو، ڕۆژی شەممە ئێوارە، خۆم لە کرێکارەکانی تر جیا کردەوە، بۆ پیاسەکردن چوومە ناو شار. ژنێکی جوانی بەژن درێژم بینی، لە بەردەم جامخانەی دووکانێك وەستابوو،

تەماشای پێڵاوەکانی ناو جامخانەکەی دەکرد. منیش لێی نزیك بوومەوە، پێم وت: (کامە لەو پێڵاوانەی ناو جامخانەت پێ جوانە؟) ئەویش ئیشارەتی بۆ جووتە پێڵاوێك کرد، وتی (من ئەم جووتە پێڵاوەم پێ جوانە). جووتە پێڵاوەکەم بۆی کڕی پێم وت ( حەزدەکەیت بەیەکەوە بچینە قاوەخانەیەك، بەیەکەوە قاوە بخۆینەوە؟). وتی (پێم باشە).

شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو لە گێڕانەوە و وتی: ئیتر ئەوەبوو، چووینە قاوەخانەیەك، بەیەکەوە دانیشتین و قاوەمان خواردەوە. پێم وت (هاوسەرگیریت کردووە؟)، وتی(باوك و دایکم منیان داوەتە پیاوێك، بەڵام من حەزی لێ ناکەم). وتم (حەزدەکەی لەگەڵ من ببیتە هاوڕێ؟)، وتی (پێم خۆشە). وتم (ئەی چۆن یەکتری ببینین؟)، وتی (مادام تۆ لێرە کار دەکەیت، هەر کاتێك کاتت هەبوو، تەلەفۆنم بۆ بکە، لە ناو بازاڕ یەکتری دەبینین و وەکو ئێستا لە قاوەخانەیەك بەیەکەوە دادەنیشین و بە دەم قاوە خواردنەوەوە لەگەڵ یەك قسە دەکەین).

شەوکەت ئەفەندی بە پێکەنینەوە وتی: بەم شێوەیە لەگەڵ ئەویش بوومە هاوڕێ، ئەو ماوەیەی لەو شارە مامەوە، لە ڕۆژانی پشووی هەفتەدا، تەلەفۆنم بۆی دەکرد و بە یەکەوە لە ناو شار پیاسەمان دەکرد، هەندێك جاریش کە هاوسەرەکەی لەوێ نەبا، منی دەبردە ماڵەوەو لەگەڵی دەخەوتم.

وتم: شەوکەت ئەفەندی تۆ چیت کردووە، بە ژنێك و دووان نەوەستاویت، ئەو خانمە پەرستیارەی وڵاتی براغ باش تۆی ناسیوە کە

پێی وتبوویت (ئەگەر چەند کەسێکی وەکو تۆ لێرەبن، زگی هەموو ژنانی براغ پڕ دەکەن).

که ئەمەم وت، له قاقای پێکەنینی دا، وتی: ئێمه له کوردستان، لە بەر سیاسەتکردن، خۆمان له ڕۆمانسییەت بێبەش کرد، ئەو کاتەی کە له کوردستان بووم، نیشتمانم له خۆم ماره کردبوو، تەنانەت بیرم لە ژن هێنانیش نەدەکردەوە، بەڵام که ڕۆیشتمه ئەڵمانیا و چاوم بە کچە جوانەکانی ئەوێ کەوتن له بینینیان تێر نەدەبووم، بۆیه لەگەڵ زۆریان هاوڕێم کرد و لەگەڵ زۆربەشیان خەوتم.

شەوکەت ئەفەندی له درێژەی قسەکانیدا وتی: ساڵی ١٩٧٨ بوو، له پشووی هاوین، له شاری (ڕیستۆك) به گیرفانێکی پڕ گەڕاینەوە شاری بەرلین. کوڕی خوشکێکم له شارۆچکەیەکی نزیك بەرلین دادەنیشت، به یەکەوە چووینه شارێك، کاتی خۆی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم، هاوپەیمانان (ئەمریکا و بەریتانیا و ڕووسیا) سەرۆکەکانیان وەکو هاوپەیمان ئیمزایان کردووە. لەوێ له هۆتێلێك ژووورێکمان گرت، هۆتێلەکه زۆر خۆش بوو. که شەو داهات چووینه باڕی هۆتێلەکە، کۆتایی هەفته بوو، ئەوانەی هاتبوونه باڕەکە، لەوێ سەمایان دەکرد. ژنی به تەنیا کەم بوون، ئێمەش لە باڕ دانیشتین، پیاوێك لەگەڵ ژنەکەی خۆی دانیشتبوون، دەیانخواردەوە و لەگەڵ یەکتری قسەیان دەکرد. پاش ماوەیەك، پیاوەکه ڕۆیشته لای ژنێکی تر و دەستی گرت، بردییه سەر شانۆ و سەمای لەگەڵ دەکرد. منیش تەماشایەکی ژنی

پیاوەکەم کردو پەرداخەکەم بۆی بەرز کردەوە، ئەویش وەڵامی دامەوە و وەکو من پەرداخەکەی خۆی بەرز کردەوە. ئیتر ئەوە بوو، منیش چوومە لای، دەستیم گرت و بردم بۆ سەماکردن. بە ماوەیەکی کورت، لە یەکتری تێگەیشتین، شوێنی سەماکردنەکەمان بەجێهێشتن بردمە ژوورەکەی خۆم لە هۆتێل، سێکسم لەگەڵ کرد و بە خێرایی گەڕاینەوە باڕ. پیاوەکەی چاوی لێی دەگێڕا، تەنگاو ببوو، لە ئیدارەی باڕەکەی پرسیبوو، وتبوویان نەمانبینیوە. جا کە ئەوی لەگەڵ من بینی، لێی پرسی (لە کوێ بوویت؟)، وتی (لەگەڵ ئەو پیاوە بووم). دوای ئەوە هەندێك وەسفی منی بۆ کرد و پێی وت(ئەم پیاوە خەڵکی عێراقە، قسەی زۆر خۆشە)، کە وای وت، ئەویش خۆی پێ ناساندم، یەکتریمان ناسی و بە یەکەوە دانیشتین و بەدەم خواردنەوەوە هەندێك قسەمان کرد. منیش پێم وت (تۆ کە چوویتە شوێنی سەماکردن، ئێمەش چووینە باخچەیەکی دەرەوەی هۆتێل و جگارەیەکمان کێشا و بەیەکەوە هەندێك پیاسەمان کرد)، وتی (سوپاست دەکەم، کە لە غیابی من، بایەخت بە ژنەکەم داوە و نەتهێشتووە هەست بە تەنیایی بکات).

کاتێك شەوکەت ئەفەندی سەربردە ڕۆمانسییەکانی خۆی لە ئەورووپا بۆ دەگێڕامەوە، بیرم هەر لای ئەو فستانە سوورە و جلە سپییەی بووکێنییە بوو، کە لە پێش جامخانەی گەلەرییەکەی هەڵیواسیبوو. زۆرم مەراق بوو، ئەم جلە ژنانەیەی بۆچی لە گەلەرییەکەی هەڵواسیوە. ڕووم تێ کرد و پێم وت: شەوکەت ئەفەندی، هەر چەند

جاری دێمە گەلەرییەکەت و چاوم بەو فستانە سوورە و جلە سپییە ژنانەیە دەکەوێ، سەرنجم ڕادەکێشێت و دەیان پرسیارم لا دروست دەکات.

کە ئەمەم وت، بە پێکەنینەوە وتی: تۆ چۆنی تێدەگەیت؟

منیش وتم: من هیچی تێناگەم.

وتی: ئەی تۆ ناڵێی بینینی ئەم جلانە دەیان پرسیاریان لا دروست کردوومە؟

وتم: بەڵێ وایە.

وتی: تۆ یەکێك لەو پرسیارانەم پێ بڵێ، کە لە ناخت بیری لێ دەکەیتەوە.

وتم: لە دڵی خۆمدا دەڵێم (دەبێ ئەم جلانە، جلی بووکێنی هاوسەرە ئەڵمانییەکەت بێت، کە یەکەم هاوسەرت بوو لە ژیانتدا؟).

وتی: تۆ زۆر دوور ڕۆیشتووی. ئەم جلانە چ پەیوەندییێکیان بەو ژنەمەوە هەیە؟

وتم: ئەی بە چ بۆنەیەك لێرە هەڵتواسیون؟

وتی: ئەمەش چیرۆکێکی ترە، لەوەتی گەڕاومەتەوە ئەورووپا و لە سویسرا نیشتەجێ بوومە، ساڵانە بۆ گەشتکردن دەچمە چەند وڵاتێك. تاکو ئێستا دەیان وڵاتم بینیوە، یەکێك لەو وڵاتانە، ئێرانە. برادەرێکم دادوەرێکی بەتەمەنە، پێی وتم (با بەیەکەوە بۆ وڵاتێك گەشت بکەین و جەوێك بگۆڕین)، منیش وتم (بابچینە ئێران، باکوورەکەی سروشتێکی

جـوان و ڕەنگینــی هەیــە)، وتــی (باشــە، منــیش نــەمبینیوە). ئــیتر ئەوەبوو، تکیتی فڕۆکەمان بڕی و لە تاران هاتینە خوارێ. کـاتی خـۆی تارانم بینیبوو، پێم وت (لێرە نامێنینــەوە، دەچــینە بـاکووری ئێـران بـۆ ســەر دەریــای قــەزوین)، وتــی (باشــە چــۆنت پــێ باشــە بــا وابێــت). تەکسییێکمان گرت و چووینە تەرمینالی گشتیی تـاران، لـەوێ لاماندایـە نووسـینگەیەك، وتم (ئێمـە لـە عێراقـەوە هـاتووین، ئۆتۆمبێلێکمـان بـە شوفێرەوە دەوێ، بەو مەرجە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی یان کوردی بزانێت). لە پێشان کەسمان بەو مواسەفاتانە بە دەسـت نەکـەوت، ئـەو شوفێرانەی کە بۆیان دەهێنانین، فارسـی زان بـوون، دەیـانوت (فارسـی نەمیداری؟ منیش دەموت فارسی نەمیدار، عەرەبی، کـوردی، ڕووسـی، ئەڵمانی، میداری). کە زانییان شوفێری فارسمان ناوێـت، زیـاتر خۆیـان ماند و کرد و شوفێرێکیان بۆ هێنـاین، عـەرەبی و کـوردی دەزانـی، بـە ئەسـڵ خـەڵکی خانـەقین بـوو. پـێم وت (بـۆ هـەر ڕۆژێـك کـە لەگـەڵمان دەبیت، چەندت پارە دەوێ؟)، وتی (ئێوە دەتانەوێ بچنە چ شارێك لە باکووری ئێران؟)، منـیش وتم (دەمانـەوێ بچـینە شـاری جـالووس، بـە شەو لەو شارە دەمێنینەوە و بە ڕۆژیـش دەچـینە شـارێکی تـری سـەر دەریای قەزوین، پێی دەڵێن ڕامسەر). ئیتر ئەوەبوو ڕێککـەوتین، ڕۆژی بە هەشتا دۆلار لەگەڵمان بێت.

شەوکەت ئەفەندی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەم پیـاوە بـۆ ئێمـە وێڕای ئەوەی شوفێر بوو، لە هەمان کاتدا وەرگێـڕ و دەلیلـی سـیاحیش بوو بۆ ئێمە. کە چـووینە جـالووس، شـەوێك لـەوێ ماینـەوە، بـۆ ڕۆژی

دوایی چووینە شاری ڕامسەر. بە درێژایی ڕێگا، کوڕی گەنج دەهاتنە سەر ڕێگاکەمان، دەیانوت (وێلا) وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوە کە ئایا ڤێلامان بۆ کرێ دەوێ.

منیش وتم: شەوکەت ئەفەندی وابزانم تۆ لە بیرت چوو، من چ پرسیارێکم لێ کردی؟ خەریکە بابەتەکە بۆ لایەکی تر دەبەیت؟

وتی: عەیبی تۆ ئەوەیە، زۆر بێ سەبر و بێ تەحەمولی، نازانم چۆن تۆ نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ لە زگی دایکت حەوایتەوە؟!

منیش وتم: ناهەقم نییە، کە ئەم پرسیارەت لێ بکەم، من پرسیاری ئەوەم لێ کردی، ئایا نهێنیی هەڵواسینی ئەم فستان و جلە بووکێنییە چییە، کەچی تۆ باسی باکووری ئێرانم بۆ دەکەیت.

وتی: ئاخر ئەم جلانە پەیوەندییان بەو گەشتەوە هەیە.

وتم: چۆن؟

وتی: تۆ تەنها گوێ بگرەو هیچ مەڵێ، ئەوجا دەزانیت پەیوەندییان بەو گەشتەوە چییە.

شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی گەشتەکەی بۆ باکووری ئێران، وتی: لە شاری ڕامسەر یەکێك لەو ڤێلایانەمان بە کرێ گرت، لە نزیك سەنتەری شارەکە بوو. خانوویێکی دوو نهۆمی بوو، کەسانی تر نهۆمی خوارەوەیان بە کرێ گرتبوو، ئێمەش نهۆمی سەرەوەمان بە کرێ گرت. باخچەیەکی خۆشی هەبوو، لەوێ ماینەوە. ئەو دادوەرەی کە لەگەڵ من بوو، تەمەنی نزیکەی شەستساڵ دەبوو،

بەڵام پیاوێکی لاواز و ڕەقەڵە بوو، جگەرەی زۆر دەکێشا، کۆخـەی زۆر بوو، کەمێك پوولەکیش بـوو، لـە پـارە خـەرجکردن ئاسـان نـەبوو، زۆر حیسابی پارەی دەکرد. شەو لەو ڤێلایە بـووین، بـۆ ڕۆژی دووەم، پـێم وت (لە هەولێر زۆر قسەمان بـە یەکـەوە کـردووە، لێـرەش ئەگـەر هـەر قسە بکەین، قسەکانمان دووبارە دەبنەوە و بێزار دەبین، ڕای تۆ چییە ئەگەر ئێمە هەندێك ژن پەیدا بکەین، بەلای کەمی لەگەڵمان دابنیشـن و بەیەکەوە مەشرووب بخۆینەوەو قسەی خۆشمان بۆ بکەن؟)، وتـی (جـا چـۆن لێـرە ژن پەیـدا بکـەین؟)، وتم (ئێمـە پەیـدای ناکـەین، داوا لـەم شوفێرە دەکەین، ئەو بۆمان پەیدا دەکات).

شەوکەت ئەفەندی لە درێژەی قسەکانیدا وتـی: بـانگی شـوفێرەکەم کرد، پێم وت (هەندێك مەشرووبمان بۆ پەیـدا بکـە) وتـی (چـیت دەوێ) وتم (ڤۆدگا) وتی (چەند بوتڵ؟) وتم (سێ بوتـڵ). شـوفێرەکە ڕۆیشـت، خواردنەوەکەی بۆ ئێمـە پەیـدا کـرد و هاتـەوە. پـێم وت (ژنیشـمان بـۆ پەیدا بکە) وتی (چ جۆرە ژنێکت دەوێ؟) وتم (ژنێکم دەوێ درێژ بێـت، یەکێك لەو زمانانە، ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی بزانێت، تاکو لێی حاڵی بـین). هـەروەها پـێم وت (ئـەم بـرادەرەش کـە لەگەڵمـە، لێـی بپرسـە، ئەگەر ژنی دەوێ ژنێکیش بۆ ئەو بێنە). پێش ئەوەی شوفێرەکە بڕوات پێم وت (ئەگەر قسەت لەگەڵ ژنەکە کرد، پێی بڵێ ئەو پیاوەی تۆی بۆ دەبەم پیرەو بە تەمەنە، لـە ڕووی سێکسیشـەوە لێکـەوتووە و توانـای سێکسکردنی نییە، تەنیا بۆ دانیشتن و خواردن و خواردنـەوە دەیـەوێ لەگـەڵت بێـت). شـوفێرەکەش وتـی (تـۆ سێکسـی لەگـەڵ بکـەیت یـان

نەیکەیت، ئەو پارەی خۆی هەر وەردەگرێت) منیش وتم (من کێشەی پارەم نییە، هەقی خۆی بە زیادەوە دەدەمێ). ئیتر ئەوەبوو، لەپێش من تەلەفۆنی بۆ ژنێك كرد، پێی وت (ئاغایەك لە باشووری کوردستانەوە هاتووە، پیاوێکی ماقووڵە و وایەو وایە، داوا دەکات تۆ بێیت بۆ ئێرەو چەند شەوێك لەگەڵی بمێنیتەوە). ژنەکە خەڵکی شاری ڕەشت بوو، کە دەکەوێتە نێوان تاران و ڕامسەر. بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردم، پێشتر بە ئینگلیزی قسەی کرد، دوایی کردییە کوردی وتی (من لە تۆ دوورم، ئەگەر بێمە لات، دەبێ تەکسییێك بگرم، لێرەش تەکسی کرێی زۆرە، دەبێ هەقی من و تەکسییەکەش بدەیت، ئەوجا دێمە لات) منیش وتم (بەوە ڕازیم، بەڵام پێویستە پێشتر لە یەکتری حاڵی بین) وتی (چیت دەوێ بۆتی بکەم؟) وتم (من حەزم لێیە سەمام بۆ بکەیت، تۆ چی لە سەما دەزانی؟) وتی (سەمات بۆ دەکەم، سێکسیشت لەگەڵ دەکەم، قسەی خۆشیشت بۆ دەکەم). وتم (دەمەوێ سەمام بۆ بکەیت، سەبارەت بە سێکسکردنەکەش، من خۆم ئەوەم ناوێ، چونکە کەسێکی بە تەمەنم و دەمێکە جنسم نەماوە) بە پێکەنینەوە پێم وت (هەموو کەسێك ئەوەت پێ ناڵێت، بەڵام من پێت دەڵێم، هەوڵیش بدەم هەر بۆم ناکرێت، چونکە نەخۆشی دڵم هەیەو ناتوانم ڤیاگرا یان حەبی هەوەس بەکار بێنم، بەڵام پێم خۆشە لەگەڵ ژن دابنیشم) وتی (باشە دێم).

کە وای وت، بەو دادوەرەم وت کـە لەگـەڵم بـوو (ئەگـەر تـۆش ژنـت دەویٚ، پێی دەڵێم بۆ تۆش ژنێك لەگەڵ خـۆی بهێنێـت)، وتـی (مـن ژنم ناویٚ). منیش پـێم وت (ئەگـەر ئـەو ژنـە بێتـە لامو لەگـەڵم دابنیشـێت، ڕەنگە بۆ تۆ ناخۆش بێت، بیری لیٚ بکەوە، ئەگـەر بتـەویٚ بـا بـۆ تـۆش ژنێك بێنێت) وتی (لای من زۆر ئاسـاییە، تـۆ ئازادیـت چـی دەکـەیت و چۆن دەژیت، بەڵام من هیچ ژنێکم ناویٚ).

کـە شـەوکەت ئەفەنـدی ئەمـەی وت، پـێم وت: وا پێدەچـێت، ئـەو دادوەرەی کـــە لەگـــەڵت بـــوو، کەســـێکی موتـــەدەیین بـــووە، بۆیـــە نەیویستووە لەگەڵ ژن کات بەسەر ببات؟

شەوکەت ئەفەندی وتی: پەیوەندی بەوەوە نـەبوو، هەرچـەندە ئـەو وەکو من نەبوو، کەسێکی نوێژکەر بـوو، بـەڵام بـەو شـێوەیەش داخـراو نەبوو، لەگەڵ من مەشـرووبی دەخـواردەوە، بەلایـەوە شـتێکی ئاسـایی بوو. بەڵام سەبارەت بە هێنانی ژن، پێم وایە، لە بەر پارەی بوو، وەکو پێشتریش پێم وتی، ئـەو کەسـێکی پوولـەکی و دەسـت تونـد بـوو. بـە هەرحاڵ، کاتێك کە ژنەکـە هـات، ژنێکـی جـوان و شـۆخو شـەنگ بـوو، تەمەنی سی و پێنج ساڵ بـوو. نیـوەی تەمـەنی منـی هـەبوو، کـە منـی بینی، لەگەڵم دانیشت، هاوڕێکەشم زەوقی نەما، وتی (هەندێك ماندووم، دەڕۆم دەخـەوم). ڕۆیشـتە ژوورەکـەی خـۆی و خـەوت، شـوفێرەکەش وتی (منیش دەچمە ماڵی خوشکم، سیٚ کیلۆمەتر لێـرەوە دوورە، شـەو لای ئەوان دەمێنمەوە).

شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو لـە گێڕانـەوەی چـیرۆکەکەی وتـی: ئیتر ئەوەبوو، خۆم و ژنەکە بە تەنها ماینەوە. یـەك پێـك ڤۆدگـام بـۆی تێکرد، یەك پێکیشم بۆ خۆم تێکرد، پەرداخەکەم بـەرز کـردەوە و پـێم وت (نـۆش). ئـەویش پەرداخەکـەی بـەرز کـردەوە و خسـتییە سـەر لێوەکانی و فرێکی لێدا.

ئەوکاتەی شەوکەت ئەفەندی چیرۆکی ئـەو ئێـوارە ڕۆمانسـییەی بـۆ گێڕامـەوە، مـن هـەر بـیرم لای ئـەو فسـتانە سـوورە و جلـە سـپییەی بووکێنییە بوو، کە لە ناو جامخانەکەی هەڵیواسیبوو. لـە بـیری خۆمـدا دەمـوت (تـۆ بڵێـی بـە هـۆی تەمەنـەوە شـەوکەت ئەفەنـدی لـە بـیری نەچووبێتەوە کە پرسیاری ئەم جلانەم لێی پرسیوە، کەچی ئەو باسـی شـتێکی تـرم بـۆ دەکـات). مـن لـەو بیرکردنەوەیـەدا بـووم، شـەوکەت ئەفەندی ڕووی تێ کردم و پێی وتم: من بۆ تۆ قسە دەکەم، کەچـی تـۆ بیرت بۆ شوێنێکی تر ڕۆیشتووە و ئاگات لێم نییە.

منیش وتم: بیرم لای جلەکانی ناو جامخانەکە بوو.

وتـی: دەزانم زۆر مەراقت لە نهێنیـی ئـەم جلانـە داوە، تۆزێـك ئـارام بگرە، زۆری نەماوە نۆرەی ئەوانیش بێت، بۆت باس دەکەم.

لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی: ئـەو شـەوە مـن و ژنەکـە بەیەکـەوە دانیشتین، شەوێکی زۆر خۆش و خەیاڵی بـوو. بـۆ مـن وەکـو پیـاوێکی بەساڵاچوو، ژنێکی گەنجی وا بە برێك پارە، لەگەڵم دابنیشێت و قسـەم بـۆ بکـات، خـۆش بـوو. دوای ئـەوەی هەریـەك و پێکێـك ڤۆدگامـان

خواردەوە، جانتایەکەم کردەوە، ئەو فستانە سوورە و جلە سپییەی بووکێنییەی کە تۆ مەراقت لێی داوە نهێنییەکەی بزانیت، دەرم هێنا و لەگەڵ ملوانکەیەك کە بە دە دۆلارم کڕیبوو، دامە دەستی و پێم وت: (جلوبەرگی خۆت دابکەنە و ئەو جلانەی دەستم بپۆشە، ئەم ملوانکەیەش لە ملت بکە، خۆتم جوان بۆ بڕازێنەوە، خۆت بکە بە بووك، ئەم شەو، شەوی من و تۆیە، دەمەوێ وەکو بووك و زاوایەك دەربکەوین) ئەویش وتی (تۆ حەزت لە چی بێت، وا دەکەم، تۆ هەقی خۆت دەدەیت، منیش بە حەز و ئارەزووی تۆ دەکەم، چۆنت بوێ، وا چێژت پێ دەبەخشم).

منیش وتم: لە بەر دەمی تۆ خۆی گۆڕی؟

وتی: نەخێر، چووە گەرماوەکە، لەوێ جلەکانی خۆی داکەند و ئەو جلانەی کە من پێمدان لە بەری کرد، مکیاژی خۆشی نوێ کردبۆوە و بۆنێکی خۆشیشی لە خۆی دابوو. کە هاتە دەرەوە، دەتوت بووکی ڕاستەقینەیە، زۆر جوان خۆی ڕازاندبۆوە. هاتە لام، پێی وتم (تاکو ئێستا زۆر عێراقی بۆ ڕابواردن هاتوونەتە لام، کەسی وەکو تۆ سەخی تەبیعەت و بە زەوقم لێیان نەبینیوە). ژمارەی تەلەفۆنەکەی خۆی دامێ وتی (جارێکی تر ئەگەر هاتیتە ئێرە، زەنگم بۆ لێدە، ڤێلایەکی خۆشم لە شاری ڕەشت هەیە، وەرە بۆ ئەوێ، بە یەکەوە کاتێکی خۆش بەسەر دەبەین). ئیتر بەم شێوەیە، شەوێکی ڕۆمانسیمان بە یەکەوە بەسەربرد. بەیانیش کە لە خەو هەستاینەوە، نانی بەیانیمان بە یەکەوە خوارد، دوایی تەلەفۆنم بۆ شوفێرەکەم کرد، گەڕایەوە

لامان، ئەوی بردەوە تەرمینالّ. ئەو دادوەرەش کە لـە گـەڵم بـوو، وتـی (من دەگەڕێمەوە تاران، پێویستە زووتر بگەڕێمەوە شاری هەولێر) بۆیە من بـە تـەنیا مامـەوە، کـە شـوفێرەکە گەڕایـەوە لام، شـاری ڕامسـەرم بەجێهێشتو لەگەڵی چوومە شاری سنە.

منیش وتم: کە چـوویتە شـاری سـنە، لـەوێش ئافرەتـت دەسـکەوت کاتی لەگەڵ بەسەر ببەیت؟

وتی: من جارێکی تریش شـاری سـنەم بینیـوە، جـاری پێشـوو، بـە شـــاری مـــەهاباد تێپـــەڕیم، لـــە ســـەقز، چـــووینە سەردەشـــت، لـــە سەردەشتیشەوە، چـووینە سـنە. بـەڵام ئـەمجارە لـە تارانـەوە چـوومە سـنە، لـە سـنە یـەك هۆتێـل هەیـە، چـوار ئەسـتێرەیە، شـوێنێکی زۆر ستراتیژی هەیە، کەوتۆتە بەرامبەر زانکۆی سنە، چواردەورەی باخچـەو گوڵو گوڵزارەو تاکو چاویش بڕ دەکات، سەوزاییە. ژووری بـە هەشـتا دۆلار بوو، ژوورێکی خۆش و باڵاکۆنەیەکی گـەورەی بـە سـەرەوە بـوو، نانی بەیانیشمان هـەر لـە هۆتێلەکـە خـوارد. لـەوێ شـوفێرێکم ڕاگـرت، مامۆستایەکی خانەنشینکراو بوو، ئۆتـۆمبێلێکی تەکسـی هـەبوو، لـەناو شار ئیشی پێدەکرد، بە سەد دۆلار لە بەیانییەوە تـاکو ئێـوارە لەگـەڵم بوو. منی بردە شاری هەمەدان، لەوێش چووینە نـاو ئەشـکەوتی (عـەلی سەدر) ئەشکەوتێکی جوان و دڵڕفێن بوو، لە دەرەوەی شاری هەمەدان بوو، دەریاچەیەکی تیا بوو، ئاوێکی ڕوونـی هـەبوو، لـە هەنـدێك شـوێن قووڵاییەکەی دەگەیشتە چواردە مەتر، ئەو خەڵکەی بۆ تەماشـاکردنی

هاتبوون، بە سواری بەلەم لە ناوی دەگەڕان، ئێمەش بەلەمێکمان گرت و جەولەیەکی خۆشمان بە ناویدا کرد. دوای ئەوە گەڕاینەوە، لە نزیك شاری هەمەدان، تاڤگەیەکی خنجیلانەی لێبوو، خەڵکی شاری هەمەدان، بۆ سەیران سەردانیان دەکرد و لە نزیکییەوە دادەنیشتن، گەنجەکانیش نێرگەلەیان دادەگیرساند و گۆرانییان دەوت و سەمایان دەکرد. هەر لەوێش لە قەدپاڵی ئەو شاخەی کە تاڤگەکەی بە دامێندا دەهاتە خوارەوە، پەیامێکی داریوشی پاشای فارسەکانم بینی، لە سەر شاخەکە داتاشرابوو، بە خەتی مسماری نووسرابۆوە. دوایش ئێمەی بردە سەر گۆڕی شاعیری بەناوبانگ بابا تاهیری هەمەدانی و زانای بلیمەت ئیبن سینا.

شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو گەشتەی، وتی: بەم شێوەیە، ئەو ڕۆژە لە شاری هەمەدانماینەوە، بۆ بەیانیش ئێمەی بردە شاری کرماشان، شەوێکیش لەوێ ماینەوەو چەندین شوێنی خۆشی گەشتیاری پیشاندان. بۆ ڕۆژی سێیەم منی بردە شاری سنە، لە ڕێگا پێش ئەوەی بگەینە جێ وتی (داوای لێبووردنت لێ دەکەم، لەوە زیاتر ناتوانم لەگەڵت بم، هەندێك ئەرکم لە سەر شانەو ڕایپەڕێنم، ئەگەر ڕێگام پێبدەی، شوفێرێکی ترت بۆ دێنم) منیش وتم (ئەو شوفێرەی بە نیازی بۆم بێنی چییە؟). وتی (شوفێرێکی ژنت بۆ دێنم) منیش وتم (بۆچی لێرە شوفێری ژنی لێیە، تەکسی لێبخوڕێت؟) وتی (تەنها لە شاری سنە، سی شوفێری ژنی لێیە، تەکسییان هەیە).

لە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی (ئەگـەر کەسـێك هـەڵگرن، دەبـێ ژنـی لەگەڵ بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ بە تەمەنیت، ئەگـەر ژنیشـت لەگـەڵ نـەبێت، بـۆ تـۆ دەبێـت)، منـیش وتم (ئـەم شـوفێرانە بـۆ خۆیـان کـار دەکەن، یان بۆ کۆمپانیایـەك کـار دەکـەن؟) وتـی (ئەوانـە بـۆ خـاوەنی هۆتێلەکە کار دەکەن). ئیتر ئەوەبوو، منی گەیاندە شاری سـنە و منـی لە هۆتێلەکە دانـا، چـوومە ژوورەوە تـاکو ئێـوارە لێـی خـەوتم. ئێـوارە بەڕێوەبەری هۆتێلەکە تەلەفۆنی بۆ کردم، پێـی وتم (خـانمێکی شـوفێر بـۆ لای تـۆ هـاتووە، دەیـەوێ چـاوی پێـت بکـەوێت)، منـیش وتم (بـا چـاوەڕێم بکـات، تـۆزێکی تـر دێمـە خـوارەوە و دەیبیـنم). کـە هاتمـە خوارەوە، تەماشام کرد، خانمەکە پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردابوو، پارچە قوماشێکی سووری بە سەر قژی دادابوو، قەیرە ژنێکی تـەڕلووس بـوو. دوای ئەوەی تۆقـەی لەگـەڵ کـردم و بـە زمـانی کـوردی چاكوچـۆنی لێ کـردم، پـێم وت (تـۆ شـوفێریم بـۆ دەکـەیت؟)، وتـی (بـەڵێ). وتم (ئۆتۆمبێلەکەت لە کوێ ڕاگرتووە؟) وتی (لە دەرەوە ڕامگرتـووە). کـە لەگەڵی چوومە دەرەوە، بینیم، ئۆتۆمبێلێکی باشی هەبوو، وتی (چـیت بۆ بکەم؟)، وتم (ناو شاری سنەم پیشان بدە، هەروەها بمبە بۆ شـوێنە بەناوبانگەکانی ئەم شارە).

شـەوکەت ئەفەنـدی لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی: لەگـەڵی سـواری ئۆتۆمبێلەکە بووم، منی بە نـاو شـاری سـنەدا گێـڕا، منـی بـرد بـۆ نـاو بـازاڕی کـۆنی سـنەو هـەروەها شـوێنەوارە کۆنـەکانی شـاری سـنەی

پیشاندام. دوایی وتی (شاری سنە، شەوەکەی لە ڕۆژ خۆشترە، چیاکانی بە شەو زۆر خۆشن)، منیش وتم (بۆچی ئەو شاخانە چی لێیە؟)، وتی (ڕیستورانت و گازینۆی خۆشی لێیە، بە ڕۆژ خەڵکی سنە لەگەڵ خانەوادەکانیان دەچنە ئەوێ، بەڵام بە شەو، ئەو پیاوانە دەچن، کە ژنی تریان لەگەڵە، نەك ژنی خۆیان، خۆیان لەوێ دەشارنەوە، کاتێکی خۆش لەگەڵ ئەو ژنانە بەسەر دەبەن)، منیش وتم (ئەمە شتێکی باشە، کەواتە تۆش من دەبەیت بۆ ئەوێ، تاکو بمشاریتەوە و کاتێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر ببەین؟)، بە پێکەنینەوە وتی (تۆ زۆر گەورە و بە قەڵافەتی، ناشاردرێیتەوە، ئەگەر حەزیش دەکەیت، دەتبەم بۆ ئەوێ؟)، منیش وتم (حەزدەکەم ئەوێ ببینم).

شەوکەت ئەفەندی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: چووین بۆ ئەوێ، شوێنێکی زۆر خۆش و دڵڕفێن بوو، هەموو شاری سنەی لەبەر دەمدا بوو، وەك ئەوە وابوو کە لە ناو تاوەرێك دانیشتبین، وا دەهاتە بەرچاوم. منیش پێم وت: لێرە خواردنەوەی کهول هەیە؟)، وتی (لێرە هەموو شتێك هەیە، خواردن و خواردنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە، تۆ پارەی خۆت دەدەیت، هەرچی ئارەزوو بکەیت، بۆت دێنن). منی بردە ڕیستورانتێك و چووە لای شێفەکە، پێی وت (ئەم ئاغایە هی ئەو بەرە) وەك ئامازەیەك بۆ باشووری کوردستان، بە شێفەکەی وت (ئەم ئاغایە میوانی ئێمەیە، لە هۆتێلی شادی دابەزیوە) لای ئەوان ئەو کەسەی کە لە هۆتێلی شادی دابەزێت، کەسێکی زۆر دەوڵەمەندە. کە ئەمەی پێ

وت، شێفەکە هاتە لای من، وتی (فەرموو، چیت دەوێ تا بۆتی بێنم؟)، وتم (ڤۆدگام بۆ بێنە لەگەڵ هەندێك گۆشتی برژاو، ئەگەر گۆشتی بەرخ بێت باشترە) وتی (هەمانە، پاش کەمێکی تر بۆتی دێنم). ئیتر ئەوەبوو، دوای ماوەیەکی کەم، سنییێك گۆشتی برژاو و شووشەیەك ڤۆدگای هێنا، دوو پەرداخیشی لەگەڵدا بوو، لە بەر دەمی دانایین. شوفێرەکەم وتی (پێکێك ڤۆدگات بۆ تێبکەم؟)، منیش وتم (بۆچی تۆ ڤۆدگا دەخۆیتەوە؟)، وتی (بەڵێ، من بە زۆری ڤۆدگا و وێسکی دەخۆمەوە). کە ئەمەی وت، بە پێکەنینەوە پێم وت (زۆریش نەخۆیتەوە، نەوەك سەرخۆش بیت و لەم شاخە غلۆرم بکەیتە خوارەوە و بمکوژیت)، وتی (خەمت نەبێ، من لێڕاهاتووم، سەرخۆشم ناکات). پێش ئەوەی هەستین، پێی وتم (باوك و دایکم کەسێکی کراوەن، زۆر حەزییان لە تێکەڵاوبوونی خەڵکە، حەزدەکەم لەگەڵم بێیت و قاوەیەکمان لەگەڵ بخۆیتەوە)، وتم (ئەگەر بۆ تۆ ئاسایی بێت، منیش پێم خۆشە، لەگەڵ خانەوادەکەت دابنیشم و یەکتری بناسین)، وتی (باوکم وەکو تۆ کەسێکی مەشرووب خۆر و بە زەوقە، زۆربەی شەوان بە یەکەوە وێسکی دەخۆینەوە). ئیتر ئەوەبوو، تەلەفۆنی بۆ باوکی کرد و پێی وت (ئاغایەکی ئەوبەرم لەگەڵە، دەعوەتیماڵەوەم کردووە، ئێوەش بڕۆنە ماڵی ئێمە، پاش کەمێکی تر دەگەڕێینەوە لاتان).

کـە چـووینە ماڵەکـەیان، کچـە گەورەکـەی جـوان و جاحێـڵ بـوو، کراسێکی پەمـەیی تـەنکی لەبـەردابوو، خـۆی وەکـو بـووك ڕازانـدبۆوە، هەموو لەشی لە ژێر کراسەکەی دیار بوو، دەتوت فریشتەیە لە جوانیدا. کچە بچووکەکەشی خۆی ڕازاندبۆوە، بەڵام وەکو کچە گەورەکەی جـوان نـەبوو. بـاوك و دایکیشـی لـەوێ دانیشـتبوون. بتڵـی وێسـکییان لـە بەردەمـدا بـوو، بـاوکی دەیخـواردەوە و دایکیشـی قسـەی خۆشـی بـۆ دەکرد. شوقەیەکیان هەبوو، باوەڕم پێبکە وەزیرێك لـە ئێـران نـەیبوو، شـوقەیەکی زۆر خـۆش بـوو، فەرشـی جـوانی لێ ڕاخسـترابوو، مـاڵێکی ڕێكوپێکیان هەبوو، لە ناو باڵاخانەیەکی پێنج تهۆمی نوێدا بوون.

بـە شـەوکەتە فەنـدیم وت: وەکـو لـە قسـەکانتا دەردەکـەوێ، کچـە گەورەکـەی ئـەو ماڵـە کراسـی پەمـەیی تـەنکی لەبـەرکردبوو، تـۆ بلێـی مەبەستی ئەوە نەبووبێت، کە لەگەڵت ڕابوێرێ؟

وتـی: وەکو وتم، خانەوادەیەکی زۆر کراوە بـوون، بـۆ هـەموو شـتێك سـەریان پێـوە نـەبوو، لـە ئێـران زۆر ئاسـاییە، بـەپێی نـەریتی ئـەوان ئاساییە، بۆ شەو و ڕۆژێك ژن لە خۆت مارە بکەیت و لەگەڵی بخـەوی. ئەوان پێی دەڵێن زەواجـی موتعـە. بـەڵام مـن کـە لـە سـەر شـاخ بـووم ڤۆدگام زۆر خواردبۆوە، بۆیە نەدەبوو وێسـکی بخۆمـەوە و دوو جـۆری مەشرووب تێکەڵ بکەم، بۆیە هەرچەندی وتیان لەبەر تەندروستی خۆم، نەمتوانی بەشداری خواردنەوەیان لەگەڵ بکەم. دواتر تکیتـی فڕۆکەشـم بۆ تاران بڕیبوو، شەو بە تەمای گەڕانەوە بـووم، بۆیـە تـەنیا قاوەیـەکم لەگـەڵ خواردنـەوە. دوای ئـەوە بـە شـوفێرەکەم وت (بمبـەوە هۆتێـل،

دەبێ خۆم ئامادە بکەم، کاتـژمێر حـەوتی شـەو دەبـێ لـە فڕۆکەخانـە ئامادەبم، دەگەڕێمەوە تاران).

لە ڕێگا هەندێك گلەیی کـرد، وتـی (لـە هۆتێـل پێیـان نـەوتم کـە تـۆ تەنیا بۆ یەك ڕۆژ لەگەڵم دەبیت، وامزانی چەند ڕۆژێـك لەگـەڵم دەبیـت، ئیش‌وکـار لێـرە کەمـە، خەرجیشـمان زۆر گرانـە، حــەزم دەکـرد، بـۆ ماوەیـەکی زیـاتر لەگـەڵ مـن بمێنیتـەوە)، منـیش وتم (هەنـدێك ئـەرکم لەسەر شانە، دەبـێ بگەڕێمـەوە هـەولێر، ئـەو ئەرکانـە ڕاپـەڕێنم، دوای حەفتەیـەکی تـر دەگەڕێمـەوە سویسـرا، یـادی هاوسـەرگیریمانە لەگـەڵ دووەمین هاوسەرم، دەبێ لەوێ ئامـادەبم و بەشـداری ئاهـەنگی لەگـەڵ بکەم بەم بۆنەیە). ئیتر ئەوەبوو، بڕێك پـارەی زیـادم پێـی دا، پـێم وت (بـێ لـە هـەقی خـۆت، ئـەم بـڕە پارەیـەت دەدەمـێ، بـەڵکو هەنـدێك قەرەبووی ئەوەت بۆ بکەمەوە). منی گەیاندە هۆتێل، ئەو ڕۆیشـتەوە و منیش خۆم ئامادەکرد، کاتژمێر حەوتیش چوومە فڕۆکەخانە.

***

# سەربردە ڕۆمانسییەکانی شەوکەت ئەفەندی

شەوکەت ئەفەندی، سەربردە ڕۆمانسییەکانی هێندە زۆر بوون، کۆتاییيان نەدەهات، منیش بۆ کەرەستەی نووسینەوەی ڕۆمانەکەم، زۆربەی ڕۆژان دەچوومە لای، بە دەم مەشرووب خواردنەوە، هەر ڕۆژەی چیرۆکێکی خۆی بۆ دەگێڕامەوە.

ئەو کەسێکی سروشتی نەبوو، هەرچەندە پیاوێکی بە تەمەن بوو، بەڵام بە سەلیقە و زۆر دڵتەڕ بوو. وەکو کوڕێکی گەنج، هەمیشە کراسی سوور و چاکەتی سووری لەگەڵ پانتۆڵێکی سپی لەبەر دەکرد. هەندێك جاریش چاکەت و پانتۆڵێکی سپی لەگەڵ کراسێکی سپی لەبەر دەکرد. بۆنی گوڵاویشی ئەو ناوەی پڕ کردبوو. حەفتەی جارێکیش دەچووە شوێنی مەساج و هەرجارەی لە شوێنێك مەساجی دەکرد. زیاتر حەزی لە مەساجی ژنە مەساجکەرە چینییەکان دەکرد، زۆر سەرسامی ژنێك بوو لەوانە، ناوی (چن چن) بوو، پێش ئەوەی بڕواتە لای، تەلەفۆنی لەگەڵ دەکرد و بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵی دەئاخفت، پێی دەوت (دوای کاتژمێرێکی تر دێمە لات، خۆتم بۆ ئامادە بکە). جارێك پێموت: تێبینیم کردووە، تۆ زۆر سەرسامی ئەو چن چنەیت، ناترسیت لە ڕێگای ئەوەوە تووشی نەخۆشی ئایدز بیت؟

وتی: من جنسم نەماوە تا سێکسی لەگەڵ بکەم، تەنها بۆ ئەوە دەچمە لای جوان دەمشێلێت‌و تێریش یەکتری لە دەم ماچ دەکەین، لێوەکانی دەمژم و هەندێك قسەی خۆشیش لەگەڵ یەك دەکەین.

منیش وتم: ئاخر کێشەکە لێرەدایە، یەکێك لە هۆکارەکانی گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە، ماچ و دەم خستنە ناو دەمە. چونکە لە ڕێگای لیکاوی دەمەوە ئەم نەخۆشییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە.

کە ئەمەم وت، حەپەسا، وتی: بۆچی ئەوانە کە دێنە هەرێمی کوردستان، پشکنینی پزیشکییان بۆ ناکرێت؟

وتم: هەندێك لەوانە، لە لایەن هەندێك کەسەوە پشتگیرییان لێ دەکرێت، بۆ بەرژەوەندیی ئەوان کاردەکەن، بۆیە پشکنینیان بۆ ناکرێت، ئەگەر بۆشیان بکرێت، چاوپۆشی لە ئەنجامە خراپەکانیان دەکرێت.

وتی: تۆ لەوە دڵنیایت؟

وتم: ئەفسەرێکی پلە باڵای وەزارەتی ناوخۆ دەناسم، ئەم زانیارییەی پێداوم.

کە ئەمەم وت، وتی: بەڵام ئەو ژنانەی کە من بۆ مەساجکردن دەچمە لایان، پێ ناچێ کە نەخۆش بن، زۆر تەندروست دیارن.

وتم: ئــەم نەخۆشــییە سروشــتی وایــە تــا دوای دەســاڵ ئینجــا نیشانەکانی لە کەسە نەخۆشەکە بە دیار دەکەوێت. بۆیە ئـەو کەسـەی کە تووش دەبێت، کاتێك پێی دەزانێت، کە کار لە کار ترازاوە.

وتی: چاك بوو ئەمـەت پـێ وتم، هیچی تـر بـۆ مەساجکردن ناچـم، لەمەودوا هیچ ژنێکیش لەو ژنە بیانییانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان، لە دەم ماچ ناکەم.

هـەر لـەو کاتـەدا، بـیرم لـە ئاهـەنگی یـادی هاوسـەرگیری شـەوکەت ئەفەندی دەکردەوە، لە دڵی خۆمدا دەموت (ئەم شـەوکەت ئەفەندییـە، کەسێکی سەیرو سەمەرەیە، لە لایەك خیانەت لە هاوسەرەکەی دەکـات و بــەردەوام خــەریکی خانمبازییــە، لــە لایــەکی تریشــەوە بــە پەلــە دەگەڕێتـەوە سویسـرا بـۆ لای هاوسـەرەکەی تـاکو بەشـداری ئاهـەنگی یادی هاوسەرگیری بکات).

من لەو بیرکردنەوەیـەدا بـووم، شـەوکەت ئەفەنـدی دەسـتی خسـتە سەر شانم وتی: دەزانی تۆ زۆر زوو خەیاڵت دەڕوات، دیسان خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشت؟

وتم: خەیاڵم لای تۆیە.

وتی: چۆن؟

وتم: بیرم لە قسـەکەی تـۆ دەکـردەوە، کـە وتـت دەبـێ بگەڕێمـەوە سویسرا بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی یادی هاوسەرگیری.

وتی: بۆچی ئەمە چی تیایە؟

وتم: بەلامەوە سەیرە، لە کاتێکدا تۆ ئەوت لەوێ بە تەنیا بەجێ هێشتووە و خۆشت لێرە خەریکی خانمبازیت، کەچی بیریش لە ئاهەنگی یادی هاوسەرگیریتان دەکەیتەوە!

وتی: زۆر ئاساییە، لە تەمەنی گەنجێتیدا من هەروەکو ئێستا بووم، لەو کاتەی کە لە ئەڵمانیا ژنی یەکەمم هێنا، لە هەمان کاتدا پەیوەندیم لەگەڵ چەندین ژنی تر هەبوو، تەنانەت، هەندێکیشیان سکیان لێم پڕ بوو. لەو ڕۆژەی کە ئەم ژنەشم هێناوە، تاکو ئێستا، وازم لە هاوڕێیەتی ژنان نەهێناوە، بەردەوام هاوڕێی ژنم هەبووە.

منیش وتم: باسی پەیوەندی خۆت و ژنی دووەمت بۆ نەکردم؟

وتی: مەبەستت چییە؟

وتم: چۆن ئەم ژنەت هێنا، بە خۆشەویستی بوو، یان بە سوتفە یەکتریتان ناسی؟

وتی: ئەمەش چیرۆکێکی درێژە.

وتم: دەکرێ بۆم باس بکەیت؟

وتی: کاتێك لە ئەڵمانیا گەڕامەوە عێراق، ژنە ئەڵمانییەکەم لەگەڵم نەهات، وتی (نامەوێ وڵاتی خۆم بەجێ بهێڵم و لەگەڵت بێم).

منیش وتم: ئەی تۆ بۆچی ئەوانت بەجێ هێشت، ژیانی ئەڵمانیا بۆ تۆ لە ژیانی عێراق خۆشتر نەبوو؟

وتی: لە ڕاستیدا، منیش چەند ساڵێك بوو عێراقم بەجێ هێشتبوو، ئاگام لە باوك و دایکم نەبوو، زۆریش بیری کوردستانم کردبۆوە،

حکومەتی عێراقیش یاسایەکی بۆ هاندانی خاوەن بڕوانامە بەرزەکان دەرکرد و کۆمەڵێك مافی دارایی بۆ بڕینەوە، لە هەمان کاتیشدا، لێبووردنی گشتی دەرکرد، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە وەکو من لە دەرەوەی وڵاتن و مافی پەنابەرێتییان وەرگرتووە. ئیتر ئەوەبوو بە ڕێگای لوبنان گەڕامەوە عێراق و خۆم ڕادەستی حکومەت کردەوە.

کە ئەمەی وت، پێموت: بۆچی چوویتە لوبنان، ڕاستەوخۆ نەگەڕایتەوە عێراق؟

بە پێکەنینەوە وتی: لە لوبنان ژنێکم دەناسی، پێشتر چەند جارێك لەگەڵی خەوتبووم، ویستم بەرلەوەی بگەڕێمەوە عێراق، چاوم پێی بکەوێت و دیاری بۆ ببەم.

منیش وتم: بۆم باس بکە ئەوت چۆن ناسی و چۆن بوویتە هاوڕێی؟

وتی: هاوڕێیەکم لە لوبنان هەبوو، حیزبێکی کوردی بۆ خۆی لەوێ دانابوو، ساڵی جارێك لە پشووی هاوینان سەردانم دەکرد. لە ڕاستیدا، هەر لە بۆبینیی ئەو نەدەچوومە لوبنان، بەڵکو لەوێ هاوڕێیەکی ژنم پەیدا کردبوو، ژنێکی مەسیحی بوو، هەرچەندە هاوسەری هەبوو، بەلام زۆر جوان بوو، هەستت بەوە نەدەکرد کە هاوسەرگیری کردووە، پیاوەکەی زۆر لە خۆی بە تەمەنتر بوو، منداڵیان نەبوو، ژنێکی دڵتەڕ و بە زەوق بوو، سەماکەرێکی باشیش بوو. کە دەچوومە لوبنان تەلەفۆنم بۆی دەکرد، خۆی لە پیاوەکەی دەدزیەوە و شەوێك لە هۆتێل لەگەڵم دەمایەوە. ئیتر ئەوەبوو، کە بڕیاری گەڕانەوەم دا بۆ عێراق، بە باشم زانی بە لوبناندا بگەڕێمەوە، لەوێ چاوێکم بە سەرۆك حیزبە کوردییە

هاوڕێکەم بکەوێت و شەوێکیش لەگەڵ ئەو هاوڕێ ژنەم بە خۆشی بەسەر ببەم، نەوەك جارێکی تر حکومەت ڕێگام پێ نەدات بۆ دەرەوەی وڵات گەشت بکەم.

منیش وتم: جا ئەو ئاواتەت بۆ هاتە دی، مەبەستم ئەوەیە چاوت پێیان کەوت؟

وتی: کە گەیشتمە لوبنان، دوای ئەوەی کە چوومە هۆتێلو ژوورێکم گرت، جانتاکەم لە ژوورەوە بەجێ هێشت و بە تەکسییێك چوومە ماڵی ئەو سەرۆك حیزبە کوردییەی کە بۆم باس کردیت، ئەوم لە ناو دەرگا بینی، جانتایەکی دیبلۆماسی پێبوو، بۆ شوێنێك دەڕۆیشت. کە لێم پرسی بۆ کوێ دەچی و ئەم جانتایە چییە پێتە؟ وتی ( بیست هەزار دیناری عێراقییە، دەزگای هەواڵگری عێراقی ناردوویەتی، بیدەم بە سەرۆك حیزبێکی لای ئێوە). کە وای وت، زۆرم سەیر پێ هات، پێشتر نەمدەزانی کە ئەو هاوڕێیەی من، پەیوەندی بە دەزگای هەواڵگری عێراقەوە هەیە، هەروەها لەو باوەڕەشدا نەبووم، سەرۆك حیزبەکەی تر، کە وەختێك بەرپرسی ڕاستەوخۆی من بووە لە شاخ، لە ژێرەوە پەیوەندی بە دەزگای هەواڵگری ڕژێمی عێراقییەوە هەبێت. ئەگەر ئەو پسووڵەیەی پیشان نەدابام، کە واژۆی لە سەر دەکات، باوەڕم پێی نەدەکرد.

منیش وتم: ئەو هاوڕێیەت مەبەستی لەوە چ بوو کە ئەو نهێنییە گەورەیەت بۆ ئاشکرا بکات؟

بە پێکەنینەوە وتی: ئەو دەیزانی لە شاخ ئەو بەرپرسی من بـووە و لـە ئـەوروپاش هـەر پەیوەنـدیم پێوەبـووە، پـێش ئـەوەی بگەڕێمـەوە لوبنان، بـەوم وتبـوو (هـەموو ئیشوکارەکـانی خـۆم لـە ئـەوروپا تـەواو کردووە و دەمەوێ بگەڕێمەوە عێراق و وەکو هاوڵاتییێکی ئاسایی بـژیم) دیارە ئەویش لە ئاشکراکردنی ئەو نهێنییە، مەبەستی ئـەوە بـووە تـێم بگەیـەنێت، کـە بەرپرسـەکەم، چ لـە شـاخ و چ لـە دەرەوەی وڵات، پەیوەندی بە ڕژێمەوە هەبووە و منیش لە گوێی گادا خەوتووم.

منـیش وتم: واز لـە سیاسـەت بێنـە، وەرەوە سـەر باسـی ژنـە هاوڕێکەت، بزانین چاوت پێی کەوت؟

وتی: ئەی چۆن، هەر هەمان ڕۆژ دوای نیوەڕۆ، تەلەفۆنم بـۆی کـرد، پێموت (من لە لوبنانم، لە هـەمان ئـەو هۆتێلـەی کـە جـاری پێشـوو بـە یەکەوە لێی خەوتین، دەمەوێ چاوم پێت بکـەوێ؟). کـە وام پێـی وت، داوای لێ کردم، لە مـاڵی خۆیـان سـەردانی بکـەم. کـە وای وت، زۆر بـە لامـەوە سـەیر بـوو، لـە دڵـی خۆمـدا وتم (لەبـەر هاوسـەرەکەی چـۆن دەتوانێ لە ماڵی خۆیان چاوی پێم بکـەوێ). بۆیـە پێمـوت (حەزناکـەم بێمە ماڵتان، نەوەك هاوسەرەکەت گومانمان لێ بکات، خۆت پاسـاوێکی بۆ بدۆزەوە و وەرە لام، ئەمشەو بە یەکەوە دەمێنینەوە.

شـەوکەت ئەفەنـدی لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی: ژنەکـە پێـداگری لێکردم کە لە ماڵی خۆیان چـاوم پێـی بکـەوێ. کـە ڕۆیشـتم، ئـەوم بـە خەمباری بینی، جلوبەرگێکی ڕەشی پۆشیبوو، کە چاوی پـێم کـەوت، باوەشی پێداکردم و دەستی بە گریان کرد. منیش لێم پرسی کە بۆچی

دەگریت. وتی (ئەمڕۆ چلەی کۆچی دوایی هاوسەرەکەمە، کە تۆ تەلەفۆنت بۆ کردم، بە نیاز بووم بچمە سەر گۆڕەکەی).

وتم: کەواتە نەتتوانی ئەو شەوە لەگەڵی بخەویت؟

بە پێکەنینەوە وتی: لەگەڵی چوومە سەر گۆڕی هاوسەرەکەی، لە پێش دەرگای گۆڕستانەکە چەپکێك گوڵم بۆی کڕی و خستمە سەر گۆڕەکەی.

کە وای وت، منیش وتم: بە ڕاستی پێم بڵێ، لەو کاتەدا بیرت لە چی دەکردەوە؟

وتی: دیمەنێکی سەیر بوو، لەگەڵ هاوسەرەکەی لە سەر گۆڕی ئەو بە جووتە ڕاوەستابووین، فاتیحەیەکیشم بۆی خوێند، لە دڵی خۆمدا دەموت (تۆ بخەوە، منیش تۆزێکی تر ژنەکەت دەبەمە هۆتێل و پێکێك ڤۆدگا بە یەکەوە دەخۆینەوە و لە هۆڵی دیسکۆش بە یەکەوە سەما دەکەین و شەویش لە ئامێزی یەکتری دەخەوین).

کە وای وت، پێم وت: ژنەکە لەگەڵت هاتە هۆتێل؟

وتی: ئەی چۆن.

وتم: لەبەر مردنی پیاوەکەی خەمبار نەبوو؟

وتی: هەندێك خەمبار بوو، بەڵام کە سەمام لەگەڵ کردو دڵم دایەوە، بە پەلە بوو بیبەمە ژووری نووستن لەگەڵی بخەوم، ئەو لە من تامەزرۆتر بوو بۆ ئەوە.

منیش وتم: پرسـیارم لێ کـردی، چـۆن ژنـی دووەمـت هێنـا، وابـزانم لەبەر گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو ژنە لوبنانییە، خۆت لەبیر کرد بـۆم بـاس بکەیت؟

وتی: لە بیرم نەکردووە، ئێستا نۆرەی گێڕانەوەی چیرۆکی ئەوە.

شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو لە قسەکانیدا وتـی: کـە گەڕامـەوە عێراق، چوومە ماڵی برا گەورەکەم لە گەڕەکی بابولموعەزەم لـە شـاری بەغداد، ماوەیەك لە ماڵی ئـەوان مامـەوە، دواتـریش لـە فەرمانگەیـەکی شاری بەغداد دامەزرام، شوقەیەکم لە بەتاوین گـرت و تیـای نیشـتەجێ بووم. ڕۆژانی پشووی کۆتایی حەفتەش دەچوومە ماڵی براکەم، شەوێك لــە لایــان دەمامــەوە، جلوبەرگــەکانیان بــۆ دەشوشــتم و شــیوی دۆڵمەشیان بۆ لێدەنام. لەو ماوەیەدا، منی ناساند بە هاوڕێیەکی خۆی، کە ئەفسەرێکی کورد بوو، بە پلەی عەمید لە سوپای عێراق خانەنشـین کرابوو، دوو کچـی جـوانی هـەبوون، ئێوارەیـەك مـن و براکـەم لـە مـاڵی ئەوان دەعوەت کرابووین، هاوڕێیەکەی ژمارەی تەلەفۆنی ماڵی خۆیـانی پێـدامو وتــی (بــەیانی مــن و دایکــی منداڵــەکانم دەچــینە وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ ماوەیـەك لـەوێ دەمێنینـەوە، حەزدەکـەم چاوێکت لە کچەکانم بێت، ئەوان ئەمانەتی تـۆ بـن، ئەگـەر ئیشـێك یـان کێشــەیەکیان هــەبوو یارمــەتییان بــدەیت. بەوانیشــم وتــووە، ئەگــەر پێویستی کرد، پەیوەنـدیت پێـوە بکـەن). ئـیتر ئـەوەبوو، ڕۆژی چـەند جارێـك تەلـەفۆنم بـۆ دەکـردن و لـە ئـەحواڵم دەپرسـین، ڕۆژێـك ئـەم کچەیان کە ئێستا هاوسەری منە، پێی وتم (فەرمانگەی کارەبا هەنـدێك

کێشەی بۆ دروست کردووین و کارەبای لە سەر بڕیوین) منیش وتم (خەفەت مەخۆن، من کەسانێك لەو فەرمانگەیە دەناسم و بۆتان چارە دەکەم). ئیتر ئەوە بوو، ئەو ڕۆژە چوومە فەرمانگەی کارەبا و کێشەکەم بۆ چارەسەر کردن و دوایش گەڕامەوە لای دوو کچەکە. نانی نیوەڕۆم لە ماڵی ئەوان خوارد و بۆ ئێوارەش، هەردووکیانم دەعوەت کرد بۆ سینەما. ئەوانم لەگەڵ خۆم برد بۆ سینەمای (نصر) فلیمێکی هیندی بە ناوی (تۆڵەسەندنەوەی مار)، لە نواندنی ئەستێرەی بەناوبانگ (ئەمیتاب باتشان) نمایش دەکرا. ئەو کەوتبووە تەنیشتم و خوشکەکەشی لەسەر کورسییێکی تر لە تەنیشت ئەو دانیشتبوو. ئەم دەرفەتەم قۆستەوە، هەندێکم بە بەژن و باڵایدا گوت، دوایش دەستەکانیم گوشی، توانیم ڕازی بکەم کە پەیوەندیی سۆزداریم لەگەڵ ببەستێ. ئیتر ئەوە بوو، هەر لەو کاتەوە، هەندێك ڕۆژ دەچوومە ماڵیان و سەردانم دەکردن، هەندێك جاریش ئەو دەهاتە لام، لە شوقەکەم بە یەکەوە دادەنیشتین و بەیەکەوە مەشرووبمان دەخواردەوە. ڕۆژێك بەر لەوەی زۆر بخۆینەوە و سەرخۆش بین، داوام لێی کرد، لەگەڵم بخەوێ. سەرەتا، لە ترسی سك پڕبوون ڕەتی کردەوە، وتی (با پەیوەندییەکەمان سنووردار بێت، تا ئەو کاتەی بە فەرمی دەبینە هاوسەری یەکتر) منیش زۆریم لێی کرد، دڵی نەشکاندم و لەگەڵم خەوت.

منیش وتم: شەوکەت ئەفەندی، لەوە نەترسای کە سکی پڕبێت و کێشەتان بۆ دروست بێت؟

بە پێکەنینەوە وتی: جا کەی من لە سك پڕبوونی ژن ترساوم، دیارە لە بیرت چوو، بۆم گێڕایتەوە، کە چوومە براغ بۆ لەبەرچواندنی کۆرپەی ژنێك کە سکی لە من پڕ بوو، کەچی لەگەڵ ئەو ژنە پەرستیارەش خەوتم کە بۆ لەبەرچواندنەکە چووبوومە لای.

منیش وتم: لەبیرم نەکردووە، کە پێی وتی (ئەگەر دوو عێراقی وەکو تۆ لێرەبن، سکی هەموو ژنەکانی براغ پڕ دەکەن).

کە ئەمەم وت، لە قاقای پێکەنینی دا وتی: لەگەڵ ئەمەش هەر وام کرد، هەر ئەو ڕۆژە ئەویشم کردە ژن و سکیم پڕ کرد.

منیش وتم: بەڵام وەکو ژنەکەی ئەوروپا کێشەت بۆ دروست نەبووە، ئەوەتا ئێستا هاوسەرتە.

وتی: کێشەی ئەو زۆر گەورەتر بوو لە کێشەی ئەوەی ئەوروپا.

وتم: چۆن؟

وتی: پاش ئەوەی سکی لێم پڕ بوو، ئێمە هەر بەردەوام بووین لەگەڵ یەك، هەندێك جاریش لەگەڵ یەکتری دەخەوتین. کاتێك سکی گەورە بوو، پێی وتم (دەبێ داوای دەستم بکەیت و هاوسەرگیریم لەگەڵ بکەیت، دەنا باوك و دایکم بزانن کە لە تۆ دووگیانم، ئەوان ڕاناوەستن، زیان بە هەردووکمان دەگەیەنن). ئیتر ئەوە بوو، هیچ چارەیەکی ترم نەما، بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ برا گەورەکەم چوومە خوازبێنی.

منیش وتم: ئەی کێشەکە لە کوێدا بوو؟

وتی: من بێ ئاگابووم لەوەی کە برا گەورەکەم لەگەڵ باوکی ئەو قسەی کردووە کە خوشکەکەی بداتە من، ئەو بەستەزمانەش هەر لەو ڕۆژەی برا گەورەکەم بە باوکی ئەوی وتووە، بە تەما بووە من بیهێنم. جا کە چووینەماڵیان و بابەتی هاوسەرگیریمان لەگەڵ باوکی کردەوە، ئەو بە خۆی تێگەیشتبوو، زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام کە ئێمە داوای دەستی خوشکەکەی ئەومان کرد، چووە ژوورێکی تر تا ماندوو بوو، لە خەمان گریا.

منیش وتم: ئەی دوایی هاوسەرگیری لەگەڵ کێ کرد؟

وتی: ئەو بەستەزمانە بە هاوسەرگیریی ئێمە تووشی شۆك بوو، بەبێ ئەوەی من خۆشم بوێ، ئەو لە دڵی خۆی منی خۆشویستبوو، بۆیە تاکو ئێستاش هەر بە قەیرەکچ ماوەتەوە و مێردی نەکردوە.

***

# (شەوکەت ئەفەندی مامۆستای ڕۆمانسییەت)

سەربردە ڕۆمانسییەکانی شەوکەت ئەفەندی هێندە زۆر بوون کۆتاییان نەدەهات، ئێوارەیەك وەکو ڕۆژانی پێشوو، چوومە لای و داوام لێی کرد کە چیرۆکێکی ترم لە چیرۆکە ڕۆمانسییەکانی بۆ بگێڕێتەوە، وتی: دەمەوێ بزانم مەبەستت چییە لە ئاشکراکردنی پەیوەندییە ڕۆمانسییەکانم؟

وتم: کە بیر لە ڕابردووی ژیانی گەنجێتی خۆم دەکەمەوە، زۆر بەزەییم بە خۆم دێتەوە، لە چاو تۆ، خۆمم بە فەقیرحاڵ دێتە بەرچاو.

وتی: بۆچی تۆ قەت پەیوەندیی سۆزداریت نەبووە؟

وتم: بە گوێرەی پەیوەندییە سۆزدارییەکانی تۆ بێت، من هیچم لە ژیان نەزانیوە.

وتی: ئەگەر بتزانیبایە چی دەبوو؟!

وتم: منیش وەکو تۆ ژیانێکی ڕۆمانسیم بۆ خۆم هەڵدەبژارد.

وتی: ئێستاش هەر زووە، تۆ لە چاو من، هەر گەنجیت، ئەگەر بتەوێ لەگەڵ ژن ڕابوێریت، ژن زۆرن.

منیش وتم: بە چاوی تۆ زۆرن، کوا لە کوێن؟

دەستی خستە ناو گیرفانی چاکەتەکەی، بە پێکەنینەوە وتی: لە گیرفانی چاکەتەکەمدان!

منیش وتم: تۆ گاڵتەم پێدەکەیت، من بە ڕاستیمە، ئێستاش هیچی لێ نازانم.

وتی: کە تۆ وانە لەم هەموو چیرۆکانەی ژیانم وەرنەگریت کە بۆم گێڕایتەوە، وانە لە هێندەی تریش وەرناگریت.

ئێمە لەم قسانەدابووین، دوو قوتابیی کچ، لەو بەشە ناوخۆییە دەخەوتن، کە لە نهۆمی سەرەوەی هەمان ئەو باڵاخانەیەدا بوو، کە گەلەرییەکەی شەوکەت ئەفەندی تیابوو، هاتنە خوارەوە، یەکێکیان سترێژێکی ڕەشی تەنکی لەبەردابوو، هەموو لەشی لەناو دیار بوو، ئەوەی تریش تراکسوودێکی تەسکی لەبەردابوو، هێندە تەسك بوو، بە لەشی نووسابوو. هاتنە لای شەوکەت ئەفەندی و مەلزەمەیەکی بیست لاپەڕەی گەورەیان لە دەست بوو، بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوو. بە شەوکەت ئەفەندییان وت: وەکو لە تابلۆی سەر گەلەرییەکەت نووسراوە، تۆ لە ئەورووپا دەژیت و لە سویسرا کاری وەرگێڕی دەکەیت، دەمانەوێ ئەم مەلزەمەیەمان بۆ وەربگێڕیتە سەر زمانی کوردی.

شەوکەت ئەفەندیش وتی: ئەم کارە وا نابێت، جارێ ئێوە دانیشن و شتێکم لەگەڵ بخۆنەوە، ئینجا قسەی لەسەر دەکەین.

یەکێك لە کچەکان، کە سترێژە ڕەشەکەی لەبەر بوو، وتی: ئەمڕۆ دەواممان هەیە، دەبێ هەر ئێستا بگەڕێینەوە بەشە ناوخۆیییەکەمان، خۆمان بگۆڕین و بە خێرایی بچینە کۆلێژ.

ئەویش وتی: بۆ کەی دەتانەوێ؟

وتی: ئەگەر بەیانی دوای نیوەڕۆ بۆمان تەواو کەیت باشە.

شەوکەت ئەفەندیش وتی: هەرچەندە ئەم مەلزەمەیە زۆرە، بەڵام دڵنیا، ماندووبوونم لای ئێوە بە فیڕۆ ناچێت، ئەم شەو بۆتان تەواو دەکەم، دواتریش کە هاتنەوە، ئەوکات باسی نرخەکەی دەکەین.

قوتابییەکەش وتی: ئێمە هیچ پارەمان نییە، تا پێتی بدەین، ئەگەر بە خۆڕایی بۆمان دەکەیت باشە، دەنا هیچ.

ئەویش وتی: بە خۆڕایی هەر نابێت، بەڵام مەرج نییە ئێوە پارەم بدەنێ، دواتر قسەیەکی لێ دەکەین.

کە شەوکەت ئەفەندی ئەمەی وت، لە بیری خۆمدا وتم (ئەو قوتابییانە مناڵن، وەکو کچی ئەون، لەجیاتی پارە، دەبێ داوای چییان لێ بکات). ئیتر ئەوەبوو، مەلزەمەکەی لێ وەرگرتن، ئەوانیش ڕۆیشتن.

کە ئەم دیمەنەم بینی، لە بیری خۆمدا وتم (ئەم شەوکەت ئەفەندییە زۆر بێ ناموسە، لەسەر مێشیش باز نادات، ئەو دوو قوتابییە وەکو کچی ئەون، هێشتان تامی شیری خاویان لە دەم دێت، کەچی ئەو بە چاوێکی حیز سەیریان دەکات و گەڕناگەی لێ داون، دەیەوێ وەکو لەشفرۆشەکان لەگەڵیان ڕابوێرێت).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، شەوکەت ئەفەندی دەستی خستە سەر شانم وتی: بیر لە چی دەکەیتەوە، دیسان خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشت؟

وتم: بیرم لای ئەو دوو کچە قوتابییە بوو.

وتی: دەزانم تۆش وەکو من سەرسام بوویت بە جوانییەکەیان.

وتم: ڕاستە ئەوان زۆر جوان و ناسک بوون، بەڵام تۆ سەیری ئاوێنەت نەکردووە، تۆ لە چاو ئەوان وەکو باپیرەیت، چۆن دڵت دێ لە خشتەیان ببەیت و لەگەڵیان ڕابوێریت؟

وتی: من کەسم لە خشتە نەبردووە، ئەوان بە قاچەکانی خۆیان هاتوون، داوای شتێکم لێ دەکەن، دەبێ ئامادەش بن نرخەکەی بدەن.

منیش وتم: جا تۆ چوزانیت کە ئەوان بەمە ڕازین؟

وتی: جارێ تۆ هیچ لە ڕۆمانسییەت نازانیت، ئەگەر بتزانیبایە، هەر لە جلوبەرگەکانیانەوە وەڵامی ئەم پرسیارەت دەزانی.

منیش وتم: مەبەستت ئەو سترێژە ڕەشەی کە لەبەر یەکێکیاندا بوو، لەگەڵ ئەو تراکسوودە تەسکەی کە لەبەر ئەوی تردا بوو؟

وتی: ئەی چۆن، ئەوان بە جلی خەوتن هاتوونەتە لام، بۆ ئەوەی ئیغرام بکەن، سەرنجم بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، تا ئیشەکەیان بۆ بکەم و دڵیان نەشکێنم.

منیش وتم: جا ئەمە واتای چی دەگەیەنێ؟

وتی: ئەوان ئامادەن داواکارییەکانم جێبەجێ بکەن.

کە ئەمەی وت، لە بیری خۆمدا وتم (ئەم شەوکەت ئەفەندییە، بۆیە ژێرەوەی ئەم بالاخانەیەی بە کرێ گرتووە، چونکە لە نهۆمەکانی سەرەوە بەشی ناوخۆیی لێیە، وەکو پشیلە وایە، خۆی لە ژێرەوە مەلاس داوە، چاوە حیزەکانی بڕیوەتە دەرگای بەشە ناوخۆییەکە، بە دوای نێچیر دەگەڕێت، ڕاویان بکات و دەستە پیسەکانی خۆی بەوان گەرم بکاتەوە).

ڕووم لە شەوکەت ئەفەندی کرد و پێم وت: گریمان ئەوانیش ئەو شتەیان بوێ کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، پێم نالێیت لەم تەمەنە چۆن دەتوانی بە شەوێك ئەم مەلزەمە گەورەیەیان بۆ وەربگێڕیت؟

وتی: ئیش‌وکارم چییە، من لێرە بە تەنیا دەژیم، زۆربەی شەوان تاکو بەیانی خەوم لێ ناکەوێت، لەجیاتی ئەوەی بەبێ ئیش دابنیشم، خەریکی وەرگێڕانی ئەم مەلزەمەیە دەبم و دەسکەوتێکیشم دەبێت.

ئەمەی وت و پارچە کاغەزێکی هێنا و بە خەتێکی گەورە لە سەری نووسی (شاگردێکی کچمان پێویستە، زمان زان بێت، زمانێکی تر لە پاڵ زمانی کوردی بزانێت) دوای ئەوە لە پێشەوەی جامخانەکە هەڵیواسی.

منیش وتم: بۆچی مەرجی ئەوەت داناوە، ئەو کەسەی ببێتە شاگردت، دەبێ کچ بێت؟

وتی: ئەوە ئیشی خۆمە، ئەوەی من دەمەوێ بە کوڕ ناکرێت.

بەهەرحاڵ، بەجێم هێشت و گەڕامە ماڵـەوە. بـە درێـژایی ڕێگـا هـەر بیرم لای ئەو بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت (تۆ بڵێی ئەو هەموو کچ و ژنـە بۆ بڕێك پارە یان دیارییێك خۆیان بخەنە بەر دەستی).

ئەو شەوە، لە مەراقی ئەو دوو کچە قوتابییە، خەو نەچـووە چـاوم، هــەر بـیرم لایــان بــوو، بــەیانی دوای نیــوەڕۆ، چــوومە لای شــەوکەت ئەفەنـدی، لــە گەلەرییەکــەی دانیشــتبوو، تیشــێرتێکی ســووری قــۆڵ کورتو پانتۆڵێکی سـپی لەبـەر کردبـوو. ڕیکۆردەرەکـەی لـە بـەردەمی خۆی دانابوو، گۆرانی زوهرە حوسێنی لێـدەدا، ئـەویش وەکـو کـوڕێکی گەنج سەری خۆی لەگەڵ دەلەقاند و لە شوێنی خـۆی، بـە دانیشـتنەوە سـەمای لەگـەڵ دەکـرد و لـە دوای ئـەو دەیوتــەوە. بتڵێـك ڤۆدگـا و پەرداخێکی لە بەر دەمی خۆی دانابوو، ناوە ناوە فرێکی لێدەدا و یـەك دوو دەنکە فستقیشی لەگەڵ دەقرتاند.

سـڵاوم لێـی کـرد و پـێم وت: لـە دڵخۆشـیت دیـارە وەرگێڕانـی ئـەو مەلزەمەیە خێرێکی بۆت هەبووبێت.

بە پێکەنینەوە وتی: لە ژیانمدا هیچ شتێکم بـێ بەرامبـەر بـۆ کـەس نەکردووە، تا بۆ ئەو دوو کچە جوانانە بیکەم.

منیش وتم: کەواتە بۆم باس بکە کە مەلزەمەکەت دایەوە دەسـتیان چیت پێ وتن؟

وتی: پێش ئەوەی تۆ بێیت، هەردووکیان بە جلی دەوامـەوە هاتنـە لام، کە سـەیرم کـردن، ئـەقڵم ئـەو کچـەی نـەگرت کـە تراکسـوودەکەی

لەبەر بوو، بۆیە بە کچەکەی ترم وت، کە مەلزەمەکەی دابوومێ (تەنها تۆ وەرە ژوورەوە، تاکو تێت بگەیەنم)، کە ئەمەم وت، کچەکەی تریش لەگەڵی هاتە ژوورەوە وتی (ئێمە هەردووکمان هاوڕێی یەکترین، ئەو بە تەنیا لای تۆ بەجێ ناهێڵم). منیش وتم (کەواتە تۆش لەگەڵی وەرە ژوورەوە، کە پێم وتی جلەکانی بۆ دابکەنە، دەبێ تۆ لەبەری دابکەنی). کە وام پێی وت، بە تووڕەیییەوە دەرگای جامخانەکەی بە ڕوومدا داخست و چووە دەرەوە.

منیش وتم: ئەی هەڵوێستی کچەکەی تر چی بوو؟

وتی: وەکو پێشبینیم کرد، ئەویان کچێکی کراوەو بە زەوق بوو، هاتە ژوورەوە، بردمە پشت جامخانەکەو لە سەر قەنەفەیەك، لە تەنیشت خۆم دامناو بە دەم قسەکردنەوە، دەستەکانم گوشی و هەندێکیش دەسبازیم لەگەڵ کرد، ئینجا مەلزەمەکەم دایەوە دەستی و بەڕێم کرد.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، کچێکی باڵا بەرزی قژ زەرد و چاو شین، هاتە ژوورەوە، لە جوانیدا لەگەڵ ڕۆژ شەڕی دەکرد، دوای سڵاوکردن وتی : کێ لە ئێوە خاوەنی ئەم گەلەرییەیە؟

شەوکەت ئەفەندیش وتی: من خاوەنی ئەم گەلەرییەم.

کچەکەش ڕووی تێ کرد و پێی وت: نووسینێکت لە بەردەمی جامخانەی گەلەرییەکەت هەڵواسیوە، تیایدا نووسیوتە کە کچێکت بۆ کارکردن لە گەلەرییەکەت پێویستە.

شەوکەت ئەفەندیش وتی: فەرموو دانیشە، بۆم باس بکە بزانم تۆ چی دەزانیت؟

کچەکەش لە سەر کورسییەکی بەرامبەر ئەو دانیشت و جانتاکەی لە شانی کردەوە و لە تەنیشت خۆی دانا.

شەوکەت ئەفەندی ڕووی تێی کردوو پێی وت: تۆ بۆ ئەو کارە دەست نادەیت، کە من دەمەوێ، تۆ خەڵکی کوێی؟

ئەویش وتی: من خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.

شەوکەت ئەفەندیش پێی وت: قاچەکانت لەسەر یەکتری بێنە خوارەوە، ئەگەر بتەوێ لێرە کار بکەیت، دەبێ قاچەکانت بۆ ئاسمان بەرز بکەیتەوە.

کە شەوکەت ئەفەندی ئەمەی پێ وت، کچەکە جانتاکەی بە شانیەوە کرد و بە تووڕەیی چووە دەرەوە و ڕۆیشت.

کە ئەم دیمەنەم بینی، سەرم سوڕما، بە شەوکەت ئەفەندیم وت: بۆچی ئەم کچە جوانەت تەریق کردەوە، چی تیایە ئەگەر قاچ لە سەر قاچ دابنێت؟

وتی: تۆ هێشتان فەقیرحاڵی، وامزانی لەوەتی لەگەڵ من دادەنیشیت، فێر بوویت ژنان و کچان بناسیت، بەڵام وا پێدەچێت، هێشتان هیچی لێ نەزانیت.

منیش وتم: ئەوە پەیوەندی چیە بە بابەتەکەوە؟

وتی: ئاخر بابەتەکە خۆی ئەمەیە.

منیش وتم: چۆن، بۆم ڕوون بکەوە.

وتــی: لــە ئەســڵدا مــن هــیچ کــارێکم بــە ژن نییــە، تــەنها بــۆ کــات بەسەربردن و ڕابواردن نەبێت، جـا ئـەو کچـە کـە هـەر لـە ئێسـتاوە لـە بەرامبەر من قاچەکانی بخاتە سەر یەك، مانای ئەوەیە ئەو بۆ ئیشکردن هاتووە نەك ڕابواردن.

منیش وتم: چۆن ئەمە دەزانیت؟

بە پێکەنینــەوە وتــی: ئــەوە پیشــەی خۆمــە، ئەگــەر ئــەو ئامادەبـا لەگەڵم ڕابوێرێت، بە قسەکانم تووڕە نەدەبوو، نەدەڕۆیشت.

منیش وتم: ئێستا تێگەیشتم کە تۆ پێویسـتت بـە شـاگرد نییـە، بـە دوای نێچیرێك دەگەڕێیت، بیخەیتە ناو تەڵەکەتەوە و دواییش بەرامبـەر بڕێك پارە لەگەڵی ڕابوێریـت. بـەڵام لـەوە تێنەگەیشـتم مەبەسـتت لـەو مەرجـە چـییە کـە داتنـاوە و دەڵێـی دەبـێ بێجگـە لـە زمـانی کـوردی زمانێکی تریش بزانێت؟

بــە پێکەنینــەوە وتــی: وامزانــی تــۆ کەســێکی ئاقڵێــت و زوو لــێم تێدەگــەیت، بـــەڵام وادیـــارە هێشـــتان ماوتـــە ببیتـــە خانمبـــازێکی سەرکەوتوو.

منـیش وتم: پێشـتر هیچـم لـە خانمبـازی نـەدەزانی، بـەڵام ئێسـتا لـەوەتی هاوڕێیـەتی تـۆ دەکـەمو گـوێ لـە سـەربردە ڕۆمانسـییەکانت دەگرم، زۆر شتت لێ فێر بوومە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەرچەندی بیر دەکەمەوە، سەرم لەو مەرجە دەرناچێ.

وتـی: لـەوەتی داعـش هەنـدێك ناوچـەی لـە عێـراق و سـوریا داگـیر کردووە، خەڵکی ئـەو ناوچـانە ئـاوارە بوونـەو بەشـێکی زۆریـش لەوانـە هاتوونەتە هـەرێمی کوردسـتان. ئـەو ئاوارانـە ژنـی جوانیـان تیایـە، بـۆ بـژێوی خۆیـان ڕوو لـە بازاڕەکـان دەکـەن، ئامادەییشـیان تیایـە کـە بەرامبەر بڕێك پارە لەگەڵ پیاو ڕابوێرن.

منیش وتم: چۆن ئەو ژنانەی حەزیان لـە ڕابواردنـە، لـە وانـی تریـان جیا دەکەیتەوە؟

وتی: تەماشای چاویان بکـەم دەزانم، بەشـێك لـە دەوڵەمەنـدەکان، بەناوی کـارکردن، دەیانبەنـە کێڵگـەکانیان، دوایـیش دەسـتیان لەگـەڵ تێکەڵ دەکەن و لەگەڵیان ڕادەبوێرن.

کــە ئەمــەی وت، ڕاپــۆرتی ئەنجومــەنی مــافی مرۆڤــی ســەر بــە ئەنجومــەنی ئاسایشــی نێودەوڵــەتیم بــە بــیر هاتــەوە، کــە ماوەیــەك لەمەوبەر سەبارەت بە ڕەوشی پەنابەرانی سوریا لە هەرێمی کوردستان دەریکـرد، تیایـدا ئامـاژەی بـەوە دابـوو، (کـە بەرپرسـەکان و پیـاوە دەوڵەمەندەکان، لە ڕێگـای هەنـدێك کەسـەوە بازرگـانی بـەو ئافرەتانـە دەکـەن، لـە خێوەتـەکان دەیانهێننـە دەرەوە و بەرامبـەر بڕێـك پـارە سێکسیان لەگەڵ دەکەن).

لەم بیرکردنەوەیەدا بووم، شەوکەت ئەفەندی وتـی: بـیرت بـۆ کـوێ ڕۆیشتووە، تۆ لێرە نیت؟

وتم: بیرم لە قسەکانی تۆ دەکردەوە، ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیم بە بیر هاتەوە، کە تیایدا قسەکانی تۆ سەبارەت بەو ژنە ئاوارانە پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەویش وتی: من لە خۆمەوە قسە ناکەم، ئەمە بابەتێکی زانستی و لۆجیکییە، یەکێك لەو شتانەی کە مرۆڤەکان بە ئاوارەبوون لە دەستی دەدەن، ڕەوشت و بەها مرۆییەکەیانە، بەشێك لەو ژنانە بەرگەی نەهامەتی و برسێتی و ژیانی سەختی ناو خێوەتگاکان ناگرن و دەستبەرداری شەرەفیان دەبن، لە پێناو لوقمەیەك نان.

کە ئەمەی وت، توێژینەوەی مامۆستایەکی یاسام بە بیر هاتەوە، لە گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) کە گۆڤارێکی زانستی بوو، لە شاری هەولێر دەردەچوو، توێژینەوەیەکی لە بارەی ئاوارەبوون و ئاکامەکانی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاساییەوە لەو گۆڤارە بڵاوکردەوە، لەو توێژینەوەیەدا گەیشتبووە دەرئەنجامێك، کە ئاوارەبوون لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی لە دەستدانی شەرەف و هەندێك لەو ئاوارانە تووشی لەشفرۆشی دەبن. ڕووم تێی کرد و پێم وت: تۆ ڕاست دەکەیت، توێژەرە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانیش ئەم ڕاستییەیان سەلماندووە، کە ئاوارەبوون هۆکارێکە بۆ لە دەستدانی بەهاکانی مرۆڤایەتی.

کە ئەمەم وت، شەوکەت ئەفەندی وتی: تۆ واز لەم قسە زلانە بێنە، هیچی تر لە سەر ئەم بابەتە قسەم لەگەڵ مەکە، ئەگەر تۆش حەزدەکەیت وەکو من خانمبازی بکەیت، ژنی وا زۆرن، بڕۆ لەگەڵیان

**خەریکبە، ئەگەر لەبەر ژنەکەشت ناوێریت شتێکی ترەو پێویست ناکات هەموو شتێکی من بزانیت.**

***

# ( پێشانگای هەولێری نێودەوڵەتی بۆ کتێب )

لە ٢٠١٦/١٠/٢ بە سەرپەرشتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی مەدا (دار المدی) لە پێشانگای هەولێری نێودەوڵەتی بۆ کتێب، خولی دەیەم کرایەوە. تیایدا دەیان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی عێراق و وڵاتانی عەرەبیی تر بەرهەمەکانیان بۆ فرۆشتن نمایش کردبوو. کردنەوەی ئەم پێشانگایە لە شاری هەولێر ببووە نەریتێکی ساڵانە و لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا، هەموو ساڵێك دەکرایەوە. بێ لەو کەسانەی کە بۆ کڕینی کتێب ڕوویان تێی دەکرد، کچانو کوڕانی گەنجیش بۆ یەکتر بینین و خۆشی یەکترییان دەبینی. ئێمەش لەگەڵ هاوڕێیەکانمان لەوێ یەکتریمان دەبینی و بە دەم بینینی کتێبەکان و کۆڕە ڕۆشنبیرییەکانی ناو پێشانگایەکە کاتێکی خۆشمان لەگەڵ یەکتری بەسەر دەبرد.

هاوڕێیەکی سەردەمی خوێندنی قوتابخانەم، ناوی سەبری بازرگان بوو، دووکانەکەی لە ناو قەیسەری بوو، جلوبەرگی ژنانی دەفرۆشت، چوومە لای پێم وت: کاتت هەیە بە یەکەوە بچینە پێشانگای هەولێری نێودەوڵەتی؟

وتی: باش بوو هاتی، بە نیاز بووم تەلەفۆنت بۆ بکەم، تاکو بەیەکەوە بچین بۆ ئەوێ. دەرفەتێکی باشە، جەوێك دەگۆڕین و هەندێك کتێبیش دەکڕین.

ئیتر ئەوەبوو، سەبری بازرگان بە شاگردەکەی وت: چاوێکت لە دووکانەکە بێت، تاکو دێمەوە، زۆرم پێ ناچێت، ئەگەر کەسێکیش لێی پرسیم، پێی بڵێ تا پێشانگای کتێب ڕۆیشتووە، کەمێکی تر دێتەوە.

ئیتر ئەوەبوو، بە یەکەوە ڕۆیشتین بۆ پیشانگایەکە. وەکو وتم، دەیان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بەشدارییان تێدا کردبوو، خەڵکێکی زۆریش لە هەردوو ڕەگەز ئامادەبوون. وەکو کەرنەڤاڵێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بوو. من و سەبری بازرگان لە ناو پێشانگایەکە دەسووڕاینەوە، بە دوای بەرهەمی ئەدەبی نوێدا دەگەڕاین، لەو کاتەدا چاومان کەوت بە هەندێك نووسەر، کچێکی جوانیان لەگەڵ بوو. سڵاومان لێ کردن، سڵاوەکەیان لێ وەرگرتینەوە، سەبری بازرگان ڕووی لە یەکێکییان کرد وتی: ئەم خاتوونە ناناسم، ئەویش نووسەرە؟

وتی: نووسەر نییە، بەڵام خوێنەرێکی باشی کتێبە، حەز لە خوێندنەوەی کتێب دەکات. ئێمەی بەو ناساند، سەبریش وتی: دەتوانین بۆ یادگاری وێنەیەك لەگەڵ ئێوە بگرین؟

کچەکە وەڵامی دایەوە وتی: منیش پێم خۆشە وێنەیەکتان لەگەڵ بگرم.

ســەبری بازرگــانیش مۆبایلەکــەی لــە گیرفــانی دەرهێنــا و بــانگی کەسێکی کرد و مۆبایلەکەی دایە دەستی و داوای لێ کرد کـە بەیەکـەوە وێنەیەکمان بگرێت. هەر ئەو ڕۆژیش لە فێیسبووک بڵاوی کردەوە.

شەو لە فێیسبووك چوومە سەر خەت، چاوم بەو وێنەیـە کـەوت کـە لـە پێشـانگای نێودەوڵـەتی بـە یەکـەوە گرتمـان. منـیش تەلـەفۆنم بـۆ سەبری بازرگـان کـرد و پـێم وت: وێنەکـە زۆر جـوان دەرچـووە، بـەڵام نەمزانی ئەو خاتوونەی کـە لەگەڵمانـە لـە وێنەکـەدا، نـاوی چـییە و لـە کوێ کار دەکات؟

وتی: ناوی خەباتەو مامۆستای قوتابخانەی بنەڕەتییە.

منیش وتم: چۆن زانیت؟

وتی: کـە وێنەکـەم بـڵاو کـردەوە، دوای تۆزێـك هاتـە سـەر خـەت و گلەیی لێ کردم، کە ئەم وێنەیەم بە بێ ڕەزامەندیی ئەو بڵاو کردۆتەوە.

منیش وتم: ئەی تۆ چیت وت؟

وتی: داوای لێبووردنم لێی کرد و پێم وت (هەر ئێستا لایدەبەم)، کە وام پێی وت، پێی وتم (لای مەبە، تازە ئەوەی ڕوویداوە ناگەڕێتەوە).

منیش پێم وت: پێی نەوتی چی ڕوویداوە ؟

وتی: پێی وتم (برایەکم وێنەکەی بینیوە، لە سەر ئەوە سەرزەنشتی کردوومە و پێی وتم (تۆ بە ناوی دەوامی قوتابخانە لـە ماڵـەوە چوویتە دەرەوە، کەچی لەگەڵ ئەم پیاوانە وێنەت گرتووە).

منیش پێم وت: تۆ چیت پێی وت؟

وتی: چی پێ بڵێم، داوای لێبووردنم لێی کرد و پێم وت (ئامادەم بێمە لای براکەت و پێی بڵێم هیچ شتێك لە نێوانمان نییە، بە سوتفە یەکتریمان لەوێ بینیوە). بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، وتی (هیچ گوێی مەدێ، براکەشم لەوە تێگەیشت کە ئێمە تەنیا هاوڕێین و هیچ شتێك لە نێوانماندا نییە).

منیش وتم: پێت نەوتم، چۆن زانیت کە ناوی خەباتە و مامۆستای قوتابخانەی بنەڕەتیشە؟

وتی: هەر خۆی، ناو و کارەکەی خۆی پێ وتم. وتی مامۆستام لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لە شارۆچکەی شەقڵاوە.

منیش وتم: وەکو بزانم ئەو کچە درۆی لەگەڵ تۆ کردووە، لە سەر بڵاوکردنەوەی ئەم وێنەیە هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەبووە، دەیەوێ لای تۆ وا پیشان بدات کە کچێکی پاکیزەیە و پەیوەندیی لەگەڵ هیچ پیاوێکی تر نییە، بۆ ئەوەی سەرنجی تۆ بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

وتی: بڕوا ناکەم، بە بڵاوبوونەوەی وێنەکە زۆر نیگەران بوو، لەوە نەدەچوو درۆم لەگەڵ بکات.

منیش وتم: ئەم سیناریۆیەی بۆ دروست کردوویت، تاکو زیاتر هۆگری بیت و زیاتر متمانەی پێ بکەیت.

زۆرم مەراق بوو بزانم ئەو کچە ڕاست دەکات یان لە پشت ئەم سیناریۆیە مەبەستێکی تری هەیە. بۆیە داوام لە سەبری بازرگان کرد

کە بە کورتە نامەیەك وێنەی پێجی ئەو کچەم بۆ بنێرێت، تاکو ئادی بۆ بنێرم.

ئیتر ئەوەبوو، وێنەی پێجەکەی بۆ ناردم، منیش ئادم بۆی نارد و بە کورتە نامەیەکیش سڵاوم لێی کرد و پێم وت: خەبات خان دەمەوێ ببینە هاوڕێ.

دەمودەست وەڵامی دامەوە وتی: پێجەکەم بە ناوێکی خوازراو داناوە، وێنەی منیشی لە سەر نییە، تۆ چۆن زانیت ئەوە پێجی منە؟.

منیش وتم: کە سەیرم کرد، وەکو ئیلهامێك هاتە بەرچاوم کە ئەم پێجە هی تۆیە.

ئەویش وەڵامی دامەوە وتی: زۆر پێت سەرسامم، بێ ئەوەی پێجەکەم ناو و وێنەی منی بەسەرەوە بێت ناسیتەوە.

منیش وتم: خوا بەهرەیەکی وای پێداوم، تەماشای چاوی هەر کەسێکیش بکەم دەزانم چی لە دڵدایە.

ئەویش وتی: دەزانی دڵی من چی تیایە؟

وتم: تۆ دڵێکی زۆر گەورەت هەیە، پڕە لە سۆز و خۆشەویستی.

وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، بە دەست خۆم نییە هەموو کەسێکم خۆشدەوێ، ناتوانم ڕقم لە کەس ببێتەوە.

منیش وتم: دەزانم، لە یەکەم چرکە کە تۆم بینی، لە چاوەکانت هەستم بەوە کرد.

ئەمەم پێی وت، دواتر داوای وێنەیەکم لێی کرد، وتی: وێنەی منت بۆچییە، ئەی ئەوە نییە وێنەم لەگەڵ گرتوونە.

منیش وتم: ئەم وێنەیە بە کۆمەڵە و شتێکی ترە، حەزدەکەم وێنەیەکی تەنیای خۆتم بۆ بنێریت، بۆ یادگاری لای خۆم هەڵیدەگرم.

کە ئەمەم وت، زۆری پێ نەچوو، وێنەیەکی خۆی بۆ ناردم، کە لە ستۆدیۆ گرتبووی. منیش پێم وت: زۆر جوان و ناوازەیە. کە ئەمەم پێی وت، وێنەیەکی تریشی بۆ ناردم. منیش پێم وت: وێنەیەکی ناوازەیە.

کە ئەمەم پێی وت، وێنەیەکی تریشی بۆ ناردم، منیش وتم: لە جوانیدا دەڵێی فریشتەیت.

کە وام پێی وت بە جارێك دوو وێنەی تریشی بۆ ناردم، منیش پێم وت: ناتوانم بەرگەی جوانیت بگرم، لەوە زیاتر ناتوانم سەیری وێنەکانت بکەم، لەگەڵ ڕۆژ شەڕ دەکەن.

داوام لێی کرد کە بەیانی لە شوێنێك یەکتری ببینین. وتی: لە کوێ یەکتری ببینین؟

وتم: لە ڕیستورانتی دوو بە دوو.

وتی: ئەم ڕیستورانتە چۆنە و لە کوێیە؟

وتم: ئەم ڕیستورانتە شوێنی ژوانی ئاشقانە، ئەو کچ و کوڕانەی هاوڕێی یەکترین یان ئاشقی یەکن، لەوێ بە دیداری یەکتری شاد دەبن. کەش‌و هەوایەکی ڕۆمانسی هەیە، لەبەر تیشکی گڵۆپە سوورەکانی ڕیستورانتەکە ئەو کچ و کوڕانەی کە یەکترییان خۆش دەوێ، چیرۆکی خۆشەویستی بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

وتی: شوێنەکەت پێ نەوتم.

وتم: کەوتۆتە سەر ڕێگای کەرکووك، لە نزیك ماکسی مۆڵ.

وتی: لە وەسفەکەتدا دیارە کە شوێنێکی خۆشە، بەیانی کاتژمێر چەند لەوێ یەکتری ببینین؟

وتم: بەیانی کاتژمێر پێنجی ئێوارە لە بەردەم ماکسی مۆڵ چاوەڕێت دەکەم.

وتی: باشە، بە هیوای دیدار.

منیش وتم: بە هیوای دیدار.

ئەو شەوە تا درەنگ بیرم هەر لای ئەو بوو، لە بیری خۆمدا دەموت (ئەگەر بەیانی بینیم، چی پێ بڵێم، لە کاتێکدا خێزاندارم و لەویش زۆر بەتەمەنترم، لە سەرووی هەمووشیەوە، نیازی هاوسەرگیریشم لەگەڵی نییە) ئەمەو دەیان بیرۆکەی تر بە خەیاڵمدا دەهاتن.

بەیانی پێش کاتژمێر پێنجی ئێوارە لە بەردەم ماکسی مۆڵ چاوەڕێم کرد، دوای تۆزێك، ئۆتۆمبێلێکی تەکسی لە بەردەمم ڕایگرت و ئەوی لێ هاتە خوارەوە.

قەمیسێکی سوور و تەنوورەیەکی ڕەشی کورتی لەبەردابوو، پرچیشی بۆیاخ کردبوو، وەکو بووك خۆی ڕازاندبۆوە. سڵاوی لێکردم و بە یەکەوە چووینە ماکسی مۆڵ، هەندێك بە ناویدا سووڕاینەوە، سەیری ئەو جلوبەرگ و شتومەکانەمان دەکرد، کە بۆ فرۆشتن نمایش کرابوون. کە دەگەیشتینە ئەو شوێنەی کە جانتای لێ نمایش کراوە، ڕۆیشتنی خۆی قورس دەکردو بە تیلی چاوەکانی سەیری جانتاکانی

دەکرد، لە چاوەکانیدا هەستم بەوە دەکرد کە حەزی لە جانتای سەرشانە، بۆیە پێم وت: جانتایەك بە دیاری بۆ خۆت هەڵگرە.

کە ئەمەم پێی وت، لە خۆشییان وەخت بوو باڵ بگرێت و بفڕێت، داوایەکەمی ڕەت نەکردەوە، یەکسەر چووە لای جانتایەکان و جانتایەکی لەو جانتایانە هەڵگرت کە نرخەکەی لە هەموویان گرانتر بوو. منیش وتم: ئەم جانتایەم بە دڵ نییە جانتایەکی تر هەڵگرە.

مەبەستم ئەوە بوو لێم تێبگات و جانتایەکی هەرزانتر هەڵگرێت. بەڵام ئەو جانتایەکی تری دەست دایە، کە نرخەکەی زۆر جیاوازی لەگەڵ جانتاکەی تر نەبوو.

کە ئەمەم لێی بینی، بە تووڕەیی پێم وت: دەڵێی تۆ هیچ شارەزای نرخی جانتا نیت، باشترین جانتا لە ناو قەیسەری بە بیست و پێنج هەزار دینارە کەچی لێرە سەد دۆلار کەمتری نییە. نامەوێ ئەوان بە نەزانمان تێبگەن، بۆیە پێم باشە واز لەو جانتایانە بێنیت و قەمیسێك یان بلووزێکی جوان بۆ خۆت هەڵگریت.

وتی: مادام تۆ ئەمەت پێ خۆشە، بە قسەت دەکەم.

چووە لای جلوبەرگەکان و بلووزێکی دەستدایە، نرخەکەی نەوەت دۆلار بوو. کە ئەمەم بینی، لە خەفەتان هەردوو برۆیەکانم جووت بوون، ئارامیم نەما، لە دڵی خۆمدا وتم (کچێکی چاوچنۆك و ناکەس بەچەیە، دەڵێی قەت شتی نەبینیوە، پەلاماری هەموو شتێك دەدات. گوێ بەوە نادات، نرخەکەی زۆرە یان نا) بۆیە بە تووڕەییەوە پێم وت: تۆ بە

کەڵکی شتومەك كڕین نایەیت، با بچینە ڕیستورانتەکە، دوایی خۆم شتێکت بە دیاری بۆ دەکڕم.

هەرچەند قسەکانی منی زۆر پێ ناخۆش بوو، بەڵام هیچ دەنگی نەکرد و لەگەڵم هاتە دەرەوە. بەیەکەوە چووینە ڕیستورانتی دوو بە دوو. لە ڕێگا بیرم لە سەربردەیەکی شەوکەت ئەفەندی دەکردەوە، کە چۆن لەگەڵ کچێکی هاوڕێی لە ئەڵمانیا دەچێتە یانەیەکی شەوان و لە پشت مێزێکی دواوە دادەنیشێت، تا لە چاوی ئەوانی تر دوور بێت و کەس نەتوانێ چاودێریی هەڵسوکەوتیان بکات). کە گەیشتینە ڕیستورانتەکە، ئیشارەتم بۆ کورسی و مێزێکی ڕیزی دواوە کرد و پێم وت: دەچین لەو شوێنە دادەنیشین تا کەس چاودێریمان نەکات.

بە پێکەنینەوە پێی وتم: وامزانی تۆش وەکو من هیچ نازانیت، نەمزانی تۆ خاوەن ئەزموونیت، وا پێدەچێت پێشتریش هاتبیتە ئێرە.

منیش وتم: یەکەم جارە لەگەڵ کچ بێمە ئێرە، بەڵام جارێك فەرهاد پیربال منی لێرە دەعوەت کرد.

وتی: لەگەڵ فەرهاد پیربال باسی چیتان دەکرد؟

وتم: بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵم دانیشت، هەر لەو دانیشتنەدا سەربردەیەکی خۆشی خۆی بۆ گێڕامەوە، وتی (لەم ڕۆژانە لە ڕۆژنامەیەك، ستوونێکم بڵاو کردەوە، بە ناوی لە خەوما، تیایدا باسی ئەوەم کردبوو کە لە خەومدا ڕاسپێردرابووم بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری. کاتێك لە ڕێگا بەرەو ئێرە بۆ لای تۆ دەهاتم، محەمەد خۆشناو ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت تەلەفۆنی لەگەڵ کردم وتی (ئەگەر کاتت

هەیە، سەرۆکی حکومەت دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات)، منـیش وتم (بـا بفەرموێ کاتم هەیە). ئیتر ئەوەبوو، سەرۆکی حکومەت بە پێکەنینـەوە پێی وتم (دکتۆر فەرهاد، ئـەوە چییە دەتـەوێ حکومـەت پێکبهێنیـت؟ ئەگـەر تـۆ حکومـەت پێکبهێنیـت ئـەی مـن بچـم بـۆ کـوێ)، منـیش وتم (جەنابی سەرۆکی حکومەت، تۆ سەرۆکی حکومەتیت، ئەوەی من تەنیا خـەونێك بـوو، لـە خـەوما ڕایانسـپاردبووم بـۆ پێکهێنـانی حکومـەت و منــیش دوای ئــەوەی وەزیرەکــانم دەستنیشــان کــرد، پــێش ئــەوەی کابینەکە ڕابگەیەنم و سوێندی یاسایی لە بەردەم پەرلـەمان بخـۆم، لـە خەو بە ئاگا هاتم و هیچم بە هیچ نەکرد).

کە ئەمەم بۆی گێڕایەوە، خەبات بە پێکەنینەوە وتـی: ئـەو فـەرهاد پیربالە بەزمی زۆر خۆشە، وا پێدەچێت سەرۆکی حکومەتیش بیناسێت بۆیە گاڵتەی لەگەڵ کردووە؟

وتم: کە کابینەی پێنجەمی حکومەتی پێکهێنا، پارەیـەکی زۆری بـۆ خەرجکرد، ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی بۆ دانا.

لــە مێزەکــەی بــەر دەمــی ئێمــە هەنــدێك کــچ و کــوڕی گــەنج، دانیشــتبوون، ئاهــەنگی لــە دایکبوونیــان بــۆ یــەکێك لــە هاوڕێکانیــان ڕێکخســـتبوو، کێکێکـــی گـــەورە و هەنـــدێك شـــیرینی و خـــواردن و خواردنـەوەیان لـە بـەردەمی خۆیـان دانـابوو، یـەکێك لـەوان مۆسـیقای دەژەنــی، ئــەوانی تــریش بەیەکــەوە گــۆرانی جــەژنی لــەدایکبوونیان

دەوتەوە، دواییش کۆمەڵێك میزڵدانی ڕەنگاو ڕەنگیان پڕ لە هەوا کـرد. دیمەنێکی زۆر خۆش و دانیشتنێکی ڕۆمانسی بوو.

خاتوو خەبات پێی وتم: خۆزگەم بە دڵی ئەو گەنجانە، خۆشەویستی ئەوانی لێرە کۆکردۆتـەوە، ئـەو کـچ و کوڕانـە زۆر ئاشـقن، ئیشـقیان لێ دەبارێت.

ئەمەی وتو ڕووی پرسیاری تێکردم وتی: ئەمە تەنیا ڕێکەوتە، یـان ڕۆژانی تریش لێرە ئاهەنگی تایبەتی دەگێڕدرێت؟

وتم: ڕۆژ دەزانێت، هەنـدێك جـار ژن و پیاوەکـانیش لـە بیرەوەریـی هاوسـەرگیرییاندا دێنــە ئێــرە و ئاهــەنگێکی خنجیلانــە بــەم بۆنەیــەوە دەگێڕن. بەڵام بە زۆری ئەو کچ و کوڕانەی کـە یـەکترییان خۆشـدەوێ، دێنــە ئێــرە، جــەوێکی ڕۆمانســی خۆشــی هەیــە، لێــی ئاســوودە دەبــن. خواردن و خواردنەوەی ئەم ڕیستورانتە زۆر گرانە، بۆیە هەموو کەسـێك نایەتە ئێرە.

ئـەویش وتــی: یەکـەم جـارە شـوێنێکی وا خـۆش ببیـنم، مـرۆڤ لـە دانیشتنی ئێرە بێزار نابێت.

منیش وتم: باسی خۆتم بۆ بکە، دایك و باوکت لە ژیان ماون یان نا؟

هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی وتی: تەمەنم حـەوت مـانگی بـووە، کـە باوك و دایکم لە ڕووداوێکدا بەیەکەوە مردوون. شێوەیانم بیر نایەتــەوە، کە سەیری ئەلبوومی وێنەکانیان دەکەم، تێر بۆیان دەگریم.

منیش وتم: خەفەت مەخۆ، ئەوان مردوون، ناگەڕێنەوە، پێویستە تۆ بیر لە خۆت بکەیتەوە و لەمەودوا بۆخۆت بژیت.

کە وام پێی وت، بزەیەك هاتە سەر لێوەکانی وتی: تۆ یەکەم کەسیت، ئارامیم پێ دەبەخشیت و دڵم دەدەیتەوە، لە دڵمدا هەست بە سۆز و خۆشەویستییێکی زۆر دەکەم بەرامبەر تۆ، خۆشم نازانم بۆچی؟

منیش وتم: تۆ کچێکی جوانیت، تازە لە هەرەتی لاوێتیدایت، تەمەنم بەسەر چووە، بەڵام تۆ داهاتوویەکی باش چاوەڕێت دەکات.

وتی: دەتوانم هەندێك پرسیارت لێ بکەم؟

وتم: فەرموو هەرچی بە خەیاڵتدا دێت لێمی بپرسە، ئێمە بووین بە هاوڕێ، ئەگەر پرسیار لە یەکتری نەکەین، ئەی لە کێی بکەین.

وتی: ئەگەر هەڵە نەبم، پێشتر تۆم لە شوێنێك بینیوە، تۆ خەڵکی گەڕەکی کۆماری نەبوویت؟

وتم: ئێستاش ماڵمان هەر لەوێیە، بۆچی؟

وتی: ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی سەیداوە بوو، بەڵام کاتێك باوك و دایکم بە ڕووداوی هاتوچۆ مردن، منداڵ بووم، خوشکەکەم منی بردە ماڵی خۆیان لە گەڕەکی کۆماری. لەوێ مامەوە تا گەورە بووم، ئێستاش جارێکی تر گەڕاومەتەوە گەڕەکی سەیداوە، لەگەڵ داپیرم دەژیم.

وتم: کەواتە خانەوادەی ئێمە باش دەناسیت؟

وتی: کە منداڵ بووم، زۆر جار لەگەڵ خوشکم دەهاتینە ماڵی ئێوە، لەگەڵ خوشکە بچووکەکەت قسەمان دەکرد.

وتم: کێی تر لەو گەڕەکە دەناسیت؟

که وام پێی وت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمـژی وتـی: مـاڵی ئەسـعەد پێڵاو درووە.

منیش وتم لەگەڵ کوڕەکانی ئەو لە یەك قوتابخانە بووین، ماڵیشیان لە خوار ماڵی ئێمە بوو.

وتی: کام لە کوڕەکانی لەگەڵ تۆ لە قوتابخانە بوو؟

وتم: خالید، ساڵێك لە من گەورەتر بوو، ئەو ئێستا پزیشکە لە سوید دەژیت، بەڵام وەلید لەگەڵ من دەیخوێند، هاوڕێم نەبوو، هەڵسـوکەوتی ئەوم بە دڵ نەبوو، بۆیە کەیفم بە چارەی نەدەهات.

وتی: بۆچی؟

وتم: کەسـێکی بەدڕەوشـت بـوو، کچـێکی جـوانی بـدیتبا، بـە دوای دەکەوت، ماوەیەك لەگەڵی دەبوو، دوایی بـەری دەدا. جارێـك لـە سـەر ئەم ڕەفتارەی، قوتابییێکمان لەگەڵ بوو، بە خۆی و هاوڕێکانی لە پێش دەرگای قوتابخانە گرتیان و تا ماندوو بوون تێیان هەڵدا.

وتی: بۆچی؟

وتم: خوشکێکی ئەوی بە ناوی خۆشەویستی فریو دابوو.

که ئەمەم وت، بە پێکەنینەوە وتی: دەستیان خـۆش بێـت، خۆزگـا وەکو سەگ دەیان تۆپاند.

منیش وتم: بۆچی تۆ ئەو کچە دەناسیت؟

وتی: ئەوە چیرۆکێکی درێژە، تەنها ئەوەندە دەڵێم، خـوا بـۆ خـۆی بباتەوە، هەقی من و ئەوانی تریشی لێ بکاتەوە.

کە ئەمەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم (دیارە ئەم بەستەزمانەشی فریو داوەو دەستی خۆی بەویش گەرم کردۆتەوە، بۆیە وا لێی داخ لە دڵە) ڕووم تێی کرد و پێم وت: پێت نەوتم بۆچی تاکو ئێستا هاوسەرگیریت نەکردووە؟

وتی: جاریێ زووە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لەوانەیە ئەگەر هاوڕێیەتیمان بەردەوام بێت و جێم نەهێڵێت وەڵامی ئەمە بزانیت.

وتم: چۆن دڵم دێ، بەجێت بێڵم، ئەوە ناڵێم ئەگەر خۆت ئەمەت بوێ.

وتی: من ئاسوودەم لەگەڵ تۆ حەز بە هاوڕێیەتیت دەکەم، بەڵام پێت نەوتم هاوسەرەکەت چی دەکات و چەند منداڵیشت هەیە؟

وتم: هاوسەرەکەم فەرمانبەرە و سێ منداڵیشم هەیە. ئەوان چوونەتە ڕێی خۆیان و من و هاوسەرەکەشم بە تەنها ماوینەتەوە.

وتی: سەیرم پێدێت کە منداڵەکانت وا گەورە بن، تۆ هێشتان جاحێڵێت.

وتم: زوو هاوسەرگیریم کرد، هاوڕێکانم زۆر درەنگ ژنیان هێنا و کۆزیان ساوایە.

وتی: تۆ ئەرکی خۆتت بەرامبەر منداڵەکانت بەجێ گەیاندووە، ئێستاش نۆرەی ئەوەیە لەمەو دوا بۆ خۆت بژیت.

وتم: چۆن؟

وتی: نامەوێ بە خراپ لێم تێ بگەیت مەبەستم ئەوەیە هاوڕێیەکی کچت هەبێت و کاتێکی خۆشی لەگەڵ بەسەر ببەیت.

وتم: ئەی ئەوە نییە، من و تۆ هاوڕێی یەکترین.

وتی: نامەوێ داوات لێ بکەم بە سەر ژنەکەت بم هێنیت، بەڵام حەزیش ناکەم ماوەیەك لەگەڵم بیت تا حەز و ئارەزووەکانت تێر دەبن، دواییش وازم لێ بێنیت.

وتم: بۆچی وازت لێ بێنم، هاوڕێیەکی کچی لە تۆ جوانتر و باشترم بە دەست ناکەوێت.

وتی: منیش هاوڕێیەکی پیاوی لە تۆ باشترم دەست ناکەوێت، بەڵام داوایەکیشم لێت هەیە؟

وتم: چییە؟

وتی: ئەوەی لە نێوانمان ڕوو دەدات، دەبێ تاکو مردن لە نێوانمان بە نهێنی بمێنێتەوە و کەس پێی نەزانێت.

وتم: بێ گومان، دەبێ وابێت، ناحەز زۆرن، ئەگەر بەم پەیوەندییەی نێوانمان بزانن زیانمان پێدەگەیەنن.

سەیرێکی ناو ڕیستورانتەکەم کرد، لە خۆم و ئەو کچە بەولاوە هیچ مێوانی تری لێ نەبوو، کرێکارەکانیش خەریکی کاری خۆیان بوون، ئاگاداری ئێمە نەبوون. ڕووم لە خەبات کرد و پێم وت: لە خۆم و خۆت بەولاوە ئێرە کەسی لێ نەماوە، کرێکارەکانیش ئاگایان لە ئێمە نییە، حەزم لێیە ماچێکم بدەیتێ و لێ بگەڕێیت تۆزێك لێوەکانت بمژم.

وتی: ماچکردن لەم شوێنە گشتییە چۆن دەبێ؟

وتم: بۆچی، لە ئەوروپا لـە سـەر شۆسـتەی شـەقامەکان کـوڕ و کـچ یەکتری ماچ دەکەن، ئێمە لێرە لە نێـوان چـوار دیـوارین، کـەس ئاگـای لێمان نییە.

وتی: بەڵام دەبێ وریابیت، کەسێك نەمانبینێ.

کە ئەمەی وت، یەکسەر باوەشم پیاکرد و دەمم خستە نـاو دەمـی و لێوەکـانیم مـژی. هەسـتم بـە خۆشـییێکی زۆر کـرد، دەتـوت لـە ژیانمـدا ماچی کچم نەکردووە، نازانم لەبەر ئەوەی بە نهێنی ماچـم کـرد بۆیـە وا خۆش بوو یان لەبەر ئەوەی بە خەیاڵی سەردەمی جاحێڵی ماچـم کـرد، بۆیە وا خۆش بوو.

بـە هـەر حـاڵ، ئێمـەش هەسـتاین و چـووینە دەرەوە، تـاکو سـەر شـەقام لەگـەڵی ڕۆیشـتم، ئۆتـۆمبێلێکی تەکسـیم بـۆ ڕاگـرت و پـارەی تەکسییەکەشـم بـۆی دا، بـەر لـەوەی ماڵئـاوایی لێ بکـەم، لەگـەڵی ڕێککـەوتم کـە ڕۆژی دواتـریش لـە هـەمان کـات و شـوێن یـەکتری ببینینەوە.

کە گەڕامە ماڵەوە، بیرم هەر لای ئەو بـوو، لـە دڵـی خۆمـدا دەمـوت (تۆ بڵێی وەلید شتێکی لێ نەکردبێت، بۆیە کە ناوم هێنا، چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون و بە ڕقەوە باسی دەکرد) ئەمەو دەیان بیرۆکـەی تـر بـە خەیاڵمدا دەهات. هەندێك جـاریش لـە دڵـی خۆمـدا دەمـوت (لـە وانەیـە کچێنیی خۆی لە دەست دابێت، هەر بۆیـە وتـی دەمـەوێ تـەنها هـاوڕێ بین).

زۆرم بیر کردەوە، سەرم لێی دەرنەدەچوو، لەوانەیە لە ئەوروپا ئاسایی بێت کچ و کوڕ یان ژن و پیاو ببنە هاوڕێی یەکتری و سێکس لەگەڵ یەکتری بکەن، بەڵام لای ئێمە شتێکی نامۆیە و هێشتان نەبۆتە نەریت.

بەیانی چوومە بازاڕ و سەردانی سەبری بازرگانم کرد، ئاییپاتەکەی لە بەردەمی خۆی دانابوو، تەماشای دەکرد. منیش وتم: سەیری چی دەکەیت، هەواڵێکی نوێ لە بارەی خەباتەوە هەیە؟

وتی: پرۆفایلی خەباتم کردۆتەوە و سەیری دەکەم.

وتم: بۆچی؟

وتی: لە دوێنێ شەوەوە بیرم هەر لای ئەوە، کە وێنەکەم لە فێیسووك دابەزاند، گلەیی لێ کردم، وا خۆی پیشاندا کە پێی ناخۆشە، لە ماڵەوە براکەی کێشەی بۆ دروست دەکات، کەچی دەبینم ئێستا وێنەی خۆی داناوە و بە ئازادی شت دەنووسێ.

منیش وتم: بۆچی تۆ ئەوەندە خۆت بەو کچە سەرقاڵ کردووە، وازی لێ بێنەو هێندە بیری لێ مەکەوە.

وتی: ناتوانم وازی لێ بێنم، لە ناخمدا بەرامبەر بەو هەست بە خۆشەویستی دەکەم، بۆیە هەرچەندی هەوڵ دەدەم، ناتوانم بیری لێ نەکەمەوە.

کە ئەمەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر ئەو بزانێت من و ئەو دوێنێ بە یەکەوە بووینە و ماچم کردووە دەبێ چی بڵێ). من لەو

بیرکردنەوەیەدا بووم، ڕووی تیَ کردمو پێی وتم: تۆ چۆنی تێدەگەیت، تۆ بڵێی ئەویش منی خۆش نەویَ؟

وتم: پاش ئەوەی گلەیی بڵاوکردنەوەی وێنەکەی لیَ کردیت، هیچی تر لەگەڵت هاتەوە سەر خەت؟

وتی: دوێنیَ شەو لە ماسنجەر تا درەنگ بە یەکەوە لەسەر خەت بووین.

وتم: باسی چیتان کرد؟

وتی: من باسی ژیانی خۆمم بۆی کرد، ئەویش باسی ژیانی خۆی بۆ کردم.

وتم: باسی خۆشەویستیتان بۆ یەکتری نەکرد؟

وتی: سەرم لەم کچە دەرناچیَ، وەکو بڵێی هەستێکی شاراوەی بەرامبەر من، لە دڵی هەبێت، بەڵام نایەویَ دەریببڕێت.

وتم: ئەی تۆ چ هەستێکت بەرامبەر ئەو لە دڵدایە؟

وتی: ئەی پێم نەوتی لە دڵەوە خۆشم دەوێت.

وتم: خۆشەویستی بە تاك لایەنی نابێت، بۆچی هەستی خۆتت پێی نەوت؟

وتی: شەرمم کرد ئەم بابەتەی لەگەڵ بکەمەوە، نەوەك لێم تووڕە بێت و واز لە هاوڕێیەتی، بێنێت.

وتم: ئەگەر شتێکت پیَ بڵێم بە قسەم دەکەیت؟

وتی: چییە؟

وتم: ئەم کچە لەو کەسانە نییە کە تۆ تێی گەیشتوویت، وەکو من بزانم ئەو بۆخۆی بە دوای کەسێك دەگەڕێت پەیوەندی لەگەڵ ببەستێت.

وتی: چۆن دەزانیت؟

وتم: هەر ئێستا بە ماسنجەر نامەیەکی بۆ بنێرەو هەندێك بە شانو باڵ و جوانییەکەیدا بڵێ و داوای وێنەی لێ بکە، بزانە چی دەبێ؟

وتی: چی دەبێ؟

وتم: ئەوەی پێت دەڵێم تۆ وا بکە و هەقت بە سەر هیچەوە نەبێ، ئەو کات دەزانیت چی ڕوو دەدات.

کە ئەمەم پێی وت، بە قسەی کردم، نامەیەکی بۆی نووسی و پێی وت (وێنەکەت زۆر جوان و نایابە).

دەمودەست وەڵامی دایەوە و وێنەیەکی پۆرترێتی خۆی بۆ نارد و پێی وت (ئەم وێنەیەت بە دڵە؟).

سەبری بازرگانیش پێی وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، وێنەیەکی خۆی بۆ ناردم، دەپرسێت ئەم وێنەیەت بە دڵە؟ چی پێ بڵێم؟

وتم: پێی بڵێ ماشەڵڵا لەو جوانییە کە خوا پێی داویت، دەڵێی فریشتەیت.

ئەویش بە قسەی کردم و ئەوەی بۆ نووسی. هێندەی نەبرد دوو وێنەی تری بۆ نارد، وتی ئەی ئەم وێنانە چۆنن؟

منیش بە سەبریم وت: بۆی بنووسە لە جوانیدا شەڕ لەگەڵ ڕۆژ دەکەیت، ئەمەی پێ بڵێ و وازی لێ بێنە، پێی بڵێ ئیش‌وکارم هەیە دوایی قسەت لەگەڵ دەکەمەوە.

وتی: بۆچی، حەزدەکەم لەگەڵی بەردەوام بم.

وتم: لێی گەڕێ، با من و تۆ هەندێك قسە لەگەڵ یەکتری بکەین، کە من ڕۆیشتم، ئەوجا قسەی لەگەڵ بکە.

ئیتر ئەوەبوو، ماڵئاوایی لێ کرد و ڕووی لە من کرد، پێی وتم: دەڵێی تۆ شتێك لەو کچە دەزانیت و ناتەوێ پێم بڵێیت؟

وتم: نەخێر هیچی لێ نازانم.

وتی: ئەی چۆن زانیت ئەگەر بە شان‌و باڵی‌و جوانیەکەیدا هەڵبدەم وێنەی ترم بۆ دەنێرێت؟

وتم: تۆ لەمە بگەڕێ، گرینگ ئەوەیە تۆ بەو گەیشتیت.

وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، لەو ڕۆژەی ئەوم ناسیوە کەوتۆتە ناو دڵم، زۆرم خۆش دەوێ.

کە ئەمەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم (مادام هاوڕێکەم ئەو کچەی خۆش دەوێ، هەرچی زووە دەبێ کۆتایی بە پەیوەندیی سۆزداری خۆم و ئەو کچە بهێنم).

ئیتر ئەوەبوو، ڕۆژی دواتر کە لە ڕیستورانتی (دوو بە دوو) بە دیداری یەك گەیشتینەوە، پێم وت: پێت چۆنە گەشتێك بۆ دەرەوەی شاری هەولێر بکەین، کاتێکی خۆش بە سەر ببەین؟

وتی: بۆ کویێ بچین؟

وتم: پێم خۆشـە هاوڕێیـەکی کـچ لەگـەڵ خـۆت بێنیـت، هاوڕێیـەکی بازرگـانم هەیـە، ئـەو ئۆتـۆمبێلی هەیـە، پێـی دەڵـێم لەگـەڵمان بێـت، هەرچوارمان دەبینە هاوڕێ، لەمەودوا، هەرجاری بۆ شوێنێك دەچین.

وتی: بیرۆکەیەکی باشە، تۆ قسە لەگـەڵ هاوڕێیەکـەت بکـە، منـیش کچـێکی هـاوڕێم هەیـە، پێـی دەڵـێم خـۆی ئامـادە بکـات، هـەرکاتێك ویستتان ئێمە لەگەڵتان دێین.

ئیتر ئەوەبوو، بۆ ڕۆژی دوایی چوومە لای سەبری بازرگانی هـاوڕێم، پــێم وت: لەگـــەڵ خـــاتوو خـــەبات گەشـــتێکم بـــۆ دەرەوەی شـــار ڕێکخستووە. پێم وتووە هاوڕێیەکی کچ لەگەڵ خۆی بێنێت، تا بە چوار قۆڵی کاتێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر ببەین.

کە ئەمەم پێی وت، زۆر کەیفی هات، لە خۆشییان وەخـت بـوو بـاڵ بگرێـت و بفڕێـت، وتـی: نـازانم چـۆن پاداشـتی ئـەوەت بدەمـەوە، تـۆ ڕێگاکەت بۆ کورت کردمەوە و ئەم هیوایەت بـۆ هێنامـەدی، لـە سـایەی تۆوە دەتوانم بە نازدار حەیرانەکەم بگەم.

بە هەرحاڵ، شەوێ لەگـەڵ خـەبات چـوومە سـەر خـەت، لـە ڕێگـای ماسنجەرەوە قسەم لەگـەڵ کـردو پـێم وت: قسـەم لەگـەڵ هاوڕێیەکـەم کرد، ڕێککەوتین. ئەگـەر ئێـوە ئامـادەبن، بـەیانی گەشـتێك بـۆ شـاری کۆیە دەکەین.

وتی: منیش قسەم لەگەڵ کچێکی هاوڕێم کردووە، ئەویش ئامادەیی خۆی نیشان داوە، هەردووکمان لەگەڵتان دێین.

ئـیتر ئـەوەبوو، بـەیانی مـن و سـەبری بازرگـان بـە ئۆتۆمبێلەکـەی چووینە گەڕەکی سەیداوە، لـەوێ خـاتوو خـەباتمان هـەڵگرت، دوایـیش چـووینە بـەردەم بەشـی نـاوخۆی کچـان و هاوڕێیەکـەی ئەویشـمان هەڵگرت.

بەرەو شاری کۆیە بـەڕێ کـەوتین، هەرچـەند مـن زۆر جـاری تـریش چووبوومە شاری کۆیـە، بـەڵام وەکـو خـاتوو خـەبات شـارەزای شـوێنە خۆشەکانی ئەو شارە نەبووم، وتی: بـا بچـینە پارکەکـەی بنـار شـاخی هەیبەت سولتان، لـەوێ کورسـی و مێـزی لێیـەو شـوێنێکی خۆشـە بـۆ دانیشـتن. تـا پـێش نیـوەڕۆ لـەوێ دەبـین، دوایـی دەچـینە نـاو قەیسەرییەکە و چاوێك بە دووکانەکانی ناو قەیسەرییەکە دەخشـێنین و هەندێك شـت دەکـڕین، دوایـیش دەچـینە گونـدی کـانی وەتمـان لـەوێ چێشتخانەی گەشتیاری لێیە، چێشتی نیوەڕۆ لەوێ دەخۆین.

ئیتر ئەوەبوو، تا گەیشتینە شاری کۆیـە، سـەبری بازرگـانی هـاوڕێم کاسێتێکی گۆرانییەکانی تاهیر تـۆفیقی خسـتە سـەر. سـەبری بازرگـان ئۆتۆمبێلەکـەی لێـدەخوڕی، منـیش لـە تەنیشـتی دانیشـتبووم، خـاتوو خەباتیش لەگەڵ کچەکەی تر لە کوشنی پشتەوە دانیشتبوون.

بـە درێـژایی ڕێگـا بـیرم لـەوە دەکـردەوە کـە دەبـێ لەبـەر خـاتری هاوڕێکەم، شتێکی وا بکەم، کە خاتوو خەبات واز لـە مـن بێنێـت، دڵـی بکەوێتە سەر هاوڕێکەم. بۆیە کە گەیشتینە جێ، لەگەڵ گەیشتنمان بۆ باخچە گشتییەکە، ڕووم لە سەبری کرد و پێم وت: تۆ و خـاتوو خـەبات

برۆنە ژێر دارێك و من و ئەم خاتوونەش دەچینە ژێر دارێکی ترەوە، تاکو حورپییەتی خۆمان وەربگرین‌و کاتێکی خۆش بەسەر ببەین.

خاتوو خەبات لە مەبەستم نەگەیشت، نەیزانی بۆچی وا دەڵێم، تا گەیشتینە ژێر دارەکە، ناوە ناوە ئاورێکی لێ دەدامەوە و سەیری دەکردم. منیش خۆم لێی بێ ئاگاکرد، بەسەر خۆمم نەهێنا، دەستی کچەکەم گرت، وەك دوو هاورێ، کە چەندین ساڵە یەکتری دەناسن وا هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکرد. زیاتر مەبەستم ئەوەبوو، بە دیتنی ئەم دیمەنە، خەبات لە من بێ ئومێد بێت و دڵی بکەوێتە سەر هاورێکەم.

بە هەرحاڵ، ئەوان خەریکی خۆیان بوون و ئێمەش بە یەکەوە دانیشتین و دڵی خۆمان بۆ یەکتری کردەوە. لە کچەکەم پرسی: بە گوێرەی ئەوەی لە بەردەم بەشی ناوخۆ هەڵمانگرتی، دەبێ قوتابی زانکۆ بیت؟

وتی: قوتابی قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی ئینگلیزیم.

وتم: منیش فەرمانبەرم لە فەرمانگەیەکی شاری هەولێر.

وتی: خۆشحاڵم بە ناسینت.

وتم: لە یەکەم چرکە کە تۆم بینی کەوتیتە ناو دڵم، لە ناو چاوە جوانەکانت سۆزو خۆشەویستی بەدی دەکەم.

کە ئەمەم وت، سەیری ناو چاوەکانی کردم و هیچ دەنگی نەکرد. منیش دەستم گرت و توند گوشیم، دوایش ئامێزم پیا کرد، ویستم ماچی بکەم، دەمی دوور خستەوە، وتی: حەزناکەم ماچم بکەیت.

منیش وتم: ئێستا من و تۆ خۆشەویستی یەکترین، لێگەڕێ با ماچت کەم، زۆرم حەز لێیە لێوەکانت بمژم.

وتی: بەڵێنت پێدەدەم، جارێکی تر کە یەکتریمان دیتەوە ماچت دەدەمێ.

بەم شێوەیە، بەدەم دانیشتنەوە، دەستەکانیم دەگوشین و ڕانە نەرمونۆڵەکەشم بۆی دەشێلا. زۆری پێ خۆش بوون لە خۆشییان جووڵەی لە خۆی بڕیبوو، هەرچەند جاری سەرپەنجەکانیم دەگوشی و دەستم بە ڕوومەتی دادێنان لە خۆشییان موچڕکی پێدا دەهات.

سەبری بازرگانی هاوڕێشم لەگەڵ خەبات چووبوونە ئامێزی یەکتر و ئەوانیش وەکو ئێمە خەریکی دەستبازی بوون.

هێشتان لە دانیشتنی ئەو کچە تێر نەبووبووم، سێ کوڕی گەنج لە نزیك ئێمە دانیشتن و چەند بتڵێك ئارەقیان لە بەر دەمی خۆیان دانا و دەستیان کرد بە خواردنەوەی ئارەق.

منیش بە ناچاری هەستام و بە کچەکەم وت: تا ئەو گەنجانە سەرخۆش نەبوونەو هەڵەیەکیان بەرامبەر ئێمە نەکردووە، با بڕۆین، ئێرە بەجێ بهێڵین.

هەردووکمان هەستاین و چووینە لای سەبری بازرگان و خاتوو خەبات. پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد، وا زوو ئەوێ بەجێ بهێڵین، ئەوان تازە گەرم ببوون، لە دونیای سۆز و خۆشەویستی نقوم ببوون، هۆشیان لای خۆیان نەبوو. سەبری بازرگان دەمی خستبووە ناو دەمی

خەبات و دەستیشی خستبووە ناو سینگ و مەمکی. دیمەنێکی ڕۆمانسیی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ڕووم لە کچە قوتابییەکەی هاوڕێم کرد و پێم وت: دەبینی ئەوان لە من و لە تۆ بوێرترن، دەمیان خستۆتە ناو دەمی یەکتری و یەکتری ماچ دەکەن، کەچی تۆ ڕووی خۆت لێم وەرگێڕا و نەتهێشت ماچێکت لێ بکەم؟

وتی: بەڵێنت پێدەدەم، جارێکی تر ماچت دەدەمێ.

وتم: تاکو جارێکی تر دەتبینمەوە، هەر بە هیوای ئەو ماچەم.

ئیتر ئەوەبوو، هەردووکمان بە دیار خەبات و سەبری بازرگان ڕاوەستاین، هەردووکیان لە ئامێزی یەکتر بوون، سەبری مەمکی خەباتی خستبووە ناو دەمی، وەکو منداڵی ساوا دەیمژی. ئەوان هیچ ئاگایان لە ئێمە نەبوو، دەتوت لە دونیایەکی ترن، لە خۆشییان مەست و حەیران بوون.

دەستم خستە سەر شانی سەبری و پێم وت: ئەرێ برام ئێوە لە یەکتری تێر نەبوون؟

دەتوت لە خەوێکی قورسە، کە ئەمەم پێی وت، ڕاچڵەکی، وتی: بۆچی هەستان، جارێ زوو نەبوو؟

منیش وتم: تا دەچینە ناو قەیسەری و سەیرێکی دووکانە مێژووییەکانی سەردەمی عوسمانییەکان دەکەین، دەبێتە نیوەڕۆ.

کە ئەمەم پێی وت، سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد و ڕووی لە خەبات کرد و وتی: خەبات گیان ئەوان ڕاست دەکەن، زۆر درەنگە، با بڕۆین.

ئەویش قۆپچەی قەمیسەکەی داخستەوە و دەستی بە سەرو قژی داهێنا و وتی: خەجاڵەتم بەم شێوەیە ئێمەتان بینی، بڕوام پێبکەن، من هیچ مەبەستم ئەوە نەبوو، بەڵام سەبری لێم نەگەڕا و منی خستە داوی خۆشەویستییەوە.

منیش وتم: چی تیایە، ئێوە بۆ یەکتری باشن، نە تۆ لەو باشترت دەست دەکەوێ، نە ئەویش کچێکی لە تۆ جوانتر و ناسکتری دەست دەکەوێ.

وتی: بەخۆشم نەمزانی چۆن خۆم دایە دەستی.

منیش وتم: لە چاوەکانتان دیارە ئێوە ئاشقی یەکتری بوونە و یەکتریتان خۆش دەوێ.

ئەمەم وت و دەستم خستە سەر شانی کچە قوتابییەکە و وتم: پێویست ناکات شەرم لە ئێمە بکەن، منیش ئەم کچە جوانەم خۆش دەوێ و ئەویش منی خۆش دەوێ، ئیتر لەمەودوا هەر چوارمان بە یەکەوە، هەرجارەی دەچینە شوێنێکی خۆش و ژیانێکی ڕۆمانسی نوێ دەست پێدەکەین.

کە ئەمەم وت، سەیرێکی کچە قوتابییەکەی کردوو بە سەرسوڕمانەوە پێی وت: ئەوە ڕاستە؟

ئەویش پێکەنی و هیچ دەنگی نەکرد.

بــە هــەرحاڵ، ســواری ئۆتۆمبێلەکــە بــووین و چــووینە بــەردەم قەیســەرییەکە، سـەبری بازرگـان ئێمـەی لـەوێ دانـا وتــی: ئێـوە لێـرە دابەزن، منیش ئۆتۆمبێلەکە دەبەمە گەراج و دێمەوە لاتان.

دوای کــەمێك ئــەویش هاتــەوە لامــان، وتــی: بۆئــەوەی حورِییــەتی خۆتان وەربگرن، من و خەبات بە یەکەوە دەبـین، ئێـوەش بـە یەکـەوە بن، دوای کاتژمێرێکی تر دەگەڕێینەوە گەراج و لەوێ دەتانبینینەوە.

ئــەوان بــە لایەکـدا ڕۆیشــتن و ئێمــەش بــۆ لایــەکی تــر، هەرچــەند دووکانــەکانی نــاو قەیســەرییەکە زۆر بچــووك و کــۆن بــوون، بــەڵام جلوبەرگی ژنانەی جوانیان هەبوو. بە کچـە قوتابییەکـەم وت: لـە سـەر حسێبی من دوو پارچە جلی جوان هەڵگرە.

کە ئەمەم پێی وت: نەیوت نا، بۆ لای جلوبەرگـەکان ڕۆیشـت و سـێ قەمیسی هەڵگرت، دوای تاقیکردنەوەیان وتی: ئەم قەمیسانە جوانن؟

وتم: هەموویان جوانن.

وتی: نازانم کامەیان هەڵبگرم.

منیش وتم: مادام بەلاتەوە جوانن، هەر سێکیان بۆخـۆت هـەڵبگرە، ئەمە دیاری منە بۆ تۆ.

دووکاندارەکە کە ئەمەی گوێ لێ بوو لێی وەرگرت و بۆی پێچایەوە و دایــەوە دەســتی. دووکانەکــەمان بــەجێ هێشــت و چــووینە لای دووکانەکانی تر و سەیری جلوبەرگەکانمان دەکرد، پێم وت: حـەزت لـە هەر شتێك بوو، شەرم مەکە، لە سەر حسێبی من بۆ خۆت هەڵیبگرە.

وتی: تەنها ئەوانەم بە دڵ بوو، شەرم ناکەم.

کە گەڕاینەوە گەراج، سەبری بازرگان و خەباتم بینی، لە لای ئۆتۆمبێلەکە وەستابوون، چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، کە خەبات چاوی بە زەرفەکە کەوت، وتی: دیارە ئێوەش وەکو ئێمە شتتان کڕیوە؟

کچە قوتابییەکەش قەمیسەکانی لە ناو زەرفەکە دەرهێنا و پیشانی دا، وتی: ئەم قەمیسانەی بە دیاری بۆ کڕیوم.

خەباتیش لە ناو کیسەکەی دەستی، قەمیس و تەنوورەیەکی دەرهێنا وتی: منیش ئەم دیارییانەم بۆ کڕاوە.

دوای ئەوە بەڕێ کەوتین بۆ گوندی کانی وەتمان لە سەر ڕێگای سلێمانی، لە چێشتخانەیەکی ئەوێ چێشتی نیوەڕۆمان خوارد. دوای پشوویێکی کورت، بە ڕێگای سماقوولی گەڕاینەوە، لە دۆڵی سماقوولی لاماندایە چایخانەیەك، چایەکی شیرینمان خواردەوە، ئینجا گەڕاینەوە شاری هەولێر.

لە ڕێگا، خەبات بە تیلی چاو سەیری منی دەکرد، وەکو ئەوەی کە بیەوێ شتێکم پێ بڵێ، بەڵام هیچی نەوت.

کە سەیری چاوەکانیم دەکرد، کۆمەڵێك پرسیاری بێ وەڵامم لە ناو چاوەکانی دەخوێندەوە، لە دڵی خۆمدا وتم (ئێستا دەڵێ چونکە ئەو کچە لە من گەنجتر و جوانترە، بۆیە وازی لە من هێنا و بووە هاوڕێی ئەو. ئەو نازانێت، سەبری بازرگانی هاوڕێم شێت و شەیدای ئەوە، بۆیە دەستبەرداری بووم).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، سەبری بازرگان پێی وتم: ئێوە کەسێکی زۆر ڕۆمانسین، یەکەم جارە لەگەڵ ئەم کچە قوتابییە یەکتری ببینن، کەچی زوو ئاشقی یەك بوون.

منیش وتم: ئێوە جیاوازیتان چییە لەگەڵ ئێمە، ئەوە نییە ئێوەش ئاشقی یەك بوونە، وەکو شیرین و فەرهاد شێت و شەیدای یەکتر بوونە.

ئەویش وتی: ڕاستە من ئاشقی خەباتم و بۆی شێت و شەیدا بوومە، بەڵام ئەو تاکو ئێستاش پێم دەڵێ (نە من دەبمە زولێخا و نە تۆش بۆ من دەبیتە یووسف) وەك ئاماژەیەك کە ئەو هێشتان دڵی خۆی بە من نەداوە.

منیش ڕووم لە خەبات کرد و بە پێکەنینەوە پێم وت: ئەو دیمەنە ڕۆمانسییەی کە من بینیم، کە لە ئامێزی یەکتری بوون و دەمتان لە ناو دەمی یەك بوو، دیمەنێکی ئاسایی نەبوو. بە دیمەنی دوو ئاشقی شێت و شەیدای یەك دەچوو، بۆیە ئەگەر ئێوە یووسف و زولێخاش نەبن، گومانم نییە کە شیرین و فەرهادن بۆ یەکتری.

سەبری بازرگان وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، ئێمە ئاشقی یەکین، بەڵام خەبات شەرم دەکات، بۆیە وا دەڵێ.

تا گەیشتینەوە هەولێر، شەومان بە سەر داهات، قوتابییەکە وتی: یەك کاتژمێر لە کاتی خۆی دوا کەوتووم، سەرپەرشتیاری بەشە ناوخۆیییەکەمان بمبینێ سەرزەنشتم دەکات و قسەی ناشیرینم پێدەڵێ.

منیش وتم: بۆچی؟

وتـــی: دوای کاتـــژمێر شەشـــی ئێـــوارە، دەرگـــای بەشـــی نـــاوخۆ دادەخرێت، ئەو قوتابییەی دوا بکەوێت، سزا دەدرێت و ئاگـاداری بـاوك و دایکی دەکرێتەوە. من زۆر دەترسم تەلەفۆن بـۆ بـاوکم بکـەن و پێـی بڵێن کە درەنگ گەڕاومەتـەوە بەشـی نـاوخۆ، بـاوکم کەسـێکی تـووڕەو تونـدە، ئەگـەر ئـەوە بزانێـت، لـە کۆلێـژ دەرمـدەهێنێتو لێ ناگـەڕێت خوێندنم تەواو بکەم.

خــەباتیش پێــی وت: پێویســت ناکـا بترسـیت، لەگـەڵت دێمـە لای سەرپەرشتیارەکەتان، پێی دەڵێم کە من پووری تۆمـە، لـە مـاڵی ئێمـە بوویت، بە هۆی منەوە دوا کەوتوویت.

منیش بە پێکەنینەوە پێم وت: جیاوازی تەمەن بۆ ڕۆژێکی وا باشە، سەرپەرشتیاری بەشی ناوخۆ گوێی لەوە بێتن بڕوات پێدەکات.

ئیتر ئەوەبوو، هەردووکیان بە یەکەوە چوونە بەشە ناوخۆییەکە.

دوای تۆزێك خەبات بە پێکەنینـەوە گەڕایـەوە لای ئێمـە و ڕووی لـە من کرد وتی: چیت دەوێ، خۆم کـردە پـووری خۆشەویسـتەکەت، ئـیتر لەمــەودوا کێشــەی گەڕانــەوەی درەنگیشــمان نابێــت، سەرپەرشــتیاری بەشی ناوخۆ وتی (مادام تۆ پووری ئەویت، هەرجارێك ویستت دەتـوانی لەگەڵ خۆت بیبەیتە ماڵەوە).

دوای ئــەو دیــدارە، مــانگی ڕەمــەزان هــات و کــاتی ئەزموونــەکانی کۆتایی ساڵیش دەستی پێکرد، بۆیە جارێکی تر یـەکتریمان نەدیتـەوە،

بە تەلەفۆن ئاگامان لە یەکتری بوو، بەڵام لە نزیکەوە نەمانتوانی جارێکی تر چوار قۆڵی گەشتێکی تر بۆ دەرەوەی شاری هەولێر بکەینەوە.

دواجار تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی: ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵم وەرگرتووە و بەیانی بەیەکجاری دەگەڕێمەوە گوندەکەمان.

منیش پێم وت: هەندێك دیاریم بۆت کڕیوە، حەزدەکەم لە شوێنێك یەکتری ببینین، تا پێتی بدەم.

وتی: بەیانی پێش نیوەڕۆ لە بەردەم بەشە ناوخۆییەکەمان چاوەڕێت دەکەم.

دیارییەکانم خستە ناو زەرفێکەوە و چوومە لای. لە ڕێگا یادی ئەو ڕۆژە خۆشەم دەکردەوە کە لە پارکی کۆیە لە بنار شاخی هەیبەت سوڵتان لە ئامێزی یەکتری بووین، دەستم بە قژی دادەهێنا و سەرپەنجەکانیم دەگوشی، لە دڵی خۆمدا دەموت (ماچێکم قەرزارە، بەڵێنی پێداوم ئەمجارە بمبینێ، قەرزەکەم بداتەوە و ماچێکم بداتێ).

بە دەم ئەم خەیاڵانەوە دەڕۆیشتم، کە گەیشتمە لای بەشە ناوخۆییەکەیان، لە سەر شۆستەی شەقامەکە، لە ژێر دارێك لەگەڵ کچێکی تر وەستابوو، چاوەڕێی منی دەکرد، کە چاوی پێم کەوت، کورتە نامەیەکی بە مۆبایل بۆ ناردم، داوای لێ کردم، ڕەفتارێکی وا نەکەم، ئەو کچەی کە لە گەڵیدایە، هەست بە پەیوەندیی نێوانمان بکات.

بەم شێوەیە، کە چوومە لایان وەکو دوو کەس، کە دەستنوێژیان لە یەکتری بشکێت وا هەڵسوکەوتم لەگەڵ کرد، دیارییەکانم دایە و هیـوای سەرکەوتنم بۆی خواست و ماڵئاواییم لێی کرد. تا لەبەرچاوەکانم ون بوون، بە پەرۆشەوە سەیری یەکتریمان دەکرد.

دوای چەند ڕۆژێك تەلەفۆنم بۆی کرد و داوام لێی کرد بە سەردان بێتە هەولێر و چاومان بە یەکتری بکەوێتەوە.

وتی: گوندەکەی ئێمە سەد کیلۆمەتر لە شاری هەولێر دوورە، خانەوادەکەمان عەشایەرین، ڕێگا نادەن بە تەنیا بچینە دەرەوە، بۆیە تا ئەو کاتەی لە شوێنێك دادەمەزرێم، ناتوانم بتبینمەوە).

بەم شێوەیە، لە یەکتری دابڕاین و هیچی تر یەکتریمان نەدیتەوە. منیش هەرچەند جاری ڕێم دەکەوتە شاری کۆیەو بە تەنیشت پارکەکە تێدەپەڕیم، یادی ئەو ڕۆژە خۆشەم دەکردەوە کە لەگەڵ ئەو لە ئامێزی یەکتری بووین و دەستە نەرمونۆڵەکانیم دەگوشی.

***

## ( شەوکەت ئەفەندی ژنێکی عەرەب لەسەر گەلەرییەکەی دادەنێ )

ماوەیەکی زۆر بوو، شەوکەت ئەفەندیم نەبینیبوو، تەلەفۆنم بۆی کرد، پێم وت: ئەگەر کاتت هەبێت، دەمەوێ بێمە لات.

وتی: منیش بیرت دەکەم، حەزدەکەم چاوم پێت بکەوێ.

کە چوومە لای، بینیم لە لایەکی گەلەرییەکەی ئامێرێکی فۆتۆ کۆپی و کورسی و مێزێکی داناوە و ئافرەتێکی جوان و جاحێڵی ڕەنگ ئەسمەری لە سەر داناوە. سڵاوم لێ کردن، ژنەکە بە زمانی عەرەبی سڵاوەکەی لێ وەرگرتمەوە. بە شەوکەت ئەفەندیم وت: ماوەیەکە نەمبینیوی، گۆڕانکاری زۆر لێرە ڕوویان داوە.

ئیشارەتی بۆ ژنە عەرەبەکەی پشت مێزەکە کرد، وتی: ئەم ژنە عەرەبە بەستەزمانە، پیاوەکەی بە دەستی داعش کوژراوە، خەڵکی شاری مووسڵە و ئاوارەی کوردستان بووە، کەسێکی زمان زانە، لە بواری چاپکردن و فۆتۆکۆپیش شارەزاییەکی زۆر باشی هەیە. لە

سووچـێکی گەلەرییەکـەم، ئـەم نووسـینگەیەم بـۆی کردۆتـەوە، کـاری چاپکردن و وەرگێڕان دەکات.

که سەیری ژنە عەرەبەکەم کرد، جلوبەرگێکی نیمچـە ڕووتـی لەبـەر کردبوو، قۆپچەیەکی کراسەکەشی کردبۆوە، هەردوو مەمکـەکانی وەکـو سـێوی بـەدارێوە دیـار بـوون، بـە چاوەکانیشـی لـە دوورەوە پیـاوی دەڕفانـد. بـە شـەوکەت ئەفەنـدیم وت: ژنێکـی جوانـە، لـەوە ناچـێ هاوسەرەکەی کوژرابێت، هیچ خەمباری پێوە دیار نییە، بـە چـاوەکانی دڵی پیاو دەڕفێنێ.

وتی: لە بەر ئەوەیە منیش لای خۆم داناوە.

وتم: چۆن ئەوت ناسی؟ بە ڕێکەوت بوو، یان بۆیان هێنایت؟

وتـی: ئـەو ژنـە، دوای ئـەوەی هاوسـەرەکەی بـە دەسـتی داعـش دەکوژرێت و ئاوارەی کوردستان دەبێت، پیاوێکی دەوڵەمەند، بـە دزی ژن و منداڵەکانی بە عورفی دەیهێنێت و لە سەرەوەی گەلەرییەکەی من دووکـانێکی چـاپو کـۆپی و وەرگێڕانـی بـۆ دەکاتـەوە. ماوەیەکـە کـار دەکات، لەم ڕۆژانـە، کـە چـوومە دەرەوە، بینـیم هەنـدێك کـوڕی گـەنج هەڵیانکوتاوەتە سەری و هەڕەشەی لێ دەکەن و پێی دەڵێن (ئەگەر لـە باوکمـان جیـا نەبیتـەوە دەتکـوژین). ئـەویش لێیـان دەپاڕایـەوە، بـە گریانــەوە پێــی دەوتــن (هاوســەرەکەم پێــی نەوتوومــە کەســێکی خێزانــدارە، دەنــا هاوســەرگیریم لەگــەڵ نــەدەکرد). لــەو کاتەشــدا، هاوسەرەکەی هاتەوە، کە چاوی بە منداڵەکانی کەوت، هەڵیانکوتاوەتـە

سەر هاوسەرە نوێیەکەی، ڕووی لە منداڵەکانی کرد و وتی(ساڵێك زیاترە، دایکتان لە سەر جێگا کەوتووە و نەخۆشە، لەوە زیاتر ناتوانم بەرگە بگرم، بۆیە ئەم ژنەم هێناوە).

شەوکەت ئەفەندی بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو ژنە عەرەبە وتی: کوڕەکانی هەر بەوەندە نەوەستان، لە بەردەم باوکیان، پەلاماری ئەو ژنەیان دا و بە شەق ڕایانکێشایە سەر شەقام. دوایی خەڵکانێك کەوتنە بەینیان و ژنەکەیان لە ژێر چنگی ئەو کوڕانە دەرهێنا، بە ژنەکەیان وت (تۆ ژنێکی جوان و جاحێڵی، ئەم پیاوە نا دەیانی تر مەمنوونت دەبن هاوسەرگیرییان لەگەڵ بکەیت، بۆچی لێی جیا نابیتەوە؟). ئەویش ئەمەی پێ باش بوو، بۆیە بە هاوسەرەکەی وت (هەر ئێستا دەستم لێ بکەوە، تۆ کەسێکی بێ هەڵوێست و لاوازی ناتوانی بەرگریم لێ بکەیت). ئیتر ئەوە بوو، ئەویش لە بەردەم ئێمە دەستی لێ بەردا.

منیش وتم: خۆی داوای لێ کردیت یان تۆ پێت وت بێتە لات کار بکات؟

وتی: وەکو پێم وتی، ئەو هیچ کەسێکی لێرە نییە، بۆیە بەزەییم پێی هاتەوە و لای خۆم دامنا.

منیش بە پێکەنینەوە پێم وت: لە کەیەوە تۆ وات لێهاتووە بەزەییت بە ژنان بێتەوە، مەگەر ئەم ماستەش مووێکی تیا نەبێت!!

وتی: هیچی تر زانیاریت بە خۆڕایی پێ نادەم، تاکو تۆش باسی ئەو چەند ڕۆژەی خۆتم بۆ نەکەیت، بزانم ئەو ماوەیە لە کوێ بوویت و چیت کردووە.

وتم: لە بەر ڕۆشنایی ئەو دەرسانەی کە لە تۆ فێربووم، پەیوەندییێکی سۆزداریم لەگەڵ کچێکی قوتابی بەست.

وتی: بە درێژی بۆم باس بکە، بزانم سەرکەوتوو بوویت یان نا؟

کە چیرۆکەکەم بۆی گێڕایەوە، وتی: هەوڵێکی خراپ نییە، بەڵام چەند هەڵەیەکت کردووە، جارێکی تر دووبارەیان مەکەوە.

وتم: وەکو چی؟

وتی: پەیوەندی بەستن لەگەڵ کچێکی قوتابی باش نییە، ئەو جۆرە کەسانە بەپێی تەمەنەکەیان، کەم ئەزموونن، نهێنی پارێز نین لای هاوڕێیەکانیان باسی دەکەن، لەوانەیە لە داهاتوودا کێشەت بۆ دروست بکەن. هەروەها تۆ چۆن ئەم هەموو دیارییەت بە جارێك بۆی کڕیوە، بەر لەوەی ماچێکت بداتێ.

منیش وتم: داوای ماچم لێی کرد، یەکەم جاری بوو، پەیوەندیی سۆزداری ببەستێ، بۆیە شەرمی کرد ماچم بداتێ، بەڵام بەڵێنی پێدام کە جارێکی تر ماچم بداتێ.

وتی: ئەو جۆرە کچانە فێڵبازن، بە پیاو ڕادەبوێرن، هەموو ئامانجیان ئەوەیە بێ بەرامبەر پارەو پوولیان دەست کەوێت. لە مەودوا تا شتێکت لێیان دەست نەکەوێت، شتێکیان پێ مەبەخشە.

منیش وتم: تۆش باسی ئەم ژنە عەرەبەم بۆ بکە، بە نیازی چیت، ناکات تۆش ئەوت بە عورفی هێنابێت؟

وتی: چۆن شتی وا دەکەم، هەرچەندە ژنەکەم لە وڵاتی سویسرا دەژی، بەڵام کچەکەم لێرەیەو لەسەر منی کردۆتە سیخوڕ، ڕۆژی چەند جارێك تەلەفۆنم بۆ دەکات و لە ئەهواڵم دەپرسێت. ئەگەر ئەوە بکەم، خێرخواز زۆرن لێم ئاشکرا بکەن و هەواڵی پێبدەن تا کێشەم بۆ دروست بێت.

منیش وتم: ئەگەر بە عورف ئەم ژنەت نەهێناوە، ئەی بۆچی لای خۆت داتناوە؟

وتی: نهۆمی سەرەوەی خانووەکەی خۆم بە خۆڕایی داوەتێ، شەوانیش تا درەنگ بە یەکەوە دادەنیشین و بەیەکەوە سەری خۆمان گەرم دەکەین و قسەی خۆشیش بۆ یەك دەکەین، دوایی دەخەوین.

منیش وتم: ئەوەی ئێوە دەیکەن، چ جیاوازییێکی هەیە لەگەڵ ژن و مێردایەتی؟

بە پێکەنینەوە وتی: لەوەتی ئەو ژنەم لای خۆم داناوە، لەجیاتی ئەوەی بچمە شوێنی مەساج بۆ لای ژنە چینییەکان بۆ مەساجکردن، ئەو لەماڵەوە زۆر بە جوانی مەساجم بۆ دەکات و هەندێك دەستبازیشی لەگەڵ دەکەم.

منیش وتم: چۆن شتی وا دەبێ، دەترسم مارەت کردبێت؟

کە وام پێی وت، لە قاقای پێکەنینی دا وتی: نا نا تۆش گاڵتە نی، خەریکە لە خانمبازی تێدەگەیت!

منـیش وتم: قوتـابی تـۆم، هـەر ڕۆژی لـە خانمبـازی شـتێکت لێ فێردەبم.

وتی: پێم باشە گەشتێك بۆ وڵاتێکی ڕۆخ دەریا بکەیت. سەرەتا لەوێوە دەست پێبکە، تا شارەزا دەبیت و چاوەکانت دەکرێنەوە، ئینجا لێرە سەرکەوتوو دەبیت.

منیش وتم: بۆچی وڵاتی ڕۆخ دەریا؟

وتـی: لـەم وڵاتانـە، گەشـتیاران لـە هـەموو شـوێنێکەوە ڕووی تێدەکەن، بە تایبەتی ژنـە ڕووسـی و ئۆکرانییـەکان، تیایانـدا هەیـە بـە دوای پیاوێك دەگەڕێ، ماوەیەك لەگەڵی بێت.

وتم: چۆن؟

وتی: تۆ بڕۆ ئەوێ، ئەوکات هەموو شتێك دەزانیت.

کە گەڕامەوە ماڵەوە، بـیرم هـەر لای قسـەکانی شـەوکەت ئەفەنـدی بوو، لە دڵی خۆمدا وتم (ئـەو خانمبـازە زۆربـەی ژیـانی لـە وڵاتـانی ڕۆخ دەریا بەسەر بردووە، بۆیە وا شارەزا بووە و لەگـەڵ ئـەو هـەموو ژنانـە خەوتووە و سکی زۆربەیانیشی پڕ کردووە. تەنانت ئەو کاتـەش کـە بـۆ باشووری عێراق دوور خراوەتەوە، لەجیاتی کوردایـەتی، هـەر خـەریکی ژنان بووە).

ئیتر ئەوەبوو، چاوێکم خشاند بە ڕیکلامـەکانی فێسـبووك، بـە دوای کۆمپانیایەکی خۆماڵی دەگـەڕام، بـۆ ئـەوەی گەشـتی لەگـەڵ بکـەم بـۆ وڵاتێکی ڕۆخ دەریا. هەرچەندە من پێشتر بـۆ سـوریا و تورکیـا گەشـتم

کردبوو، پێش ئەوەی سوریا تووشی شەڕی ناوخۆ و هێرشەکانی داعش بێت، لەگەڵ چەند هاوڕێیەك چووینە سوریا، چەند شەوێك لە شاری دیمەشق و تەڕتووس ماینەوە. دیمەشق یانەی شەوانی خۆشی لێبوو، چووینە یانەیەکی شەوان، کاتێکی خۆشمان لێی بەسەر برد. دواییش چووینە شاری تەڕتووس، لە ڕۆخی دەریا ڤێلایەکمان گرت، چوار شەو لێی ماینەوە. بە ڕۆژ دەچووینە ڕۆخی دەریا و مەلەوانیمان دەکرد، شەوانیش لە باخچەی ڤێلاکە مێزمان دەڕازاندەوە و مەشرووبمان دەخواردەوە. نازانم بۆچی ئەوکات بە دوای خانمبازیدا نەگەڕاوم، ئایا لەبەر نەزانینم بووە، یان لە شەرمی ئەو هاوڕێیانەم. تەنانەت کە چوومە تورکیاش، گەشتیارێکی زۆرم بینی، لە ڕووسیا و وڵاتانی ئەسکەندەنافی بۆ مەلەوانی و خۆدانە بەر هەتاو هاتبوونە ئەستەمبۆڵ و دوورگە گەشتیارییەکانی ناو دەریا. خۆیان ڕووت دەکردەوە و دەچوونە ڕۆخ دەریا، لەشیان هەندە سپی و تەنك بوو، دەتوت ڕێواسی ژێر بەفرن، بەژن و باڵایەکی ڕێکیان هەبوو، وەکو ژنی لای خۆمان نەبوون. کە لە تورکیا بووم، بە چاوێکی تر سەیری ئەو ژنانەم دەکرد، نەمدەزانی کە بە لایانەوە ئاساییە داوای هاوڕێیەتییان لێ بکرێت. بۆیە بڕیارم دا چەند ڕۆژێك بچمە وڵاتی میسر و لەوێشەوە بچمە شاری گەشتیاری شەرم ئەلشێخ و ئەو وانانەی کە لە شەوکەت ئەفەندی فێربوومە، لەوێ بەکاریان بێنم.

ئیتر ئەوە بوو، دوای چەند ڕۆژێك لەگەڵ گرووپێکی گەشتیاری چوومە وڵاتی میسر، کە گەیشتینە شاری قاهیرە، ئێمەیان لە هۆتێلی

(الواحه) دابەزاند. سیٚ شەو لە قـاهیرە ماینـەوە، لـەو ماوەیـە ئێمـەیان بردە ناوچەی (جیـزە) بـۆ بینینـی هەڕەمـەکان، لـە ڕۆژئـاوای ڕووبـاری نیل، لە باشووری قاهیرە. مێژووی ئەو هەڕەمانە دەگەڕێتەوە بۆ بیست و پێنج سەدەی پێش زایینی.

ئەم هەڕەمانە ئارامگای فیرعەونەکان بووە، هەر یـەکێکیش لەوانـە، بە ناوی ئـەو فیرعەونـە کـراوە، کـە بـە مۆمیـاکراوی لـە نـاوی نێـژراوە. یـەکێك لـەو هەڕەمانـە نـاوی (خوفـو) یـە، گەورەترینیانـە، یەکێکـە لـە حـەوت شـوێنە سـەیرو سـەمەرەکانی جیهـان، بەرزییەکـەی ١٣٨ مـەتر دەبێت، لە سەر ڕووبەرێکی ٢٣٠ مەتر دووجایە.

وەکـو مێـژوو نووسـەکان باسـی لێـوە دەکـەن، دروسـتکردنی هـەر هـەڕەمێك لەوانـە دەیـان سـاڵی خایانـدووە و دەیـان هـەزار کرێکـاریش ئیشیان تیا کردووە. لە دەوروبەری هەڕەمەکان، چەند وشترەوانێکی لیٚ بوو، بەرامبەر بڕێك پارە گەشتیارانیان بە سواری وشتر دەگێـڕا. پـەنجا جونەی میسریم دایە وشـترەوانێك، بـە وشـترەکەی نزیکـەی کاتـژمێرێك منی بە ناو هەڕەمەکان گێڕا، وێنـەم لەگـەڵ هەڕەمـەکان گـرت، کـە لـە وشترەکەش دابەزیم، بۆ یادگاری وێنەیەکیشم لەگەڵ وشترەکە گرت.

بۆ ڕۆژی دوایی، بە سـواری پاسـێك ئێمـەیان بـرد بـۆ تەماشـاکردنی قەڵاتی سەلاحەددینی ئەیوبی. ئەم قەڵاتە لە ساڵی ١١٧٦ ی زایینی لـە لایەن سـوڵتان سـەلاحەددینی ئـەیوبی کـە بـە ڕەگـەز کـوردەو خـەڵکی شاری هەولێرە، دروست کراوە. ئـەم قەڵاتـە دەکەوێتـە سـەر لووتکـەی

شاخێك كه پێیدەڵێن (المقطم). لـه كتێبـه مێژووییـیـەكان باسـی لێـوه كراوه، سەلاحەددینی ئەیوبی ئەم قەڵاتەی له سەر لووتكەی ئەم شاخه دروسـت كـردووه، بـۆ پاراسـتنی شـاری قـاهیره لـه هێرشـی خـاچ پەرستەكان.

هەنـدێك وێنـەم لەگـەڵ قەڵاتەكـه و شـوێنەواره مێژووییـیـەكانی نـاو قەڵاتەكه گرت بۆ یادگاری، به تایبەتی مزگـەوتی محەمـەد عـەلی پاشـا، كـه لـه لایـەن سـوڵتان محەمـەد عـەلی پاشـاوه لـه نـاو قەڵاتەكـه بـه شێوازێكی جوان و دیزاینێكی جوان دروست كراوه.

له ڕێگای گەڕانەوەمان بۆ هۆتێل، پاسـەكەمان لـه بـەردەم مـۆڵێكی گەوره ڕایگرت به ناوی (مول العرب) گەشتمان به ناو مۆڵەكه كـرد نـانی نیوەڕۆمـان لـه ڕیسـتورانتی (كیلـو كبـاب) خـوارد. دوایـی ئێمـەیان گەڕاندەوه هۆتێل بۆ پشوودان.

سەرپەرشتیاری گرووپەكەمان پێی وتین ( شەو خۆتان ئاماده بكەن دەتانبـەم بـۆ گەشـتی ڕووبـاری نیـل، لـەوێ سـواری یـەختێك دەبـین، خواردن و خواردنەوه و بۆفیـەی كـراوەی لـه نـاوه، هـەروەها ئاهـەنگی گۆرانی موزیك و سەمای ڕۆژهەڵاتی له ناو بەڕێوه دەچێت. ئەو كەسەی دەیەوێ بەشداری بكات، ناوی خۆی بنووسـێ، تـاكو پلیتـی بـۆ بـبڕم و كورسی بۆ دابین بكەم).

***

# ( یەختی نایل سمارت و
# گەشتی شەوانەی ڕووباری نیل )

ناوی خۆم تۆمار کرد، کاتژمێر حەوتی شەو، بە پاس ئێمەی بردە (کورنیش النیل) کە یەکەم کۆڕنیشی (المعادی) یە، کەوتۆتە نزیک نەخۆشخانەی (السلام).

لە ناو ڕووبارەکە یەختێکی گەورەی لێ بوو، ناوی (نایل سمارت) بوو، لە لێواری ڕووبارەکە ڕاوەستابوو، هێشتان کاتژمێرێك زیاتری مابوو بۆ ڕۆیشتن. لەو کاتەدا بیرم لە کچێکی کورد کردەوە، خەڵکی شاری هەولێر بوو، پێشتر دەمناسی، بۆ خوێندن هاتبووە میسر. دەمێك بوو ئەو کچەم دەناسی، لە فێسبووکیش هاوڕێی یەکتری بووین، مەندووبی کۆمپانیایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی لوبنانی بوو لە شاری هەولێر، قەیرە کچێکی جوان و دڵ تەڕ بوو. بیرم لەوە کردەوە، پەیوەندیی پێوە بکەم، دەعوەتی بکەم بۆ ئەم گەشتە.

ئیتر ئەوە بوو، بە ماسنجەر پەیوەندیم پێوە کرد و پێم وت (بۆ گەشتکردن هاتوومەتە قاهیرە، ئێستا لە کۆڕنیشی نیلم لە نزیک نەخۆشخانەی (السلام) لە ژێر پردەکە، لە ناوچەی (المعادی)، دوای کاتژمێرێکی تر، بە سواری یەختێکی گەورە لە ناو ڕووباری نیل جەولەیەکی خۆش دەکەین. لە ناو یەختەکەش بەشداری ئاهەنگێکی

گۆرانیو موزیك و سەمای ڕۆژهەڵاتی دەكەین، دواییش هەر لە ناو یەختەكە چێشتی ئێوارە دەخۆین). داوام لێی كرد دەعوەتی من بێت، پێش بەڕێكەوتنی یەختەكە، بگاتە لام.

كە وام پێی وت، زۆری پێ خۆش بوو، دەعوەتەكەی قبوولْ كردم، وتی: خۆشبەختی شوێنی حەوانەوەی من لەو شوێنە نزیكە. وتی: ئێستا دەچمە گەرماو، دوشێك وەردەگرم و پێش ئەو كاتە لای تۆ ئامادە دەبم.

ئیتر ئەوەبوو، پێش ئەوەی یەختەكە لە شوێنی خۆی جووڵە بكات، گەیشتە لام. دەستی بۆ درێژ كردم كە تۆقەم لەگەڵ بكاتن منیش دەستیم گوشی و باوەشم پیاكرد و ماچێكم لە دەمی كرد.

وتی: ئەوە تۆ چی دەكەیت، دەوروپشتمان خەڵكی لێیە، ئەگەر یەكێك بمانبینێ چیمان پێدەڵێ؟

وتم: مەترسێ، ئەو گرووپەی كە من لە گەڵیان هاتووم، هەموویان عەرەبن و خەڵكی شاری بەغدان، چونكە هەر خۆی ئەو كۆمپانیایەی ئێمەی بۆ گەشتكردن بۆ ئێرە هێناوە، كۆمپانیایەكی عێراقییە و بارەگای سەرەكی لە شاری بەغدایە. ئەگەر مەبەستیشت خەڵكی ئێرە بێت، ئەوان ئێمە ناناسن، كەواتە پێویست بە ترسو دڵەڕاوكێ ناكات. بۆیە من تۆم دەعوەت كردووە بۆ ئێرە، تاكو حورپییەتی خۆمان وەرگرین و بە یەكەوە جەوێك بگۆڕین.

کـە وام پــێ وت، دڵــی ئاســوودە بــوو، وتــی: بــاش بــوو لەگــەڵ کۆمپانیاکانی لای خۆمان نەهاتی، خەڵکی ئێمە بە قسەو قسەلۆکن، کچ و کوڕێك بە یەکەوە ببینن، توانجیان لێدەدەن.

تکیتێکم بە دووسەدو پەنجا جونێ بۆی بڕی و هەردووکمان چووینە ناو یەختەکە.

یەختی (نایل سمارت) یەختێکی گەورەی سێ نهۆمی بوو، لە هەموو نهۆمەکانی کورسیو مێزی دانیشتن و ساڵەی ئاهەنگ گێـڕان و بۆفیـەی کراوەی خواردنی لێبوو. ئەو گەشتیارانەی کە لەگـەڵ مـن هـاتبوونن لـە نهۆمی یەکەم دانیشتن، منیش لەگەڵ ئەو کچـە هاوڕێیەکـەم لـە نهـۆمی دووەم لە نزیك شوێنی سەماکردن دانیشتین.

هەرچەند ئەو کچە نزیکەی ساڵێك بوو لە شاری قـاهیرە بـوو، بـەڵام یەکەم جاری بوو سواری یەختێکی وا بێت و بـە شـەو لـە نـاو ڕووبـاری نیل گەشت بکـات. بۆیـە لـەو دانیشـتنە زۆر ئاسـوودە و دڵخـۆش بـوو. هەنــدێك زەڵاتــە و زەیتــون و پەتاتــەی برژاومــان هێنــا و بــە دەم قسـەکردنەوە دەمـانخوارد. پرۆگرامـی ئاهەنگەکـەش دەسـتی پێکـرد، گۆرانیبێژێك هاتە سەر شانۆ، هەندێك گۆرانی بۆ وتین، تیپی مۆسیقاش مۆسیقایان دەژەنی. دواتر کوڕێکی گەنجی باڵا بەرز خۆی تەنوورەکانی هاتە سـەر شـانۆ، لەگـەڵ سـەماکردن هـەرجارەی تەنوورەیـەکی بـەری وەکو سەیوان بۆ ئاسمان بەرز دەکـردەوە، دیمـەنێکی جـوان و دڵـڕفێن بوو، یەکەم جار بوو، سەمای تەنوورە لە نزیکەوە ببینم.

دواییش کچێکی سوور و سپی جوان و شۆخ و شەنگ هاتە شوێنی سەماکردن و سەمای ڕۆژهەلاتی بۆ کردین. ئەو کچەش کە لەگەلّم دانیشتبوو، زۆر سەرسام بوو بە سەماکردنەکەی، لە شوێنی خۆی دەلەرییەوە و سەری خۆی بۆ دەلەقاندو بە دەستەکانیشی چەپلّەی بۆ لێدەدا.

ئەمەو دوای تۆزێك گەرم داهات، لە خۆشییان ئاگای لە خۆی نەما، هەستایە سەر پێ و بە سەماکردن و چەقەنە لێدانەوە چووە شوێنی سەماکردنەکەو لەگەڵ سەماکەرەکە دەستی بە سەماکردن کرد.

کە سەماکەرەکە ئەمەی بینی، هاتە لام و دەستی گرتم و منی لەگەڵ خۆی بردە شوێنی سەماکردن و بە سێ قۆڵی سەمامان کرد. یەکەم جارم بوو لەگەڵ کچ سەما بکەم، دیمەنێکی زۆر خۆش بوو، ئێستاش کە بیرم دێتەوە، تەزووی خۆشی بە لەشمدا دێت.

دوای تەواوکردنی جەولەکەی، یەختەکە لە لێواری ڕووبارەکە ڕایگرت، ئێمەش هاتینە خوارەوە، بەرەو لای پاسەکەمان ڕۆیشتین، لە ڕێگا پێم وت: بۆچی لەگەڵ من نایەیت، لە هۆتێل بە تەنیا لە ژوورێکم، ئەگەر لەگەلّم بێیت، بە یەکەوە بخەوین، خۆشتر دەبێ.

وتی: ناتوانم بێم بۆ هۆتێل، نەوەك ئیدارەی هۆتێل لێپرسینەوەم لەگەڵ بکەن و داوای ناسنامەم لێ بکەن.

وتم: کەوایە با من بێمە لای تۆ؟

وتـــی: ئـــەوەش نابێــت، لـــە شـــوقەکەم، کچـێکی تــرم لەگەڵدایــە. هەرچەندە ژوورەکانمان جیایە، بەڵام ئـەو زۆر هەسـتیارە، بـە یەکـەوە بمانبینیّ، لێم دەکاتە قسە و ئابڕووم دەبات.

وتم: ئەی چی بکەین؟

وتی: قاهیرە شوێنی خۆشی زۆرە، لـە سـەر ڕووبـاری نیـل چـەندین یانـەی شـەوانە و سـاڵەی دیسـکۆی لێیـە، دەتـوانی بچیتە ئـەویّ، تـا درەنگی شەو سەیری ئاهەنگ بکەیت، دواییش کێت لـە کچـەکان بـە دڵ بـوو، لەگـەڵی ڕێـك بکـەویت و لەگـەڵ خـۆت بیبەیتـە دەرەوە. ئـەوان شوێنی تایبەتییان بۆ ئەم کارە هەیە، کارمەندەکانی ئەو یانانە خۆیـان ئەمەت بۆ ڕێکدەخەن.

تەکسییێکی ڕاگرت و گەڕایەوە شوێنی خۆی، منیش سواری پاسەکە بـووم و چـاوەڕێی گەشـتیارەکانی تـرم کـرد. کـە هـاتن لەگـەڵ ئـەوان گەڕامەوە هۆتێل.

بە درێژایی ڕێگا، بیرم لای قسەکانی ئەو کچەی هاوڕێم بوو، لە دڵـی خۆمدا وتم (ئەو ڕاست دەکـات، بۆچـی نەچـمە یانەیـەکی شـەوانو ئـەم مەراقەش لە دڵی خۆم دەرنەکەم). کاتێك کە گەیشـتینەوە هۆتێـل، بـە ئیـدارەی هـۆتێلم وت: پێویسـتم بـە تاکسـییێکە، بمگەیەنێتـە شـوێنێك. ئەویش تەلەفۆنی بۆ کەسێك کرد و پێی وت: عەمۆ عامر دەتـوانی تـاکو ئێرە بێیت، یەکێك لە میوانەکانمان دەیەویّ بیگەینیتە شوێنێك.

دوای تۆزێك پیاوێکی بە تەمەن هات، ئیدارەی هۆتێلەکەش منی بەو ناساند وتی: ئەمە عەمۆ عامرە، ترست لێی نەبێ، شوفێری هۆتێلەکەمانە، جێگای متمانەیە.

منیش ڕووم لە عەمۆ عامر کرد و پێم وت: دەڵێن لە سەر ڕووباری نیل، شوێنی خۆشی لێیە بۆ کات بەسەربردنی شەوان، دەمەوێ بمبەیت بۆ یەکێك لەو شوێنانە و دواییش بمگەڕێنیتەوە هۆتێل.

وتی: قاهیرە شوێنی خۆشی زۆرن، هەندێکیان لە ئێستاوە دەست پێدەکەن، تا دوانزەی شەو بەردەوام دەبن، هەندێکی تریش هەن دوای دوانزەی شەو دەست پێدەکەن، تاکو بەیانی. ئاماژەی بۆ شوێنێك کرد، لە نزیك هۆتێلەکەمان بوو، وتی: ئەو شوێنەت بینیوە کە لە سەری نووسراوە (عش البلبل)؟

وتم: مەبەستت ڤێلاکەی هونەرمەند عادل ئیمامە؟

وتی: عادل ئیمام پێویستی بەوە نییە، ئەو ئێستا چەندین ڤێلای لەوە خۆشتری هەیە، لە گەڕەکی (ستە اوکتوبر) ڤێلایەکی گەورەی هەیە، زۆر لەوە خۆشترە، ئەو کاتانەی کە دەگەڕێتەوە قاهیرە، لەوێ دەژی.

منیش وتم: بۆچی ئەو لە کوێ دەژی؟

وتی: زۆربەی هونەرمەندە بەناوبانگەکانی میسر، دوای بەهاری عەرەبی و هاتنی ئیخوانەکان بۆ حوکم، بەرگەیان نەگرت و چوونە دەرەوەی وڵات. هونەرمەند عادل ئیمامیش یەکێك بوو لەوان، ڕۆیشتە دەرەوەی وڵات، بەڵام لەوەتی سەرۆك عەبدولفەتاح سیسی دەسەڵاتی

گرتۆتــە دەســتو ئیخوانــەکان دوور خراونەتــەوە زوو زوو دەگەڕێتــەوە قاهیرە.

منــیش وتم: دەتــوانی ئــەم شــەو بمبــەیت بــۆ یانەیــەکی شــەوان و بەیانیش بمبەیت بۆماڵی عادل ئیمام؟

وتــی: بینینــی عــادل ئیمــام لــە بینینــی عەبدولفــەتاح سیســی زەحمەتترە، ئەگــەر بتــەوێ هــەر بــەیانی دەتبەمــە لای سیســی، بــەڵام ناتوانین عادل ئیمام ببینین.

منیش وتم: بۆچی؟

وتی: ئەو ئێستا بۆتە موڵکی گەلی میسر و هێمایەك لە هێمایــەکانی، بۆیە دەوڵەت پاسەوانی تایبەتی بۆ داناوە، ئەگەر کەسێك بیەوێ چاوی پێی بکەوێت، دەبــێ چــەند پرســگەیەك ببڕێــت، دوای لێکۆڵینەوەیــەکی زۆر، ئینجا لەوانەیە ببیبنێ یانیش هەر نەیبینێ.

منــیش لــە دڵــی خۆمــدا وتم (لای ئێمــە نــەبێ، هــیچ حیســاب بــۆ هونەرمەندان ناکرێ، شێخی حەیران بێژان ڕەسووڵ گــەردی تــاکو مــرد، لە شوقەیەك لە شوقەکانی باڵاخانەیەکی گەڕەکی ئیسـکان بــە تــەنیایی ژیانێکی کولە مەرگی بردەسەر و بەبێ نازیش سەری نایەوە، ئێسـتاش نە کەس ناوی دەهێنێتو نە بیری لێ دەکەنەوە).

بــە عــەمۆ عــامرم وت: کەواتــە بمگەیەنــە یانەیــەکی شــەوان، لەگــەڵم بمێنەوە و دواتریش بمگەڕێنەوە ئێرە.

ئیتر ئەوەبوو، منی برد بۆ شوێنێك لە شەقامی (الهرم) لە سەری نووسرابوو (کباریە اللیل) وتی: ئەم کەباریە کچی جوان و گۆرانیبێژی دەنگخۆش و سەماکەری ناوازەی لێیە. تا ئاهەنگ تەواو دەبێت لەوێ دەمێنمەوە، چاوەڕێت دەکەم، ئەگەر حەزیشت لە دەرچوون بێت لەگەڵ خانمێك لە خانمەکانی ئەوێ هیچ شەرم مەکە، بانگی بکە لای خۆت و بە ڕاشکاوی داوای لێ بکە. ئێرە قاهیرەیە، لێرە هەموو شتێك بە پارەیە، تۆ پارەی خۆت دەدەیت ئەوانیش چێژت پێدەبەخشن.

بە هەر حاڵ، چووینە ژوورەوە و لە گۆشەیەکی یانەکە لە پشت مێزێك دانیشتین و داوای بیرە و هەندێك مەزەمان کرد، شوفێری تەکسییەکە وتی: تۆ حورپییەتی خۆت وەربگرە، منیش دەچم لە سووچێکی یانەکە دادەنیشم. ژمارەی تەلەفۆنی خۆی دامێ، وتی: کەی ویستت بڕۆیت، تەلەفۆنم بۆ بکە دێمە لات.

بە هەقیقەت شەوێکی ڕۆمانسیی زۆر خۆش بوو، ئافرەتێکی سەماکەر، تەنوورەیەکی کورتی یەك بستی و ستیانێکی سووری تەسکی لەبەردا بوو، نیوەی مەمکەکانی لەناوی هاتبوونە دەرەوە، لەگەڵ ئاوازی مۆسیقایەکە بە لارو لەنجە سەمای دەکرد. هەندێك کچی گەنج و جوانیش دابەش ببوونە سەر مێزەکان و خزمەتیان دەکرد. یەکێك لەو کچانە کە لە تەنیشتم وەستابوون تەمەنی لە بیست ساڵ ڕەتی نەدەکرد، زۆر جوان و شۆخ و شەنگ بوو، پێم وت: زۆر سەرسامم بە جوانییەکەت، لەگەڵم دێیتە دەرەوە؟

وتی: سوپاسی هەستت دەکەم، بەڵام من کاری وا ناکەم.

وتم: چەند پارەت بویٚ پێتی دەدەم.

وتی: ئەوە دەزانم، من هێشتان هەر کچم، تاکو ئێستا لەگەڵ کەس نەخەوتوومە، نیازیشم نییە لەگەڵ کەس بخەوم.

منیش داوای لێبووردنم لێی کرد. بەردەوام بووم لە سەیرکردنی ئاهەنگەکەو ناوەناوەش فڕێکم لە بیرەکەی بەردەمم دەخواردەوە.

دوای تۆزێك کچەکە ڕۆیشت و منی بە تەنیا بەجیٚ هێشت. لە دڵی خۆمدا وتم (دیارە بە قسەکانی من دڵگران بووە، خۆزگا بە قسەی عەمۆ عامرم نەکردبا و ئەم داوایەم لێی نەکردبا). من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، هاتەوە لام و کچێکی وەکو خۆی جوانی لەگەڵدا بوو. کە لێم نزیك بۆوە وتی: ئەم کچەت بە دڵە؟

منیش وتم: زۆر جوان و نازدارە.

وتی: ئەو وەکو من نییە، ماوەیەکە کراوەتە ژن، قسەم لەگەڵ کردووە، ئەگەر پارەیەکی باشی بدەیتیٚ، لەگەڵت دێتە دەرەوە.

منیش ڕووم لە کچەکە کرد و پێم وت: بڕی چەند پارەت دەویٚ؟

وتی: دوو هەزار جونەی.

منیش وتم: کێشە نییە، من ڕازیم، گرینگ ئەوەیە تۆ ئەم شەو بۆ من تەرخان بکەیت و تاکو بەیانی لەگەڵم بیت.

وتی: ئێستا ناتوانم لەگەڵت بێمە دەرەوە، کاتی کارکردنمە لەم یانەیە بەڵام دوای تەواوبوونی ئیشوکارو تەواوبوونی ئاهەنگ دەتوانم لەگەڵت بێم.

منیش وتم: باشە ڕازیم.

کە وام پێی وت ژمارەی تەلەفۆنەکەی خۆی دامێ و وتی: کە ئاهەنگ تەواو بوو تەلەفۆنم بۆ بکە، لە لات ئامادە دەبم.

ئیشارەتم بۆ شوفێری تەکسییەکەم کرد و پێم وت: من لەگەڵ ئەم شوفێرە هاتووم، لەگەڵ ئەو قسە بکە و ئەو شوێنەی بۆی دەچین بەوی بڵێ.

وتی: عەمۆ عامر دەناسم، ئەو میوانی هەمیشەییمانە و ژمارەی تەلەفۆنی ئەوم لە لایە خۆم قسەی لەگەڵ دەکەم.

ئەمەی وت و من و خانمەکەی تری بەجێ هێشتن چووە پشت مێزێکی ترەوە. مێشکم هەر لە لای ئەو بوو لە دڵی خۆمدا دەموت (عەمۆ عامر ڕاست دەکات، لێرە پارەت هەبێ، دەتوانی وەکو هاڕوونە ڕەشید بژیت و هەموو خەونەکانت بێنیتە دی).

پێش ئەوەی ئاهەنگەکە تەواو بێت، چوومە دەستشۆرەکە بۆ ئەوەی ئاوێك بە دەموچاومدا بکەم و قەرزێکیش بدەمەوە. لەو کاتەدا، کوڕە گەنجێکی سعوودی کە دشداشەیەکی سپی نەخشێندراو بە ئاوریشمی لەبەردا بوو پێدەچوو کوڕی ئەمیرێك بێت لە ئەمیرەکانی سعوودیە، هاتە لام، پێی وتم: ئەو کچەی تۆ قسەت لەگەڵی دەکرد، جوانترین کچی ئەم یانەی شەوانەیە، ئافەرین بۆ تۆ کە توانیت ڕازی بکەیت.

منیش وتم: بەڵێنی پێداوم کە دوای تەواوبوونی ئاهەنگ لەگەڵم بێتە دەرەوە و ئەم شەو لەگەڵم بخەوێت.

کە ئەمەم وت، بە سەرسامییەوە وتـی: لـەوم ڕانـەدەبینی ئیشـی وا بکات و لەگەڵ خەڵك بچێتە دەرەوە.

بە هەر حاڵ، ئاوم بە دەموچـاومدا کـرد و میـزێکم کـرد و گەڕامـەوە شوێنی خۆم. عەمۆ عامر هاتە لام وتی: ئاهەنگەکە زۆری نـەماوە تـەواو بێت، ئەو کچەی کە قسـەت لەگـەڵ کـرد، پێـی وتم (لەگـەڵ مێوانەکـەت بڕۆنە دەرەوە و لە بەر دەرگا چاوەڕێم بکەن، پاش کەمێکی تـر منـیش دێمە لاتان و لەگەڵتان دێم بۆ ئەو شوێنەی دەتانەوێت).

منیش وتم: من هیچ شارەزاییم لێرە نییە، هیچ شـوێنێك پـێ نـازانم، خۆت شتەکانم بۆ ڕێکبخە و بەیانیش وەرە بمبەوە بۆ هۆتێل.

وتی: خەمت نەبێ، لە نزیك ئێرە شوقەی ڕاخراوی خـاوێنی لێیـە بـۆ کرێ، کە کچەکە هات، دەتانبەم بۆ یەکێك لەو شوقانە و بەیانیش دوای نانی بەیانی دێمە شوێنت و دەتگەیەنمەوە هۆتێل.

ئـەوەبوو، چـووینە دەرەوە و لـە بـەر دەرگـا چـاوەڕێی کچـەکەمان کرد، کە ئاهەنگەکـە تـەواو بـوو، هـەمووان هاتنـە دەرەوە، ئێمـەش لـە دەرەوەی یانەکـە هـەر لـە چـاوەڕوانی کچـەکە ماینـەوە. کـاتێکی زۆر تێپەڕی، ئەو هـەر نـەهات، بـە عـەمۆ عـامرم وت: وابـزانم ئێمـەی لـەبیر کردووە با تەلەفۆنێکی بۆ بکەم؟

عەمۆ عامریش وتـی: لـە بـەر تـۆ دەنگـم نـەکرد، منـیش گومـانم لـە هاتنی پەیدا کردووە، دەبوو ئێستا تەلەفۆنم بۆ بکات.

تەلەفۆنم بۆی کرد، ژمارەکەی بەردەست نەبوو. چەند جارێك زەنگم بۆی لێداوە بەڵام بێ سوود بوو، دوایی بە یەکجاری تەلەفۆنەکەی داخست و کەوتە دەرەوەی بازنە.

منیش ڕووم لە عەمۆ عامر کرد و پێم وت: دەبێ چیرۆکی ئەم کچە چی بێت، خۆی بەڵێنی پێدام کە لەگەڵم بێت، تەنانەت بۆ هەقەکەشی، ئەو خۆی وتی دوو هەزار جونەیم بدێ، من هیچم نەوت، ئەگەر داوای زیاتریشی بکردبا پێم دەدا، بەڵام تەنها ئەوەندەی داواکرد.

عەمۆ عامر وتی: پێشبینی دەکەم کەسێکی تر ئەو کچەی لە تۆ بردبێت بۆیە تەلەفۆنی بۆمان نەکرد.

منیش وتم: چۆن شتی وا دەبێ؟

وتی: ئەو کچە هەر خۆی دەرچوونی زۆر کەمە، بۆیە ئەوانەی دێنە ئەم یانەیە لێی ڕانابینن قسەی لەگەڵ بکەن.

هەندێك بیری کردەوە و وتی: تۆ ئاگات لێی نەبوو، ئەو کوڕە گەنجە سعوودییەی کە لە تەنیشت مێزەکەی تۆ دانیشتبوو، کاتێك تۆ قسەت لەگەڵی دەکرد، ئەو چاودێری ئێوەی دەکرد و گوێی لە قسەکانی ئێوە گرتبوو. وا هەست دەکەم لەگەڵی پێکهاتبێتو لەگەڵ ئەو ڕۆیشتبێت.

منیش وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، بۆچی من بیرم بۆ ئەو نەچوو، کە چوومە دەستشۆرەکە ئەو لەگەڵم هات و پرسیاری ئەو کچەی لێکردم.

کە ئەمەم وت، عەمۆ عامر فیکەیەکی لێدا وتی: ئەی لەو بێ ناموسە، چۆن توانی ئەو کچە جوانەت لێ ببات.

منیش وتم: خەتای خۆم بوو، باسی دەرچوونی خۆمانم لای ئەو کرد.

وتی: پێویست ناکات هیچی تر چاوەڕوانی بکەین، تازە ئەو گەیشتە نێچیری خۆی و کوڕێکی دەوڵەمەند و گەنجی دەست کەوتووە. پارەیەکی باشی دەداتێ و تاکو بەیانیش بەرزگی تێر دەکات، خۆ وەکو تۆ نییە خوا دەزانێ تاکو بەیانی دانەیەکت پێدەکرێ یان نا !

منیش لە قاقای پێکەنینم دا وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، تەمەنی ئێمە بەسەرچووە، ئەم کچە جوان و ناسکانە بە کەسانی وەکو ئێمە تێر نابن.

ئیتر ئەوەبوو، گەڕاینەوە هۆتێل و بەیانیش پێش ڕۆژهەڵات بە پاس بەرەو شاری گەشتیاری شەرم ئەلشێخ بەڕێ کەوتین.

پێش ئەوەی بگەینە تونێلی شەهید ئەحمەد حەمدی، پاسەکەمان لە بەردەم ڕیستورانتێکی سەر شەقام ڕایگرت، بەر لەوەی لە پاسەکە دابەزین سەرپەرشتیاری گرووپەکەمان پێی وتین: ئەو هۆتێلەی کە لە قاهیرە لێی دابەزیبوون، ژەمی بەیانی لە ناو کارتۆنێك بۆتان داناوە، لە کاتی دابەزین، هەریەکێك لە ئێوە کارتۆنێك لەگەڵ دەستی خۆی ببات، لەو ڕیستورانتە لەگەڵ چای گەرم بیخۆن.

لە ڕیستورانتەکە نزیکەی نیو کاتژمێر پشوومان دا، دواییش سواری پاسەکە بووین و بەڕێ کەوتینەوە.

ئوتـۆمبێلێکی زۆر لـە بـەردەم تونێلەکـە ڕاوەسـتابوون، چـاوەڕێی فەرمانی بەرپرسی ئەمنی تونێلەکەیان دەکرد بۆ پەڕینەوە.

ئـــەم تونێلـــە هـــەردوو کیشـــوەری ئاســـیا و ئـــەفریقا بەیـــەك دەبەستێتەوە، بە ژێر قەناتی سوێسدا دەڕوات و نیمچە دوورگەی سینا بـە شـاری سـوێس دەبەسـتێتەوە. سـەد و سـی کیلـۆ مـەتر لـە شـاری قاهیرە دوورە، لە دوای ڕێککەوتننامەی کامب دێڤد کە لە نێـوان میسـر و ئیسرائیل بەسترا، لە سەردەمی ئەنوەر سادات دروست کرا و بە ناوی شەهیدی فەرماندە لیوا ئەحمەد حەمدی کـراوە، کـە یـەکێك بـووە لـەو ئەفسەرانەی کە لە شـەڕی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩٧٣ ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبووە.

دوای چـــاوەڕوانییێکی زۆر، لـــە تونێلەکـــە پەڕینـــەوە و لەگـــەڵ خۆرئاوابوون گەیشتینە جێ.

پاســـەکەمان لەبـــەردەم کۆمەڵگەیـــەکی گەشـــتیاری ڕاوەســـتا. کۆمەڵگەکە ناوی (ئـورورە) بـوو، ڕاسـتەوخۆ دەیڕوانییـە سـەر دەریـای سوور.

پاش ئەوەی ئێمـەیان بـە سـەر شـوقەکان دابـەش کـرد، بازنەیـەکی زەردیان لە دەست کردین و پێیان وتـین: لـە مـاوەی مانـەوەتان لێـرە، هەر سێ ژەمی خواردن و خواردنەوەتان، لە بەیانییەوە تـاکو دوانـزەی شەو بە خۆڕایی دەبێت.

ئـــەوەبوو، ئـــەو شـــەوەمان بەســـەربرد و ڕۆژی دوایـــیش دوای نانخواردنی ژەمی بەیانی چوومە سەر دەریا، دیمەنێکی جوان و دڵڕفێن

بوو، لە هەموو لایەکەوە گەشتیاران ڕوویان تێی کردبوو، هەندێك لە ناو دەریا مەلـەوانییان دەکـرد، هەندێکیشـیان لـە ڕۆخـی دەریایەکـە لێـی ڕاکشابوون، لە جوانیـدا دەتـوت فریشـتەی دەریـان، بـە نیمچـە ڕووتـی خۆیان دابووە بەر تیشکی خۆر.

من مەلەوانیم نەدەزانی، بۆیە خۆم ڕووت نـەکردەوە، بـە جلوبـەرگی ئاسایی، لـە ڕۆخـی دەریایەکـە، لـە سـەر کورسـییێك دانیشـتمو سـەیری شەپۆڵەکانی ئاوی دەریا و ئەو ژنە جوانانەم دەکرد، کە لە سـەر پشـت لێی ڕاکشابوون و خۆیان دابووە بەر تیشکی خۆر.

سەرپەرشتیاری ئەو شوێنە، کوڕێکی میسریی گەنج بوو، کـە چـاوی بـە مـن کـەوت کـە بـە جلوبـەرگی ئاسـایی لـە ڕۆخـی دەریـا بـە تـەنیا دانیشتوومە، هاتە لام، وتی: لەوە دەچێ تۆ مەلەوانی نەزانیت، بۆیە بە جلی ئاساییەوە دانیشتوویت؟

منیش وتم: تـۆ ڕاسـت دەکـەیت، بـە داخـەوە هەنـدێك شـت کـە زۆر پێویستن مرۆڤ بیزانێت، من نایانزانم، یەکێك لەو شتانە، مەلەوانییە، کە دەبینم ئەو هەموو پیر و گەنجە بە ژن و پیاوەوە لەناو ئاوی دەریـان و مەلەوانی دەکەن زۆر خەفەت دەخۆم.

ئەویش وتـی: پێویست ناکـات خەفـەت بخۆیـت، تـۆ دەتـوانی وەکـو ئەوان چێژ لە دانیشتنی ڕۆخی دەریا وەربگریت.

وتم: چۆن؟

ئیشارەتی بۆ ئەو ژنانە کرد کە لە ڕۆخی دەریا خۆیان ڕووت کردبۆوە و لە سەر پشت لێی ڕاکشابوون، وتی: ئەو ژنانە دەبینی؟

منیش وتم: مەبەستت چییە؟

وتی: ئەو ژنانە، هەریەکەیان لە شوێنێك هاتوون بۆ ئێرە، ئەوانیش وەکو تۆ هاتوون بۆ ئەوەی چێژ لە ڕۆخی دەریا وەربگرن.

وتم: بەڵام ئەوان مەلەوانی دەزانن.

وتی: ئەو ژنانە هەر هەموویان بۆ مەلەوانی نەهاتوون، هەندێکیان بە دوای کەسێك دەگەڕێن سێکسی لەگەڵ بکەن و چێژی لێ وەربگرن. هەندێکیشیان بۆ کاسبی هاتوونە و دەیانەوێ سەرنجی گەشتیاران بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بەرامبەر بڕێك پارە سێکسیان لەگەڵ بکەن، ئەوانی تریش بۆ مەلەوانیکردن و جەو گۆڕین هاتوون.

منیش وتم: چۆن ئەوانە لە یەکتری جیا دەکرێنەوە تا بزانین کامەیان بۆ ڕابواردن یان کاسبی هاتووە؟

وتی: ئاسانە، لە هەرکامێکیان نزیك بیتەوە، داوای لێ بکە بیرەیەکت لەگەڵ بخواتەوە، ئیتر خۆی هەموو شتێك مەیسەر دەبێت.

وتم: ئەگەر تووڕەبێت و جوێنم پێ بدات یان شکایەتم لێ بکات ئەو کات چی بکەم؟

وتی: ئەو ژنە گەشتیارانە وەکو ژنەکانی لای خۆمان نین زۆر کراوەن، کە داوای دانیشتن و کات بەسەربردنیان لێدەکەیت، یان ڕازی دەبن و لەگەڵت دێن، یانیش ڕەتی دەکەنەوە و داوای لێبووردنت لێدەکەن.

کە ئەمەی وت سەرم سوڕما، پێم وت: لە سەر قسەی تۆ خۆم تـاقی دەکەمــەوە و ئــەم سەرکێشــییە دەکــەم، بــەڵێنت پێــدەدەم، ئەگــەر سەرکەوتوو بووم سەد جونەیت پێدەدەم.

بە پێکەنینەوە وتی: شتێکت پـێ نـاڵێم ئەگـەر سـەد لـە سـەد لێـی دڵنیا نەبم.

وتم: چۆن ئەوەندە متمانەت بە خۆتە؟

وتــی: نزیکــەی پێــنج ســاڵە مــن لێــرە کاردەکــەم و دەیــان ژنــی گەشتیارم لەوانە بینیوە خۆیان پارەیان پێداوم و داوایـان لێ کردوومـە لەگەڵیان ڕابوێرم، هەندێکیشیان خۆم داوام لێ کردوونە.

وتم: هاوسەرگیریت کردووە؟

وتــی: هاوســەرگیریم کــردووە و منــداڵێکم هەیــە، ئێســتا ئــەوان لــە قاهیرە دادەنیشن.

منیش وتم: بۆچی لە قاهیرە دادەنیشن؟

وتی: من خەڵکی شاری قاهیرەم، پێشتر پاسەوانی تایبەتی سـەرۆك محەمەد حوسنی موبارەك بووم، بەڵام دوای بەهاری عـەرەبی و دەسـت لەکارکێشــانەوەی ســەرۆك، منــیش دەســتم لــە کــار کێشــایەوە و بــۆ کارکردن هاتمە ئێرە.

ڕۆژانە دەهاتمە ڕۆخی دەریـا و سـەیری شـەپۆڵەکانی دەریـا و ئـەو ژنە جوانانەم دەکرد کە وەکو فریشتە لە ڕۆخـی دەریـا لـە سـەر پشـت لێی ڕاکشابوون.

ڕۆژێك لە ڕۆخی دەریا دانیشتبووم، ژنێکی جوان و شۆخوشەنگ، تەمەنی نزیکەی نۆزدە بۆ بیست ساڵ دەبوو، تیشێرتێکی نیو قۆڵ و تەنوورەیەکی کورتی لە بەردابوو، لە جوانیدا شەڕی لەگەڵ خۆر دەکرد. هاتە لام، ئەلبوومێکی دایە دەستم وتی: سەیری وێنەکانی ناو ئەم ئەلبوومە بکە، ئەگەر تۆش حەز بکەیت، وەکو ئەوانە مەساجت بۆ دەکەم و چورچو لۆچی دەموچاوت لادەبەم و گەنجت دەکەمەوە.

کە ئەمەی وت، دەستم خستە ناو دەستی و توند گوشیم و پێیم وت: تۆ زۆر جوان و نازداری، نامەوێ ئەم دەستە جوانانەی تۆ ئازار بدەم بە شێلانی ئەو لەشە ڕەقو تەقەی خۆم. ئەو برە پارەیەی تۆ بۆ شێلان وەریدەگریت، من دوو بەرامبەری ئەوەت پێدەدەم لەگەڵم وەرە بۆ شوقەکەم بەیەکەوە بیرەیەك دەخۆینەوە و دواییش خۆتم بۆ ڕووت بکەوە دەتشێلم.

وتی: سەرەتا تۆ لەگەڵم وەرە بۆ ئۆفیسەکەم، با چورچو لۆچی دەموچاوت لاببەم و جوان بتشێلم ئینجا تۆ چۆنت بوێ وا دەکەم.

کە ئەمەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم (دەیەوێ فێڵم لێ بکات، ئەگینا بۆچی سوورە لەسەر شێلانم لە کاتێکدا من ئامادەم لە هەقی خۆی زیاتری پێبدەم).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، وتی: وەڵامت نەدامەوە.

وتم: من نامەوێ تۆ بمشێلیت، دەمەوێ لەگەڵم بێیت بیرەیەك بە یەکەوە بخۆینەوە و جەوێکیش بگۆڕین.

کە ئەمەم وت، وتی: تۆ لە مەبەستم نەگەیشتی، تۆ لە ئاوێنە سەیری خۆتت کردووە، دەموچاوت هەمووی چورچ و لۆچە، بە لامەوە سەیرە هاوسەرەکەت بەو شێوەیە چۆن لەگەڵت دەخەوێ؟ ئەمەی وت و ڕۆیشت، منی بەجێ هێشت.

دوای ئەوە کچێکی باڵا بەرزی ئەسمەرم بینی، لە نزیک من خۆی ڕووت کردەوە، تەنیا لباسێکی ژێرەوە و ستیانێکی سووری لە بەر خۆی هێشتەوە و لە سەر کورسییێك لە سەر پشت لێی ڕاکشا.

پێ نەدەچوو زۆر بە تەمەن بێت، کچێکی خڕوپڕ و خوێن شیرین بوو، گۆڤارێکی عەرەبی بە دەستەوە گرت و دەیخوێندەوە. لەو کاتەدا، قسەکانی سەرپەرشتیاری ئەو شوێنەم بە بیر هاتەوە، کە وتی (ئەو ژنانەی کە دێنە ڕۆخی دەریا، دوو جۆرن، هەندێکیان بۆ ڕابواردن دێن، هەندێکی تریش بۆ جەو گۆڕین و خۆدانە بەر تیشکی خۆر دێن). بۆیە چوومە لای و داوام لێی کرد خۆی پێم بناسێنێ. وتی: من دەرچووی کۆلێژی ئادابم و دانیشتووی شاری قاهیرەم، بۆ گەشت هاتوومەتە ئێرە.

منیش وتم: منیش پارێزەرم و خەڵکی عێراقم، بۆ گەشت هاتووم.

وتی: شەرەفمەندم بە ناسینت.

منیش وتم: منیش دڵخۆشم کە لەگەڵ کچێکی جوانی وەك تۆ دەبمە هاوڕێ.

بەدەم قسەکردنەوە، دەستم بە ڕانەکانی دادەهێنا و بۆم دەشێلا، دواییش دەستم بۆ سەرەوەتری برد تا گەیشتمە ناو قەدی، کە دەستم بە لباسە سوورەکەی کەوت، بە پێکەنینەوە وتی: دیارە زۆر بە من سەرسامیت، بۆیە دەمشێلیت؟

وتم: وا هەست دەکەم فریشتەیەکم لەگەڵدایە، بۆیە مەست و حەیرانم.

وتی: ژمارەی تەلەفۆنی خۆتم پێبدە، دوایی پەیوەندیت پێوە دەکەم و یەکتری دەبینینەوە.

منیش ژمارەی تەلەفۆنی خۆم پێی دا، ژمارەی تەلەفۆنی ئەویشم وەرگرت و پێم وت: ئەگەر ئێوارە پێت باش بێ، حەزدەکەم یەکتری ببینین و بیرەیەك بە یەکەوە بخۆینەوە.

وتی: زۆر باشە، کاتژمێر پێنجی ئێوارە تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

ئەوەبوو، هەندێکی تر لە لای دانیشتم دوایی گەڕامەوە شوێنی حەوانەوەی خۆم. دوشێکم وەرگرت و چوومە ڕیستورانتەکە بۆ خواردنی چێشتی نیوەڕۆ. لەوێ چاوم بە هەندێك کوڕی گەنجی گرووپە گەشتیارییەکەمان کەوت، بە تەتەری هاوڕێیان پێدەکەنین، منیش وتم: چیتان بە سەر هاتووە، تەتەر چی کردووە گاڵتەی پێدەکەن؟

یەکێکیان وتی: دەموچاوی ئەوت نەبینیوە، خۆی وەکو ژن لێکردووە، سووراو و سپیاوی لە خۆی داوە!

کـە دیقـەتی دەموچـاوی تەتــەرم دا، کـە بـەو شـێوەیە بینـیم، بـە پێکەنینەوە پێم وت: تەتەر ئـەوان ڕاسـت دەکـەن، ئـەوە بۆچـی خـۆت وەکو ژن لێکردووە؟

وتی: هەندێك وردە زیپکە لە سەر ڕوومەتەکانم هـەبوون، کچێکم لـە ڕۆخی دەریا بینـی وتـی (لەگـەڵم وەرە دەتبـەم بـۆ ئۆفیسـەکەم لـەوێ مەساجت بۆ دەکـەم و ئـەم زیپکانـەت هـەموو بـۆ خـاوێن دەکەمـەوە)، منــیش بــە قســەکانی تێکــەوتم و لەگــەڵی ڕۆیشــتم. کــە گەیشــتینە ئۆفیسەکەی، منی دایـە دەسـت پیـاوێکی قولـەڕەش. سـەرەتا وامزانـی ئەو پیاوە بەردەستی بۆ دەکـات، نـەمزانی کچـەکە دەڵاڵـە و منـی بـەو پیاوە فرۆشتووە. ئیتر ئەوەبوو، دوای شێلان، مووەکـانی دەموچـاومی بە داو هەڵگرت و هەندێك کرێم و داو و دەرمانیشـی تـێم سـوی، کاتێـك کە هاتمە دەرەوە، وەکو دەیبینی، هاوڕێیەکانم گاڵتەیان پێکردمو پـێم پێدەکەنین.

کە تەتەر ئەمەی بۆ گێڕامەوە، لە دڵی خۆمدا وتم (چا نـەبوو منـیش بە قسەی ئەو کچە هەڵنەخەڵەتام، دەنا منیشی دەکردە فـیلم و ئێسـتا ئەو گەنجانە بە منیش پێدەکەنین).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، تەتەر وتی: خۆ بە تەنیا فێڵی لـە مـن نەکردووە، دوای من حاجی عەوادیشی لەگەڵ خۆی برد.

منیش وتم: مەبەستت ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدایە؟

وتی: بەڵێ.

وتم: گوایە ئەو سەرۆك عەشیرەتە و سێ ژنی هەیە و دونیا دیدەیە، چۆن کەوتۆتە داوی ئەو کچە فێڵبازەوە؟

وتی: ئەویش وەکو من پێی هەڵخەڵەتا، هەر وای دەزانی کە ئەو مەساجی بۆ دەکات، بۆیە خۆی خستە بەر دەستی.

کە تەتەر ئەمەی وت، یەکێك لە کوڕە گەنجەکان وتی: ئێوە هێشتان بە باشی ئەم حاجی عەوادە ناناسن، بەوە نییە کە سێ ژنی هەیە، ئەو زۆر دڵ تەڕە، لەوەتی هاتووینە ئێرە، چاوی خستۆتە سەر دکتۆرە نەدا، تەنانەت پارەی تکیتی فڕۆکەشی لە قاهیرەوە بۆ ئێرە بۆ داوە.

خاتوو ڕوشدییە هاوڕێی دکتۆرە نەدا بوو، لە نزیك ئێمە دانیشتبوون کە گوێی لە من بوو، بە پێکەنینەوە وتی: ئەوەی کە گوێم لێبوو، ڕاست بوو؟

کوڕە گەنجەکەش وتی: بۆچی تۆ نازانیت؟

وتی: کە لە فڕۆکەخانەی قاهیرە دابەزین، حاجی عەواد خۆی زۆر لە دکتۆرە نەدا نزیك کردەوە، دکتۆرە هەوڵی دەدا خۆی لێ دوور بخاتەوە، بەڵام ئەو هەر وازی لێ نەهێنا، کە چووینە هۆتێل، هاتە لای من، داوای لێ کردم بە یەکترییان بناسێنم. منیش داوای لێبووردنم لێی کرد پێم وت: من پێشتر ئەوم نەناسیوە تا داوایەکی وای لێ بکەم، دەتوانی خۆت بچیتە لای، خۆتی پێ بناسێنیت.

تەتەر ڕووی لە ڕوشدییەخان کرد و پێی وت: حاجی عەواد بۆ دکتۆرە نەدا خۆی جوان دەکات، دەیەوێ پێی بگات، خۆی پێی وتم

(مـــن ســـیێ ژنم هەیـــە، هـــەموویان نەخوێنـــدەوارن، تەمەنیشـــیان بەسەرچـووە، لـە ئـسوولّی میّواندارى ئـەم سـەردەمە نـازانن، ئەمشـەو ژوانم لەگەڵ دکتۆرە نەدا هەیەو بەیەکەوە دەچینە ئاهەنگى (الـف لیلـە ولیلە) لەوێ داوای هاوسەرگیری لێ دەکەم).

کە تەتەر ئەمەی وت، ڕوشـدییەخان لـە قاقـای پێکـەنینی دا، وتـی: بەخوا ئەم حاجی عەوادەش بەزمی خۆشـە، باشـە نـابێ پرسـیار بکـات بزانێت ئەم دکتۆرە نەدایە خێزاندارە یان نا؟

ئەویش وتی: منیش ئـەم پرسـیارەم لێـی کـردووە، وتـی: مـادام بـە تەنیا هاتۆتە ئەم گەشتە، دیارە کەسی لـە ژیانـدا نییـە، بۆیـە داوای لێ دەکەم هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات.

خاتوو ڕوشدییەش وتی: باش بـوو ئەمـەت پـێ وتم، دەبـێ دکتـۆرە ئاگادار بکەمەوە، لەگەڵی نەچێتە ئاهەنگەکە و خۆی لێ دوور بخاتـەوە، دەنا هاوسەرەکەی بەمە بزانێت، کێشەی بۆ دەنێتەوە.

منیش وتم: ئەوە تۆ چی دەڵێی، بۆچی ئەو خێزانداریشە؟

وتـی: هاوسـەرەکەی مامۆسـتایە لەگـەڵ خـۆی، کـوڕ و کچێکیشـی هەیە.

ئێمە لەم قسانەدا بووین دکتۆرە نەدا هاتە لامان سڵاوی لێ کردین و لە تەنیشت خاتوو ڕوشدییە دانیشت.

خاتوو ڕوشدییە ڕووی تێ کرد و پێی وت: خۆزگەم بە خۆت، حاجی عەواد بۆت شێت بووە، چۆتە مەساج، خۆی بۆ تۆ جـوان دەکـات، ئـەم

شـەو دەیـەوێ لـە ئاهـەنگی (الـف لیلـە ولیلـە) داوای هاوسـەرگیریت لێ بکات.

دکتۆرە نەدا کە ئەمەی گوێ لێ بوو، بـە دەنگێکـی بـەرز وتـی: ئـەو پیاوە شێت بووە، وامزانی وەکو هاوڕێیـەك سـەیرم دەکـات، بۆیـە لێـی نزیك بوومەوە، ئەگینا چۆن بە فرۆکە لەگەڵی دەهاتمە شەرم ئەلشێخ و پارەی تکیتی فرۆکەکەم لێی قبوڵ دەکرد. هاوسەرەکەم ئەوە بزانێـت، دەستم لێ بەردەدات و ڕەوانەی ماڵی باوکم دەکاتەوە.

ڕۆشـدییەش وتـی: بـەختت هـەبوو، پـێش ئـەوەی لەگـەڵی بچـیتە ئاهەنگەکە بەوەت زانی، دەنا تووشی کێشە دەبوویت.

منیش وتم: با بڕۆین بۆ شوێنی مەساجەکە، بزانین چۆن مەسـاج بـۆ حاجی عەواد دەکرێ؟

تەتەر وتی: حاجی عەواد وەکو گاجووت لە بەر دەستی پیاوە ڕەش پێستەکە درێـژ بـووە، بـە خـەیاڵی گەیشـتن بـە دکتـۆرە، خـۆی جـوان دەکات.

ڕۆشدییە ڕووی لە دکتۆرە نـەدا کـرد و پێـی وت: ئەمـە دەرفـەتێکی باشە بۆ تۆ، با هـەمووومان بچـینە ئـەوێ، لـە بـەر دەمـی ئـەم گەنجانـە داوای لێ بکە لێت دوور بکەوێتەوە.

دکتۆرە نەدا وتی: بەڕاستی پیـاوێکی شـێتە، چـۆن بـیر لـە شـتێکی وەها دەکاتەوە بە بێ ئەوەی بزانێت من خێزاندارم یان نا !

ڕۆشدییەش وتی: خوشـکم شـتەکە زۆر گـەورە مەکـە، ئـەو بـە چـی بزانێـت کـە تـۆ خێزانـداریت، تـۆی بینیـوە کـە بـە تـەنها هاتوویـت بـۆ

گەشتکردن، بۆیە بە هەڵە لێت تێگەیشتووەو دەیەوێ داوای دەستت بکات.

منیش ڕووم لە دکتۆرە نەدا کرد و پێم وت: گرینگ ئەوەیە تۆ ئاگاداری بکەیتەوە و هەندە لێی نزیك نەبیتەوە.

ئەوەبوو، کە چووینە شوێنی مەساجەکە، تازە تەواو بووبوو، لە بەر دەرگا چاومان پێی کەوت.

پێش ئەوەی ئێمە قسەی لەگەڵ بکەین، دکتۆرە پەلاماری دا و بە تووڕەییەوە پێی وت: تۆ شەرم ناکەیت، لای ئەو کوڕە گەنجانە ناوت هێناوم و لەکەدارت کردووم؟

ئەویش هیچ خۆی تێك نەدا وتی: بۆچی لەکەدار دەبیت، من دەمەوێ لە سەر فەرمانی خوا و سوننەتی پێغەمبەر هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم.

کە ئەمەی وت، دکتۆرە هێندەی تر تووڕەبوو، دەستی برد بۆ چەفیەو عەگالەکەی، لە سەری داکەندو پێی وت: تۆ چۆن سەرۆك عەشیرەتێکی، چۆن تۆیان کردووە بە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا، دیارە بەلای تۆوە ئاساییە داوای هاوسەرگیری لە ژنێکی خێزاندار بکەیت؟

کە ئەمەی وت حاجی عەواد لە شەرمان سوور هەڵگەڕا، ڕووی لە دکتۆرە کرد و پێی وت: داوای لێبووردنت لێ دەکەم، نەمزانیوە کە تۆ هاوسەرت هەیە، دەنا چۆن داوای شتێکی وات لێ دەکەم.

ڕوشدییەش دەستی دکتۆرە نەدای گرت و پێی وت: ئـەوەتا حـاجی عەواد عوزری بۆت هێنایەوە، کە نەیزانیوە تۆ خێزانداریت، ئـیتر بەسـە تۆش بیبڕێنەوە، هیچی تر لە سەری مەڕۆ.

بەم شێوەیە، دکتۆرە نەدامان لەگەڵ حاجی عەواد ئاشت کردەوە و هـەموومان گەڕاینـەوە ڕیسـتورانتەکە و چێشـتی نیوەڕۆمـان بەیەکـەوە خوارد.

سەرپەرشـتیاری گرووپـە گەشـتیارییەکەمان کەسـێکی بـە ڕەگـەز عـەرەب بـوو، خـەڵکی شـاری بەغـداد بـوو، بەڕێوەبـەری دەزگایـەکی ڕۆژنامەوانی گەورە بوو لەو شارەدا، لەگەڵ ئافرەتێك لە نزیـك ئێمـە بـە یەکـەوە دانیشـتبوون، بـە دەم چێشـتخواردنەوە قسـەیان لەگـەڵ یـەك دەکرد، منیش بە تیلـی چـاوەکانم سـەیرم دەکـردن، دەمبینـی لـە ژێـر مێزەکە دەستی دەگرێت و بۆی دەیگوشێت. ئەم دیمەنە زۆر سـەرنجی ڕاکێشام، نەمزانی ئەو کچە کێیە لەگەڵی دانیشتووە.

ئازاد خەڵکی شـاری هـەولێر بـوو، لەگـەڵ ئێمـە لـە هـەمان گرووپـی گەشتیاری بوو، لە تـەنیشـت مـن دانیشـتبوو، پـێم وت: ئـەو کچـەی کـە لەگەڵ بەڕێوەبەری گرووپەکەمان دانیشتووە، پێ ناچـێت لەگـەڵ ئێمـە هاتبێت، سەیریان بکە چۆن لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت دەکەن؟

وتی: تۆ بەڕاستیتە کە نایناسیتەوە؟

وتم: مەبەستت چییە؟

وتی: دەزانی ئەو کچە کێیە؟

وتم: ناکات بڵێی لەگەڵ ئێمە هاتووە؟

وتی: ئەو کچە خاتوو شرووقە، کە تۆ لە قاهیرە خۆت پێی ناساند و داوای هاوڕێیەتیت لێی کرد.

وتم: چۆن ئەو کچە، شرووقە، ئەو کچێکی باڵاپۆش و خۆپارێز بوو، بەڵام ئەوەی من دەیبینم کەسێکی ترە.

وتی: ئارام بگرە، دوای چێشتخواردن کە لە ڕیستورانتەکە چووینە دەرەوە لە بەر چاوی تۆ سڵاوی لێ دەکەم بزانە شرووقە یان نا؟

کە وای وت، زیاتر لێی ورد بوومەوە و بە جوانی دیقەتی ڕوخساریم دا، بە خاڵەکەی سەر ڕوومەتی ناسیمەوە و لێی دڵنیابووم کە خۆیەتی. سەری خۆم لەقاند و بە ئازادم وت: دەزانی من کەسێکی خۆش باوەڕم، ئەگەر بە چاوی خۆم بەو شێوەیە ئەوانم بەیەکەوە نەبینیبا، قەت بڕوام نەدەکرد.

ئەویش وتی: بۆچی تۆ ئەو ژنانە بە چی تێدەگەیت، لە وڵاتی خۆیان بە تەنیا دێنە ئێرە، خۆ بۆ تەکیە و خانەقا نەهاتوونە، ئەوانیش وەکو ئێمە هاتوون هاوڕێیەکی پیاو بۆ خۆیان بدۆزنەوە و جەوێك بگۆڕن.

منیش وتم: بەڵام لەوە تێناگەم بۆچی کە هات باڵاپۆش بوو، کەچی لێرە خۆی ڕووت کردۆتەوە.

وتی: تۆ واز لەوە بێنە، پێم بڵێ ئەو لای تۆ چۆن باسی ژیانی خۆی کردووە؟

وتم: وتی (هێشتان هاوسەرگیریم نەکردووە، باوکم نەماوە، لەگەڵ دایکم لە خانووێك لە شاری بەغداد دەژین. خوێندنی ئامادەییم تەواو کردووە و سکرتێری بەڕێوەبەری ئەم دەزگا ڕۆژنامەوانییەم و یەکەم جاریشە لەگەڵی بێمە دەرەوەی وڵات).

که ئەمەم وت ئازاد سەری خۆی لەقاند و وتی: دەبوو ئەوکات تۆ لێی بتزانیبایە بەڕێوەبەرەکەی بۆ گەرمکردنەوەی دەستی خۆی و شەوی سوور ئەوی لەگەڵ خۆی بۆ ئێرە هێناوە.

منیش وتم: بەڵام من لەوە تێناگەم بۆچی که لەگەڵمان هات، وەکو دۆڵمە خۆی پێچابۆوە، لە دەموچاوی بەولاوە هیچ شوێنێکی دیار نەبوو، کەچی ئێستا ئەم جلە ڕووتانەی پۆشیوە و ئەم هەڵسوکەوتە ناشیاوەش دەکات؟

وتی: ئەوانە وان، لە ترسی خانەوادەکانیان، لە ماڵەوە خۆیان باڵاپۆش دەکەن، کە دەرفەتیشیان بۆ دەڕەخسێت، خۆیان ڕووت دەکەنەوە و لە سنووریش دەچنە دەرەوە.

که دیقەتی شرووقم دا، وەکو بووکێك هاتە بەر چاوم، کە تازە لە سالۆنی جوانکاری هاتبێتەوە و خۆی بۆ ئاهەنگی گواستنەوە ئامادە کردبێت. قژی خۆی مێش کردبوو، قەمیس و تەنوورەیەکی سووریشی لەبەردا بوو، تەنوورەکەی بستێك لە سەر چۆکی بوو، دوو قۆپچەی قەمیسەکەی کردبۆوە، مەمکەکانی دەتوت سێون بە دارێوەن زۆر بە جوانی دیاربوون.

کـە گەڕامـەوە ژوورەکـەم، تەلـەفۆنم بـۆی کـرد وەڵامـی نەدامـەوە، منیش کورتە نامەیەکم بۆی نووسـیو پـێم وت: زۆر سەرسـام بـووم کـە تۆم بەم شـێوەیە بینـی وامزانـی هـیچ کەسـێکت لـە ژیانـدا نییـە، بۆیـە داوای هاوڕێیــەتیم لێ کـردی، بــەڵام وا پێدەچــێ هاوڕێیــەتیت لەگــەڵ بەڕێوەبەرەکەت هەبێ؟).

دوای کەمێك وەڵامی نامەکەی دامەوە وتی (ئێستا کاتم نییە قسـەت لەگەڵ بکەم دواتر کە تۆم بینی، هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم).

منیش وەڵامم دایەوە و پێم وت (پێویسـت بـە ڕوونکردنـەوە ناکـات، تۆ ئازادیت چۆن دەژیت، ئەوەندە بەسە بۆ مـن کـە تـۆم بـەم شـێوەیە بینی، خوات لەگەڵ).

چوومە گەرماوەکە، دوشێکم وەرگرت و دوایی لـە سـەر سیسـەمەکە لێی ڕاکشام، هەندێك چاوی خۆم گـەرم کـرد. کـە هەسـتامەوە هەنـدێك ئاوم گەرم کرد و چایەکی سەفەریم خواردەوە.

خۆشم نەمزانی کات چۆن تێپەڕ بوو، سەیری کاتـژمێری دیوارەکـەم کرد، کاتژمێر چواری ئێـوارە بـوو، زەنگـی دەرگـا لێـی دا، کـە چـوومە دەرەوە، ئەو ئافرەتە لە بەر دەرگا بوو کە لە ڕۆخی دەریا ژوانم لەگەڵ هەبوو.

سـڵاوی لێ کـردم، سـڵاوم وەرگرتـەوە و پـێم وت: وەرە ژوورەوە، منش چاوەڕێم دەکردی.

وتی: جاریٚ نا، من هاتووم سەد دۆلاری هـەقی خۆمـت لێ وەربگـرم، کە وەرمگرتن ئینجا دەگەڕێمەوە ژوورەکەی خۆم، وەکـو بـووك بـۆ تـۆ خۆم دەڕازێنمەوە و بە جلی سووری خەوتن دەگەڕێمەوە لات، ئـەوکات دەبم بـە مـوڵکی تـۆ، بـە یەکـەوە دەخۆینـەوە دوایـیش بـە یەکـەوە دەخەوین، تاکو بەیانی لە ئامێزت دەبم.

منیش وتم: بەڵام ئەو جلانەی لەبـەرت کـردوون، عـەیبیان نییـە، بـە چاوی من زۆر جوانن، بۆچی نایەیتە ژوورەوە؟

وتـی: هێشـتان تـۆ منـت بـە ڕازاوەیـی و جلـی سـووری خەوتنـەوە نەبینیوە، ئەگەر بمبینیت، نامناسیتەوە.

کە زانیم پێداگیری دەکات، باوەشم پێیدا کرد و تێروپڕ ماچـم کـرد، دەستم خستە ناو سینگی و هەندێك مەمکەکانیم گوشی، پێم وت: لەوە زیاتر بەرگە ناگرم، تۆ زۆر جوان و شیرینی بۆچی نایەیتە ژوورەوە، من نامەویٚ لەوە زیاتر خۆتم بۆ بڕازێنیتەوە دەنا بەرگەی جوانیـت نـاگرم و دەبوورێمەوە.

لە قاقای پێکەنینی دا وتی: منیش دەمەویٚ خۆمت بۆ جوانتر بکەم، بۆ ئەوەی کە منت بینی، لە خۆشییان ببورێیتەوە.

ئەمەی وت و دەستی بۆ درێـژ کـردم وتـی: زووکـە سـەد دۆلارەکـەم پێبدە، با لەوە زیاتر دوا نەکەوم.

کە وای وت، لە دڵی خۆمدا وتم (دەترسم پارەکەی بـدەمیٚ، ئـەویش وەکـو کچـەکەی یانـەی شـەوانی قـاهیرە جـێم بهێڵێـت) بۆیـە ویسـتم

پارەکەی پێ نەدەم پێم وت: کە خۆت گۆڕی و هاتیتەوە، ئینجا پارەت پێدەدەم.

وتی: من شتی وا نازانم، دەبێ پێشەکی پارەکەم پێبدەیت، دەنا دەڕۆم.

وتم: متمانەم پێبکە هەقی تۆ ناخۆم، بەڵێنت پێدەدەم تا پارەکەت نەدەمێ دەستت نەدەمێ.

وتی: زۆری تریش وایان وتووە و دواییش پارەیان نەداومەتێ.

کە وای وت، سەد دۆلارم لە گیرفانم دەرهێنا و دامە دەستی و پێم وت: هەوڵ بدە زوو بگەڕێیتەوە، منیش زەڵاتە دروست دەکەم، تا تۆ دەگەڕێیتەوە، مێزی خواردنەوە ئامادە دەکەم.

ئەو ڕۆیشت و منیش خەریکی دروستکردنی زەڵاتە بووم. هەندێك بیرە و شەرابیشم لەگەڵ زەڵاتەکە لە سەر مێزێك دانان لە بیری خۆمدا وتم (دانیشتنی ئەمجارە، زۆر تایبەتی دەبێت، وەکو هاڕوونە ڕەشید لەگەڵ ئەم خانمە سەری خۆم گەرم دەکەم و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەم).

لە سەر ئاو و ئاگر بووم تا ئەو دەگەڕێتەوە لام، خەیاڵم لای ئەو بوو، چاوەکانم بڕیبووە ناو دەرگاکە، چاوەڕێی ئەو بووم وەکو فریشتە لێم بێتە ژوورەوە و ئێوارەیەکی ڕۆمانسی لەگەڵ بەسەر ببەم.

کاتژمێرێك تێپەڕی، ئەو خانمە نەگەڕایەوە، منیش لە مەرەقان ئۆقرەم نەمابوو، بە مۆبایلەکەم تەلەفۆنم بۆی کرد، وەڵامی نەدامەوە.

چەند جارێکی تریش تەلەفۆنم بۆی کردەوە هیچ وەڵامی نەبوو، دواجار کە تەلەفۆنم بۆی کردەوە، وتی (ئەم هێڵە داخراوە یان لە دەرەوەی بازنەیە، پەیامێك بنێرە، یان دواتر پەیوەندی پێوە بکەوە).

ئیتر بەم شێوەیە، چاوەڕوانییەکەم بووە چاوەڕوانی گۆدۆ، بە درێژایی مانەوەم لە شەرم ئەلشێخ دەچوومە کەناری دەریا، چاوم لێی دەگێڕا، لە هەر شوێنێك ژنێکم ببینیبا، هەر وام دەزانی ئەوە، کە لێی نزیك دەبوومەوە، بێ هیوا دەبووم. دەتوت زەوی قووتی داوە، جارێکی تر نەم بینییەوە.

***

# ( هەرەمەکانی جیزە و قەڵا دێرینەکەی سەلاحەددینی ئەیوبی )

میسر وڵاتێکی زۆر خۆشە، ئەو هەشت شەوەی لە قاهیرە و شەرم ئەلشێخ بووم کاتێکی خۆشم لەگەڵ بینینی هەرەمەکانی جیزە و قەڵا دێرینەکەی سەلاحەددینی ئەیوبی و ئارامگای ئوم کەلسووم و فەرید ئەترەش و دیمەنە دڵڕفێنەکانی سەر دەریای سوور لە شەرم ئەلشێخ بەسەر برد. حوکمڕانی ئەو وڵاتە وەکو حوکمڕانەکانی لای خۆمان نین، ئەو بیابانانەیان وەکو بەهەشت لێ کردووە، لە هەموو لایەك خەڵكی بۆ کات بەسەربردن و خۆشی ڕووی تێ دەکەن، کەچی ئەوانی خۆمان، بەهەشتیان لێ کردووین بە دۆزەخ.

خۆشم نەمزانی ئەو هەفتەیە چۆن تێپەڕی، گەڕامەوە شاری هەولێر و چوومە سەردانی شەوکەت ئەفەندی تاکو چیرۆکی ئەم گەشتەی بۆ بگێڕمەوە.

کە چوومە لای شەوکەت ئەفەندی، بینیم ئەو ژنەی فۆتۆکۆپی و کاری چاپکردن و وەرگێڕانی لە دووکانەکەی ئەو دەکردن لە لای نەمابوو، لە شوێنی ئەو هەندێك کەلوپەلی ناو ماڵ و کورسی و مێزی

دانـابوو. پـێم وت: بۆچـی دوکانەکـەت وەهـا شـڵەژاوە، دەڵێـی ئـەو ماوەیەی کە لێت دابڕاوم، شتێك ڕوویداوە؟

وتی: هەر لێ گەڕێ، من لە ئەورووپا هاتوومەتەوە تاکو بحەسـێمەوە، کەچـی لێـرەش خـەمو خەفـەت یەخـەم بـەرنادات و خـۆی بـۆم دێتـە ژوورەوە.

منیش وتم: جارێ تۆ پێم بڵـێ ئـەو ژنـە عەرەبـەی کـە لـەلات کـاری دەکرد، بۆچی نایبینم؟

وتی: چیرۆکی ئەو ژنە دوورو درێژە، لێی گەڕێ.

وتم: ژنێکی باڵا بەرز و جوان بوو، چۆن لە دەستی خۆت دا؟

وتـی: منـیش بـە جوانییەکـەی هەڵخەڵـەتام، خۆزگـا نەمناسـیبا و نەمهێنابا بۆ لای خۆم.

وتم: بۆچی، خوا نەخواستە شتێکی خراپ بووە؟

وتی: ڕۆژانە لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێی دەکرد، بۆ کـاری چـاپ و وەرگێڕان، پارەیـەکی باشـم لێـی بـە دەسـت دەکـەوت، مـن هـەر وام دەزانی ئەو خەڵکە بۆ چـاپ و وەرگێـڕان ڕوو لێـرە دەکـەن، چـی بـزانم ئەوان بەو ناوە دێنە لای و لە ژێرەوەش لەگەڵی ڕێك دەکەون و کە مـن لەوێ نابم، لەگەڵی ڕادەبوێرن و کڵاوم بۆ دەدوورن.

کە وای وت، لە قاقای پێکـەنینم دا وتم: تـۆ چـی دەڵێـی، چما ئـەو لەشفرۆشیش بوو؟!

وتی: ئەگەر بمزانیبا شتی وا دەکات، چۆن لای خۆم ڕامدەگرت.

وتم: پیاوەکەی دراوسێت چۆن بەسەر ژنەکەی خۆی هێنای و دووکانیشی بۆ کردەوە، تۆ بڵێی ئەویش نەیزانیبێت؟

وتی: دەرچوو ئەو پیاوە هەر خۆی گەواد بووە، بۆ ئیش‌و کاری خراپ ئەوی بەکارهێناوە.

وتم: وام دەزانی هەر من کۆڵەوارم و ئەم جۆرە ژنانە ناناسم، بەڵام دەرچوو تۆش لە من باشتر نیت، خراپت بەسەر هاتووە.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا وتی: خۆزگە هەر ئەوەندە با، دەڵێی جادووم لێ کراوە، ئەو ماوەیە کۆمەڵێك کێشە بە جارێك ڕوویات تێ کردوومە، خۆشم نازانم بۆچی وام بەسەر هاتووە.

وتم: بەڕاست ئەو کەلوپەل‌و کورسی و مێزانە چین لێرەت داناون دیمەنی گەلەرییەکەیان شێواندووە.

وتی: منیش ویستم ئەوەت بۆ باس بکەم، خەمی ئەو ژنە عەرەبە لە لایەك و خەمی کچەکەشم لە لایەکی تر بووەستێ.

وتم: تۆ باسی چی دەکەیت، ئەی منداڵەکانت لەگەڵ دایکیان لە ئەوروپا ناژین؟

وتی: ماوەیەکە کچە گەورەکەم لە هاوسەرەکەی جیا بۆتەوە، بۆ بەدبەختیی منیش گەڕاوەتەوە کوردستان و دەیەوێ لێرە بژی. نازانم چی لێرە دۆزیوەتەوە، ئەو لە ئەوروپا لە کۆلێژی پزیشکی دەیخوێند، لە هیچی کەم نەبوو، کەچی گەڕاوەتەوە ئێرە لە ژیانی دەرەوە بێزار بووە و نایەوێ جارێکی تر بگەڕێتەوە ئەوێ.

منـیش وتم: ئـەوە چ پەیوەنـدییەکی بـەو کەلوپـەلو کورسـییانەوە هەیە؟

وتی: ئەو کچە نەگبەتەم هەر وا دەزانێ ئێرەش ئەوروپایە، کچان و ژنان بە تەنیایی بژین، نازانێ خەڵکی ئێرە بێ ویژدانن قسەو قسـەڵۆکی بۆ هەڵدەبەستن و کێشەی بۆ دەنێنەوە.

شەوکەت ئەفەندی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ماوەی چەند ساڵێکە ئەو کچەم هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێك کردووە و لـە ئـەڵمانیا دەژیـان، پیاوەکـەی تـەنیا یـەك عـەیبی هـەبوو، ئـەویش ئـەوەبوو زۆر ڕێـزی لـە کچەکەی من دەگرت و هەرچی لێـی داوا بکردبـا، بـۆی دەهێنـا، کەچـی لێی جیابۆوە.

منیش وتم: بەڵکو هۆکارێکی تر هەبێت، بۆیە لێی جیابۆتەوە.

وتـی: بـە وتـەی خـۆی ئـەو بێـزار بـووە لـەو ژیانـە، حـەزدەکات هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێك بکات، هەر هیچ نـەبێت تـەنیا جارێـك پێـی بڵێ نەخێر، بەڕای من هەر ئەوەندە بەس نییە بۆ ئەو کچەی مـن بـەڵکو پێویستە هەندێك جاریش تێی هەڵبدات.

کە ئەمەی وت، سەرم سوڕما، وتم: شەوکەت ئەفەندی تۆ سەرخۆش نیت، ئاگاداریت تۆ چی دەڵێی؟

وتی: بەڕاستیمە، کچەکەی من ئەوەی دەوێت.

منیش وتم: هیچ ژنێك هەیە حەزبکات هاوسەرەکەی بە گوێی نـەکات و تێی هەڵبدات؟

وتی: ئاخر بۆیە لە خەفەتی ئەو کچە بێ ئەقڵەی خۆم وەختە شێت بم. ئێستاش کۆلێژی پزیشکی بەجێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە کوردستان و دەیەوێ لێرە بە تەنیایی بژیت.

وتم: مەبەستت لە ژیانی تەنیایی چییە؟

وتی: متمانەی بە هیچ پیاوێك نەماوە، نایەوێ جارێکی تر هاوسەرگیری بکاتەوە.

وتم: پێت نەوتم ئەم کەلوپەلانە چ پەیوەندییێکیان بەوە هەیە؟

وتی: کچەکەم نەیدەویست لەماڵەوە لەگەڵ من بژیت، دەیویست وەکو ئەورووپا بە تەنها لە شوقەیەکی سەربەخۆ بژیت.

وتم: چۆن؟

وتی: زۆرم پێی وت، ئێرە جیاوازە، بە قسەی نەکردم، شوقەیەکی لە باڵاخانەکانی ناز ستی گرت، ماوەیەك بە تەنیایی لەوێ ژیا. لەم ڕۆژانە، بە خۆی و ئەم کەلوپەلانە هاتەوە بەر دەرگاو بە چاوی گریانەوە پێی وتم (باوکە تۆ ڕاستت کرد، خەڵکی ئێرە وا دەزانن هەر ژنێك بە تەنها بژیت، کەسێکی خراپە، بوختانی پێدەکەنو ناوی دەزڕێنن).

منیش وتم: ناکات تووشی ڕووداوێکی خراپ بووبێت؟

وتی: وەکو خۆی بۆی باس کردم، هەندێك جار لەناو مەسعەدەکەو لە گەراجی ژێر زەمینەکە، توانجیان لێی داوە و بە چاوێکی خراپ سەیریان کردووە، تەنانەت داوای شتی خراپیشیان لێی کردووە.

منیش وتم: بۆچی نەیدەزانی هەندێك لە شوقەکانی زەکەریا بۆکاری خراپ بەکاردەهێندرێن و بوونەتە شوێنی لەشفرۆشان.

وتی: ئەو هیچ گوێی لێ نەگرتم، شوقەی لەو شوێنە گرت، بێ ئەوەی پرسم پێ بکات، پاش ئەوەی تێ کەوت لەم ڕۆژانە بە مل شۆڕی و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە هاتەوە لام و ئەم کەلوپەلانەش کە کڕیبوونی، لەگەڵ خۆی هێنایەوە.

منیش وتم: گرینگ ئەوەیە وانەیەکی لێ وەرگرتبێت و جارێکی تر ئەم هەڵەیە دووبارە نەکاتەوە.

وتی: بڕوا ناکەم، وانەی لێ وەربگرێت، دەنا دەگەڕایەوە ئەورووپا و لەوێ لەگەڵ دایك و خوشکی دەژیا.

لەم قسانەدا بووین، زەنگی تەلەفۆنەکەی لێی دا، شەوکەت ئەفەندیش سەماعەی تەلەفۆنەکەی کردە خارجی وتی: ئەوە کچەکەمە تەلەفۆنم لەگەڵ دەکات بزانم چی دەوێ؟

کچەکەی بە شەوکەتە فەندی دەوت (باوکە پلکم بە سەردان چۆتە شارۆچکەی سۆران، لە ڕێگا تووشی ڕووداو بووە و قاچێکی شکاوە، ئێستا لە نەخۆشخانەیە، قاچی بۆ لە چیمەنتۆ دەگرنەوە).

شەوکەت ئەفەندیش وتی: لەوەتی ئەو خوشکەم هاوسەرەکەی مردووە و بێ کێر ماوەتەوە، بیبەری تێ کراوە، لە هیچ شوێنێك ئۆقرە ناگرێت. ئەو چ کارێکی بە چوونە دەڤەری سۆران هەیە، ئەگەر ئاگر لە قوزی بەرنەبووبێت و نەیخورێت!!

کچەکەشی وتی ( ئەگەر تۆ قسەی وا بکەیت، ئەی خەڵك چی بە من دەڵێت؟).

شەوکەت ئەفەندیش وتی: تۆش لە پلکت باشتر نیت، ئەگەر تۆش ئاگر لە قوزت بەر نەبووبێت، چ کارێکت لێرە هەیە، بۆچی ناگەڕێیتەوە ئەوروپاو لەگەڵ دایك و خوشکت ناژیت؟

ئەمەی وت و تەلەفۆنەکەی لەسەر کچەکەی داخست.

منیش بە شەوکەت ئەفەندیم وت: نابێ بەم شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ کچەکەت بکەیت، دەبێ گوێی لێ بگریت و ئامۆژگاری بکەیت، دەنا لە دەستت دەردەچێت و پەشیمان دەبیتەوە.

وتی: نازانم چۆن ڕەفتاری لەگەڵ بکەم، ئەم کچەم لە منداڵیش هەروەکو ئێستا کەللە ڕەق بوو، قسەی کەس وەرناگرێت، بە دوای حەز و ئارەزووی خۆی کەوتووە و چاوەکانی هیچ نابینێت.

ئەمەی وت و ڕووی تێکردم وتی: با ئەم بابەتە دابخەین، بیستم گەشتت بۆ وڵاتی میسر کردبوو، چووبوویت بۆ شاری گەشتیاری غەردەقە یان بۆ شەرم ئەلشێخ؟

وتم: دیارە تۆش شارەزاییت لە سەر ئەو شوێنانە هەیە؟

بە پێکەنینەوە وتی: لە دونیا شوێن نەماوە بۆی نەچووبم و خانمبازیشم تیای نەکردبێت.

وتم: بەڵام پێشتر بۆت باس نەکردوومە.

وتی: بۆ هەر شوێنێك ڕۆیشتبم، یادگارییێکی خۆشم لێی هەیە، ئەگەر هەموویان بۆت باس بکەم وەکو چیرۆکی هەزارو یەك شەوەی لێ دێت و کۆتایی نایەت.

ئەمەی وت و دەستی خستە سەر شانم پێی وتم: ئێستا پێم بڵێ لەم گەشتەت شێر بوویت یان ڕێوی؟!

منیش بە پێکەنینەوە پێم وت: چاوەڕێی چیم لێ دەکەیت، سەد ساڵی تریش بژیم، وەکو تۆم پێ ناکرێ. زۆر هەوڵم دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، ژنی ئەو شوێنانە ساختەچین، بە پیاو ڕادەبوێرن.

وتی: تۆ نەتزانیوە بیانخوێنیتەوە و بە باشی ڕەفتاریان لەگەڵ بکەیت بۆیە هەوڵەکانت سەریان نەگرتووە.

وتم: سەرم لەو ژنانە سوڕماوە، ئەو بڕە پارەیەی کە داوایان دەکرد، بە زیادەوە پێم دەدان کەچی سەرەڕای ئەوەش لەگەڵم نەدەهاتن. تۆ بڵێی پەیوەندیی بە تەمەنەوە هەبێ؟

وتی: نەخێر پەیوەندیی بە تەمەنەوە نییە، ئەوان بۆ پارە لەشی خۆیان دەخەنە بەردەستی پیاوان بەڵام دیارە تۆ هەڵەیەکت کردووە، لێت نەزانیوە بۆیە لە دەستت ڕایانکردووە.

وتم: بەخۆڕایی نەیانوتووە نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب، ئەوەی بە تۆ دەکرێ، بە هەموو کەسێك ناکرێ، من بە گەنجی شتی وام نەکردووە ئێستا چۆن بە پیری فێر دەبم.

وتی: وا مەڵێ، مرۆڤ لەو تەمەنە زیاتر پێویستی بە خانمبازییە. ماوەیەك پێش ئێستا کە چوومە ئێران داوام لەو شوفێرە کرد کە

ئێمەی برد بۆ شاری ڕامسەر لە باکووری ئێران، ژنێکی جوانم بۆ بێنیێ، لە بەردەمی خۆم تەلەفۆنی بۆ ژنێک کردوو پێی وت (ئاغایەك لەو دیوەوە هاتووە، دەیەوێ چەند شەوێك لەگەڵی بمێنیتەوە و جەوێکی خۆشی بۆ دروست بکەیت) منیش تەلەفۆنەکەم لێی وەرگرت و پێم وت (بە هەڵە لێم تێ مەگە، من پیاوێکی بە تەمەنم، دەمێکە لە جنس کەوتووم، بەڵام حەز لە دانیشتنی خانمان دەکەم و دەمەوێ چەند ڕۆژێك لەم ڤێلایە لەگەڵم بیت، بە یەکەوە بخۆینەوە و بخەوین).

منیش وتم: تۆ ئەم چیرۆکەت پێشتر بۆ گێڕاومەتەوە، مەبەستت چییە، دەتەوێ چیم پێ بڵێی؟

وتی: دەمەوێ بڵێم، خانمبازی پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە، مادام تۆ پارەی خۆت دەدەیت، ئەوان هەموو شتێکت بۆ دەکەن.

وتم: بەڵام تاکو ئێستا لە هەوڵەکانم سەرکەوتوو نەبوومە.

وتی: دەبێ تۆ بەردەوام بیت لە هەوڵەکانت و کۆڵ نەدەیت، ئەمجارە بە قسەی من بکە، گەشتێك بۆ ئێران بکەو بڕۆ بۆ شاری ڕامسەر، لەوێ لە سەر ڕۆخی دەریای قەزوین، ڤێلای خۆشی لێیە، ڤێلایەك بە کرێ بگرە، لەوێ پارە بە هەر کەسێك بدەیت، ژنی جوانت بۆ دێنێ. ژنی ئێرانی وەکو ژنەکانی وڵاتە عەرەبییەکان نین، فێری فرتوفێڵ نین، چۆنت بوێ وات بۆ دەکەن.

***

# ( چوونم بۆ شاری ڕامسەر )

قسەکانی شەوکەت ئەفەندی چووە گوێم، بەرەو شاری ورمێ بەڕێکەوتم، کە گەیشتمە شاری ورمێ، لە هۆتێلی جیهانگیر دابەزیم. ئەم هۆتێلە هەرچەند چوار ئەستێرە بوو، بەڵام وەکو هوتێلی پێنج ئەستێرە خۆش و پاك و خاوێن بوو. بڕیارم دا شەوێك لەوێ پشوو بدەم ئینجا بۆ بەیانی بەرەو باکووری ئێران بەڕێبکەوم. لە سەر جێگا لێی ڕاکشابووم، بیرم لە پلانێك دەکردەوە بۆ ئەم گەشتەم. خەیاڵەکانم منیان گەڕاندەوە بۆ دواوە، بۆ دە ساڵ بەر لە ئێستا کاتێك کە بە یاوەری هاوسەرەکەم بۆ سەردانی پزیشك هاتمە ئێرە، لە بیمارستانی ئومێد لەگەڵ کچێکی خەڵکی بۆکان یەکتریمان ناسی، ناوی کەیلی بوو، زۆر جوان و شۆخ و شەنگ بوو، ئەویش وەکو من بە یاوەری لەگەڵ دایکی هاتبوو بۆ ئەو نەخۆشخانەیە. ڕۆژانە یەکتریمان دەبینی، هاوسەرەکەم لەگەڵ دایکی ئەو بەیەکەوە چاوەڕوانی نۆرەی خۆیان دەکرد، بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، ئێمەش لە ناو باخچەی بیمارستانەکە بە یەکەوە پیاسەمان دەکرد.

ڕۆژێك ئەوان پێش ئێمە گەیشتبوونە بیمارستان، کە ئێمە چووین، بینیم کەیلی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، بە خەمباری، لە تەنیشت

دایکی دانیشتووە. کە بەم شێوەیە بینیم، پێم وت: بۆچـی خـەمباریت، خوا نەخواستە شتێکی خراپ ڕوویداوە؟

وتی: لە بەر دەرگای بیمارستان، کەسێك بە ماتۆڕسکیلەکەی خـۆی لێم نزیك کردەوە و جانتاکەمی بە گشت پارەو پوولەوە لە شانم هێنایـە خوارەوە و فڕاندی و وەکو هەورە تریشقەش بۆی دەرچوو.

منیش وتم: پارەیەکی زۆری تیا بوو؟

وتی: خەرجیی ڕێگاو نۆڕینگەی پزیشکی تیا بوو.

منیش دەستم خستە باخەڵم، سەفتەیەك پـارەی ئێـرانیم دەرهێنـاو خستمە ناو دەستی. ویسـتی وەری نـەگرێت، بـەڵام مـن تونـد دەسـتیم گوشی و زۆریم لێی کرد کە وەریبگرێت. کاتێك کە ئەو دەسـتە گـەرم و نەرمەیم گوشی، تەزوویێکی گەرم بە لەشمدا هات، هەستم بە خۆشییێکی زۆر کرد، دەتـوت یەکـەم جارمـە دەسـتی خانمـان دەگوشـم تـەزوو بـە لەشمدا هـات. وەك بڵێـی ئـەویش هـەمان هەسـتی منـی هـەبێت، چـاوە جوانەکانی بڕیبوونە ناو چاوم و نەیدەهێنانە خوارەوە.

ئیتر ئەوەبوو هەر لەو ڕۆژەوە پەیوەنـدیی مـن و کـەیلی تـا دەهـات بەهێزتر دەبوو. ڕۆژێك کە چـووین بـۆ بیمارسـتان دوای چـاوەڕوانییێکی زۆر لـە بڵندگۆیەکـە پێیـان ڕاگەیانـدین کـە تیشـکی ناوکییـان نـەماوە، ناردوویانە لە شاری تەبریز بۆیان بێت، داوایان لێ کردین کە دەبێ تـاکو دوو کاتژمێری تر چـاوەڕێ بکـەین، تـاکو تیشـکەکە دەگاتـە جـێ. لـەو کاتەدا کەیلی منی جیا کردەوەو پێی وتم (هاوسـەرەکەت لەگـەڵ دایکـم

زۆر گونجاون لەبەر قسەکردن، ئاگایان لە ئێمە نییە، چی دەڵێی لەجیاتی چاوەڕوانی، ئەم ماوەیە بچینە شوێنێك، قاوەیەك بە یەکەوە بخۆینەوە؟).

وتم: خراپ نییە، بەڵام بۆ کوێ بچین؟

وتی: ئەمڕۆ کە لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە، زۆر پەلەم بوو بۆیە نەمتوانی خۆم ڕێك بخەم، ئەگەر ڕازی بیت، پێم خۆشە سەرەتا بچین بۆ هۆتێلەکەی ئێوە، لەوێ خۆم ڕێکدەخەم ئینجا دەچین بۆ (بەندی) لەوێ ڕیستورانتی خۆشی لێیە، لە شوێنێك دادەنیشین و بە یەکەوە چایەك دەخۆینەوە و هەندێك باسی ژیانی خۆشمان بۆ یەکتری دەکەین.

منیش وتم: تۆ چۆنت پێ باشە، با وابێت.

ئەوەبوو، تەکسییێکمان ڕاگرت و بە یەکەوە چووینە هۆتێل. خەڵکێکی زۆر لە سالۆنەکە دانیشتبوون، بۆیە بەڕێوەبەری هۆتێلەکە هەستی بە هیچ نەکرد، من و ئەویش بە بێ دەنگی چووینە ناو مەسعەدەکە و چووینە ژوورەکەمان لە نهۆمی سێیەم. کە گەیشتینە جێ، دەرگای گەرماوەکەم بۆی کردەوە پێم وت: چاوەڕێت دەکەم ئەگەر پێویستت بە شتێك بوو زەنگم بۆ لێبدە، بۆت ئامادە دەکەم.

کەیلی چووە ژوورەوە، زۆری پێ چوو، نەهاتە دەرەوە، لە دڵی خۆمدا وتم (کەیلی شتێکی بەسەر نەهاتبێت، نقەی لێ بڕاوە). بۆیە چوومە پشت دەرگای گەرماوەکەن لە دەرگام دا، پێم وت: تۆ باشی، هیچت بەسەر نەهاتووە؟

کە ئەمەم پێی وت دەرگای گەرماوەکەی کردەوە، ڕووت بوو، ئاو بە سەر و پرچی دەهاتە خوارەوە. کە بەو شێوەیە چاوم پێی کەوت، حەپەسام، لە سەرسامییان هیچ قسەیەکم بۆ نەهات و لە شوێنی خۆم چەقیم. ئەویش زۆر بە ئاسایی دەستی گرتم و منی ڕاکێشا ژوورەوە، وتی: دەتوانیت لیفکەیەك لە پشتم بدەیت، دەستم نایگاتێ؟

کە ئەمەی پێ وتم، تەزوویێك بە لەشمدا هات، لە ترسان ڕامکردە دەرەوە.

ئەویش هیچ خۆی تێك نەدا، وتی: دەزانم تۆش دڵت لای منە بۆچی شەرم دەکەیت؟

بە خۆمم وت (هاوسەرەکەت نەخۆشە، لە دۆخێکی خراپە، نەکەیت ئەم هەڵەیە بکەیت) ئەمەو لەوەش دەترسام نەوەك نیازی خراپ بێت و پەندێکم پێبکات، بۆیە دانم بە خۆمدا گرت و دەستم لێی نەدا. کە ئەویش لێم بێ ئومێد بوو، خۆی وشك کردەوە و جلەکانی لە بەر کرد و بە یەکەوە گەڕاینەوە بیمارستان.

کە لە سەر سیسەمەکە ڕاکشابووم، لەو خەیاڵانەدا بووم، لە پڕ بیرۆکەیەك بە مێشکمدا هات، لە بیری خۆمدا وتم (بۆچی پەیوەندی بە کەیلییەوە نەکەم، ئەو ژنێکی ڕۆمانسییە، لێرە زۆرکەس دەناسێت، داوای لێ بکەم ژنێکی جوانی وەکو خۆی بۆم بێنێ).

ئیتر ئەوەبوو تەلەفۆنم بۆی کرد و پێم وت: من ئێستا لە شاری ورمێم، حەزدەکەم چاوم پێت بکەوێت؟

وتی: منیش ئێستا لێرە دادەنیشم، لە چ هۆتێلێك دابەزیویت، تا بێمە لات؟

وتم: لە هۆتێلی جیهان گەردی دابەزیوم، لە خیابانی کاشانییە.

وتی: ماڵی منیش لەو هوتێلە نزیکە، چاوەڕێم بکە، پاش کەمێکی تر دێمە لات.

پێش ئەوەی ئەو بێتە لام، جلەکانی خۆم گۆڕی و چوومە سالۆنی هۆتێلەکە لەوێ چاوەڕێم کرد.

دوای نیو کاتژمێر ئەویش گەیشتە لام. چەفیەیەکی سوور و پانتۆڵێکی تەسکی ڕەشی لەبەر بوو. کە چاوم پێی کەوت، ئەو ڕۆژە خۆشانەم بە بیر هاتەوە دە ساڵ پێش ئێستا، لە باخچەی بیمارستانی ئومێد کە بە یەکەوە پیاسەمان دەکرد و قسەی خۆشمان بۆ یەك دەکرد. کە منی بینی، تۆقەی لەگەڵ کردم و توند دەستی گوشیم.

لە دڵی خۆمدا وتم (ئەو هێشتان دڵی لای منە، بۆیە وا دەستم دەگوشێت).

کەمێك دانیشتین، قاوەیەکمان بەیەکەوە خواردەوە، دوایی پێم وت: ئەمجارە بۆ لای پزیشك نەهاتووم، بۆ گەشتکردن هاتووم. بە نیازم حەفتەیەك بچمە باکووری ئێران، بۆ شاری ڕامسەر و دەوروبەری.

وتی: چۆن منت بیرکەوتەوە؟

وتم: هیچ کاتێك تۆم لەبیر نەکردووە، هەمیشە تۆم لە یاد بووە، بەڵام لە بەر سەرقاڵی نەمتوانیوە فریای هیچ بکەوم. بڕیارم داوە

لەمەودوا بایەخ بە ژیانی خۆم بدەم و ئەوەندە ژیانەی کە ماومە، گەشت بکەم.

کە ئەمەم وت بزەیەك هاتە سەر لێوەکانی وتی: بڕیارێکی باشت داوە، کەسانی وەکو تۆ دێنە ئێرە، چەند ڕۆژێك لێرە دەبن، لەو ماوەیە بە شێوەیەکی کاتی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنانی ئێرە دەکەن و خۆیان نویێ دەکەنەوە.

منیش وتم: من زۆر هاتووم بۆ ئێران، بەڵام هیچی بۆ خۆشی نەبووە، خۆت دەزانیت بۆ سەردانی پزیشك دەهاتم، بۆیە دڵم بە هیچ شتێك خۆش نەبوو، هەر لە بەر ئەوە بیرم لە هیچ شتێك نەدەکردەوە. بەڵام لەمەودوا دەمەوێ کەسێکی ڕۆمانسی بم و هاوڕێی ژن بۆ خۆم پەیدا بکەم.

وتی: ژنێکی دیاریکراوت لە خەیاڵە، بۆ ئەم گەشتەت؟

وتم: کە بیستم تۆ هاوسەرگیریت کردووەو لێرە دەژیت، بیرم لەوە کردەوە داوای یارمەتیت لێ بکەم، ژنێکی وەکو خۆت جوانم بۆ پەیدا بکەیت.

کە ئەمەم وت، لە قاقای پێکەنینی دا وتی: دە ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژە تێپەڕیوە کە بۆ یەکەمین جار یەکتریمان بینی، ئەو کات من کچ بووم، هاوسەرگیریم نەکردبوو، زۆر جوانتر بووم لە ئێستا، بەڵام وادیارە بە چاوی تۆ من هێشتان جوانم؟

وتم: لەبەر چاوی من تۆ نەگۆڕاویت، هەروەکو جاران جوانیت.

وتی: دوای ئـەوەی کـە ئێـوەم بـەجێ هێشـت هاوسـەرگیریم لەگـەڵ پیاوێك کرد، ناوی (مەنوچێڵ) بوو، خەڵکی لای خۆمـان بـوو لـە بۆکـان خانووێکی بۆ کڕیم و سەد مسقاڵ زێڕیشی بۆ کـردم. نزیکـەی دوو سـاڵ لەگـەڵ ئـەو ژیـام. بـە تـاوانی بازرگـانیکردن بـە مـاددە هۆشـبەرەکان، خرایە زیندانەوە و حوکمی هەتا هەتایی بۆ دەرچـوو. منـیش نـەمتوانی چاوەڕێی بکەم، لە ڕێگای دادگا لێی جیا بوومەوە.

منیش وتم: من بەوەم نـەزانیوە، جارێـك بـە سـەردان هاتمـە ئێـران، چـوومە شـاری بۆکـان، بـۆ سـەر مـەزاری هونەرمەنـدی خوالێخۆشـبوو حەسەن زیرەك، لە سەر مەزار چاوم بە هەنـدێك کەسـی خـەڵکی بۆکـان کەوت، هەواڵی تۆم لێ پرسـین یـەکێك لـەوان تـۆی بـاش دەناسـی وتـی (کەیلی ناسیاوی ئێمەیـە، مـاوەی چـەند سـاڵێکە هاوسـەرگیری لەگـەڵ دادوەرێکی عەجەم کردووە، ئێستا لە شاری ورمێ دادەنیشێت).

وتی: ئەوە ڕاستە، دوای ئەوەی لـە مەنوچـێڵ جیابوومـەوە، دادوەر عەلی زادە داوای دەستی کردم و بە عورفی هاوسەرگیری لەگەڵ کردم.

منیش وتم: بۆچی بە عورفی هاوسەرگیریت لەگەڵ کرد، باشـتر نـەبوو هاوسەرگیرییەکەتان بە شێوەیەکی ئاشکرا بێت؟

وتی: ئاخر ئەو دادوەرە، خێزاندار بـوو، سـێ منداڵیشـی هـەبوو، لـە ترسی ژنەکەی نەوێرا بە ئاشکرا من بێنێت، بۆیە داوای لێ کـردم کـە بـە عورفی شووی پێبکەم.

منیش وتم: ئێستاش لەگەڵت دەژی؟

وتی: نەوەڵڵا ئەویش ماوەیەك چووە زیندانەوە، منیش لێی جیا بوومەوە.

منیش وتم: ئەوە چ ڕێکەوتێکە، ئەو کەسەی لەگەڵ تۆ هاوسەرگیری بکات، دەبێ بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە بکات و بخرێتە زیندانەوە ! !

وتی: مەسەلەکە وەها نییە، عەلی زادە پەیوەندی بە ماددەی هۆشبەرەوە نەبوو، ئەو لە پشت من و ژنەکەیەوە حەزی لە کچێکی تر کردبوو، پێی وتبوو کە ژنی نەهێناوەو دەیەوێ بیکاتە هاوژینی خۆی، کچەکەش پێی هەڵخەڵەتابوو، هاوسەرگیری لەگەڵ کردبوو.

منیش وتم: تۆش ئەوەت دەزانی؟

وتی: من هەر زوو بەوەم زانی، چوومە لای ژنی یەکەمی و پێم وت (پیاوەکەت من و ژنێکی تری بە سەر تۆ هێناوە، بۆچی شکایەتی لێ ناکەیت؟)، بەڵام ئەو بایەخی بە قسەکانم نەدا وتی (لەو ڕۆژەی کە تۆی بە نهێنی بە سەر من هێنا، لە ماڵەوە دەرمکردووە و قسەی لەگەڵ ناکەم، ئێستا بە من چی ژنێکی تریشی هێنابێت، ئەوە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، تۆ ئازادیت چی دەکەیت و ناکەیت).

وتم: تۆ چیت کرد؟

وتی: هیچم نەکرد، چونکە منیش بە عورفی هاوسەرگیریم لەگەڵ کردبوو، بۆیە کە ئەوەم زانی، هاوارم بە سەری کرد و خۆم لێی توورە کرد. بەڵام ئەو زۆر بێ منەت بوو، بەبێ ئەوەی داوای لێبووردنم لێ

بکات، وتی (ئەگەر ئەقڵت ناگرێ، دەتوانی بەجێم بێڵیت و لێم جیاببیتەوە).

منیش وتم: تۆ چ ڕێگایەکت هەڵبژارد؟

وتی: هیچ شوێنێك نەبوو بۆی بچم، چونکە دوای ئەوەی بە عورفی شووم پێی کرد، باوك و دایکیشم حاشایان لێ کردم، بۆیە بە ناچاری لەلای مامەوە.

وتم: ئەو ئێستا چی دەکات، لەگەڵ ژنە نوێیەکەی دەژیت؟

وتی: ژنە نوێیەکەی وەکو ئێمە نەبوو، کچی خانەوادەیەکی دیاری شاری ورمێ بوو، بۆیە کە ئەمەی زانی، لە دادگا شکایەتی لێ کرد و خستییە زیندانەوە. لە ئێران ئەوەی بە فڕوفێڵ هاوسەرگیری بکات، بە توندی سزا دەدرێت، بۆیە ئەویان زیندانی کرد و لە وەزیفەکەشی دەریان کرد.

وتم: ئێستاش هەر لە زیندانە؟

وتی: چۆتە تاران و لەوێ نووسینگەیەکی کردۆتەوە و پارێزەری دەکات.

وتم: ئەی ئەو ماوەیە چۆن توانیت بە تەنیا بژیت؟

وتی: ئەو ماوەیەی کە ئەو لە زیندان بوو، هیچ پارەو پوولی بۆ بەجێ نەهێشتبووم خەرجی بکەم، بۆیە منیش لە دادگا داوام لەسەر تۆمار کرد و داوای جیابوونەوەم لێی کرد.

وتم: کەواتە تۆ ئێستا ئازادیت؟

بە پێکەنینەوە وتی: بە دڵی تۆیە، ئەگەر منت بە دڵ بێت، بۆ ئـەم گەشتە لەگەڵت دێم.

جوانیی جارانی نەمابوو، زۆر قەڵەو بووبوو، کەرشی زۆر گەورە بوو، دەتوت منداڵی لـە سکدایە، حـەزم دەکـرد ژنێکـی لـە خـۆی ناسـکتر و جوانترم بۆ بێنیّ، بـەڵام کـە وای وت، نـەمتوانی دڵـی بشـکێنم و ڕەتـی بکەمەوە. بۆیە مجامەلەم کـرد و پـێم وت: چـۆن تـۆم بـە دڵ نییـە، تـۆ ئێستاش وەکو جاران جوانیت، دەڵێی هیچ شووت نەکردووە.

بۆ ڕۆژی دواتر، بە یەکەوە بە سواری پاس بەرەو شاری ڕامسـەر لـە باکووری ئێران بەڕێ کەوتین.

کە گەیشتینە جێ، لە ڕۆخی دەریای قەزوین ڤێلایەکم بۆ چوار شەو بـــە کـــرێ گـــرت. دوای پشـــووێکی کـــورت، بـــە یەکـــەوە چـــووینە ڕیستورانتێکی ڕۆخی دەریا، نانی ئێوارەمان لەوێ خوارد.

شاری ڕامسەر دیمـەنێکی دڵڕفێنـی هـەبوو، کـەوتبووە پـاڵ زنجـیرە شاخێکی بەرز، لە بەر چڕی دارستانەکەی سەوز دەچۆوە، پێیانـدەوت (شاخی جەواهیردە). لایەکی تریشی کەوتبووە سـەر دەریـای قـەزوین. لە هەموو لایەك گەشتیاران بۆ گەشتکردن ڕوویان تێی دەکرد.

دوای نانخواردن، پیاسەیەکی سەر دەریامان کرد، هەندێك تەماشای شەپۆڵەکانی دەریامان کرد، هەندێك ماسـی گـریش، تۆڕیـان خسـتبووە نـاو دەریـا و خـەریکی ماسـی گـرتن بـوون. هەنـدێك ژنـی جـوانیش تراکسوودیان لەبەر کردبوو، بۆ وەرزشکردن هاتبوونە ڕۆخی دەریاکـە و

ڕایاندەکرد. لە لایەکی تریشەوە ناوە ناوە کچان و کوڕانی ئاشق خزابوونە باوەشی یەکتر و وەکو کۆتر یەکترییان دەلێسییەوە.

دوای ئەوەی گەڕاینەوە ڤێلاکەی خۆمان، دوو کورسی و مێزێکم بردە ناو باخچەکەو بە دوو قۆڵی لێی دانیشتین.

پێم وت: وەکو دەزانین، تا دێت گەمارۆی ئەمریکا لە سەر ئێران زیاتر دەبێت، وا پێدەچێت، کاری نەرێنی کردبێتە سەر گوزەران و بژێویی ئەو خەڵکە.

وتی: لەوەتی بەهای تومەن دابەزیوە، کڕین و فرۆشتن کەم بۆتەوە، خەڵکی ئێرە ناتوانن وەکو جاران بازاڕ بکەن. ئێستا کاری لەشفرۆشی لە نێو ژناندا زۆر زیادی کردووە، لە هەموو شوێنێك ڕوو لێرە دەکەن، بۆ کات بەسەربردن و ڕابواردن، تەنانەت هەندێك لەو ژنانە بە عورفی شوویان بە کوردانی باشوور کردووە، هەر کاتێك ئارەزوو بکەن، سەردانیان دەکەن و لە گەڵیان دەخەون.

منیش وتم ئەو کەسانە ناترسن منداڵیان ببێت و لێیان ئاشکرا بێت؟

وتی: لێرە هەموو شتێك چارە کراوە، ئەو ژنانەی ئەو جۆرە کارانە دەکەن، دەرزی لە خۆیان دەدەن، بۆ ماوەیەك منداڵیان نابێت، هەر کاتێکیش حەزیان لە هاوسەرگیری بێت، خۆیان دەکەنەوە بە کچ.

منیش وتم: تێنەگەیشتم، چۆن خۆیان دەکەنەوە بە کچ؟

وتی: هەندێك پزیشك هەن، بەرامبەر بڕێك پارە، پەردەی کچێنی ئەو ژنانە دەدوورنەوە و دەیانکەنەوە بە کچ.

وتم: هیچ جارێك تۆ ئەمەت کردووە؟

وتـی: ئەگـەر بمـەوێ دەیکـەم، زۆر ئاسـانە، بـەڵام پێویسـتم پێـی نەبووە، بەڵام جارێك چوومە لای پزیشك، ئەوێی بۆ تەسك کردمەوە.

وتم: مەبەستت چییە لە تەسککردنەوەی ئەوێ؟

وتی: شوێنی جووتبوونەکەی بۆ دووریمەوە و وەکو کچێکی چواردە ساڵی لێکردمەوە.

کە ئەمەی وت، زەوقم بۆی چوو، پێم وت: پێت خۆشـە بـە یەکـەوە سەرجێیی بکەین؟

وتی: ئەی بۆچی لەگەڵت هاتووم، تا لەگەڵت بم من موڵکی تۆم.

کە وای وت، بە یەکەوە چـووینە ژووری خـەوتن، داوای لێکـردم کـە چاوەکانم بنووقێنم تا خۆی ڕووت دەکاتەوە. چاوەکانم نووقاند تا پێـی نەوتم نـەمکردەوە. کـە چـاوەکانم کـردەوە، بینـیم بـە ڕووتـی لـە سـەر سیسەمەکە لە سەر پشت لێی ڕاکشاوە.

منیش جلەکانی خـۆم داکەنـد و چـوومە تەنیشـتی، بـە دەسـتەکانم هەنـدێك مەمکـەکانیم گوشـی و دەمیشـم خسـتە نـاو دەمـی لێوەکـانیم مـژی. وەکـو بـووك خـۆی ڕازانـدبۆوە، بـۆنێکی زۆری لـە خـۆی دابـوو، نەیدەزانی من بەرامبەر بۆن هەستیارم، لە بەر بۆنی ئەو گـوڵاوە زۆرەی کـە لـە خـۆی دابـوو، پشـمیم. زۆر هـەوڵم دا، دان بـە خۆمـدا بگـرم و نەپشمم، بەڵام نەمتوانی.

پـێم وت: جلـەکانت لەبەربکـەوە، لـە بـەر ئـەو بۆنـە زۆرەی کـە لـە خۆتت داوە ناتوانم لێت نزیك ببمەوە.

کە وام پێی وت، زۆر نیگەران بوو، وتی: بۆ تۆ خۆم ڕازاندۆتەوە، ئەگەر بمزانیبا هەستیاریت بەرامبەر بۆن هەیە، بۆنم لە خۆم نەدەدا. ئەو چەند ڕۆژەی لەگەڵ تۆم، هیچ بۆن لە خۆم نادەم.

بۆ بەیانی تەکسییێکم بە کرێ گرت، بە سەد دۆلار یاوەری کردین، لە بەیانییەوە ئێمەی بردە وێستگەی تەلەفریك و چووینە سەر شاخی (جەواهیردە). شوێنێکی زۆر خۆش بوو، دەیڕوانییە سەر شاری ڕامسەر، لە ڕیستورانتەکەی سەر شاخەکە چایەمان خواردەوە. کە هاتینە خوارەوە، ئێمەی بردە کۆشکەکەی ڕەزا شا و محەمەد ڕەزا شا، هەروەها چووینە سەرچاوەی ئاوە کانزاییەکە، کە لە ناو باخچەی کۆشکەکە بوو. دەموچاومان بە ئاوە کانزاییەکە شوشت و دوایی بەرەو شاری جالووس بەڕێ کەوتین. نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد، دوای خۆرئاوابوون گەڕاینەوە شاری ڕامسەر.

لە ڕامسەر لاماندایە مۆڵێك، کە تایبەت بوو بە جلوبەرگی ژنان. جلی خەوتنی زۆر جوانی لێ بوو، کە چاوم پێکەوتن فستانە سوورەکەی شەوکەت ئەفەندیم بە بیر هاتەوە، کە لەناو جامخانەی گەلەرییەکەی هەڵیواسیبوو. منیش وەکو ئەوم کرد، فستانێکی سوورم کڕی، کەیلی وتی: ئەو فستانەت بۆ کێ کڕیوە؟

وتم بۆ تۆم کڕیوە، دەمەوێ ئەمشەو بەم فستانە سوورە لەگەڵم بخەویت.

کە ئەمەم پێی وت، زۆر کەیفی هات، بە پێکەنینەوە وتی: دوێنێ شەو کە لەگەڵم نەخەوتی زۆر خەفەتم خوارد لە بیری خۆمدا وتم

(لەوانەیە منی بە دڵ نەبێت، بۆیە پاساوی بۆم هێنایەوە و بە بیانووی بۆن لەخۆدان، لەگەڵم نەخەوتی).

منیش وتم: چۆن وا بیر دەکەیتەوە، تۆ ئێستاش لە کچێك جوانتری.

وتی: جارێ دیار نییە، کە لەگەڵم خەوتی، ئەنجا دەزانی چۆنم بۆت.

بە هەرحاڵ، نانی ئێوارەمان لە ڕۆخی دەریا خوارد و دوایش گەڕاینەوە بۆ ڤێلاکەمان.

چوومە گەرماوەکە، دوشێکم وەرگرت و کراس و پێجامەیەکم لەبەر کرد، کە هاتمە دەرەوە، ئەویش کتلی و قۆریەکەی لە سەر ئاگر دانابوو، وتی: تا چایەکە دێم دەدات، منیش دەچمە گەرماوەکە، دوشێك وەردەگرم، دوایی دەچینە ناو باخچەکە، بە یەکەوە چایەك دەخۆینەوە و هەندێکیش باسی ئەم دونیایە دەکەین.

وتم: تا تۆ دێیتە دەرەوە، منیش گوێ لە هەواڵەکان دەگرم.

کە لە گەرماوەکە هاتە دەرەوە، وەکو بووك خۆی ڕازاندبۆوە، دوو چای گەرم و هەندێك فستقی لە سەر سنییێك هێنا و لە بەرامبەرم دانیشت.

پێم وت: وەکو بیستوومە پیاوێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق، بۆ خانمبازی ڕوو لێرە دەکەن، ئەوکەسانەی کە هاتوونە بۆ ئێرە، باس لەوە دەکەن کە لێرە نووسینگەی ڕێگاپێدراو هەیە بۆ زەواجی موتعە.

وتـی: شـیعە مەزهەبـەکان کـار بـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییە دەکـەن، هەرکەسێك شیعە نەبێت، گرێبەستەکەی بۆ نابەستن.

وتم: ئەی ئەوانەی کە وەکو من سوننە مەزهەبن چی دەکەن؟

وتی: ئێمە چیمان کرد، ئەوانیش وا دەکەن.

وتم: مەبەستت چییە؟

وتی: گویٚ بەوە نـادەن کـە گرێبەسـتی هاوسـەرگیرییان هـەبیٚ یـان نەبیٚ، لەگەڵ ژنێك ڕێك دەکـەون و بـە یەکـەوە کـاتێکی خـۆش بەسـەر دەبەن.

وتم: وا پێدەچێت ئەمە لە نێو ژنانی کوردی ئێرە بووبێتە دیاردە؟

وتـی: خـەڵکی لای ئێـوە پووڵیـان هەیـە و دەوڵەمەنـدن، خـەڵکی ئێمەش هـەژارن، بۆیـە بەرامبـەر بڕێـك پـارە ڕازی دەبـن هاوسـەرگیری لەگـەڵ هـەر کەسـێك بکـەن کـە پارەیـان پێبـدات، تەنانـەت بـەبیٚ هاوسەرگیریش ئامادەن لەگەڵیان بخەون.

لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی: هەنـدێك کەسـی لای ئێـوە دەناسـم، خێزاندارە، کەچی لێرە بە نهێنی ژنێکی تری هێناوە، مانگی جارێك یان دوو جار، سەردانی دەکات و چەند ڕۆژێـك لـە لای دەمێنێتـەوە، دوایـی دەگەڕێتـەوە لای ژنەکـەی. هەنـدێکی تـریش هـەن، لای ئێـوە کێڵگـە و ڤێلایان هەیە، لەگەڵ ژنی ئێـرە ڕێـك کـەوتوون، ئـەو ژنانـە هـەر کاتێـك تەلەفۆنیان بۆ بکرێت، دەچنە باشوور و ماوەیـەك لـەلایان دەمێننـەوە، بەرامبەر بڕێك پارە لەگەڵیان دەخەون.

به هەرحاڵ، تا ڕۆژئاوابوون لەناو باخچەی ڤێلاکە دانیشتین، دوایی چووینە ژوورەوە. بەبێ ئەوەی داوای لێبکەم جلەکانی داکەند و ئەو فستانە سوورەی کە بۆم کڕیبوو، لەبەری کرد و لە سەر سیسەمەکە لێی ڕاکشا.

منیش وتم: جارێ کاتی خەوتن نییە، بۆچی پاڵ کەوتوویت؟

وتی: بێزاربووم لە دانیشتن، دەمەوێ تۆزێك پشوو بدەم.

کە وای وت، لە دڵی خۆمدا وتم (بەم جووڵانەوانەی دەیەوێ سەرنجم بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، تاکو لەگەڵی جووت بم)، هەر لەو کاتەش بیرم لای چیرۆکی هاوسەرەکانی پێشووی بوو، کە چۆن هاوسەری یەکەمی بە ماددەی هۆشبەرەوە گیراوە و خراوەتە زیندانەوە، ئەوەی دووەمیشی، هێنانی ژنی سێیەمی لێ ئاشکرا بووە و بە تۆمەتی فرۆفێڵکردن حوکم دراوە. لە دڵی خۆمدا وتم (دوور نییە بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی پارەو پوولەکانیان، ئەوانی بە گرتن دابێت، ئەگەر منیش لەگەڵی بخەوم، لەوانەیە سیناریۆیەکیش بۆ من دروست بکات و پارەیەکی زۆرم لێ داوا بکات). بۆیە بڕیارم دا لەگەڵی جووت نەبم.

***

# ( گەڕامەوە شاری هەولێر )

ئیتر بەم شێوەیە، ئەو شەوەمان بەڕێ کرد و بەیانیش بە پاس گەڕاینەوە شاری ورمێ. ئەوم گەیاندەوە بەر دەرگای ماڵەکەی و منیش بە ئوتۆمبێلێك گەڕامەوە مەرزی حاجی ئۆمەران و گەڕامەوە شاری هەولێر.

بۆ بەیانی سەردانی سەبری بازرگانم کرد، کە چووم، نەوزاد بێخەم و سەیاح پەقرەجیش لەوێ بوون. دووکانەکەی کەلوپەلی لە جاران کەمتری تیا مابوو، دەتوت بە نیازی گواستنەوەیە بۆ شوێنێکی تر، بەتاڵی پێوە دیار بوو.

کە چاوی بە من کەوت، وتی: هەر ئێستا باسی تۆمان دەکرد، بیستم بۆ ئێران چووبوویت؟

وتم: بەڵێ وایە، گەشتێکی کورتم کرد، دوێنێش گەڕامەوە.

وتی: ئەگەر بۆ باکووری ئێران ڕۆیشتبیت، شتێکی باشت کردووە.

وتم: زۆر جار بۆ ئێران ڕۆیشتوومە، زۆرێك لە شارەکانیم بینیوە، بەڵام هیچ شوێنێك لەو شوێنانەی بینیومە، وەکو باکوورەکەی خۆش نەبوون.

وتی: لە باکوور بۆ چ شارێك ڕۆیشتی؟

وتم: چوومە شاری ڕامسەر، لەوێشەوە ڕۆژانە دەردەچووم بۆ شار و شارۆچکەکانی تر، ئاووهەوایەکی ساف و دیمەنێکی دڵڕفێنیان هەبوو، مرۆڤ لە بینینیان هەرگیز تێر نابێت.

کە ئەمەم وت، سەیاح پەقرەج وتی: بیستوومە لە ڕامسەر کە ڤێلاکان بە کرێ دەدەن، دەڵێن بە ژنەوە دەتەوێ یان بێ ژن، ئەمە وایە؟

وتم: وا بە زەقی پێت ناڵێن، بەڵام ئەوەی ژنی بوێ ئاسانە، تۆ پارەی خۆت دەدەیت، هەموو شتێك لەوێ دەست دەکەوێ.

وتی: باسی خۆتمان بۆ بکە، لەگەڵ خانمبازی چۆن بوویت؟

منیش وتم: پەلە مەکەن، هەموو شتێکتان بۆ باس دەکەم. ڕووم لە سەبری بازرگان کرد و پێم وت: دووکانەکەت بەتاڵ بووە، دەڵێی بە نیازی گواستنەوەی بۆ شوێنێکی تر؟

کە وام پێی وت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی وتی: تۆ لەوە بگەڕێ، باسی گەشتەکەی خۆتمان بۆ بکە، بزانین چیت کردووە.

وتم: بۆتان باس دەکەم، بەڵام ئەم دیمەنەم بە باشی نایەتە بەرچاو، پێم بڵێ چی ڕوویداوە؟ نەوزاد بێخەم وتی: هەمووی لەسەر نازدار حەیران دانا.

وتم: مەبەستت چییە؟

وتی: لەوەتی ئاشقی ئەو کچە بووە و دەستی لەگەڵ تێکەڵ کردووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرمایەکەی لە دەست دەدات. هەر وازی لێ نەهێنا، تا ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشت.

منیش وتم: بۆچی ئاشقبوون ئەم هەموو خەرجییەی دەوێ؟

وتی: من ناو لەوە نانێم عیشق، سەبری چ ناوێکی لێ دەنێ با بینێ، ئەو قەیرە کچەی ئەو پەیوەندی لەگەڵ هەیە، کەسێکی چاوچنۆکە، چاوی بە هیچ تێر نابێ.

منیش وتم: جا چ پێویست دەکات ئەوەندەی لە قوڕگ بپەستێ؟

وتی: من سەرم لێی دەرناچێ، ئەو ژن و ماڵی خۆی هەیە، کەسێك نییە هیچی نەبینیبێت، وەکو خۆی دەڵێت، کاتێك کە لە شاری بەغداد دەیخوێند، بێ دڵیی خۆی نەکردووە لە خانمبازی. ئەگەر پشکنینی دی ئێن ئەی بۆ منداڵی لەشفرۆشەکانی بەغداد بکەن، زۆربەیان منداڵی ئەو دەردەچن.

کە ئەمەی وت، سەیاح پەقرەج لە قاقای پێکەنینی دا وتی: خۆ کفری نەکردووە، پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ کچێك بەستووە، ئێوە لێتان گەورە کردووە.

منیش وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، ئەو لە چاو تۆ هیچی نەکردووە، ئەو بە سیسی ئاوی تێکردوون، بەڵام تۆ وەکو خۆت دەڵێی، بە پەقرەج ئاویان تێدەکەیت.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، دووکاندارەکەی بەرامبەری هاتە لامان وتی: دیسان باسی سەیاح پەقرەج دەکەن؟

نەوزاد بێخەمیش وتی: ئەی بە تەمای چی، خۆ باسی جوگرافیا و مێژووش ناکەن. ئەوان بە خانمبازییان گرتووە، یان باسی بیرەوەرییەکانی ڕابردوو دەکەن، یانیش باسی پاڵەوانێتی ئێستایان دەکەن.

ئەویش بە پێکەنینەوە پێی وت: وابزانم تەنیا تۆ هیچت نییە؟

نەوزاد بێخەمیش وتی: هی من عەمبارە سۆتە، لە دەبڵ کوژاوەتەوە. فشەم بەم قسانە دێ، ئەوە هەموو ڕۆژێك لەگەڵ خانمێك جووت بوویت، وەکو سەیاح پەقرەجیش یەك پەقرەج ئاوت بۆ تێکردن، چییە؟

هەر خۆشی وەڵامی خۆی دایەوە و وتی: هیچ.

سەیاح پەقرەجیش وتی: من وەکو تۆم پێ ناکرێ، هەموو شتێکت لەلا هیچە، لەوەتی من خۆم ناسیوە، دەیان ژن لە ژیانم بووە. سەبری بازرگانیش وتی: سەیاح پەقرەج باسی ئەو ژنە عەرەبەیان بۆ بکە کە لە کۆگای غازەکەی لایماڵتان یەك پەقرەج ئاوت بۆی تێکرد.

منیش وتم: سەیاح گیان بۆمان باس بکە، بزانین لەو کۆگایە چیت کردووە؟

وتی: ڕۆژێك، هێشتان خۆر هەڵنەهاتبوو، دەچوومە فڕنییە سەموونەکەی لای ماڵمان بۆ کڕینی هەندێك سەموونو لۆبیا بۆ نانی بەیانی. لە ڕێگا چاوم بە ژنێکی عەرەب کەوت، ئەویش دەچووە فڕنی سەموونەکە. دەمێك بوو چاوم لە سەری بوو، لە دەرفەتێك دەگەڕام

داوای لێ بکەم، ئیتر ئەوەبوو، کە سەیری کۆگای غازەکەم کرد، کەسی لێ نەبوو، بە دەرفەتم زانی، خۆم لێی نزیك کردەوە، داوام لێی کرد، وەکو بڵێی ئەویش زۆر حەزبکات، قبوڵی کرد. ئیتر ئەوەبوو بردمە کۆگای غازەکە و یەك پەقرەج ئاوم بۆی تێکرد.

منیش وتم: هیچ جاری تر نەتبردەوە بۆ کۆگای غازەکە؟

وتی: تەنیا یەك جار لەگەڵی بووم، هیچی تر دڵم بۆی نەچوو.

وتم: بۆچی؟

وتی: بەری خۆی نەتاشیبوو، شتێکی قێزەون بوو.

کاکەسووری دراوسێی دووکانەکەی سەبری بازرگانیش وتی: ئەمە کەی کێشەیە، پێت وتبا جارێکی تر کە هاتیتە لام ئەوێت خاوێن بکەوە، مووسێکی پێدا دەینا، وەکو پەنیر سپی دەکردەوە.

سەیاح پەقرەجیش وتی: کە بەو شێوەیە بینیم قێزم لێی بۆوە، هەرکاتێك ئەو دیمەنەم دێتەوە بەر چاو، ئێڵنجم دەیەتێ و دێ برشێمەوە.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، هاورێیەکی کۆنی من و سەبری بازرگان هات، ناوی عەبۆیە، لەگەڵ سەبری بازرگان لە ساڵانی حەفتاکان لە بەغداد بەیەکەوە خوێندبوویان. ڕووم تێی کردو پێم وت: لە کاتێکی باش هاتی.

وتی: بۆچی، خێرە؟

وتم: تۆزێك پێش ئێستا باسی ئەوەمان دەکرد، لە بەغداد لەشفرۆش نەماوە خۆت و سەبری نەچووبنە لایان.

کە ئەمەم وت، لە قاقای پێکەنینی دا وتی: سەبری دیارە تۆ هـەموو شتێکت بۆ باس کردوون؟

وتی: ئەوان هەموو شتێك لە بارەی ئێمەوە دەزانن.

منـــیش وتم: جارێـــك لەگـــەڵ مەجیـــد لـــە یانەیـــەکی عـــەنکاوە دەمـانخواردەوە، سـەربردەیەکی خـۆی و ئێـوەی بـۆ گێڕامـەوە وتــی (هەرسێکمان لە شاری بەغداد دەمانخوێند، جارێك بە یەکـەوە چـووینە گـەڕەکی قادسـیە بـۆ مـاڵی لەشفرۆشـێك، لـە کـاتی هاتنـە دەرەوە، پۆلیسـی ئـاداب ئێمـەیان گـرت. ئێمـەیان بـردە ژێـر خێمەیـەك کـە بـۆ پاسەوانی لە نزیك ئەو شوێنە هەڵیاندابوو، بەرپرسەکەیان پێـی وتـین ( ئێوە چ کارێکتـان لێـرە هەیـە، نـازانن ئێـرە شـوێنی لەشفرۆشـەکانە؟) هەرچەند ئێمە ڕەتمان کردەوە کە پەیوەندیمان بەوانەوە هەبێت، بەڵام باوەڕیان پێ نەکردین و ئێمەیان گرت.

کە ئەمەم وت، لە قاقای پێکەنینی دا وتـی: ئەگـەر لەبـەر زیرەکیـی ئەو نەبا، ئێمەیان بەر نەدەدا و ئابڕوومان دەچوو. بـەڵام ئـەو لـە ئێمـە زیرەکتر بوو، کاتێك مەلای نیوەڕۆ بـانگی دا، چـووە لای بەرپرسـەکە و پێی وت (بەرماڵی نوێژکردنتان هەیە، نوێژی نیوەڕۆ بکـەم؟) کـە گـوێی لەوە بوو سەری سوڕما، داوای لێبووردنی لێ کردین وتـی (بمانبوورن کـە گومانی شتی خراپمان لێتان کرد، وامانزانی ئێوە بۆ لای لەشفرۆشـەکان هاتوون، چونکە ئەم گەڕەکە شوێنی لەشفرۆشەکانە).

منیش وتم: شەوکەت وتی کە تۆ دەرپێی لەشفرۆشەکەت لەگەڵ خۆت هێنابوو، ئەگەر ئەو دەرپێیەیان ببینیبا، تاوانەکەتان لە سەر ساغ دەبۆوە و بەریان نەدەدان.

ئەویش وتی: ڕاست ناکات، من دەرپێیەکەم نەبردبوو، ئەو بۆ یادگاری لەگەڵ خۆی هێنابووی.

منیش وتم: ئێستا بە کامتان بڕوا بکەم، تۆ ئەو دەرپێیەت لەگەڵ خۆت هێنابوو یان ئەو؟

سەبری بازرگانیش وتی: من شایەتم کە مەجید دەرپێی لەشفرۆشەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

منیش وتم: چۆن لەشفرۆشەکە دەرپێیەکەی خۆی پێدا؟

وتی: کاتێك ئیشی خۆی لەگەڵ دەکات، دەچێتە گەرماوەکە خۆی خاوێن بکاتەوە. چاوی بەو دەرپێیە دەکەوێت و دەیخاتە ناو گیرفانی و لەگەڵ خۆی دەیهێنێت. کاتێکیش پۆلیسەکانی ئاداب ئێمەیان گرت، ئەو لە هەردووکمان زیاتر دەترسا، ئێمە نەمانزانی لەبەر چی هێندە دەترسێت، دڵمان دایەوە و پێمان وت (ترسی ناوێ، هیچ بەڵگەیان بە دەستەوە نییە، بیسەلمێنێت کە چووبینە لای لەشفرۆشان) کە ئەمەمان پێی وت، دەستی خستەوە گیرفانیو دەرپێیەکی ژنانەی لە گیرفانی دەرهێنا و پیشانی داین، وتی (من دەرپێی ژنە لەشفرۆشەکەم لەگەڵ خۆم هێناوە، ئەگەر ببینن، تا سزامان نەدەن بەرمان نادەن).

سەبری بازرگان بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە وتی: بە مەجیدم وت (ئێمە قسە لەگەڵ پۆلیسەکان دەکەین و سەرقاڵیان

دەکەین، تۆش لەو کاتە دەرپێیەکە لە گیرفانت دەربێنە و فرێی بدە لایەکەوە، بە بێ ئەوەی ئەوان هەستی پێبکەن). ئیتر ئەوەبوو، سیناریۆیەکمان دروست کردو ئەویش خۆی لە دەرپێیەکە ڕزگار کرد.

سەیاح پەقرەج لەگەڵ ئەم قسانە گەرم بوو، باڵەکانی فش کردنەوە و بە پێکەنینەوە وتی: با من سەربردەیەکی خۆشی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە. گەنجێکی قۆز بووم، وەکو ئێستا نەبووم، هێشتان ژنم نەهێنابوو، وەکو ئێستا نەخۆش و دەردەدار نەبووم.

ئەمەی وت و دەستی خستەوە ناو گیرفانی و ڕەچێتەی پزیشکی لە گیرفانی دەرهێنا وتی: دوێنێ چوومە لای پزیشك، دوای پشکنین و شیکاری کۆمەڵێك نەخۆشی لێم بەدەرکەوتن هەموویان بە لایەك، نەخۆشی شەکرەکەشم بەلایەکی ترەوە.

نەوزاد بێخەمیش بە توانجەوە وتی: ئەوە نەخۆشی شەکرەشت هەیە ئەوجا یەك پەقرەج ئاویان بۆ تێ دەکەیت، ئەدی ئەگەر ئەو نەخۆشییەت نەبا چەندت بۆ تێدەکردن؟

ئەویش وتی: هەقتە فشەت بە قسەکانم بێت، تۆ ژنت نییە، نەخۆشی شەکرەشت هەبێت هەر بە ڕبەی تەق تەقە، چونکە لە دەبڵ کوژاندووتەتەوە.

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی: من پێم وتن، ئەوەکەی من عەمبارە سۆتە، خەوی لێ کەوتووە.

منیش ڕووم لە سەیاح پەقرەج کردوو پێم وت: واز لە نەوزاد بێخەم بێنە، ئەو ناوەکەی بە خۆیەوەتی، ئەو بێ خەمە، وەکو ئێمە خەمی بەرزگی نییە، تۆ باسی سەربردەکەی خۆتمان بۆ بکە.

سەیاح پەقرەجیش وتی: کە گەنج بووم، دراوسێیەکمان هەبوو، دوو ژنی هەبوو، هەردوو ژنەکانی حەزیان لە من کردبوو، منیش پەیوەندیم لەگەڵ هەردووکیان بەست. هەرجارێك هاوسەرەکەیان لەوێ نەبا، دەچوومە ماڵیان، لەگەڵ هەردووکیان دەخەوتم و پەقرەجێك ئاوم بۆ تێدەکردن.

نەوزاد بێخەم بە دەنگێکی بەرز وتی: وەی لەو درۆیە، ئاوی هەموو پیاوەکانی گەڕەکەکەمان کۆ بکەیتەوە، یەك پەقرەج نابێت، چۆن تۆ هەر یەك و پەقرەجێك ئاوت بۆ تێکردن؟

ئەویش وتی: بە سەری ئەو جەماعەتەی، هەر جارێك لەگەڵیان بخەوتبام، هەر یەك و پەقرەجێك ئاوم بۆ تێدەکردن.

منیش وتم: نەوزاد بێخەم ڕاست دەکات، گریمان ئاویشت زۆر بوو، بەڵام چۆن بە یەکەوە لەگەڵیان خەوتی؟

وتی: ئاخر ئێوە نەتانهێشت قسەکانم تەواوکەم، ماوەیەك لەگەڵیان بووم، بێ ئەوەی بە یەك بزانن، بەڵام دوایی خۆم پێ نەگیرا و ئاشکرام کرد کە پەیوەندیم لەگەڵ هەردووکیان هەیە. ئیتر ئەوەبوو ڕۆژێك هاوسەرەکەیان چووە دەرەوە، چوومە ماڵیان و هەردووکیان خۆیان بۆ ڕووت کردمەوە و لەگەڵم خەوتن. منیش هەریەك و پەقرەجێك ئاوم بۆ تێکردن.

نەوزاد بێخەمیش وتی: هەندێك کەس تـەنها درۆ دەکـەن، بـەڵان تـۆ بوختانیش بە خۆت دەکەیت، چۆن شتی وا دەبێت!!

سەبری بازرگانیش وتی: خۆزگەم بـە خـۆت، نەخۆشـی شەکرەشـت هەیە، کەچی لە سێکسکردن نەکەوتوویت، من تۆزێك ڕێـژەی شـەکر لـە خوێنم بەرز بۆتەوە، کاری تێکردوومە، جارێك چـوومە لای پزیشـك، لـە پاڵ چارەسەری نەخۆشی شـەکرەکەم، دەسـتەیەك حـەبی بـۆ نووسـیم وتی (هەرجارێك ویستت سێکس بکەیت، نیو کاتژمێر زووتر دەنکێك لەو حەبانـە بخـۆ یارمـەتیت دەدات)، هـەر جارێـك بـەکارم دەهێنـا، هـەموو لەشی ڕەق دەکردم تەنها ئەوێم نەبێت خەوی لێ دەکەوت.

نەوزاد بێخەمیش وتی: مادام تۆش نەخۆشـی شـەکرەت هەیـە، چـی لەو کچە دەکەیت کە لەگەڵ خۆت دەیبەیتە دەرەوە؟

وتـــی: بۆخۆمـــان دەچـــینە دەرەوەی شـــار و لـــە شـــوێنێك هەنـــدێك دەســـتبازی دەکـــەین و مەمکـــەکانی دەمـــژم و دەســـتێکیش بـــەوێی دادەهێنم.

منـــیش وتم: بۆتـــە چـــاکە غەریبـــە، هـــەموو ڕۆژێـــك دەســـتی پێـــدا دەهێنیت.

کە ئەمەم وت، هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دا، نەوزاد بێخەمیش هەسـتا سـەرپێ و بـە دەنگێکـی بـەرز وتـی: بـێ تامتـان کـرد، ڕۆژێـك نەهاتمـە ئێـرە باسـی بابـەتێکی ڕۆشـنبیری یـان زانسـتی بکـەن، هـەر خەریکی ئەم قسە پڕوپووچانەن.

ئەمەی وت و ڕووی لە سەیاح پەقرەج کرد وتی: تەماشای ئەوان مەکە، کە سەری خۆیان بۆت دەلەقێنن و بە دەمت پێدەکەنن، ئەوان پێت ڕادەبوێرن، بڕوات پێ ناکەن.

ئەمەی وت و بەبێ خواحافیزیکردن چووە دەرەوە.

منیش ڕووم لە سەیاح پەقرەج کرد و پێم وت: تۆ گوێ بە قسەکانی نەوزاد بێخەم مەدە، ئەو لە دەبڵ کوژاوەتەوە، بۆیە فشەی بەو شتانە دێ.

کە وام وت، کەیفی هات، وتی: جارێ ئێوە چیتان گوێ لێ بووە، لەگەڵ ژنێك پەیوەندی سۆزداریم هەبوو، کوڕەکەی شتێك لە من بچووکتر بوو، لە فەرمانگەیەکی حکومی خزمەتگوزار بوو. لەم ڕۆژانە لەگەڵی ڕێك کەوتم، بەیانی زوو، زۆری مابوو دەوامی فەرمی دەست پێبکات، بەیەکەوە چووین بۆ فەرمانگەکەی و لەوێش چووینە ژووری خزمەتگوزارەکان. پارچە قوماشێکی ئەستووری لە ناو جانتاکەی دەرهێنا، لەسەر زەوییەکە ڕایخست، جبەیەکی ڕەشی درێژی بە زنجیری لەبەردابوو، زنجیرەکەی هێنا خوارەوە، لە ژێرەوە هیچی لەبەر نەبوو، بەوە نەبوو کە منداڵی گەورە بوون، لەشێکی جوانی هەبوو، دەتوت هێشتان کچە. مەمکەکانی نەکەوتبوون، بە قیتی ڕاوەستابوون، لە سەر قوماشەکە لە سەر پشت لێی ڕاکشا و لاقەکانی بۆم فش کردەوە. منیش پانتۆڵەکەی خۆم داکەند و لە سەری درێژ بووم. دوو جار لە سەر یەك سێکسم لەگەڵ کرد، هەرجاری پەقرەجێك ئاویشم بۆی تێکرد. ویستم بۆ جاری سێیەمیش سێکسی لەگەڵ بکەم،

نەیهێشت، وتی (زۆر ماندووت کردم، هێزت لێ بڕیوم، با بۆ جارێکی تر بێت).

سەبری بازرگانیش ڕووی تێکرد، پێی وت: ئێوە بەو بەیانییە زووە چۆن چوونە ژوورەوە، بۆچی ئەو فەرمانگەیە پاسەوانی لێ نەبوو؟

وتی: پۆلیسێك لەبەر دەرگا بوو، هێشتان بە تەواوەتی خەو بەری نەدابوو، سڵاومان لێی کرد، ئاگای لێ نەبوو، وەڵامی نەدایەوە.

منیش وتم: ئێستاش پەیوەندیت لەگەڵ ماوە؟

وتی: لە ترسی کوڕە گەورەکەی ناوێرم خۆمی لێ نزیك بکەمەوە، وابزانم ئەو هەستی بە پەیوەندیی نێوان من و دایکی کردووە، ماوەیەکە لە ترسی ئەو زۆر بە وریایی دێمە دەرەوە، نەوەك بێتە سەر ڕێگایەکەم و زیانم پێ بگەیەنێت.

منیش وتم: وەکو باس دەکەیت، ژنان زۆر لە دەوری تۆ دەسووڕێنەوە، دەیانەوێ پەقرەجێك ئاویان بۆ تێبکەیت، بۆیە پێویست ناکات بۆ ئەو ژنە خۆت بخەیتە ناو ئاگرەوە، وازی لێ بێنەو خەریکی ئەوانی تر بە.

وتی: وا دەکەم.

بە پێکەنینەوە پێم وت: لە ئێران هەندێك هەنگوینی شاهانەم هێناوە، بەشی تۆشی لێ دەدەم، بەیانی بۆت دەهێنم، لەمەودوا لەجیاتی پەقرەجێك دوو پەقرەج ئاویان بۆ تێبکە.

که ئەمەم وت، سەبری بازرگان ڕووی له سەیاح پەقرەج کرد و پێـی وت: چـیت دەوێ، وا بوویتــه خــاوەنی هــەنگوینی شــاهانه و ئــەوجا لەجیاتی پەقرەجێك تانکەرێکیان تێبکه.

ئەمەی وت و ڕووی له من کرد وتی: گلەییم لێت هەیـه، منـت لـەبیر نەبووە، هەنگوینی شاهانەت بۆ نەهێناوم.

منیش وتم: تـۆم لـه بـیر نـەکردووە، حـەبی گیـایی هەوەسـم بـۆ تـۆ هێنـاوە، هـەر ڕۆژێـك دەرچـوونت لەگـەڵ نـازدار حەیرانەکـەت هـەبوو، دەنکێك بخۆ، ئەوجا تۆش وەکو سەیاح پەقرەج، یەك پەقرەج ئاوی بـۆ تێبکه.

وتی: به گاڵتــه وام وت، زانـیم لـەبیرم ناکـەیت، بـەڵام بۆچـی وەکـو سەیاح پەقرەج هەنگوینی شاهانەت بۆ نەهێنام؟

وتم: ئـاخر سـەیاح پــەقرەج وەکـو ئێمـه نییـه، هێشـتان گەنجـه و پێویستی به حەب نییه بۆ هەستان، ئـەو هەنگوینـەم بـۆی هێنـا، تـاکو ئاوەکەی زیاد بکات.

کـه ئـەوەم وت، عـەبۆ بـه پێکەنینـەوە وتــی: کاتێـك لـه بەغـداد بەیەکـەوە دەمانخوێنـد، سـەبری لــه هــەموومان جنسـیتر بـوو، کـه دەچـووینه مـاڵی لەشفرۆشـەکانی گـەڕەکی (فچـل)، تـا ئێمـه جارێـك سێکسمان دەکرد، ئەو دوو جار دەیکرد.

منیش وتم: تەنها جارێك دوو جار لەسەر یـەکتری سێکسـی دەکـردن یان هەموو جار؟

وتی: هەموو جار.

سەبری بازرگان وتی: دەزانن بۆچی وام دەکرد؟

وتم: بۆچی؟

وتی: چونکە لەشفرۆشەکان پێیان دەوتـین (دانـەی بـە دە دینـارە، جووتێکیش بە پانزە دینارە). منیش دەموت بۆ پێنج دینار بۆچی ئـەم دەرفەتە لە دەستی خۆم بدەم، بۆیە دووم بە جارێك دەکرد.

کاکەسووری دراوسێی دووکانەکەی سەبری بە پێکەنینەوە پێی وت: لە بەغداد زۆرت ڕابواردووە، ئەوە لۆیە ئێسـتاش خـۆت و شـاگردەکەت لەسەر هیچ ژنی سوری و ئاوارەیەك پاز نادەن!!

منیش وتم: ئەوە چیە، هەر ڕۆژی شتێکتان لە ژێر سەر دەردەچـێ. باسـی ئـەو ژنـە سـوری و ئاوارانـەم بـۆ بکـە، بـزانین بـە خـۆت و شاگردەکەت چیتان لەگەڵ کردوون.

وتـی: جـارێ تـۆ باسـی گەشـتەکەی خۆتمـان بـۆ بکـە، بـزانین لـە باکووری ئێران چیت کردووە، ئەوجا منـیش بـەڵێنی پێـدەدەم، هـەموو شتێکت بۆ باس بکەم.

وتم: من وەکو تۆ شارەزاییم نییە، لە بەغـداش نەمخوێنـدووە، بۆیـە لەو شتانە هیچی لێ نازانم.

ئەویش وتـی: ئـەوە سـاڵێکە تـۆش وانـەی خانمبـازی لـە شـەوکەتە فەنـدی وەردەگریـت، هـیچ وڵاتێـك لـەم دەوروبـەرە نـەماوە، بـۆی نەچـوویت، چـما چـوونە سـەر دەریـا و گرتنـی ڤـێلا لـەو شـوێنانە فشەیە!!

سەیاح پەقرەج کە ئەمەی گوێ لێ بوو، فیکەیەکی درێژی لێدا، وتی: چما ئەتوو ئەو هەموو شوێنەشت کردییە، دەنگیش ناکەیت. چەند ڕۆژە دانیشتنەکانتان بە من گەرم دەکەن و باسی پەقرەجەکەی من دەکەن، کەچی دەرچوو ئێوەش لە من خراپترن و لە ژێرەوە ئیشی خۆتان دەکەن.

منیش وتم: منی لێ دەربێنە، هیچم نەکردووە، ڕاستە بۆ هەر وڵاتێک ڕۆیشتبم، هەوڵم داوە، بەڵام وەکو ئێوە سەرکەوتوو نەبوومە، تەمەنی من بەسەرچووە، لەشفرۆشەکانیش ئامادەنین لەگەڵ کەسێکی وەکو منی سەرو ڕیش سپی بخەون.

***

## (شەوێکی سوور لەسەر ڕووباری نیل)

ئیتر ئەوەبوو، چیرۆکی گەشتەکانم بۆ وڵاتی میسر و تورکیا و ئێران بۆ گێڕانەوە، وتم: کە چووم بۆ میسر، داوام لە شوفێری تەکسییێك کرد، کە بمبات بۆ یانەیەکی شەوان لەسەر ڕووباری نیل. منی برد بۆ یانەیەکی شەوانی زۆر خۆش، ئەو کچانەی کە لە یانەکە خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرد، لە ڕۆخ میوانەکان ڕادەوەستان زۆر جوان و شۆخ و شەنگ بوون، تەمەنی هیچیان نەگەیشتبووە بیست و پێنج ساڵ.

یەکێك لەو کچە جوانانە کە خزمەتی دەکرد، ناوە ناوە بە دەستە نەرمو نۆڵە ناسکەکانی سەر مێزەکەی بۆ خاوێن دەکردمەوە و کە پەرداخی بیرەکەش بەتاڵ دەبوو، بۆی پڕ دەکردمەوە. کە سەیری جوانیی ئەوم دەکرد، لە دڵی خۆمدا دەموت (حەیف نییە بەو دەستە ناسکانەی پیسیی سەر ئەو مێزە خاوێن بکاتەوە، دەبێ فریشتەیەکی وەها جوان لە ئامێز بگیرێت و نازی پێبدرێت). خۆتان دەزانن چەندی بیرە بخۆیتەوە، سەرخۆشت ناکات، بەڵام لە یەکەم چرکە کە ئەو کچە جوانەم بینی، مەستی کردم. منی گەڕاندەوە سەردەمی گەنجیم، نەمتوانی بەرامبەر جوانییەکەی خۆم ڕابگرم، لە ئامێزم گرت و لە شوێنی خۆم هەندێك سەمام لەگەڵ کرد، دوایش دەمم خستە ناو دەمی و وەکو ئاشق ماچم کرد. کە ماچم کرد، پێی ناخۆش بوو، وتی:

ئێرە شوێنی کارە، ئەگەر بتەوێ ڕابوێریت، کات و ساتی خۆی هەیە، نیزامی کارکردن لێرە ڕێگامان پێ نادات لەگەڵ میوانەکان دەستبازی بکەین.

منیش داوای لێبووردنم لێی کرد و پێم وت: نەمزانی نیزامی ئێرە چۆنە، بەڵام دەکرێ داوای شتێکت لێ بکەم؟

وتی: فەرموو گوێم لێتە.

وتم: زۆر سەرسامم بە جوانییەکەت، ئەگەر ڕازی بیت، حەزدەکەم ئەمشەو لەگەڵم بێیتە دەرەوە، هەقی خۆشت چەندە بە زیادەوە پێتی دەدەم.

وتی: من دەرچوونم نییە، هێشتان هەر کچم.

ئەمەی وت و دوای تۆزێك منی بەجێهێشت، کە ڕۆیشت، زۆر خەفەتم خوارد، لە دڵی خۆمدا وتم (نەدەبوو داوای شتێکی وای لێ بکەم، بۆیە لێم عادز بوو).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، بۆ لام هاتەوە، کچێکی جوان و ناسکی لەگەڵ بوو، ئەوی بە من ناساند وتی: ئەم کچەت پێ دەناسێنم، خاتوو ڕەشا، خەڵکی وڵاتی تونسە، ئەو وەکو من نییە، دەرچوونی شەوانی هەیە، هیوادارم بە دڵت بێت.

ڕەشا کچێکی سوورو سپی، قژ زەردی ناوقەد باریك بوو، تەمەنی نزیکەی بیست ساڵ دەبوو. کە دەستی خستە ناو دەستم، تۆقەم لەگەڵ بکات، توند گوشیم، هێندە نەرم و ناسك بوو، دەتوت ئاوریشمە.

پـێم وت: زۆر بـە دڵـمـی، ئەگـەر ڕازی بیـت، حەزدەکـەم بەیەکـەوە بڕۆینە دەرەوە و ئەمشەو بەیەکەوە کاتێکی خۆش بەسەر ببەین.

وتـی: ئێستا ناتوانم لەگەڵت بۆ هیچ شوێنێك بێم، کـاتی کارکردنمـە، بەڵام دوای کاتژمێر دوانـزەی شـەو، کـارم لێـرە تـەواو دەبێـت ئـەوکات لەگەڵت دێم.

منیش ئیشارەتم بۆ ئەو شوفێرە کرد کە لەگەڵم بوو، وتم: من لەگەڵ ئەو شوفێرە هاتووم بۆ ئێرە، ناوی ئەبو عوسامە، وەسفی ئەو یانەیـەی بە باشی بۆ کردوومە، خاوەنی ئەم یانەیە دەناسێت.

کە وام وت، تەماشای ئەبو عوسامی کرد وتی: منـیش ئـەبو عوسـام دەناسم، زۆربەی شەوان لای ئێمە میوانە، گەشتیارمان بۆ دێنێت.

منــیش وتم: ژمــارەی تەلەفۆنەکــەتم پێبــدە کــە کــارت تــەواو بــوو پەیوەندیت پێوە دەکەم.

وتـی: با ڕێك بکەوین، ئەوسا ژمارەی تەلەفۆنی خۆمت دەدەمێ.

وتم: دەمەوێ تاکو بەیانی لەگەڵم بمێنیتەوە.

وتــی: دەزانم، لـەیلا پێـی وتوومـە، تـۆ چـۆنت پــێ خـۆش بێـت، وا دەکەم، بەڵام دەبێ دوو هەزار جونەیم بدەیتێ.

وتم: کە هاتیتە لام، ئەو پارەیەت پێدەدەم.

وتی: بەڵام پێویستە ئێسـتا سـەد جونـەیم وەکـو پێشـەکی بـدەیتێ نەوەکو پەشیمان بیتەوە و لەگەڵ کچێکی تر دەربچیت.

منیش دەستم خستە ناو گیرفانم و سەد جونەیم بۆ دەرهێنا و دامە دەستی، وتم: هیوادارم لەگەڵم ڕاستگۆبیت، بەڵێنەکەت بەجێ بهێنیت.

ئیشارەتی بۆ کەسێك کرد، لە پشت مێزێك لە نزیك ئێمە دانیشتبوو، وتی: ئەم پیاوە دەبینی، چاوەڕێم دەکات، دەبێ بڕۆمە لای.

ئیتر ئەوەبوو، ئەو ڕۆیشت و من و لەیلاش بە یەکەوە ماینەوە. هیچ شەوێك لە دوو بتڵ بیرە زیاترم نەخواردۆتەوە، ئەو شەوە لە خۆشییان حەوت بتڵ بیرەم خواردەوە. پەرداخەکانیان زۆر گەورە بوون، هەر جارێك بەتاڵ دەبوو، لەیلا بە دەست و پەنجە ناسکەکانی یەك بتڵ بیرەی بۆم تێدەکرد.

هەرچەند ڕەشا تونسی کچێکی زۆر جوان بوو، بەڵام من خەیاڵم هەر لای لەیلا بوو، سەرم لێی سوڕمابوو، نەمدەزانی هۆی چ بوو ڕازی نەبوو لەگەڵم بێتە دەرەوە. لە بیری خۆمدا دەموت (دیارە منی بە دڵ نەبووە، لە بەر ئەوە داوایەکەمی ڕەت کردەوە) ئەمەو چەندین بیرۆکەی تر بە خەیاڵمدا دەهات. زۆر مەراقم بوو بزانم، بۆیە پێم وت: من زۆر سەرسامم بە جوانییەکەت، نازانم بۆچی ڕازی نەبوویت لەگەڵم بێیتە دەرەوە؟).

وتی: پێم نەوتی من لەو ئافرەتانە نیم، هێشتان کچم، نامەوێ کچێنیی خۆم بدۆڕێنم.

وتم: کەواتە چی تۆی گەیاندۆتە ئێرە، دەکرێ باسی خۆتم بۆ بکەیت؟

هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی وتی: خەڵکی وڵاتی مەغریبی عەرەبیم، دەرچووی کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی فەڕەنسیم. دوو خشك و برایەکم هەیە، باوکم شوفێری تەکسییە و دایکیشم ژنی ماڵەوەیە. کە خوێندنم تەواو کرد، بیرم کردەوە بچمە ئیتاڵیا، هاوڕێیەکم لەوێ دەژی، زۆر وەسفی ئەوێی بۆ کردوومە، بە تایبەتی شاری (فلۆڕەنسا).

منیش وتم: ڕاست دەکەیت، شاری فلۆڕەنسا یەکێکە لە گرنگترین و بەناوبانگترین شاری ئیتاڵیا، پڕە لە باڵاخانەی جوانو سەرنجڕاکێش، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نەهزە. هەر لەو شارە دەتوانی سەردانی کڵێسە بەناوبانگەکەی فلۆڕەنسا بکەیت، کە ڕۆژانە سەدان گەشتیار بۆ تەماشاکردنی ڕووی تێدەکەن، هەروەها فلۆڕەنسا چەندین مۆزەخانە و گەلەری تیایە کە پەیکەر و تابلۆ بەناوبانگەکانی تیا نمایش کراوە.

کە ئەمەم وت، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: وا پێدەچێ تۆ ئەو شارەت بینیبێت، هاوڕێیەکەشم وەکو تۆ وەسفی ئەو شارەی بۆ کردووم.

منیش وتم: من ئەو شارەم نەبینیوە، بەڵام وەك هونەرمەندێك زۆر سەرسامم بە کارە هونەرییەکانی هونەرمەندە ئیتاڵییەکان، بە تایبەتی تابلۆکانی لیۆناردۆ داڤنشی و مایکل ئەنجیلۆ، زۆربەی کارە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندانە لە مۆزەخانەکانی شاری فلۆڕەنسا هەڵگیراون.

وتی: منیش بەهرەی هونەریم هەیە، کاتێك کە قوتابی بووم، بە تابلۆکانم بەشداری چالاکییەکانی قوتابخانە و کۆلێژم کردووە.

وتم: پێت نەوتم بۆچی لەجیاتی ئەوەی بچیتە ئیتالیا، بۆ ئێرە هاتیت.

وتی: پارەم نەبوو لە مەغریبەوە ڕاستەوخۆ بچمە ئیتالیا. لە ڕێگەی فێسبووك و ماسنجەرەوە ئافرەتێکم لە وڵاتی لوبنان ناسی، پێی وتم (وەرە بۆ لوبنان، ماوەیەك بە یەکەوە لێرە کار دەکەین، دوایی کە هەندێك پارەمان کۆکردەوە، ئەوجا بەیەکەوە دەچینە ئیتالیا).

منیش وتم: کەواتە تۆ پێش ئەوەی بێیتە میسر، چوویتە لوبنان.

وتی: لەسەر قسەی ئەو هاوڕێیەم چوومە لوبنان، یەکەم جار بوو ئەو وڵاتە ببینم، هیچ شارەزاییم لێی نەبوو، کە گەیشتمە فڕۆکەخانەی بەیروت، تەلەفۆنم بۆی کرد، هاتە پێشوازیم، لەگەڵ خۆی منی برد بۆ ئەو هۆتێلەی کە لێی دابەزیبوو. پێم وت (پارەیەکی کەمم پێیە، ئەگەر کارێکم بۆ نەدۆزیتەوە، لێم دەبڕێت و لە حەفتەیەك زیاتر بەشم ناکات) وتی (خەمی هیچت نەبێت، ئێمە هەر خۆی ئەوەندە لێرە نامێنینەوە، پێش ئەوەی تۆ بێیت، لە وڵاتی میسر کارم بۆ خۆم و خۆت دۆزیوەتەوە، یەك دوو شەو لێرە پشوویێك بدە دوایی بە یەکەوە دەڕۆینە میسر و لەوێ کار دەکەین.

منیش وتم: کەواتە ئەو تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

وتی: ئەگەر بمزانیبا دەمهێنیٚ بۆ یانەی شەوان، لەگەڵی نەدەهاتم، هەر لە لوبنان دەگەڕامەوە، بەڵام پارەم پیٚ نەما، ئەوەندە پارەیەی کە پێم بوو، تەواو بوو، بۆیە بە ناچاری کارەکەم قبوڵ کرد.

منیش وتم: ئەگەر لە بەر خەرجی ڕێگاتە ئامادەم پارەی تکیتی فڕۆکە و خەرجیی ڕێگات بە خۆڕایی بدەمیٚ، بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە وڵاتەکەی خۆت.

وتی: خاوەنی ئەم یانەیە، ئێمەی بەستۆتەوە. گرێبەستی کارکردنی بۆ یەك ساڵ لەگەڵ واژۆ کردووینە، پاسەپۆرتەکانیشمانی لای خۆی گل داوەتەوە و دەستی بە سەردا گرتووە، تا ماوەی گرێبەستەکەمان تەواو نەبێت، نامانداتەوە.

وتم: بەیانی خۆتیان لیٚ بدزەوە، لەگەڵ من وەرە، بەیەکەوە دەچین بۆ سەفارەتی وڵاتەکەتان پێیان بڵیٚ پاسەپۆرتەکەم ون کردووە، بەڵگەنامەیەکی کاتی بۆ گەشتکردنت بۆ دەکەن، منیش تکیتی فڕۆکەت بۆ دەبڕم و بگەڕێوە لای خانەوادەکەت.

کە ئەمەم وت، چاوەکانی پڕ ئاو بوون، بە هەناسەیەکی ساردەوە وتی: وا ئاسان نییە، کە پێشبینی دەکەیت، ئێمە لێرە وەکو کۆیلە ڕەفتارمان لەگەڵ دەکەن. ئەگەر بچینە دەرەوە، چاوساغێکمان لەگەڵ دەنێرن، چاودێریمان دەکەن، نەوەك خۆمان بدزینەوە و بەجێیان بهێڵین.

سەبری بازرگان قسەکانی پێ بڕیم، وتی: تۆ چوویتە میسر ڕابوێریت یان بۆ ئەوەی ببیتە توێژەری کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەی ئەو لەشفرۆشانە؟!

منیش وتم: تۆش لە شوێنی من بوویتایە هەمان هەڵوێستت دەبوو، ئەو کچە داماوە لە دەموچاوی دیار بوو، کە کچێکی پاکیزەیە. هاوڕێیەکەی فێڵی لێ کردبوو بە ناوی کارکردن لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆ ئەوێ، ئەو کچێکی بە شەرەف بوو، نەیدەویست کاری لەشفرۆشی بکات، بۆیە بەزەییم پێی هاتەوە، ئێستاش کە بە بیرم دێتەوە، زۆر خەفەتی بۆ دەخۆم.

سەبری بازرگانیش وتی: دوایی چیت کرد؟

وتم: سەد دۆلاری ئەمریکیم دایە و پێم وت (هیوادارم خۆڕاگر بیت، خۆت بە دەستەوە نەدەیت و بۆ پارە لەگەڵ هیچ کەسێك نەخەویت. ئەگەر خۆت ویستت لەسەر نەبێ، کەس ناتوانێ بە زۆری خۆی بکاتە خاوەنت).

سەبری بازرگان وتی: ئەو چی وت؟

وتم: بە زۆری پارەکەی لێ وەرگرتم، بەڵێنی پێدام کە ئابڕووی خۆی بپارێزێت و بۆ پارە لەگەڵ کەس نەخەوێت.

سەیاح پەقرەج خۆی پێ ڕانەگیرا وتی: ئەگەر من بوومایە، لەجیاتی ئەو قسانە، هەوڵم دەدا ڕازی بکەم، ئەوکات یەك پەقرەج ئاویشم بۆی تێدەکرد.

سەبری بازرگانیش ڕووی لە سەیاح پەقرەج و ئەوانی تر کرد وتی: ئەو تەنیا قسەی هەیە، لە قسەکانی ورد بنەوە و دیقەت بدەن، لەگەڵ هەر ئافرەتێك هەوڵ بدات، لێی ناگەڕێ تا ڕازی دەکات، کە ئافرەتەکەش ڕازی دەبێت، ئەو هیچی لەگەڵ ناکات.

سەیاح پەقرەجیش وتی: ئەمە مانای چییە، کەواتە بۆچی خۆی لەگەڵ ئەو ئافرەتانە ماندوو دەکات و مەسرەفیان لێدەکات!

نەوزاد بێخەمیش وتی: هێشتان من لەو باشترم، چاك نییە، ئەوەی من عەمبارە سۆتە، لە خەویشدا بیری لێ ناکەمەوە. ئەو پارەیەی دەیدەم بەوان، بۆخۆم دەیخۆم، ئەوە لەگەڵیان ڕاشمبوارد، چی دەبێ؟!

سەبری بازرگانیش وتی: هیچ نابێت.

سەیاح پەقرەجیش ڕووی لە سەبری بازرگان کرد وتی: ئەگەر ڕابواردن لەگەڵ ژنان هیچ بێت، بۆچی تۆ لەگەڵ نازدار حەیرانەکەت ڕادەبوێریت؟

ئەویش وتی: من ئەوم خۆش دەوێ.

سەیاح پەقرەجیش وتی: ئەوە چ خۆشەویستییێکە، تۆ خێزانداریت و کوڕ و کچەکانت گەورەن.

وتی: من ئەو ژنەی خۆمم بە خۆشەویستی نەهێناوە، دایك و باوکم بۆیان هێنام، بۆیە لە بەهەشتیش تەنها نازدار حەیرانەکەی خۆم دەوێتەوە.

ئەمەی وت و ڕووی لە من کرد وتی: حەفتا حۆرییەکەشم ناوێت با هەمووی بۆ تۆ بێت، من تەنیا نازدار حەیرانم هەبێت هیچی ترم ناوێت.

کاکەسوور بازرگانیش وتی: ئەگەر بە چاوی خۆم نەمبینیبا خۆت و شاگردەکەت چۆن ئەو ژنە سوورییە ئاوارانە دەبەنە پەنای شتومەکەکانو دەستیان تێ وەردەدەن، باوەڕم پێت دەکرد.

منیش وتم: ئەوەی بۆ من نەگێڕاوەتەوە بۆمان باس بکە، بزانین لەگەڵ ژنە سوورییەکان چییان کردووە؟

وتی: لەو ڕۆژانە دوو ژنە ئاوارەی سووری هاتنە لای من وتیان (دوو ستیانمان بە خۆڕایی بدێ، لە بەرامبەردا بە کەیفی خۆت دەستمان تێ وەربدە)، منیش وتم (من شتی بە خۆڕاییم نییەو پێویستیشم بە دەستێوەردانی ئێوە نییە، ئەگەر بمەوێ، ژنی خۆم هەیە).

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: کە وام پێ وتن، لە دووکانەکەی من چوونە دەرەوەو هاتنە ئێرە. دەمزانی هەمان داوا لە سەبری بازرگان دەکەن، مەراقم بوو بزانم هەڵوێستی سەبری چی دەبێت.

کاتی نیوەڕۆ بوو، دووکاندارەکان لێرە نەبوون، بۆ نانخواردن ڕۆیشتبوون تەنیا من لێرە بووم، جا نازانم ئەوان منیان بینیبوو یان نا. بە هەرحاڵ، کە دوو ژنەکە هاتنە ئێرە، بینیم سەبری و شاگردەکەی دوو ژنەکەیان بردە پەنای شتومەکەکانەوەو دەستیان خستبووە ناو سینگ و مەمك و دامێنیان.

ئەمەندەی وتو ڕووی لە سەبری بازرگان کرد وتی: با ئەوەی تر خۆی بۆتان تەواو بکات.

سەبری بازرگانیش وتی: بەخوا من هیچ مەبەستێکم نەبوو، ئەو دوو ژنە سوورییە کە هاتنە ئێرە، یەکێکیان ئیشارەتی بۆ لای دەرپێی ژنانە کرد و پێی وتم (ئەوانە چین لە پشت سەری خۆت داتناون؟)، منیش وتم (ئەوانە دەرپێی ژنانەن). کە وام وت، وتی (ئێ، ئێ، بڵێ قوزدانن) کە وای وت، سەیرم پێی هات، چۆن شەرم لە خۆی ناکاتەوە، باسی قوزم بۆ دەکات. منیش خۆم تەریق نەکردەوە، وتم (بەڵێ ئەوانە قوزدانن). کە وام وت پێی وتم (ئەگەر قوزدانێکم بدەیتێ، دەرپێی خۆمت بۆ دادەکەنم، سەیری بکەو بە ئارەزووی خۆشت دەستی تێ وەربدە، دوێنێ خۆم شۆردووە و وەکو پەنیر سپیم کردۆتەوە). ئیتر ئەوەبوو، منیش بردمە پەنای شتومەکەکان و دەستم خستە ناوی. لەو کاتەشدا شاگردەکەم کە چاوی لێ بوو من وادەکەم، ئەویش هاتە لای ژنەکەی تر و دەستی بۆ مەمکی درێژکرد، ژنەکەش دەستی دوور خستەوە و پێی وت (تەندروستیم تەواو نییە، نەخۆشم، تاقەتی دەسبازیم نییە). بەڵام شاگردەکەم لێی نەگەڕا، ڕازی کرد، ئەوی بردە پەنایەکەوە و وەکو منداڵ مەمکەکانی دەمژی. کە تەواو بووین، دەرپێیەکی کورتم دایە، وەری نەگرت، وتی (ئەی هەقی بووکەکەم). منیش وتم (مەبەستت ئەو ژنەیە کە لەگەڵتە؟) وتی (ئەوە بووکمە، شاگردەکەی تۆ دەستبازی لەگەڵ کردووەو مەمکەکانی مژیوە، دەبێ دەرپێیەکی کورتیش بدەیە ئەو). ئیتر ئەوەبوو دوو دەرپێم دانێ و ڕۆیشتن.

کاکە سووریش وتی: بۆچی باسی ئوم عمریشیان بۆ ناکەیت؟

سەبری بازرگانیش وتی: ئەوە چییە دەڵێی مانگی دەستکردت بۆمان هەڵداوەتە ئاسمان و چاودێریمان دەکەیت، یان شاگردەکەم بۆی باس کردوویت؟

ئەویش وتی: شاگردەکەت هیچی بۆ باس نەکردوومە، ئوم عومەر خۆی بۆی باس کردم.

منیش ڕووم لە سەبری بازرگان کرد و پێم وت: بۆمان باس بکە، بزانین لەگەڵ ئوم عومەر چیت کردووە؟

وتی: لەوانەیە باوەڕم پێ نەکەن بەخوا من هیچم لەگەڵ ئوم عومەر نەکردووە، لەو ڕۆژانە هاتە دووکانەکەم، تەماشای شتومەکەکانی ناو دووکانەکەی کرد وتی (زۆر ماندووم، دەتوانم هەندێك دانیشم و پشووێك بدەم؟) منیش وتم (تەبلەیەکی پلاستیك ببە لای خۆت و لە سەری دانیشە، تا بە تەواوی پشوو نەدەیت هەڵمەستە) من وامزانی ژنێکی بەڕێزە، نەمزانی ئەویش وەکو ژنە سوورییە ئاوارەکان لەشفرۆشە.

منیش وتم: چۆن زانیت لەشفرۆشە؟

وتی: ئەو خەڵکی شاری بەغداد بوو، کە هاتە لام بە ناوی ئوم عومەر خۆی پێ ناساندم، کە هەندێك پشووی دا، ئەویش وەکو ژنە سوورییەکە دەستی بۆ لای دەرپێ کورتەکانی ژنان درێژکرد وتی (ئەمانە کوس کوسین؟) منیش وتم (بەڵێ ئەمانە کوس کوسین) ئەویش وتی (دەزانی لە سووریا بە قۆزی شام دەڵێن کوس کوسی؟) کە ئەمەی وت، زانیم دەیەوێ لەگەڵی ڕابوێرم، بەڵام خۆم لە گێلی دا و لەگەڵی

پێدا نەچووم. دوایی وتی (پشتم زۆر دێشیێ، دەتوانم لە ناو دووکانەکەت ڕابکشێم؟ ) منیش وتم (ئێرە سەر ڕێگایە، کڕیار و خەڵکی تر بۆ شت کڕین دێنە ئێرە، ناتوانم داوایەکەت قبوڵ بکەم). کە ئەمەم پێی وت، وتی(ئەی شوێنی ترت هەیە بۆی بچین؟) کە وای وت، لە بیری خۆمدا وتم (ئەم ژنە لەشفرۆشە بۆ مامم باشە، ئەو هەمیشە خەریکی مێبازییە، باشترین شت ئەوەیە لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە و تووشی ئەوی بکەم) ئیتر ئەوەبوو پێم وت (مامێکم هەیە لە من گەنجترە، پێت چۆنە تەلەفۆنی بۆ بکەم و لەگەڵ ئەو بچینە چێشتخانەو نانی نیوەڕۆ بەیەکەوە بخۆین؟) وتی (بیرۆکەیەکی باشە، ئێستا نیوەڕۆیە و منیش زۆر برسیم). تەلەفۆنم بۆ مامم کرد، پێم وت (ئێستا وەرە لام، ژنێکی عەرەبی بەغدادیم لە لایە، جوان و جاحێڵە، بە دڵی تۆیە، حەزی لێیە کەسێك لەگەڵی ڕابوێرێ، خۆت دەزانی من لەبەر نەخۆشی شەکرە توانای ئەوەم نییە، بۆیە دەمەوێ بیدەمە تۆ). کە وام وت، زۆری پێ نەچوو، مامم وەکو هەورە تریشقە گەیشتە لامان، لەگەڵ ئوم عومەر بە یەکتریم ناساندن و بەیەکەوە چووینە چێشت خانەی یوسف لە شەقامی باتە. لە شوێنی خێزان لە سەر مێزێك بە یەکەوە دانیشتین، بە دەم چێشتخواردنەوە قسەمان دەکرد.

منیش وتم: ئوم عومەر نەیوت لە هەولێر چی دەکات؟

وتی: ئوم عومەر وتی ماوەی ساڵێکە هاتوومەتە شاری هەولێر، لە هۆتێلە گەشتیارییەکان کار دەکەم. ئەوی لە هۆتێل لەگەڵم بخەوێ

دەبێ هەقی خاوەن هۆتێلەکەش بدات، بەڵام ئەوەی لە دەرەوەی هۆتێل لەگەڵم بێت پارەیەکی کەمتری لێ وەردەگرم.

منیش وتم: بەپێی قسەکانت بێت، تۆ هیچت لەگەڵ نەکردووە، ئەی مامت هیچی لەگەڵ نەکرد؟

وتی: ئەو مامەم لە دایکێکی ترە، باپیرم دوو ژنی هێناوە، ئەو زۆر لە من بچووکترە، لەوەتی هەیە، هەر خەریکی خانمبازییە، لە سەر مێشیش باز نادات، زۆر جنسییە، دوایی بۆی گێڕامەوە، جارێك لە هۆتێل لەگەڵی خەوتبوو، چەند جارێکیش لەگەڵ خۆی بردبووی بۆ شەقلاوە، لەوێ لە چۆلی ئیشی خۆی لەگەڵ کردبوو.

کە ئەمەی وت، کاکەسوور پێی وت: دیارە تۆ ئاگاداری پەیوەندیی نێوان ئوم عومەر و شاگردەکەت نیت؟

وتی: هەستم بە شتێك کردووە، بەڵام دڵنیا نیم خۆی گەیاندۆتە ئوم عومەر یان نا.

کاکە سوور بە پێکەنینەوە وتی: تۆ زۆر بێ ئاگایت، ئەو ماوەیەی کە تۆ دووکانێکی ترت لە شێخەڵڵا گرت و خۆت لە سەری دانیشتبوویت، ئەو لێرە ڕۆژ نەبوو ژنە دۆمێك نەباتە ناو کۆگاو ئیشی خۆی لەگەڵ نەکات. هەندێك جاریش دەیبردە ناو خانووە کۆن و کەلاوەکانی گەڕەکی تەعجیل، لەوێ لەگەڵی ڕادەبواردن. جارێك لەگەڵ جومعە حەمباڵ ژنە دۆمێکی پیسو قێزەونیان بردبووە ناو خانووەکانی تەعجیل، بە هەردووکیان پێنج هەزار دیناریان دابوویە. جومعە دوو

هەزار دیناری دابوویە، لە پێشەوە خەریکی بووبوو، شاگردەکەی تۆش سێ هەزار دیناری دابوویەو لە دواوە بۆی تێخستبوو.

منیش وتم: نەمدەزانی ئەم دووکانە بۆتە جێ نزرگەی دۆم و لەشفرۆشان، بەڵام پێت نەوتین شاگردەکەی چ پەیوەندییێکی لەگەڵ ئوم عومەر هەبوو؟

وتی: شاگردەکەی پێش سەبری بازرگان ئوم عومەری دەناسی، چەند جارێك لەگەڵ خۆی بردبوویە کۆگایەکەی ژێر زەمین و لەوێ بۆی پاڵ دابوو.

کە وای وت، ڕووم لە شاگردەکەی سەبری بازرگان کرد و پێم وت: ئەوەی کاکە سوور باسی دەکات ڕاستە؟

بە پێکەنینەوە وتی: زۆر لێم پاڕایەوە، بۆیە زگم پێی سووتاوە و بیست و پێنج هەزارم دایەو بۆم تێخست.

منیش وتم: کەواتە کاکەسوور ڕاست دەکات، چەند جارێك بردووتە بۆ کۆگا و لەوێ بۆت پاڵ داوە؟

بە پێکەنینەوە وتی: تەنها دوو جار بۆم تێی خستووە، ئێستا هیچ پەیوەندیم لەگەڵی نەماوە.

منیش وتم: ژمارەی ئوم عومەرم پێبدە، منیش دەمەوێ وەکو تۆ بڕێك پارەی پێبدەم و بۆی تێبخەم.

کە ئەمەم وت، مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و لیستی ناوەکانی کردەوە، کەسێك بەناوی (شەریف) تۆمار کرابوو، ژمارەکەی بۆ خوێندمەوە، وتی: ئەمە ژمارەی ئوم عومەرە.

منیش وتم: ئەوە ژمارەی شەریف ناوێکە هی ئوم عومەر نییە.

وتی: تۆ هەقت لە ناوەکەی نەبێ، لە ترسی ژنەکەم بە ناوی (شەریف) تۆمارم کردووە، نەوەك کە زەنگم بۆ لێدەدات، ژنەکەم ناوەکەی ببینێت و گومانم لێ بکات.

کە وای وت، سەبری بازرگان وتی: ئەم شاگردە کەسێکی درۆزن و ساختەچییە، تۆزێك پێش ئێستا لە بەر دەم ئێوە وتی (هیچ پەیوەندیم بە ئوم عومەر نەماوە) کەچی ژمارەکەی لە ناو مۆبایلەکەی خۆی تۆمار کردووە. ئەگەر پەیوەندیی پێوە نەمابێت، بۆچی ژمارەکەی نەسڕیوەتەوە !

منیش وتم: سووچی تۆشی تیایە، ئەگەر لە بەر چاوی ئەو دەستت نەخستبا ناو گەڵی ژنە ئاوارە سوورییەکە و ڕۆژانەش بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ نازدار حەیرانەکەت نەکەیت و مۆبایل و بۆن‌و دیاری گرانبەهای بۆ نەکڕیت، ئێستا ئەویش شەرمی لە تۆ دەکرد و ئەم ڕەفتارە ناشیرینانەی نەدەکرد.

سەیاح پەقرەجیش وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، من لەم زووانە زانیم کە سەبری بازرگان پەیوەندی لەگەڵ قەیرە کچێك پەیدا کردووە و پارەیەکی زۆریشی لێ خەرج دەکات.

کاکەسووریش وتی: ئەی نابینن ناو دووکانەکەی چۆڵ بووە، ئەو پارەیەی دێتە ناو دەستی، لەو کچە چاوچنۆکەی خەرج دەکات، زۆربەی ڕۆژان بە خۆی و کچێکی تری لەو چاوچنۆکتر دێتە لای و بەیەکەوە دەچن بۆ چێشتخانە و ڕیستورانتە گرانبەهاکان، نانی نیوەڕۆ لەوێ دەخۆن.

منیش وتم: ئەو کچەم بینیوە، جارێك لەگەڵ ئەو لێرە بینیم، وتی (ئەوە کچی خوشکمە).

کە وام وت، شاگردەکەی پێی وتم: ناکات تۆش باوەڕت پێی کردبێت؟

منیش وتم: مەبەستت چییە؟

وتی: درۆی لەگەڵ ئێوە کردووە، ئەو کچە هیچی ئەو نییە، تەنیا هاوڕێیەتی.

سەبری بازرگانیش وتی: درۆ ناکات، هەر جارێك لەگەڵم بێتە دەرەوەی شاری هەولێر، یان بچینە لای دلۆپە و شێخ توراب و سەر ڕێی بەحرکە، ئەو کچە لەگەڵ خۆی دەهێنێ، لە بەر چاوی ئەو بە منی وتووە ئەوە کچی خوشکمە. ئەگەر وا نەبا بە درۆی دەخستەوەو شتێکی دەوت.

شاگردەکەشی جەختی لە سەر قسەکانی خۆی کردەوە و وتی: منیش پێشتر وەکو تۆ تێی گەیشتبووم، بەڵام لەم ڕۆژانە لەگەڵ ژنێك هاتنە دووکان تۆ لێرە نەبوویت، داوای هەندێك شتومەکیان کرد، منیش

بە ژنەکەم وت (خەبات خان پوورێکی باشە بۆ شادیەخان، بەبێ ئەو بۆ هیچ شوێنێك ناچێت، زۆری خۆش دەوێت). کەوام وت ڕەنگی تێکچوو، وتی (ئەو کچە بەرەڵلایە هیچی ئێمە نییە، خوشکەکەی منی هەڵخەڵەتاندووە، دەیەوێ عەیبەکانی خۆی بەو بشارێتەوە بۆیە وای وتووە. لەوەتی بەوەمان زانیوە، بە شادیەمان وتووە ئەگەر هیچی تر لەگەڵی بگەڕێت لێی قبولێ ناکەین.

کە وای وت، سەرم سوڕما، وتم: تۆ دڵنیایت کە شادیە خوشکی نازدار حەیرانەکەی سەبری نییە؟

سەبری بازرگانیش وتی: متمانەیەکی زۆرم بە نازدار حەیرانەکەی خۆم هەیە، درۆم لەگەڵ ناکات، شادیە کچی خوشکی ئەوە شاگردەکەم بە هەڵەداچووە.

منیش وتم: ئەگەر دەتەوێ بزانیت شاگردەکەت درۆ دەکات یان نازدار حەیرانەکەت، من کەسێك دەناسم خاڵۆزای هاوسەری خوشکەکەیەتی، من یەکێك دەناسم خاڵۆزای مێردی خوشکەکەیەتی، ئێستا لە بەر چاوی تۆ تەلەفۆنی بۆ دەکەم، بزانین ئەو چی دەڵێ.

وتی: بیرۆکەیەکی باشە، حەزدەکەم بۆتان بە دیار بکەوێ کە نازدار حەیرانەکەم درۆم لەگەڵ ناکات.

ئیتر ئەوەبوو، تەلەفۆنم لەگەڵ خاڵۆزای مێردی خوشکەکەی کرد و لێم پرسی: سەبارەت بە کچێك قسەت لەگەڵ دەکەم، ناوی شادیەیە، ئەو دەبێتە چی خەبات خانی خوشکی خاڵۆژنت؟ ئەویش وتی: هیچی ئەوان نییە، ئەوان تەنها دوو خوشکن، یەکێکیان هاوسەری خاڵمە و

ئەوەی تریش تاکو ئێستا مێردی نەکردووە، لەگەڵ پیرە دایکێك لە گەڕەکی سەیداوە بەیەکەوە دەژین.

منیش وتم: دەنا جارێك لێم پرسی، وتی (منداڵ بووم کە دایك و باوکم بە ڕووداوی هاتوچۆ مردن).

کە وام وت، حەپەسا، وتی: مەبەستی چییە لەم درۆیە، دایکی هێشتان لە ژیاندا ماوە.

منیش وتم: تۆ دڵنیایت کە دایکی لە ژیاندا ماوە و شادیەش هیچی ئەو نییە؟

وتی: چۆن لە ناوی خۆم دڵنیام، وەهاش لەوە دڵنیام. دەیان جار لەگەڵ خاڵم سەردانم کردوون و لە ماڵی ئەوان نانم خواردووە.

وتم: زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەم زانیاریانە، لە کاتیشم گرتی.

وتی: دەکرێ پێم بڵێی بۆچی داوای ئەم زانیارییەت لێکردم؟

وتم: ئەو کچەی کە ناوی شادیەیە، خۆی بە ئێوە هەڵدەداتەوە و دەڵێ کچی خوشکی خاڵۆزاتم، بۆیە ئەم پرسیارەم لێت کرد.

ئیتر ئەوەبوو، تەلەفۆنەکەم داخست و ڕووم لە سەبری بازرگان کرد، پێم وت: ئێستا چی دەڵێی هەر سووری لەسەر ئەوە کە نازدار حەیرانەکەت درۆت لەگەڵ ناکات؟

کە وام وت، سەری هێنا خوارەوە و هیچی نەوت.

کاکە سووریش ڕووی لە من کرد وتی: بۆچی خۆتی لەگەڵ ماندوو دەکەیت، ئەو ئێستا وەکو گەنجێکی هەرزەکار هەڵسوکەوت دەکات.

ئەو کچە ئیبلیسە جادووی لێ کردووە، بۆیە لەو زیاتر چاوەکانی هیچی تر نابینێ.

تەماشای کاتژمێرەکەم کرد، زۆر درەنگ بوو، وتم: هاوڕێیان بەجێتان دەهێڵم، دەبێ سەردانی شێخەڵڵا بکەم، لەماڵەوە داوای کەرەستەی دۆڵمەیان لێم کردووە، دەبێ بۆیان بکڕم.

بەر لەوەی بڕۆمە دەرەوە، دەستم خستە ناو گیرفانم، دەستەیەك هەنگوینی شاهانەو پاکەتێك حەبی گیایی هەوەسم دەرهێنا، هەنگوینەکەم دایە سەیاح پەقرەج و حەبەکەشم دایە عومەر و وتم: سەیرکەن چۆن لە گەشتەکەم بۆ باکووری ئێران، لە بیرم نەکردوون.

سەیاح پەقرەج وتی: ئەم هەنگوینە چۆن بەکاردێت؟

وتم: ئەو ڕۆژەی بتەوێ ئیشی خێر بکەیت، دانەیەکی لێ بخۆ، زیاتر چالاکت دەکات.

کە ئەوەم وت، نەوزاد بێخەم وتی: ئەو هەنگوینی شاهانەی بۆچییە، مەگەر هەر خۆی پەقرەجێکیان بۆ تێ ناکات؟!

منیش وتم: ئەگەر ئەو هەنگوینە بخوات، ئاوەکەی زیاتر دەبێت و لەجیاتی پەقرەجێك تانکەرێکیان بۆ تێدەکات.

کە ئەوەم وت، هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دا، عومەر وتی: ئەی ئەو حەبەی بۆ منت هێناوە بۆ چی باشە و چۆنیش بەکاری بێنم؟

وتم: ڕێنماییەکان، بە زمانی فارسی لە سەر پاکەتەکە نووسراوە، من فارسی نازانم، بەڵام خاوەنی ئەو دارۆخانەیەی کە لێم کڕی وتی:

نیو کاتژمێر پێش جووت بوون دانەیەك بخۆ، وەکو لە ناوەکەیدا دیارە، هەوەست خۆش دەکات و زیاتر چالاکت دەکات.

کە وام وت، سەبری بازرگان تەلەفۆنی بۆ عەبدوڵلا ئەفغانی کرد، داوای لێکرد، بێتە لامان، ڕەچێتەی دەرمانەکەمان بۆ بکاتە کوردی.

عەبدوڵلا ئەفغانی چایەچی بوو، لە بەردەم ماڵەکەی لە گەڕەکی تەعجیل، لە نزیك دووکانی سەبری بازرگان، سەماوەرێك و چایەپەستێکی لە سەر مێزێك دانابوو. هاتە لامان و ڕەچێتەکەی لێ وەرگرتم و بۆی کردین بە کوردی، وتی: بەپێی ئەم ڕەچێتەیە، ئەم دەرمانە لە گژوگیای وەکو سێو، زەنجەبیل، بیبەری تیژ و هەندێك گیای تر ئامادەکراوە. هیچ مەترسییێکی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ نییە، ئەوەی بەکاری بێنێت، زەوقی هەڵدەسێت و ئەندامی نێرینەشی وەکو مەترەقی لێدێت.

ئیتر ئەوەبوو، عومەر دەرمانەکەی لێ وەرگرتم، ڕەچێتە و پاکەتی دەرمانەکەشی فڕێ دا ناو سەبەتەی زبڵەکەو شووشەی دەرمانەکەشی خستە ناو گیرفانی.

وتم: بۆچی ڕەچێتە و پاکەتەکەت فڕێ دا؟

وتی: نەوەك کەسێك لە دەستم ببینێت و توانجم لێبدات.

سەبری بازرگانیش دەستی خستە ناو سەبەتەی زبڵەکە و پاکەتەکەی دەرهێنا و خستییە ناو گیرفانی.

منیش وتم: دیارە تۆش دەتەوێ لە سەری بکڕیتەوە؟

وتی: ئەگەر بزانم عومەر سوودی لێ وەرگرتووە، منیش پاکەتێکی لێدەکڕم.

منیش وتم: نەمزانی تۆش پێویستت پێیەتی، دەنا پاکەتێکیشم بۆ تۆ دەهێنا، چونکە تۆ دەتوت من تەنها حەزم لە ماچ و دەستبازییە، بۆیە بۆم نەهێنایت.

کە ئەمەم وت، نەوزاد بێخەم بە پێکەنینەوە وتی: من وامزانی تەنها شتەکەی من بۆتە عەمبارە سۆتە، بەڵام دەرچوو حاڵی ئێوەش لە من باشتر نییە، بۆیە بە دوای هەنگوینی شاهانە و حەبی هەوەس دەگەڕێن.

عومەریش وتی: بەڵێنتان پێدەدەم ئەگەر سوودی بۆ من هەبوو، بەشی ئێوەشی لێدەدەم.

نەوزاد بێخەمیش بە پێکەنینەوە وتی: ئێوە کەڵکتان نەماوە، لە باسی خانمبازی بەولاوە، باسی هیچی تر ناکەن.

منیش وتم: باسی چی بکەین، ئەگەر مەبەستت سیاسەتە، بۆتە شتێکی قێزەون، ئەمەی ئەمڕۆ بە ناوی سیاسەت دەگوزەرێت، تەڵەکەبازی و دووڕوویییە، لەجیاتی باسی خەڵکیش بکەین، خۆمان بەو شتانە خەریك کردووە.

بەم شێوەیە من و نەوزاد بێخەم هەڵساین، من چوومە بازاڕی شێخەڵڵا ئەویش تاکو نزیك باغی شار لەگەڵم هات. لە ڕێگا پێی وتم: هیچ منی نەکوشتووە، قسەکانی سەیاح پەقرەج نەبێت، ئەو پیاوە زۆر فشەکەر و خۆهەڵکێشە، لە کوێی دونیا بووە کەسێك بە جارێك لەگەڵ

دوو ژن جووت بێت، یان لەگەڵ ژنێك بچێتە فەرمانگەی حکومی و بە بێ ترس سێکسی لەگەڵ بکات. هەندێك کەس درۆ دەکات، بەڵام ئەو نەك درۆ، بەڵکو بوختانیش بە خۆی دەکات. بە قسەی ئەو بێت، بۆتە ڕاسپۆتین و ژن و کچ لەم شارە نەماوە سێکسی لەگەڵ نەکردبێت!!

منیش وتم: تۆ تەنها دوو جار لەگەڵی دانیشتوویت، ئەی ئەگەر وەکو ئێمە هەموو ڕۆژێك گوێت لێی بێت، چی دەڵێی؟

وتی: بۆچی کەسی تر ماوە لەگەڵی خەوتبێت من گوێم لێی نەبووبێت؟

وتم: جارێك بۆی گێڕاینەوە، وتی (هێشتان ژنم نەهێنابوو، لەگەڵ کچێکی پاکیزە پەیوەندیی سۆزداریم هەبوو، ڕۆژێك ماڵەوەمان کەسیان لەوێ نەبوون، لەگەڵ خۆم بردمە ماڵەوە، دەمم خستبووە ناو دەمی، لێوەکانیم دەمژی، بە دەستەکانیشم، مەمکەکانیم دەگوشی. نەمدەویست هیچی لێبکەم، چونکە خۆشمدەویست، بەڵام کاتێك هەردووکمان جلەکانمان داکەند و خۆمان ڕووت کردەوە، بەرگەی نەگرت بە دەنگی بەرز وتی (کوڕی قەحپە، بۆم پاڵدە بۆچی ڕاوەستایت و نایخەیتە ناوی؟).

کە ئەمەم وت، نەوزاد بێخەم وتی: ناکات خۆی شەریف بکات و بڵێ بۆم پاڵ نەدا؟

وتم: بەم شێوەیە نییە، وتی منیش بۆم پاڵدا و کردمە ژن.

نەوزاد بێخەمیش وتی: مادام خۆشیدەویست، بۆچی نەیهێنا؟

وتم: بە قسەی خۆی پاش ئەوەی دەیکاتە ژن، کچەکە لێی تووڕە دەبێت و پێی دەڵێ (با منیش وات پێ بڵێم، نەدەبوو تۆ ئەو هەڵە گەورەیەم لەگەڵ بکەیت). دەڵێ منیش پێم وت (من و تۆ خۆشەویستی یەکترین، دێمە خوازبێنیت و هاوسەرگیریت لەگەڵ دەکەم). بەڵام کچەکە پەیوەندی لەگەڵ پچڕاندم وتی ( نامەوێ بە سەرشۆڕی هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم، دەنا بە چاوی سووك سەیرم دەکەیت و لە دڵی خۆتدا دەڵێی بەزەییم پێت هاتەوە، بۆیە تۆم هێنا، منیش نامەوێ خۆم بخەمە بارو دۆخێکی وەهاوە).

نەوزاد سەری خۆی لەقاند و وتی: ناکات حەسوودی بە منیش ببەن و بڵێن دونیای بە هیچ وەرگرتووە و خەفەت لە هیچ شتێك ناخوات، تۆ وەرە گوێت لەو درۆزنە بێت و خەفەتی لێ نەخۆیت!

منیش وتم: ماوەیەك پێش ئێستا، من و سەبری بازرگان دەچووینە شاری سلێمانی، ئەویشمان لەگەڵ بوو، بە درێژایی ڕێگا باسی خانمبازیی خۆی بۆ دەکردین، کە چی کردووە و نەکردووەو لەگەڵ هەر ژنێك خەوتبێ، یەك پەقرەج ئاوی بۆی تێکردووە. کە گەیشتینە نزیك بەنداوی سماقوولی، وتی: کچە قوتابییێکی زانکۆ هاتە لام وتی: دەمەوێ ماستەرنامەکەم لەسەر شیعرەکانی تۆ بنووسمەوە) داوای لێکردم یارمەتی بدەم. منیش شیعرەکانی خۆم و کۆمەڵێك سەرچاوەی ترم خستە بەر دەستی، بەمەش لێی نەگەڕام بەشی زۆری نامەکەم بۆی نووسییەوە، ئەویش لە بەرامبەر ئەو چاکەیە، خۆی خستە بەر دەستم وتی (من موڵکی تۆم، چیم لێدەکەیت بیکە، تەنها کچێنیم بپارێزە).

سەیاح پەقرەج کە ئەمەی وت، ئیشارەتی بۆ لای بەنداوەکە کرد و وتی (منیش هێنامە ئێرە، ئەوسا ئەم بەنداوە تەواو نەکرابوو، لە ژێر دارێك کە ئێستا کەوتۆتە ژێر ئاوی بەنداوەکە، لە سەر زەوی ڕامکشاند، لێوەکانیم مژی و مەمکەکانیشم تێر گوشی، دواییش یەك پەقرەج ئاوم لە پشتەوە بۆی تێکرد).

کە ئەمەم وت، نەوزاد بێخەم وتی: دوو جاری تر لەگەڵی دابنیشم و ئەو درۆ شاخدارانەم بۆ بکات، خۆم پێ ناگیرێت، دەمو ددانی دەشکێنم.

منیش وتم: ئەو شتانەی باسی دەکات، درۆ بێت یان ڕاست بێت، بە ئێمە چی، پێویست ناکات خەفەتی لێ بخۆیت. ئەو پیاوێکی نەخۆشە، کەبتی جنسی هەیە، نەخۆشی شەکرەی هەیەو ڕێژەکەشی زۆر بەرزە، بۆیە سێکسی پێ ناکرێت. بەم درۆ و دەلەسانە دڵی خۆی دەداتەوە. ئەو وەکو ئێمە نییە، لە دونیای خەیاڵدا دەژیت، ئەو شتانەی ئەو باسیان دەکات، لە واقیع دوورن.

بە هەرحاڵ، لەگەڵ نەوزاد بێخەم یەکتریمان بەجێ هێشت، ئەو ڕۆیشتە شەقامی باتە، سەری بتاشێت، منیش چوومە بازاڕی شێخەڵڵا بۆ کڕینی سەوزەو میوە.

کە چوومەماڵەوە، بە درێژایی شەو بیرم لای قسەکانی سەیاح پەقرەج و چیرۆکە ڕۆمانسییەکانی شەوکەت ئەفەندی بوو. لە دڵی خۆمدا دەمووت (سەیاح پەقرەج بە هۆی نەخۆشی شەکرەوە و

شەوکەت ئەفەندیش بە هۆی تەمەنەوە لە سێکسکردن بێبەش بوونە، هەردووکیان تووشی عوقدەی جنسی بوونە، هەست بە کەموکورتی کەسایەتییان دەکەن، بۆیە هەموو بیرو هۆشیان لای خانمبازییە).

بەیانی دوای ئەوەی ڕیشی خۆم تاشی و نانی بەیانیم خوارد، تەلەفۆنم بۆ شەوکەت ئەفەندی کرد، پێم وت: کاتت هەیە سەردانت بکەم؟

وتی: من دەمویست پەیوەندیت پێوە بکەم، بزانم بۆچی دیارنیت.

ئیتر ئەوەبوو، کە چوومە لای، بینیم تابلۆی ناونیشانی گەلەرییەکەی هێناوەتە خوارەوە و کەلوپەلەکانیشی کۆکردۆتەوە، هەندێکی خستۆتە ناو کارتۆن و ئەوانی تریش کەسێکی بۆ گرتووە، دەیانپێچێتەوە و لە ناو جانتای گەورە هەڵیاندەگرێت.

کە ئەم دیمەنەم بینی، پێم وت: وا پێدەچێت بە تەمابیت واز لەم کارە بێنیت و بگەڕێیتەوە ئەوروپا بۆلای خانەوادەکەت؟

وتی: تۆ لەوە بگەڕێ، بۆم باس بکە، بزانم ئەو ماوەیە خەریکی چی بوویت، ئەو وانانەی لە سەر پەیوەندیی سۆزداری کە پێمدایت، کارت پێی کرد یان نا؟

منیش بە دوورو درێژی باسی گەشتەکەی باکووری ئێرانم بۆی کرد. کە گوێی لێ بوو، بە سەر سوڕمانەوە وتی: من لە بەر تەمەن توانای سێکسکردنم نەماوە، تۆ هێشتان بە بەرتەوە ماوە، زۆر لە من بچووکتری، بۆچی لەگەڵ ئەو ژنە جووت نەبوویت.

وتم: وەکو بۆم باس کردی، ئەو ژنە دوو جار هاوسـەرگیری کردبـوو، ماوەیەکی کەم لەگەڵ هاوسەری یەکەمی دەمێنێتەوە، دوای ئەوەی بـە تۆمـەتی بازرگـانیکردن بـە مـاددەی هۆشـبەرەوە دەگیرێـت و زینـدانی دەکرێت، لێی جیا دەبێتەوە. بۆ جاری دووەم هاوسـەرگیری دەکاتـەوە و ماوەیەکیش لەگەڵ هاوسـەرە نوێیەکـەی دەبێـت، دوایـی ئـەویش بـە تۆمـەتی هەڵخەڵەتانـدن و فریـودانی کچـێك، کـە بـە فرۆفێـڵ ئەویشـی بەسەر ژنەکانی هێنابووی، دەکەوێتە زیندانەوە و لە وەزیفەکەشی دوور دەخرێتەوە، لەویش جیا دەبێتەوە.

کە ئەمەم وت، شەوکەت ئەفەندی وتی: خـوا دەیکـرد لـەجیاتی دوو جار، سەد جار هاوسەرگیری دەکـرد، تـۆ چـیت، هـەقت چـییە، گـرینگ ئەوەیـە بـە دڵـی تـۆ بێـت و ئـەو چـەند ڕۆژەی کـە لـە بـاکووری ئێـران بوویت، لەگەڵت بخەوێت و جەوێکی ڕۆمانسی خۆشت بۆ دروست بکات.

منیش وتم: ژنێکی جوان و ناسك بوو، تەمـەنی لـە دەوروبـەری سـی تا سی و پێنج ساڵ دەبوو، بەڵام وەکو وتم کە خۆی ڕووت کردەوە ئەو فلمانەم هەمووی هاتنەوە بەرچاو ترسام نەوەك پەندێکیش بە من بکات و تۆمەتێکم بۆ هەڵبەستێ و منیش وەکو ئەوان بخاتە زیندانەوە.

وتـی: ئەوان هاوسەری ئەو بوون، بەڵام تۆ هیچـی ئـەو نـەبوویت، تـا بە گرتنت بدات.

وتم: ئەو ئافرەتە لەشفرۆشانە بـۆ پـارە هـەموو شـتێك دەکـەن، بـە تایبەتی ئێستا دوای ئەو گەمارۆ توندەی کە ئەمریکا لە سەری دانـاون،

خەڵکەکە زۆر شپرزە و برسی بوونە. کە چاویان بـە کـوردێکی باشـوور دەکەوێ، دەڵـێن ئێـوە دەوڵەمەنـدن، پووڵتـان هەیـە، بۆیـە بەلایانـەوە ئاساییە هەموو شتێك بکەن.

وتی: تاکو تۆ وا بیر بکەیتەوە، ناتوانیت ببیتە خانمباز.

منـیش وتم: تـۆ ڕاسـت دەکـەیت، ویسـتم وەکـو تـۆ بکـەم، بـەڵام نەمتوانی، لەو ئەزموونە دەرنەچووم.

لە قاقای پێکـەنینی دا، وتـی: تـۆ ناتـەوێ ببیتـە خانمبـاز، دەنـا چ پێویست بەوە دەکـات بـۆ خانمبـازی بچـیتە میسـر و تورکیـا و ئێـران، هەولێر وەکو جاران نەماوە، شوێنی مەساجی زۆرە، پڕن لە ژنی جوان، چۆنت بوێ وات بۆ دەکەن، هەر لە شـێلان تـا دەگاتـە سێکسـکردن تـۆ پـارەی خـۆت دەدەیـت، ئـەوانیش لـە بەرامبـەر ئـەوە ئارەزووەکانـت جێبەجێ دەکەن.

لە درێژەی قسەکانیدا وتـی: مـن حەفتـەی دوو ڕۆژ دەچـمە شـوێنی مەسـاجکردن، سـەد دۆلاری خـۆم دەدەم بـە جـوانی دەمشـێلن و هەرچییێکیش لێیان داوا بکەم بۆم دەکەن.

وتم: ئەی تۆ ناڵێی جنسم نەماوە، لە شێلان زیاتر چیت بۆ دەکەن؟

بە پێکەنینەوە وتی: زۆر شت هەیە، تۆ نایزانیت، هەر خـۆی ئێسـتا من بێزم لە سێکسکردن دەبێتەوە، لە خەویشدا بیری لێ ناکەمەوە.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، تەلەفۆنێکی بـۆ هـات، کردییـە سـەماعەی خارجی، خانمێك بە ناوی (چن چن) بە زمانی ئینگلیـزی قسـەی لەگـەڵ

دەکرد. ژنەکە پێی دەوت کە دوای نیو کاتژمێری تر دەتوانی سەردانی بکات، ئەو ئامادەیە و هیچ کاری نییە.

تەلەفۆنەکەی داخست و وتی: ئەو خانمە چینییە، زۆر جوان و ناسکە، تەمەنی نەگەیشتۆتە سی ساڵ، حەفتەی دوو جار دەچمە لای، مەساجم بۆ دەکات و دێتە ئامێزم، دەم دەخەمە ناو دەمی و لێوەکانی دەمژم و بە ئارەزووی خۆشم مەمکەکانی دەگوشم. تۆش دەتوانی لەگەڵم بێیت، ژنی تریشی لێیە، هەموویان جوانن، مەساجت بۆ بکەن، ئەوجا دەزانی مانای ژیان چییە.

منیش وتم: تۆ ناترسیت تووشی نەخۆشی ئایدز بیت؟

وتی: ئەوانە کە لە وڵاتی خۆیان دێنە ئێرە، پێش ئەوەی ئیقامەیان پێبدەن، پشکنینیان بۆ دەکەن، تا لە سەلامەتییان دڵنیا نەبنەوە، ڕێگایان پێنادەن لێرە بمێننەوە.

منیش وتم: دراوسێیەکم هەیە، ئەفسەری بەشی ئیقامەیە، لە وەزارەتی ناوخۆ، جارێك ئەو پرسیارەم لێی کرد، وتی (پێشان بەبێ ئەنجامدانی پشکنین، ئیقامەمان بە هیچ کەسێکی بیانی نەدەدا، بەڵام دوایی هەندێك بەرپرسی باڵا هەڕەشەیان لێکردین، وتیان نابێ پشکنین بۆ ئەو ژنانە بکەن کە بۆ مەساجکردن دێنە ئێرە) بۆیە ئێستا بێ گوێدانە سەلامەتیی هاوڵاتییان، ئیقامەیان پێدەدەین.

شەوکەت ئەفەندی کە ئەمەی گوێ لێ بوو، لە ترسان ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، وتی: چۆن شتی وا دەبێ، بەرژەوەندیی ئەو بەرپرسانە لە چیدایە وا دەکەن؟

منیش وتم: بەپێی قسەکانی ئەو ئەفسەرەی دراوسێمان، ئەو بەرپرسانە پشکییان لە شوێنەکانی مەساجکردن هەیە، بۆیە وا دەکەن.

وتی: گریم ئەو ژنانەی دەچمە لایان، نەخۆشی ئایدزیشیان هەبێت، خۆ من سێکسیان لەگەڵ ناکەم تا تووشی ئایدز بم، وەکو پێم وتی، من تەنها ماچیان دەکەم و دەستبازییان لەگەڵ دەکەم.

منیش وتم: هیچ جیاوازی نییە، سێکسیان لەگەڵ بکەیت، یان ماچییان بکەیت، بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە لە لایەن شارەزایانەوە لەسەر ئەم نەخۆشییە کراوە، بە زۆر ڕێگا نەخۆشییەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە، یەکێك لەو ڕێگایانە، لیکاوی دەمە. جا کە تۆ دەمت دەخەیتە ناو دەمی ئەو ژنانە، بێ گومان لیکاوی دەمتان تێکەڵی یەك دەبێتن جا ئەگەر ئەو ژنە نەخۆشی ئایدزی هەبێت، تۆش دەیگریتەوە و لە تۆشەوە بۆ ژن و منداڵەکانت دەگوێزرێتەوە.

کە ئەمەم وت، ترسا، وتی: ئەوەی تۆ باسی دەکەیت، زۆر مەترسیدارە، من ئەوەم نەدەزانی، کە لە ڕێگەی ماچکردنەوە ئەم نەخۆشییە دەگوێزرێتەوە.

منیش وتم: لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە، ئەو کەسەی کە تووشی ئەم نەخۆشییە دەبێت، تا نزیکەی دە ساڵ هەستی پێ ناکات و

نیشانەکانی لێ بەدەر ناکەوێ. بۆیە کاتێک دەزانێ، کە کار لە کار ترازاوە و چارەسەریشی قورس دەبێت.

کە وام وت، تەلەفۆنەکەی دەستدایە و پەیوەندیی بە چن چنەوە کرد و پێی وت: داوای لێبووردنت لێدەکەم، دەگەڕێمەوە ئەوروپا، هیچی تر ناتوانم سەردانت بکەم.

کە تەلەفۆنەکەی دانایەوە، وتی: باش بوو ئاگادارت کردمەوە، بەڵام تۆ دڵنیایت کە ئەم نەخۆشییە لە ڕێگای ماچیشەوە دەگوێزرێتەوە؟

وتم: هەقتە تۆ باوەڕم پێ نەکەیت، چونکە تاکو ئێستاش لای ئێمە زۆربەی خەڵك پێیان وایە تەنها لە ڕێگای سێکسکردنەوە ئەم نەخۆشییە لە کەسێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسێکی تر.

بۆیە ئەوانەی خانمبازن و هەر ڕۆژەی سێکس لەگەڵ ژنێك دەکەن، لە ترسی ئەو نەخۆشییە، کۆندۆم بەکار دێنن، بەڵام ئەوان نازانن کە لە ڕێگەی تێکەڵبوونی خوێن و لیکاوی دەم و شوێنەکانی تریشەوە دەگوێزرێتەوە، بۆیە هەندێکیان وێڕای ئەمەش تووش بوونە و بە دەست ئەم نەخۆشییەوە دەناڵێنن.

وتی: دیارە تۆش هەر لەبەر ئەوەیە لە ژنان نزیك نابیتەوە؟

وتم: من هەر لە بنەڕەتەوە، نەمویستووە خانمبازی بکەم و هەر دەمەی لەگەڵ ژنێك ڕابوێرم.

وتی: ئەی بۆچی لای من وەکو کەسێك خۆت پیشان دەدا کە زۆر حەزی لە خانمبازی بێت.

وتم: من لە سەرەتاوە کە خۆم وا پیشاندا و گوێبیستی سەربردە خانمبازییەکانت بووم، مەبەستم ئەوەبوو، بچمە ناو دونیای خانمبازی و لە نزیکەوە لێی تێبگەم، دوایش تێکەڵی خەیاڵی ئەدەبیی خۆمیان بکەم، بۆ نووسینەوەی ڕۆمانێك بە ناوی (خانمباز).

کە وام وت، حەپەسا، وتی: ئەگەر بمزانیبا تۆ بۆ کارێکی وا سەردانم دەکەیت و دەمدوێنیت بە شێوەیەکی تر ڕووداوەکانم بۆت دەگێڕایەوە. ئێستاش داوایەکم لێت هەیە، ئەگەر ئەم ڕووداوانەت نووسییەوە، نابێ ئاماژە بە ناوی کەسەکان و شوێنەکانیان بکەیت، دەنا دەناسرێنەوە و زیان بە ئابڕووی من و ئەوانیش دەگات.

منیش وتم: بە دڵنیاییەوە شتی وا ناکەم، هەر خۆی نووسینەوەی ڕۆمان لەگەڵ گێڕانەوەی بیرەوەری و مێژوو جیاوازە، وەکو وتم من زیاتر مەبەستم ئەوەیە سوود لە ڕووداوەکان وەربگرم، هیچ کارێکم بە ناوی کەس و شوێنەکان نییە.

کە ئەمەم وت، بە پێکەنینەوە پێم وت: بەڵام بە دڵنیاییەوە تۆ پاڵەوانی ڕۆمانەکەمی، بەڵام بە ناوێکی ترەوە.

ئەویش لە قاقای پێکەنینی دا، وتی: بە گەنجی کەسێکی جوان بووم، بەژن و باڵایەکی بەرز و شووشەییم هەبوو، بۆ هەرکوێ بچووبام کچانی ئەو شوێنە حەزیان لێدەکردمو خۆیان لێم نزیك دەکردەوە. بەڵام تا لە کوردستان بووم، کادیری حیزب بووم، نیشتمانەکەمم خۆشدەویست، بۆیە پەیوەندیی سۆزداریم لەگەڵ ئەو کچ و ژنانە نەدەبەست، بەڵام کە دوورخرامەوە بۆ باشووری عێراق، شتێکی تر بوو

لەوێ ژنی لەشفرۆش زۆر بوون بێ دڵیی خۆم نەکرد، بە پارەیەکی کەم تاکو بەیانی لەگەڵم دەمانەوە.

منیش وتم: گوێم لێبووە، دەڵێن قەزایەکی لێبوو، بە ناوی (عەفەج) هەروەها گەڕەکێکیش بە ناوی (حی الگرب)، زۆربەی لەشفرۆشەکان لەوێ کۆببوونەوە.

وتی: من نە دەچوومە ئەو شوێنانە، چونکە لە هەموو لایەکەوە گەنجان ڕوویان تێی دەکرد، شتێکی پیس بوو، بەلاّم دەچوومە شەقامی (حبوبی) لە ناسریە، لەوێ هەندێك عەرەبانچی لێ بوو، خورما و پرتەقاڵیان لە سەر عەرەبانە دەفرۆشت، ناوی هەندێك لەشفرۆشیان لابوو، پەنجا فلسم دەدانێ، تەلەفۆنیان بۆ دەکردن و بۆیان دەهێنام.
منیش وتم: بەلاّم پێت نەوتم بە نیازی چیت کەلوپەلەکانت کۆکردۆتەوە و تابلۆی گەلەرییەکەشت هێناوەتە خوارەوە، دەڵێی بە نیازی بە یەکجاری بگەڕێیتەوە ئەوروپا؟

وتی: ئێرە شوێنەکەی لاچەپە، کەم کەس بە سەریەوەیە، بۆیە شوێنێکی ترم گرتووە لە سەر شەقامی سەد مەتریە و کرێیەکەشی لە چاو شوێنەکەی زۆر نییە.

وتم: ئێستا دەڕۆم، لەوانەیە تاکو حەفتەیەکی تر نەتبینمەوە، تا ئەو کاتەش تۆ لە دووکانەنوێیەکەت خۆت ڕێکدەخەیتەوە، ئەوکات سەردانت دەکەمەوە.

ئیتر ئەوەبوو، یەکتریمان بەجێ هێشت و منیش گەڕامەوە ماڵەوە. ڕۆژی دواتر، خێزانەکەم هەڵیانپێچام بۆ شاری کۆیە. لەوێ باخچە و خانووێکی خنجیلانەم هەبوو، زۆر جاران بۆ جەوگۆڕین دەچووینە ئەوێ.

ئەوەبوو، حەفتەیەك لەوێ ماینەوە، کە گەڕاینەوە، زۆر بیری دووکانەکەی سەبری بازرگانم کردبوو، نانی نیوەڕۆم خوارد و چوومە لای. عومەر و نەوزاد بێخەم و سەیاح پەقرەجیش لەوێ بوون. سەبری بازرگان کە چاوی بە من کەوت، لە قاقای پێکەنینی دا، وتی: تازە باسی تۆمان دەکرد، بە هۆی هەنگوینەکەی تۆ، سەیاح پەقرەج نەخۆش کەوتووە و کەوتۆتە نەخۆشخانەوە دەبێ تۆ قەرەبووی بکەیتەوە؟

منیش ڕووم لە سەیاح پەقرەج کرد و پێم وت: من ئاگاداری هیچ شتێك نیم، چیت بەسەر هاتووە؟

کە وام پێی وت، بە تووڕەییەوە وتی: خۆ من هیچ خراپەم بۆ تۆ نەبوو، بۆچی ئەو پەندەت پێکردم؟

وتم: تۆ باسی چی دەکەیت؟

وتی: تۆ دەتزانی بەو هەنگوینی شاهانەیە وام بەسەر دێ، کەچی دەرخواردت دام.

وتم: من چاکەم لەگەڵ کردوویت، لە دارۆخانەیەکی گیایی لە ئێران بە پارەیەکی زۆر بۆم کڕیت، وتیان بۆ جنس باشە، منیش وتم ئەو لە هەموومان خانمبازترە، پێویستت پێدەبێت تاکو ئاوەکەت زیاتر بێت.

سـەبری بازرگـانیش وتـی: جـا ئـەو چ پێویسـتی بـە وزە بەخشـی سێکسە، مەگەر هەر جارێك پەقرەجێکیان بۆ تیێ ناکات؟!

نەوزاد بێخەمیش جڕتێکی کێشا و وتی: تڕحێو، تـەڕ پـەقرەجێکیان بـۆ تێـدەکات، ئەگـەر وا بوایـە، هـەنگوینی شـاهانەی نـەدەخوارد و نەدەبووە فلیم.

منـیش وتم ئێـوە باسـی چـی دەکـەن؟ خـۆ مـن ژەهـرم دەرخـوارد نەداوە، وەکو وتم چـاکەم لەگـەڵ کـردووە و هـەنگوینی شـاهانەم بـۆی هێناوە. لە ئێران پێیان وتم ئەوەی دانەیـەك پـێش جووتبـوون بخـوات، توانای سێکسکردنی زیاد دەبێت و ئاویشی زۆر دەبێت.

کـە وام وت، سـەبری بازرگـان وتـی: لەوانەیـە نەخۆشـکەوتنەکەی پەیوەندی بەوە هەبێ، ئەو، دوو دانەی بە جارێك خواردووە.

منـیش وتم: ئێـوە شـایەتن لەبـەر چـاوی ئێـوە پـێم وت (دەبـێ هەرجاری دانەیەك بەکار بێنیت).

ڕووم لە سەیاح پەقرەج کـرد و پـێم وت: خـۆ بـەکرێ نـەگیرابوویت، دوو دانە بە جارێك بخۆیت، بۆچی واتکرد؟

وتی: ئەو ڕۆژە ژوانم لەگەڵ ژنێك هەبوو، زۆر لە مێـژ بـوو چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم دەکرد، بۆیە دوو دانەم لێی خوارد، بەو هیوایەی تا ماندووی نەکەم وازی لێ نەهێنم.

نەوزاد بێخەمیش وتی: بەڕاستی پێمان بڵێ، هیچت پێکرا یان نا؟

ئەویش سەری خۆی هێنا خوارەوە و هیچی نەوت.

سەبری بازرگانیش ڕووی لە من کردوو وتی: ئێستا چ بڕیارێکت دا، قەرەبووی دەکەیتەوە یان نا؟

منیش ڕووم لە سەیاح پەقرەج کرد و پێم وت: تۆ دڵنیایت بەو هەنگوینە شاهانەیە نەخۆش کەوتوویت؟

وتی: کە نەخۆش کەوتم، هەر وام زانی سەرمام بووە، دوو ڕۆژ حەبی پاراسیتۆلم خوارد، لەجیاتی چاك بمەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبووم، تا وای لێهات لە قاچ کەوتم. ئەژنۆم ژانێکی قورسی تیا بوو، لە تاوان عەجمانم نەبوو، ژنەکەشم وتی (با بەیەکەوە بچینە لای پزیشکێکی پسپۆر، چارەسەر وەرگرین، باشترە لەوەی خۆت پشتگوێ بخەیت و لە خۆتەوە دەرمان بەکار بێنیت).

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: کە چووینە لای پزیشك، منی ناردە تاقیگە، پشکنینی خوێن و سۆناری گورچیلەکان و تیشکی ستی سکانی بۆ قاچەکانم کرد. دوای ئەوەی ئەنجامەکانم بردەوە لای، وتی (هیچ نەخۆشییێکی مەترسیدارت نییە، ئەنجامەکان باش دەرچوونە، بەڵام وا پێدەچێ، لە ئەنجامی خواردنی شتێك وات بەسەر هاتبێ).

منیش وتم: خواردنی وەکو چی؟

وتی: لێت ناشارمەوە، لە بەردەم ژنەکەم تووشی ئیحراجییێکی زۆری کردم، وتی (شکم بۆ ئەوە دەچێ تۆ دەرمانی وزە بەخشی سێکسیت خواردبێت).

کە وای وت، لەبەردەم ژنەکەم تەریق بوومەوە، ویستم لێی بشارمەوە و ئینکاری بکەم بەڵام لە تاو ئازاری ئەژنۆکانم ناچاربووم

دانی پێدا بنێم. وتم هاوڕێیەکم لە ئێران دەستەیەك هەنگوینی شاهانەی مالیزی بۆ هێناوم دوو دانەم لێی خوارد، وام بەسەر هات. پزیشکەکەش وتی (هەر تۆ وات بەسەر نەهاتووە، زۆر کەسی تریش لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم جۆرە هەنگوینە ئەژنۆکانیان بە ژان هاتووە).

کە وای وت، پێم وت: لێت نەپرسی بۆچی ئەژنۆکانیان پێی دێشێت؟

ئەویش وتی: پزیشکەکە پێی وتم (ئەوە هەر بەناو هەنگوینە، لە ڕاستیدا تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵێك گژو گیا و شەکر و هەندێك ماددەی کیمیایی هاوشێوەی ڤیاگرا، بۆ چەواشەکردنی خەڵك، ناویان لێناوە هەنگوینی شاهانە).

نەوزاد بێخەمیش وتی: کە پزیشکەکە وای پێ وتی، هاوسەرەکەت چی پێ نەوتی؟

سەیاح پەقرەجیش وتی: لە بەردەم پزیشك هیچی نەوت، بەڵام کە گەڕاینەوە، لە ماڵەوە پێی وتم، (ئەگەر لەبەر من ئەو دەرمانانە بەکار دەهێنیت، هیچی تر بەکاریان مەهێنە، زیان بە تەندروستی خۆت مەگەیەنە، خۆ سێکس نان و شیو نییە، تا خۆتی بۆ بخەیتە ئەم بارودۆخە خراپەوە).

منیش وتم: داوای لێبووردنت لێدەکەم کە بە هۆی منەوە کەوتوویتە بارودۆخێکی وەها خراپەوە، بەڵام لە سەر دەستی ئەو بەڕێزانە، بەڵێنت پێدەدەم، کە هاوینی داهاتوو لەسەر حیسابی خۆم

گەشتێکت بۆ باکووری ئێران پێبکەم، لەوێ لە ڕۆخی دەریا ڤێلا بە خانمەوە بەکرێ دەدرێت، وا دەکەم ئەوەندە ڕۆژەی کە لەوێ دەبین، وەکو هاڕوونە ڕەشید بۆ خۆت بژیت.

کە وام وت، سەبری بازرگان وتی: منیش لەگەڵتان دێم، زۆرم حەزلێیە چەند ڕۆژێك منیش وەکو هاڕوونە ڕەشید بژیم.

کە وای وت، نەوزاد بێخەم وتی: جا ئەگەر چەند ڕۆژێکیش وەکو ئەو ژیان، چی دەبێ؟

عومەریش وتی: وەکو خۆت وتەنی، هیچ.

سەبری بازرگان ڕووی لە ئێمە کرد وتی: برادەران ئێمە لەبەر سەیاح پەقرەج ئاگامان لە عومەر نەماوە، ئەویش بێ دەنگ بووە، بزانین ئەو لەگەڵ بەکارهێنانی حەبی هەوەس وەزعی چۆن بووە؟

منیش ڕووم لە عومەر کرد و پێم وت: تۆش نەڵێی نەخۆش کەوتوومە و کەوتوومەتە نەخۆشخانە؟

وتی: باوەڕم پێ دەکەن کە بیستم سەیاح پەقرەج بەو هەنگوینی شاهانەیە وای بەسەر هاتووە، نەوێرام بە کاری بێنم.

سەبری بازرگانیش وتی: تۆش وەکو سەیاح پەقرەج بەکارت بهێنابا، یان سەرکەوتوو دەبوویت و ئەو شەوە لەگەڵ هاوژینەکەت دەتکردە شەوی هەنگوینی، یانیش وەکو ئەو کەمێك نەخۆش دەکەوتی.

کە وای وت، هەمووان لـە قاقـای پێکـەنینیان دا. نـەوزاد بێخـەمیش وتی: کێ دەڵـێ ئـەویش بـەکاری نـەهێناوە، بۆیـە قڕوقـپ دانیشـتووە، ورتەی لێوە نایەت.

سەبری بازرگانیش ڕووی لە عومەر کرد و پێی وت: ئەگـەر دڵنیایـت بەکاری ناهێنیت، بۆ منی بێنە، من بەکاری دەهێنم و هیچیش ناترسـم، چی دەبێ با ببێ.

ئەویش وتی: هەر خۆی من تەندروستیم باش نییە، لە لایەك فشـاری خوێنم بەرزەو لە لایەکی تریش پرۆستاتم گەورە بووە، دەترسم بەکاری بهێنم،. دەترسم ئەگەر وەکو سـەیاح پـەقرەجم بـە سـەر بێـت. دوێنـێ لەلای پزیشکەکەم هاتوومەتەوە، مووچـەی خانەنشـینی ئـەم مانگەشـم هــەمووی بــە داوودەرمــان و پشــکنین دا، بێــزار بوومــە لــە ســەردانی پزیشکان، سەیاح پەقرەج بەختی هەبوو کە بەوەندە لێ چۆتە دەرەوە، کێ دەڵێ من کێشەی گەورەترم بۆ دروست نابێت.

ســەبری بازرگــانیش وتــی: مــن ڕەچــێتەکەم لای خــۆم هــەڵگرتووە، ئێستا بانگی کاکە سوور دەکەم، ئـەو ڕاسـتە دووکانـدارە و جلوبـەرگی ژنان دەفرۆشێت، بەڵام دەرچووی بەشـی دەرمانسـازییە. ڕەچـێتەکەی دەدەمێ بزانین ئەو دەرمانە گیاییە زیانی بـۆ تـەندروسـتی مـرۆڤ هەیـە یان نا؟

که وای وت، سەیاح پەقرەج وتی: خۆزگا ئـەو ڕۆژەی تـۆ هەنگوینـە شاهانییەکەت دامیٚ، منیش پیشانی ئەوم بدابوایە، ئێستا وەهام بەسەر نەدەهات.

نـەوزاد بێخـەمیش بـە پێکەنینـەوە وتـی: بـەخوا ئێـوە هـەمووتان ئەقڵتان لە دەستداوە، بۆچی سێکسکردن ئەوەندە گرینگە خۆتـانی بـۆ بخەنە ئەم مەترسییەوە؟

ئەمـەی وت و تفێکـی لـە کێـری خـۆی کـرد و وتـی: تـف لـە هـەموو کێرێك، بۆچی پیاو تەنها بە کێریەوە پیاوە؟!

منـیش وتم: هەقتــە وابڵێــی، تــۆ بوخچــەی نــەکراوەی، کیلـۆ مــەتر سـفریت، هێشـتان بـۆ سێکسـکردن بـەکارت نـەهێناوە، بۆیـە نرخـی نازانیت.

ئەویش وتی: شێخ ڕەزای تاڵەبانی ڕاستی وتووە، کە دەڵیٚ:

هەر قوز قوزت بوو سەر زلی بیٚ خێر

شەرتە تا ماوم قەت پێت نەڵێم کێر

من هانت دەدەم بەرەو کونەوە

تۆ سەر شۆڕ دەکەی بەرەو گونەوە

هەروەها لە چوارینەیەکی تریشدا دەڵیٚ:

شێخ ڕەزا پیر بووە ڕووی مەجلیسی جارانی نییە

تاقەتی کەشمە کەشم و گەردشی شارانی نییە

دەست بە گۆچان دەگەڕیٚ ئێستە زەعفی وجوود

مەترەقە سەر زلەکەی قووەتی جارانی نییە

کە لە خوێندنـەوەی شـیعرەکە بـۆوە، ڕووی تێکـردین وتـی: ڕاسـتە کێری من عەمبارە سۆتە و لە دەبڵ کوژاوەتەوە، بـەڵام کێـری ئێـوەش لە هی من باشتر نییە، دیارە هیچتان پێ نـاکرێ، بۆیـە بـە دوای حـەبی هەوەس و هەنگوینی شـاهانە دەگـەڕێن. بۆچـی شـەرم دەکـەن، بڕۆنـە دەرمانخانە حەبی ڤیاگرا بکڕن، کێرتان وەکو چەکوش لێدەکات.

سـەبری بازرگـانیش وتـی: لێتـان ناشـارمەوە، جارێـك لـە لای پزیشـکەکەم وتم کێشـەی جووتبـوونم هەیـە، وتـی (دەسـتەیەك حـەبی ڤیاگرات بۆ دەنووسم، لـە کـاتی پێویسـت، پـێش جووتبـوون، دانەیـەك بخۆ ئەم کێشەیەت نامێنێ).

سـەیاح پـەقرەجیش وتـی: بۆچـی قـەت باسـی ئـەوەت لای مـن نەکردووە؟

وتی: من چۆن بـزانم کـە تـۆش ئیشـت پێیـەتی، تـۆ هەڵدەسـتیت و دادەنیشیت، دەڵێی پەقرەجێکم تێکردووە.

ئەویش وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام هەر خۆشە زیاتریـان ئـاو بـۆ تێبکەم.

منیش وتم: دیارە بە نیازیت لەجیاتی پەقرەجێك، تانکـەرێك ئاویـان بۆ تێبکەیت؟

عومـەریش وتـی: لـەم قسـانە بگـەڕێن، بـا بـزانین کـە سـەبری ئـەو حەبانەی بەکار هێنا سوودی لێ وەرگرت یان نا؟

سەبری بازرگانیش وتی: دوو دەنکم لێی بەکار هێنا، وەکو ئەوە وابوو، کە نەمخواردبێ. کێرم چۆن خەوی لێ کەوتبوو، بە ئاگا نەهاتەوە، بۆیە فڕێم دا.

نەوزاد بێخەم هەستایە سەر پێ وتی: بێ قەزا بن، ئێوە لەجیاتی گێڕانەوەی نوکتەیەکی خۆش، یان دوو قسەی خۆش بکەن، هەر باسی سێکس دەکەن.

ڕووی لە سەبری بازرگان کرد و پێی وت: شاگردەکەت پیاوێکی باشە، ئەوەندەی ئێوە لە پێشی باسی سێکس دەکەن، چاکە بە پارەی دووکانەکەت هەر ڕۆژی لەگەڵ دۆمێك جووت نابێت.

سەبری بازرگانیش وتی: بۆچی هیچ دۆم و ئاوارەی سووری ماوە نەیگابێت!

عومەریش وتی: خۆ ئەویش نەبۆتە ڕاسپۆتین، هەرچی بێتە ئێرە بیگێ!

سەبری بازرگانیش وتی: ئەوەی من بزانم تەنیا داوای لە دایکی حوسێن نەکردووە، ئەویش پیرە، وەکو داپیریەتی بۆیە داوای لێ نەکردووە، دەنا هەر ژنێك هاتبێتە ئێرە داوای لێ کردووە.

عومەریش وتی: خۆ ئەو ژنانە هەموویان حیز نین، چۆن تاکو ئێستا یەکێك ڕەزیلی نەکردووە؟

سەبری بازرگانیش وتی: ئەم هەتیوە، بەختێکی گەورەی هەیە، دەڵێی قوزە کەمتیاری پێیە، ئەو ژنانە بۆ ئەو پێیان خۆشە. هەندێکیان لەجیاتی پارەی لێ وەربگرن، پارەشی دەدەنێ.

کە وای وت، بانگی شاگردەکەیم کرد و پێم وت: دەڵێی گوێت لێ نییە، باسی تۆ دەکەین.

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی: گوێم لێتانە، چی دەڵێن، بڵێن، گەردەنتان ئازاد بێت.

منیش وتم: وەرە بۆمان باس بکە، بزانین چۆن پێتدەکرێ ئەم هەموو دۆم و ئاوارانە بگێیت؟

وتی: من تەماشای سمتیان بکەم، زەوقم هەڵدەستێ.

منیش وتم: ئەی چۆن دەزانی کە ئەوانیش وەکو تۆ حەزیان لێیە یان نا؟

وتی: ئەو ژنەی ئیشی بێت، چاوەکانی حیزن، تەماشای چاویان بکەم دەزانم.

سەبری بازرگانیش ڕووی تێکردو پێی وت: بۆچی وا ناکەیت، خۆ لەسەر حسێبی خۆت نایانگێیت، پارەی منت هەموو خەلاس کرد، هەندەی بیدەیتە ئەوان، تەنانەت هەموو دەستە جلەکانیشت تێکداوە، هەندەی ژێرکراس و دەرپێی کورت و ستراپیان بۆ ئەو دۆمانە لێ دەربهێنیت.

ئەویش وتی: بەخوا دەست بۆ پارەو شتومەکی دووکان نابەم لە گیرفانی خۆم پارەیان دەدەمێ، تەنیا ئەو جارە نەبێت، کە بە یەکەوە خەریکی ژنە ئاوارە سوورییەکە و بووکەکەی بووین. تۆ دەستت خستە

ناو قوزی و منیش مەمکی بووکەکەیم دەگوشی. ئەو کاتیش خـۆت دوو دەستە دەرپێی کورتت لەجیاتی خۆم و خۆت پێدان.

ئێمە لەم قسانەدا بـووین، ژنێـك دەسـتی کچێکی منـداڵی گرتبـوو، بـەرەو لای ئێمـە هـاتن، سـەبری بازرگـان وتـی: ئـەو ژنـە دەبیـنن، کـە منداڵێکی لەگەڵدایە، چوار ساڵ زیاترە دێتە ئێرە، حەفتـەی دوو هـەزار دیناری بە خێر دەدەمێ، من هەر وام زانیبوو، کـە پیاوەکـەی بـە هـۆی ڕووداوێکەوە کەوتۆتە زیندانەوە، کەچی دەرچوو ئەویش ڕوون گـۆڕە و شاگردەکەم بـەویش فێـر بـووە، کـە مـن لێـرە نـابم دەیباتـە کۆگاکـەی خوارەوە و لەگەڵی جووت دەبێ.

منیش وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، لەم ڕۆژانـە تـۆ لێـرە نـەبوویت، ئـەو ژنە هاتە ئێرە، لە تۆی پرسی، وتی (حاجی لـە کوێیـە) شاگردەکەشـت وەڵامـی دایـەوە وتـی (حـاجی لێـرە بـێ و لێـرە نـەبێ، بـەتۆ چـی، تـۆ ناتەوێ من پارەکەت بدەمێ، مۆبایلێکیشت بۆ بکڕم؟).

کـە ئەمـەم وت، سـەبری بازرگـان ڕووی لـە شـاگردەکەی کـرد و بـە تووڕەییەوە پێی وت: من ئاگاداری ئەوە نیم، دەزانـی تـۆ زۆر بێتامـت کردووە، وا بڕوات مایەپووچم دەکەیت.

ئەویش وتی: لەوەتی پەیوەندیی سۆزداریت لەگـەڵ خـەبات هەیـە، ئاگات لـە دووکـان نـەماوە و هـەر ڕۆژی دەیبەیتـە ڕیسـتورانتێك. تـاکو ئێستا چەند مۆبایلو گرانبەهات بۆی کڕیوە. من وەکو تـۆ ناکـەم، یـان پێـنج هـەزار دیناریـان دەدەمـێ، یـانیش مۆبـایلێکی دە هـەزار دینـاری سەلکە سابوونیان بۆ دەکڕم.

منــــیش وتم: ئـــەو ڕاســـت دەکـــات، پێشـــینان بـــە خـــۆڕایی نەیانوتووە(گەورە ئاو دەڕژێنێ، بچووك قاچی لێ دەخشێنێ). ئەگەر تۆ و لە بەر چاوی ئەو پارەو پوول لەو قەیرە کچە خەرج نەکەیت و هەموو ڕۆژێکیش نەچیتە ڕیستورانت، ئەویش خەریکی دۆم و ئاوارەی سووری نابێت.

کـە ئەمـەم وت، نـەوزاد بێخـەم هـەر لـە نـاو دەرگـای دووکانەکـە ڕاوەسـتابوو، ڕووی لـە سـەبری بازرگـان کـرد و پێـی وت: تـۆ کـەی لـە دەستێوەردانی قوزی ئەو قەیرە کچـە تێـر دەبیـت، خـۆ چـاکە غەریبـە نییە، هەموو ڕۆژێك دەستی بدەیتێ!!

منیش وتم: نەوزاد بێخەم ڕاست دەکات، ئێمەش کوڕێکی گەنج نین، وا تەمەنمان لە شەست ساڵی ڕەتی کـرد و چـووینە قۆنـاغی پیرییـەوە، ڕاسـتە سـێکس خۆشـە، بـەڵام ئـەوەش نـاهێنێ خۆمـانی لەسـەر بـە هیلاکەت بدەین.

سەبری بازرگان قسەکانی منی پـێ خـۆش نـەبوو، پێـی وتم: ئەگـەر وایە، بۆچی وڵات نەما بۆ خانمبازی بـۆی نەچـیت. هـەر دوێنـێ بـوو لـە باکووری ئێران لەگەڵ ژنە ئێرانییەکە شەوی سوورت بەسەر برد.

منیش وتم: پێم وتن، من هیچم لەگـەڵ ئـەو نـەکرد، تـەنها مەبەسـتم ئەوە بوو بزانم ئەو ژنە لەشفرۆشانە بۆچی و لە پێناوی چـی وادەکـەن. هەر بۆیەش خۆم لەو ژنانە نزیك کردەوە، بۆ ئەوەی لـە نزیکـەوە گـوێم

لە چیرۆکی ژیانی ئەوان بێت. بۆ ئەوەی ئەو چیرۆکانە تێکەڵی خـەیاڵی ئەدەبیی خۆم بکەم و بیکەمە ڕۆمانێك.

کە ئەمەم وت، نەوزاد بێخەم، وتی: من وەکو ئێوە خانمباز نـیم، تـا بکەومە ناو ڕۆمانەکەوە، بەڵام ئێوە هـەر هـەمووتان دەبنـە کاراکتـەری ناو ڕۆمانەکە.

ئەمەی وت و ڕووی لە من کرد و وتی: بەڵام هەر ڕۆمانێك پاڵەوانێکی هەیە، نازانین کێ لەوانە دەبێتە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی تۆ؟

منیش وتم: هیچیان نابنە پاڵەوان.

کـە ئەمــەم وت، ســەری ســوڕما، وتــی: چـۆن ڕۆمــان بــێ پاڵــەوان دەبێت؟

وتم: کەسێکی تر هەیە، تۆ نایناسیت، خانمبـازێکی عـەیار بیسـت و چـوارە، لـە خانمبازیـدا ئەوانـە گشـتیان دەخاتـە نـاو گیرفـانی خـۆی، ئوستازی منە و یەکەم وانەی خانمبازی لەو فێر بـووم، نـاوی شـەوکەت ئەفەندییـە. شـەوکەت ئەفەنـدی هـەر لـە گەنجییـەوە تـاکو ئێسـتا کـە تەمەنی لە سەرووی هەشتا ساڵییەوەیە، وازی لە خانمبازی نـەهێناوە و دەیان منداڵی نایاسایی لێرەو لەوێ لەو ژنانەی کە لەگەڵی ڕابـواردوون، هێناوەتە دونیاوە.

کە وام وت، هەموویان سەریان سوڕما، سەبری بازرگان وتـی: پـەکو لەو پیاوە، مـن وام دەزانــی هـەر شـاگردەکەی مـن بـە ژنـان فێـرە نـەم دەزانی، کەسی لەو ئازاتریش هەیە.

**عومەریش وتی: ئەوەی تۆ باسی دەکەیت، ئەو شەوکەت ئەفەندییـە لە ڕاسپۆتینیش ڕەتی داوە.**

**منیش وتم: ئاخر لەبەر ئەوەیە، منیش نیازم وایە شەوکەت ئەفەندی بکەمە پاڵەوانی ڕۆمانەکەم.**

***

**چیرۆك نووس و رۆمان نووس (کەمال سەعدی) :**

= له ساڵی ١٩٥٦ له شاری هەولێر له دایکبووه.

= بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرای له یاسا هەیه.

= دەیان کتێبی چاپکراوی له بواری یاسا و ئەدەب و ڕۆشنبیری هەیه.

= دەیان بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و یاسایی له ڕۆژنامه و گۆڤارەکان بڵاو کردۆتەوه.

= ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانه.

============================

**ئەو کتێبانەی نووسەر چاپیکردوون له بواری چیرۆك و رۆماندا :**

- شەش کورته چیرۆکی کوردی – هاوبەش لەگەڵ سابیر ڕەشید.
- ون بوون – کۆمەڵه چیرۆك.
- دەرگا – کۆمەڵه چیرۆك.
- ترحێو – کۆمەڵه چیرۆك.
- فەنتازیا – کۆمەڵه چیرۆك.
- سەعید زەبۆکی لای خۆمان – رۆمان.
- مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان – ڕۆمان
- بیرەوەریی جەنگاوەرێك – ڕۆمان

============================

**ئەو رۆمانانەی ئامادەن بۆ چاپ:**

= رۆمانی حەج و عومره

= رۆمانی ئاو